
حوکمی وەرگرتنی زانستی شەرعی
مامۆستا کرێکار
عبدالقادر عبدالعزیز
حوکمی وەرگرتنی زانستی شەرعی

بسم الله الرحمن الرحيم

# حوكمی وەرگرتنی زانستی شەرعی

# حوکمی وەرگرتنی زانستی شەرعی

نوسینی:
**عبدالقادر عبدالعزیز**

وەرگێڕانی:
**مامۆستا کرێکار**

# حوكمی وەرگرتنی زانستی شەرعی


كــتــێــبـــــى: زانستی شەرعی ٢
نوســــــــینى: عبدالقادر عبدالعزیز
وەرگێڕانـــــــى: مامۆستا كرێكار
بۆپـــــــــۆلى: دووەمی ئامەدە
ساڵـــــــــــى: ١٤٣٩ك-٢٠١٨ز

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لا إِلٰهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءًۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمد صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

## پێشەکییەکی ئوسوڵی

لە کتێبی یەکەمدا باسی گەورەیی زانست و ڕێزی خوێندکارانمان کرد، تا هەموو بزانن مەبەست لەو زانستییە چییەو ڕێزو پاداشتی ئەو کەسەش -کە وەری دەگرێت و سەرڕاستانە پێوەی پابەند دەبێت- لای خوای گەورە چەند زۆرە.. ئێستاش پێش ئەوەی بچینە سەر باسی حوکمی شەرعی وەرگرتنی زانستی شەرعی، پێشەکییەکی ئوسوڵی دەهێنینەوە کە پێناسەی چەند زاراوەیەکی تێدا ڕووندەکەینەوە ان شاءالله:

**پێشەکییەکی ئوسوڵی:**

<u>یەکەم: حوکمی شەرعی</u>: فەرمایشتی خوایە بۆ موکەللەفان (ئەو کەسانەی تەکلیفی شەرعیان دەکەوێتە سەر) بەوەی کە: (داوایان لێ دەکرێت) یان (سەرپشکن لێی) یان (ڕوونکردنەوە)یە.

-موکەللەف: موسوڵمانی باڵغ و ژیرە.. بەڵام جاری وا هەیە فەرمایشتەکەی خوای گەورە پەیوەندی بە غەیری موکەللەفەوە هەیە، وەکو ئەو مافانەی دەکەونە سەر موکەللەف دەربارەی پارەو سامانی منداڵ و شێت. بەڵام فەرمایشتەکە -هەر چەندە دەربارەی پارەو سامانی ئەوانەیە- بەڵام بە موکەللەفە سەرپەرشتیارەکانی ئەوان سپێرراوە..

- داوایان لێ دەکرێت بیکەن: داواکردن دوو جۆرە:

* یەکیان داواکردنی ئەنجامدانێتی (پێویستە یان باشترە بیکەن (واجیبە یان مەندووبە).

* دووەمیان: داواکراوە خۆی لێبگرنەوەو نەیکەن. (وەکو حەرام و مەکروه).

- سەرپشکن لێی: واتە ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی یەکسانە.

- روونکردنەوە: پێناسەی شەرع بۆ ئەو شتە، یان نیشانەی شەرعە، بۆ ناسینەوەی شتێکی داناوە.

دووەم: بەشەکانی حوکمی شەرعی: بە گوێرەی پێناسەکەی سەرەوە حوکمی شەرعی دەبێت بە دوو بەشەوە:

١- حوکمی تەکلیفی: ئەو فەرمانەیە کە داوادەکات: ئەنجامبدرێت، یان نەکرێت، یان موکەللەف سەرپشك دەکات لە کردن و لە نەکردنی.

ئەمیش پێنج بەشە: فەرز، مەندووب، حەرام، مەکروهـ، شیاو.

٢- حوکمی پێوەندی: بریتییە لە دیاریکردنی شتێك تا ببێتە نیشانەی هەبوونی شتێکی تر. وەکو هۆکار و مەرج و بەربەست.. وەکو ئەوەی شتێك دەبێتە هۆی، یان مەرجی، یان بەربەستی هەبوونی شتێکی تر..

سێیەم: فەرز: ئەوەیە کە شەرع (خوای گەورە یان پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی حەتمێتی ئەنجامدانیان کردووە، بە شێوەیەك کە ئەگەر موکەللەف نەیکرد سەرزەنشت بکرێ، یان لەسەری سزابدرێ، ئەگەر کردیشی مەدح دەکرێت و لەسەری پاداشت دەدرێتەوە.

چوارەم: دابەشبوونی فەرز بە پێی ئەنجامدانی: ئەمیش دوو بەشە:

١- فەرزی عەین: ئەوەیە کە شەرع داوای لە یەکیەکی موکەللەفەکان کردووە کە بیکەن، هیچ موکەللەفێك بۆی نییە لە جیاتی موکەللەفێکی تر بیکات. وەکو نوێژو زەکات کە لەسەر یەکێك فەرز بووبێت، یان دوورکەوتنەوەی یەکیەکی موکەللەفەکان لە حەرام.

٢- فەرزی کیفایە: ئەوەی کە شەرع داوای لە کۆمەڵێك -نەك یەکیەك- لە موکەللەفان کردووە ئەنجامی بدەن، بە شێوەیەك کە ئەگەر ئەو کۆمەڵە ئەو فەرزەیان ئەنجامدا، فەرزەکە لەسەر ئەوانی تر نامێنێت، کەسیان گوناحبار نابن و گلەیی و گازاندەیان نایاتە

سەر. چاکەو پاداشتی ئەنجامدانەکەش بۆ ئەوانە دەنوسرێت کە ئەنجامیان داوە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵێك رەنجیان بە ئەنجامدانی فەرزەکە خستەکار، بەڵام پێیان ئەنجامنەدراو موکەللەفانی تریش نەهاتنە یارمەتییان، ئەو کاتە هەر هەموویان گوناحبار دەبن، چونکە ئەنجامدانی ئەو فەرزەیان ئیهمالکردووە. وەکو فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستیکردن لەخراپەو نوێژی جەنازەو.. هتد.

پێنجەم: جیاوازیەکانی نێوان فەرزی عەین و فەرزی کیفایە:

١- لە هەردووکیاندا: فەرمانی داواکردنەکە لە سەرەتاوە بۆ هەموانە، پاشان لەوەدا جیادەبنەوە کە ئەگەر فەرزی کیفایەبوو، کۆمەڵێك موکەللەف ئەنجامیاندا، فەرزێتی ئەنجامدان لەسەر ئەوانی تر دەکەوێت، بەڵام فەرزی عەین بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك موکەللەف لەسەر ئەوانی تر ناکەوێت..

٢-ئەوی جێ سەرنجی ئەنجامدانە لە هەردوو فەرزەکەدا: لە فەرزی عەیندا یەکیەکی موکەللەفەکان دەبنە جێسەرنج، بەڵام لە فەرزی کیفایەدا خودی کارەکە دەبێتە جێسەرنج. واتە شەرع سەرنجدەداتە ئەنجامدانی کارەکە، چونکە ئەمیان مەبەستە، نەك ئەنجامدەرەکانی. گرنگ ئەنجامدانەکەیە..

٣-هەندێ شەرعناسی وەکو ئیمامی حەرەمەین فەرموویان ئەنجامدەرانی فەرزی کیفایە گرنگترو لە پێشترن وەك لە ئەنجامدەرانی فەرزی عەین، چونکە:

أ- ئەو کۆمەڵە موکەللەفە فەرزێکی دینەکەیان لە جیاتی هەر هەموو موسوڵمانان هێناوەتە دی.

ب- ئەو کۆمەڵە نەیهێشتووە هەر هەموو ئوممەتەکە گوناحبار ببن.

بەڵام هەندێکی تر لە زانایان ئەو بۆچوونەیان رەت کردۆتەوەو فەرموویانە، ئەنجامدانی فەرزی عەین لە پێشترو گرنگترە چونکە لەسەر یەکیەکی موکەللەفان فەرزە..[1]

**دوای ئەم پێشەکییە ئوسوڵیە دەڵێین:**

وەرگرتنی زانستی شەرعی فەرزە، ئەم فەرزەش بابەتی وای تێدایە فەرزی عەینەو هی واشی تێدایە فەرزی کیفایەیە..ئەم کۆبەندەش -کە سێ بەندە- بۆ روون کردنەوەی (حوکمی وەرگرتنی زانستی شەرعی و بەشەکانی)یتی، بەندەکانیشی ئەمانەن:

١- حوکمی وەرگرتنی زانستی شەرعی و بەشەکانی.

٢- ئەو زانستیە شەرعیانەی فەرزی عەینن.

٣- ئەو زانستیە شەرعیانەی فەرزی کیفایەن.

ئیتر با بە پشتیوانی خوای گەورە بکەوینە باسی بەندی یەکەم:

[1] بڕوانە (التمهید/الإسنوی) چاپی مؤسسة الرسالة/١٤٠١ك (لا٧٥)، (المجموع/النووی ب١لا٢٧)، و (جمع الجوامع/ابن السبکی ب١لا١٨٣)، (الفروق/القرافی ب٣لا٢٠٣).

## بەندی یەکەم

# حوكمی وەرگرتنی زانستی شەرعی و بەشەكانی

**یەکەم: زانایان لەسەرئەوە رێکن کە وەرگرتنی زانستی شەرعی فەرزە.**

بەڵگەی فەرزێتیەکەی:

١- لە قورئاندا: خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) النحل/٤٣ واتە: ئەگەر نەتاندەزانی، پرسیار لە قورئانزانان بکەن..

٢- لە سوننەتەیشدا: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) رواه ابن ماجه[1] واتە: وەرگرتنی زانستی لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرزە.

٣- کۆڕا (ئیجماع) ی زانایان.

لەم بەندەو لە بەندەکانی تری ئەم کۆبەندەدا إِنْ شَاءَ اللَّه بەڵگەی زیاتر دەهێنرێتەوەو راڤە دەکرێن..

**دووەم: زانایان لەسەرئەوە رێکن کە فەرزێتی زانستی شەرعی دوو بەشە:**

**یەکەمیان: ئەو زانستیانەی فەرزی عەینن**: کە پێویستە لەسەر هەموو موکەللەفێك (موسوڵمانی باڵغ و ژیر) فێری ببێت، ئەویش ئەو زانینەیە کە موکەللەف بێ فێربوون و زانینیان ناتوانێت ئەو فەرزە شەرعیانە ئەنجام بدات کە لەسەر شانێتی.

---

[1] ئیبنوماجە (٢٢٤)، بەیهیقی (١٦٦٥)، طەبەرانی لە: (الأوسط/٩)، ئیبنوعەبدولبەڕ لە: (جامع العلم وفضله ١/٧) هەندێک لە توێژەرەوەکان بە زەعیفیان داناوە بەڵام زۆرینەیان وەکو: پێشەوایان موززی و زەرکەشی و سیوطی و سەخاوی و میناوی و زەرقانی بە سەحیحیان داناوە، هەروەها شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح ابن ماجه)دا.

**ئەم فەرزی عەینەش دوو جۆرە:**

١- ئەوەی کە دەبێت موسوڵمان هەر لە سەرەتایەوە فێری ببێت، چونکە زۆر بۆی دووبارە دەبێتەوە. ئەمیش دوو بەشی ترە:

أ- بەشی تایبەتی: پێی دەڵێین: (ئەو زانستیە تایبەتیەی فەرزی عەینە): ئەوەیە کە لەسەر هەموو موکەللەفەکان فەرزە -بێ جیاوازی - فێری ببن و بیزانن. وەکو باسە گشتیەکانی باوەڕ و پاکژیی و دەستنوێژو نوێژو ڕۆژوو و حەڵاڵ و حەرام.

ب- بەشی گشتی: پێی دەڵێین: (ئەو زانستیە گشتیەی فەرزی عەینە) ئەوەیە کە فەرزە لەسەر هەندێك لە موکەللەفان فێری ببن و بیزانن. ئەمە لەسەر ئەوانی تر فەرز نییە. یان لەبەر ئەوەیە کە تەنها لە توانای ئەو کەسانەدا هەیەو بەس، وەکو زەکات و حەج. یان لەبەر ئەوەیە کە دەستیان بەو کارە کردووە. وەکو ژن مارەکردن و بازرگانی. یان لەبەر ئەوەی کارێکەو هەر بۆ ئەوان دیاریکراوە. وەك قازێتی و ئەمیرێتی جیهاد.. چونکە هەر کەس کارێکی بە ئەرك درا بەسەردا یان دەستی دایە کارێکی جائیزی وەك مارە کردن و بازرگانی. فێربوونی ئەو بڕە زانستییە شەرعیەی ئەو کارەی پێدەبرێت بەڕێوە (نەك زانینی باسەکانی تر) فەرز دەبێت لەسەری.

٢- ئەوەی کە مەرج نییە موسوڵمان هەر لە سەرەتایەوە فێری ببێت. وەکو حوکمی ئەو شتانەی ڕوودەدەن و دادەهێنرێن. حوکمی شەرعی ئەمانە هەر ئەو کاتەی ڕوودەدەن، یان وا حسێبدەکرێت کە نزیکەو لەوانەیە ڕووبدەن، دەربارەیان دەپرسرێت، ئەمانە پێیان دەوترێت: (نەوازل).

**دووەمیان: ئەو زانستیە شەرعیانەی فەرزی کیفایەن**: ئەوەیە کە پێویستە بە سەرجەمی ئوممەتی ئیسلام فێری ببن و بیزانن، ئەگەر کۆمەڵە موکەللەفێکی ئەهلی ئیسلام فێر بوون و فەرزەکانیان پێ ئەنجامدا، ئیدی فەرزێتی فێربوون و زانینی لەسەر یەکیەکی موسوڵمانان دەکەوێت، هەر یەکێکیش لەو کۆمەڵە موکەللەفەی فەرزەکەیان ئەنجامداوە، ڕێزو پاداشت و پلەی خۆیان لای خوای گەورە هەیەو گوناحی ئەنجامنەدانیشی لەسەر یەکیەکی ئەهلی ئیسلام نامێنێت، بەڵام ئەگەر ئەو فەرزە بەو

كۆمەڵە موكەللەفە نەهاتەدیی و موسوڵمانان لێیگەڕان و وازیانلێهێنا، حەتمەن هەر هەموویان، یەكیەك لای خوای گەورە گوناحبار دەبن..

ئەم فێربوون و زانینە هەموو ئەو زانستیە شەرعیانە دەگرێتەوە كە موسوڵمانان بۆ راگرتن و پیادەكردنی دینەكەیان پێویستیان پێیەتی. وەكو لەبەركردنی هەموو قورئان، پاراستن و لەبەركردن و زانینی حەدیس و زانستی فەرموودەوانی و ناسینی ئەو كەسانەی گێڕاویانەتەوە، هەروەها زانین و شارەزا بوونی ئەحكامی شەرع و ئوسوڵی فیقهو زانینی كۆڕا (ئیجماع) و راجوێیی (ئیختیلاف)ی ناو زانایان و شەرعناسان، هەروەها زانین و شارەزابوونی زمانی عەرەبی و ووشەو رێزمان و صەرف..

ئێمە لێرەدا راو بۆچوونی زانایان دەهێنینەوە كە چۆن لەسەر ئەم دابەشكردنەی زانستی رێكن، ئینجا لە بەندەكانی داهاتوو دا باس لە سوودەكانی ئەم دابەش كردنەیان دەكەین، إِنْ شَاءَ اللَّه..

## ١- رای ئیمامی شافیعی رەحمەتی (كە ٢٠٤ك. كۆچی دوای كردووە) لە كتێبی (الرسالة)ـەكەیدا:

(ئیمامی شافیعی فەرموویەتی: كابرایەك لێی پرسیم: زانستی چییە؟! خەڵكی دەبێت فێری چی ببن وچی بزانن؟! پێم ووت: زانستی دوو زانستییە، زانستیەكیان گشتییە، كە ئەوی باڵغ و ژیرەو هۆشی بەسەر خۆیدا دەشكێت، نابێت نەیزانێت. ووتی: وەكو چی؟!

ووتم: وەكو پێنج نوێژە فەرزەكە، وەكو ئەوەی كە خوای گەورە رۆژووی مانگی رەمەزانی لەسەر موسوڵمانان فەرز كردووە، وەكو حەجی ماڵی خوا بۆ ئەو كەسەی لە توانایدا هەیە، وەكو زەكاتی پارەو سامان، یان وەكو ئەوەی كە هەموو موسوڵمانێك دەبێت ئەوە فێر بێت و بزانێت كە زیناو قەتڵ و دزی و شەراب خواردنەوەو شتی وا حەرامە، هەموو ئەمانە بە موسوڵمانان راگەیێنراوە كە دەبێت بیزانن و كاری پێ بكەن، ئەوی فەرمانی كردنیان پێ دراوە پێی، دەبێت ئەنجامی بدەن، ئەوی پێیان راگەیێنراوە بیدەن، دەبێت بیدەن، ئەوی بەرهەڵستیان لێ كراوەو حەرامە نابێت توخنی كەون..

ئەم پۆلە باسە هەموویان بە دەقی روون و ئاشكرا لە قورئاندا هەن، زانینیان وەكو بەڵگە نەویستێكی دینەكە لای موسوڵمانان بە گشتی زانراوە، عەوامەكانیشیان لە یەكتریەوە

فێری دەبنەوەو دەیگەێننەوە بە عەوامی تریان، موسوڵمانان بە گشتی هەموویان لە زاری پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەردەوام گێڕاویانەتەوە، کەس نکووڵی لێ نەکردوون و موناقەشەشیان لەسەر فەرزێتیەکەیان نەکردووە.

ئەم زانستیە گشتییە هەڵەو لێکدانەوەی نامۆو راجوێی هەڵناگرێت.

ووتی: ئەدی زانستی دووەمیان؟!

پێم ووت: دووەمیان ئەوەیە کە دەشێت کۆمەڵێك لە موسوڵمانان لە جیاتی ئەوانی تریان ئەنجامی بدەن، ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە ئەگەر توانای تەواویان هەبوو، بۆیان هەیەو دەبێت ئەحکامە شەرعیەکانی ئەو زانستیە بە تەواوی فێر ببن و بیزانن و کاری پێ بکەن، بە تایبەتی لەوانەدا کە دەقی قورئان یان حەدیس لەسەر زۆرینەیان نییە، ئەگەر باسێکیان بە پێی سوونەتێك بوو، فێربوون و زانینی ئەویان دەبێتە ئەرکی سەرشانی زانایانی شارەزا نەك ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانان (واتە تایبەت دەبێت بە زانایانەوە) بە تایبەتی ئەو ئەحکامانەی لێکدانەوەی زیاتریان دەوێت یان دەبنە قیاسی ئەحکامی تر..

ووتی: کەوابوو فێربوون و زانین و کار پێ کردنی ئەمیشیان وەکو ئەوی پێشووتریان فەرزە، یان خەڵکی سەرپشك کراون لە وەرنەگرتنی، یەعنی وای لێ هاتووە: ئەوی فێری دەبێت و دەیزانێت و کاری پێ دەکات چاکەیەو بۆ خۆی زیاد دەکات، ئەوی فێریشی نابێت و نایزانێت گوناحبار نابێت! یان ئەمە وەکو جۆرێکی تری سێیەمە کە هەر وەکو هەواڵدانێکە یان وەکو زانینی قیاسێکە لەسەر ئەحکامی تر؟!

پێم ووت: ئەمیان بەشی سێیەمە.

ووتی: دە ئەمیشیان باس کەو بەڵگەی لەسەر بهێنەرەوە تا بزانرێت لەسەر کێ فەرز دەبێت و کێ و چۆن دەبێت پێوەی پابەند بێت و لەسەر کێش فەرز نابێت..

پێم ووت: شارەزایی لەم پلەیاندا ئاستێك نییە عەوام بیگاتێ، نەشبۆتە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەو زانایانەی گەیشتوونێ! ئەم زانا تایبەتیانەش کە گەیشتوونەتێ، بۆیان نییە هەموویان وازی لێ بهێنن و کاری پێ نەکەن، ئەگەر هەندێك لەمان کاری بەو زانستیە زۆر تایبەتییە کرد، گلەیی و گازاندەو گوناح لەسەر زاناکانی تری ئاستی خۆیان لادەدەن إِنْ شَاءَ

اللَّه، فەزڵ و چاكەو پاداشتەكەش هەر بۆ ئەو كەسانە دەنوسرێت كە كاریان بە زانستییە تایبەتییەكە كرد نەك بۆ ئەوانی تر..

ووتی: دە من وا دەزانم ئەمە هەر وەكو هەواڵە، یان هەر شتێكی وایە، بۆ ئەوەی بكرێتە پێوەرو قیاسی لەسەر بكرێت!

پێم ووت: باشە، خوای گەورە هەم لە قورئانەكەیدا و هەم لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جیهادی فەرز كردووە، ئینجا داوای نەفیریشی كردووە: (إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَىٰ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) التوبة/١١١ واتە: خوای گەورە گیان و ماڵ وسامانی لە موسوڵمانان كڕیووەتەوە بەوەی كە بەهەشتیان لە بەرامبەریدا دەداتێ، ئەمان لە پێناوی خوادا دەجەنگن، دەكوژن و دەشكوژرێن، ئەمەش بەڵێنێكەو خوای گەورە داویێتی، لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا روونی كردۆتەوەو جەختی لەسەر كردووە، جا كێش هەیە لە خوای گەورە بە وەفا و ئەمەكتر بێت بەرامبەر وادەو بەڵێنی خۆی؟! دەی سا دڵخۆش بن و مژدەی سەرفرازیتان لێ بێت، مادام ئەو بەیعەتەتان بە خوا داوەو پێوەی پابەند دەبن، ئەوەش سەودای بەسوودو سەركەوتنی مەزنیی ئێكجارییە..

هەروەها: (وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ) التوبة/٣٦ واتە: لەگەڵ هەر هەموو ئەو موشریكانەدا جەنگ بەرپا كەن مادام ئەوان دژی هەر هەمووتان بەرپای دەكەن، بشزانن كە خوای گەورە لەگەڵ خواناس و پاریزكاراندایە.. تا ئەوەی ئیمامی شافیعی گەیشتە: (انفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ)التوبة/٤١ واتە: ئەی موسوڵمانینە هەر كاتێك پێشەواتان داوای غەزای لێ كردن، ووردو درشت، ژن و پیاو، دەوڵەمەندو هەژارتان نەفیر رێك خەن و بە سامان و گیانتانەوە لە پێناوی خوادا بچنە جیهاد، گەر پەی پێ ببەن و بزانن ئەوەتان بۆ باشترە..

مانایەکی گشتی زاهیری ئایەتەکان ئەوەیە کە هەموو جۆرێکی جیهاد (بە نەفیری گشتیشەوە) لەسەر هەر هەموو موسوڵمانانی بە توانا فەرز دەبێت، کەسیان لێ نابوێرێت، زاهیری ئایەتەکان ڕێ بە کەس نادەن دوا بکەوێت و جیهادەکە نەکات، بۆیە حوکمە زاهیرییان وەکو حوکمی فەرز بوونی نوێژو حەج و زەکات وایە لەسەر یەکیەکی موسوڵمانانی بە توانا، کە کەس ناتوانێت لە جیاتی یەکێکی تر بیکات، چونکە فەرزانێکن لەسەر یەکیەکی موسوڵمانانن و پێیوستە هەر یەکەیان بۆ خۆی بیکات.

مانایەکی تری زاهیری ئایەتەکان، فەرزی کیفایە دەگرنەوە، ئەوە دەگرنەوە کە ئەو غەزا کردنە وەکو نوێژەکە فەرز نییە، بەڵکو هەر ئەوەندە لەسەر موسوڵمانان فەرزە کە کۆمەڵێکیان ئەو غەزایە بە جەنگ کردن دژی ئەو موشریکانە بکەن و پلەو پاداشتەکەی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، لە هەمان کاتیشدا گلەیی و گازاندەو گوناحی جیهاد نەکردنەکەش لەسەر ئەوانی تر لابدەن.. چونکە خوای گەورە موسوڵمانانی بەرامبەر ئەو غەزاو جیهاد کردنە کردۆتە دوو بەش، بەڵام فەرموویەتی کە لە پاداشتیاندا وەکو یەك نین هەر چەندە زاهیری ئایەتەکەش ئەوەیە کە جیهادەکەی لەسەر هەردوو دەستە موسوڵمانەکە فەرز کردووە: (لَّا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا)النساء/٩٥ واتە: ئەو موسوڵمانە دانیشتووانەی کە پەك کەوتەو نەخۆش و نوقسان نین، لەگەڵ موجاهیدەکانی ڕێگای خوای گەورەدا یەکسان نین، ئەمان بە سەروەت و سامان و گیانی خۆیان لە پێناوی خوادا جیهادیان کردووە، خوای گەورە بە پلەو پایە فەزڵی ئەو موجاهیدانەی کە بە سەروەت و سامان و گیانی خۆیان جیهادیان کردووە، دەدات بەسەر ئەوانەدا کە دانیشتوون، بەڵێنی چاکەی بە هەردوولاشیان داوە، بەڵام فەزڵ و ڕێزی موجاهیدەکانی بە چاکەو پاداشتێکی زۆر گەورەو مەزن بەسەر دانیشتووەکاندا داوە..

ووتی: ئەدی کوا بەڵگەی ئەوە کە ئەگەر کۆمەڵێك کەس ئەو فەرزەیان ئەنجام دا، گوناحی نەکردنی لەسەر هەموان دەکەوێت؟!

پێم ووت: هەر ئەم ئایەتە خۆی بەڵگەیە.

ووتی: کوا، چۆن؟!

ووتم: خوای گەورە هەر لەو ئایەتەدا دەفەرموێ: (وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ) بەڵێنی چاکەی بە هەر دوولاشیان داوە، کەوابوو ئەو کەسانەی (لە ئیمانداران) کە جیهادەکەیان نەکردووە، هەر بەڵێنی پاداشت دانەوەی پێ داون، بەڵام فەرموویەتی کە فەزڵی موجاهیدەکان و پلەو پاداشتیان لەمان زیاترە، خۆ ئەگەر بە بەشدار نەبوونی جیهادەکە گوناحبار ببوونایە، و خوا لێیان خۆش نەبوایە، شایانی سزای خوا دەبوون و خوای گەورە هەڕەشەی سزادانی دەدانێ، نەك بەڵێنی پاداشت دانەوە..

ووتی: بۆ ئەم لێکدانەوەیە، بەڵگەی تر هەیە؟!

ووتم: بەڵێ، کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ) التوبة/ ١٢٢ واتە: نەدەکرا هەر هەموو موسوڵمانان تێکڕا بە جارێك بۆ جیهاد بچوونایە، دەبێ لە هەر کۆمەڵێك چەند کەسێك دەستەیەك پێك بهێنن، تا خۆ تەرخان کەن بۆ شارەزایی لە دینەکە، تا هەر وەختێك گەڕانەوە ناو قەوم تیرەو هۆزەکانی خۆیان، لە شەرع ئاگاداریان کەنەوە، تا ئیحتیاتی خۆیان بخەن و ئاگادار بن خوای گەورە لە خۆیان تووڕە نەکەن..

ئاشکرایە کە کاتێك پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەچووە غەزایەك کۆمەڵێك موسوڵمانی لە خزمەتتدا دەبوون و کۆمەڵێکی تریشیان دەمانەوەو نەدەچوون، یەکێکی وەکو عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە غەزای تەبووکدا لە مەدینە مایەوەو بەشداری غەزاکەی نەکرد.. لەم ئایەتەشدا خوای گەورە باسی ئەوە دەفەرموێ کە دەستەیەك موسوڵمان هەن لەبەر خوێندنی شەرعی بەشداری جیهاد ناکەن: (فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ) واتە: دەبێ لە هەر کۆمەڵێك چەند کەسێك دەستەیەك پێك بهێنن تا خۆ تەرخان کەن بۆ شارەزایی لە دینەکە.. کەوابوو بانگەوازی نەفیرە گشتیەکە هەندێك کەس دەگرێتەوەو

هەندێکی تر ناگرێتەوە، هەر وەکو شەرع خوێندن و شارەزایی بوونیش لە دینەکەدا هەندێك لە موسوڵمانان دەگرێتەوەو هەندێکی تریان ناگرێتەوە..

هەروەها ئەو فەرزانەی تر کە نابێت موسوڵمان خۆی بە نەزانی بەرامبەریان بهێڵێتەوە.. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

بەم شێوەیە، هەر فەرزێك کیفایە بوو، دەشێت کۆمەڵێك لە موسوڵمان ئەنجامی بدەن و گوناحەکەی لەسەر موسوڵمانانی تر بخەن.. بەڵام ئەگەر هەموویان کەمتەرخەمییان تێدا کرد، یان ئەوەندە کەسە بۆی نەچوونە مەیدانی ئەنجام دانیەوە کە پێیان هەڵسورێت، دەترسم یەك موسوڵمانی بە توانا لە گوناحباری دەرنەچێت !

ووتی: غەیری جیهاد چی تر وایە؟!

ووتم: نوێژی جەنازەو دفن کردنی مردوو، واز لێهێنانی جائیز نییە، لەسەر هەموو ئەوانەش فەرز نییە کە ئامادەی جەنازەکە بوون، ئەوانەی لە شوێنی جەنازەو گۆڕەکەی نین بە ئامادە نەبوونیان گوناحبار نابن، مادام کەسانێکی تر نوێژەکەیان لەسەر کردووەو دفنیان کردووە..

وەڵامدانەوەی سڵاویش هەر وایە، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا) النساء/٨٦ واتە: ئەگەر سڵاوێکتان لێ کرا، بە لەو باشتر وەڵامی بدەنەوە، یان هەر وەکو خۆی بیدەنەوە، خوای گەورە لە هەموو شتێك دەپرسێتەوە.. پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (يُسَلِّمُ الْقَائِمُ عَلَى الْقَاعِدِ) واتە: ئەوی بە پێوەیە سڵاو لەو کەسە دەکات کە دانیشتووە. (إِذَا رَدَّ السَّلَامَ بَعْضُ الْقَوْمِ أَجْزَأَ عَنِ الْجَمِيعِ).[١] واتە: ئەگەر لە کۆمەڵە کەسێکدا یەکێکیان سڵاوی کرد، لە جیاتی سڵاوی هەموویان دەکەوێت. مەبەست لەمە: وەڵامدانەوەیە، کەوابوو وەڵامی چەند کەسێك لە جیاتی وەڵامدانەوەی هەموویانە. ئەمەش فەرزی کیفایەیە کە وەڵامدانەوەکەی پێ هاتۆتە دی..

---

[١] ئیمامی مالیک:الموطأ (١٧٨٨).

موسوڵمانان لەوەتای هەن لەسەر ئەم باس و وەسفەن کە باسم کرد، هەر لەو زەمانەوە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ خەڵکی هاتووە، تا ئەم زەمانەی ئێمە: کەمینەی موسوڵمانان شەرع دەخوێنێت و شارەزایی لە دینەکەدا پەیدا دەکات، کۆمەڵێك موسوڵمان نوێژ لەسەر جەنازە دەکەن و کۆمەڵێکیش شوێن جەنازە دەکەون و دفنی دەکەن، کۆمەڵێکیشیانن کە جیهاد دەکەن، خەڵکانێکی زۆریشیان بەشدار نابن، کۆمەڵێکیشن کە سڵاو دەکەن و سڵاو دەسێننەوە، هەموو لایەکیشیان فەزڵ و رێزی ئەو کەسانەیان لەبەرچاوە کە فەرزە کیفایەکان جێبەجێ دەکات، وەکو فەزڵی شەرعناسان و موجاهیدان و نوێژخوێنانی جەنازەو سڵاو سێنەرەوانان، ئەوەش دەزانن کە ئەو کەسانەی بەشداری بە جێهێنانی ئەم فەرزانە ناکات، مادام ئەوانەی جێبەجێیان دەکەن بەسن و کارەکەیان پێ هەڵدەسوڕێت، گوناح بار نابن..) باسەکەی ئیمامی شافیعی رەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت دەربارەی دابەش کردنی زانستی شەرعی لێرەدا کۆتایی پێ هات کە لە کتێبی (الرسالة) ی خۆیەوە بە توێژینەوەی ئەحمەد شاکر لە لا ٣٥٧-٣٦٩ تەواو بوو..

بینیمان کە ئیمامی شافیعی رەحمەتی زانستی شەرعی لە رووی فەرزێتی وەرگرتنیەوە کرد بە دوو بەشەوە:

**<u>- فەرزی عەین</u>**: ئەوەی کە ئیمامی شافیعی دەربارەی فەرمووی: (زانستیەکیان گشتییە، کە ئەوی باڵغ و ژیرەو هۆشی بەسەر خۆیدا دەشکێت، نابێت نەیزانێت) مەبەستیشی لە باڵغ و ژیر، موکەللەفە..

**<u>- فەرزی کیفایە:</u>** ئەویشیانی وا وەسفکردووە: (شارەزایی لەم پلەیاندا ئاستێك نییە عەوام بیگاتێ، نەشبۆتە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەو زانایانەی گەیشتوونێ! ئەم زانا تایبەتیانەش کە گەیشتوونەتێ، بۆیان نییە هەموویان وازی لێ بهێنن و کاری پێنەکەن، ئەگەر هەندێك لەمان کاری بەو زانستیە زۆر تایبەتییە کرد، گلەیی و گازاندەو گوناح لەسەر زاناکانی تری

ئاستی خۆیان لادەدەن إِنْ شَاءَ اللَّه، فەزڵ و چاکەو پاداشتیش هەر بۆ ئەوانە دەنوسرێت کە کاریان بە زانستییە تایبەتییەکە کرد نەك بۆ ئەوانی تر..)[١].

با ڕاوبۆچوونی زانای تریش -بە گوێرەی ریزبەندی ساڵی مردنیان- بهێنینەوە:

## ٢- ڕاوبۆچوونی ئەبو محمد ئیبنوحەزمی ئەندەلوسی رەحمەتی خوای لێبێت (٤٥٦ك. کۆچی دوای کردووە) لە کتێبی (الإحكام)ەکەیدا دەفەرموێ:

(بەندی سی و یەکەم: دەربارەی سیفەتی لە دین شارەزایی بوون و ئەوەی کە پێویستە هەموو کەسێك لە دینەکەی بیزانێت)

(ئەبومحمد دەڵێ: خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ) التوبة/١٢٢ واتە: نەدەکرا هەر هەموو موسوڵمانان تێکرا بە جارێك بۆ جیهاد بچوونایە، هەر دەبوو لە هەر کۆمەڵێك دەستەیەك پێك بهێنن، تا بۆ شارەزایی لە دینەکە خۆتەرخانکەن، تا هەر وەختێك گەڕانەوە ناو قەوم تیرەو هۆزەکانی خۆیان، لە شەرع ئاگاداریانکەنەوە.. خوای گەورە لەم ئایەتەدا لایەنەکانی ئەو شارەزاییبوونەی دینی کردووە بە دوو بەش:

یەکەمیان: ئەوەی تایبەتە بە خودی موسوڵمان خۆیەوە، ئەوەش لە فەرمایشتەکەیدا دیارە: (وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ) تا هەر وەختێك گەڕانەوە ناو قەوم تیرەو هۆزەکانی خۆیان، لە شەرع ئاگاداریان کەنەوە. ئەمەش یەعنی روون کردنەوەو فێر کردنی ئەحکامی دینەکە بۆ ئەو کەسانەی ئەوەندە نازانن کە پەیوەندی بە پابەندی خۆیانەوە هەیە.

دووەمیان: فێربوون و شارەزایی ئەو کەسەی کە لەبەر خاتری خوای گەورە فێر بووەو بۆتە روون کەرەوەو بانگهێشتی تیرەو قەومی خۆی بۆ فێربوون و پابەند بوون بە ئەحکامی دینەکەوە، ئەمەش وا لە ریزی ئەو کەسانەدا کە خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی:

---

[١] کتێبی: الرسالە ی ئیمامی شافیعی رحمەالله توێژینەوەی ئەحمەد شاکیر (ل ٣٥٧_٣٦٩)

(فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) النحل/٤٣ واتە: ئەگەر نەزان بوون لە ئەهلی قورئانەکە بپرسن، بەمەش ئەوەی لەسەر هەموو کەسێك فەرز کردووە کە دەبێت بۆ خواپەرستی و دینداریەکەی خۆی فێر ببێت، دەبێ رەنجی خۆی بخاتە کار تا شارەزای ئەو زانستیە دەبێت کە یارمەتیدەری دەبێت لە خواپەرستیەکەیدا.. پێشتر ڕوونمان کردەوە کە ئیجتیهاد بریتییە لە (الافتعال من الجهد) واتە: زۆر لە خۆکردن بە رەنجدان ، بۆ دینەکەش بریتییە لە خەرج کردنی رەنجێکی زۆر لە رێگای فێربوونی ئەوەندە لە قورئان و حەدیسی سەحیحدا کە یارمەتیدەری دەبێت بۆ خواپەرستی تەواو..کەمترین پلەی ئەوەش، کابرای عەوام و ئەو نەو موسوڵمانەیە کە لە وولاتی کافرانەوە هێنراوە، یان ئەو ژن و پیاوانەی تازە موسوڵمان بوون، ئەوەمان پێشتر لە (باب إبطال التقليد)ی کتێبەکەماندا باس کرد کە ئەمانە چۆن داوای زانستی شەرعی دەکەن و لە سەرەتاوە چۆن و فێری چی دەکرێن؟ لێرەدا پێویست بە دووبارە باس کردنەوەی نییە، بەڵام پێویستە هەندێ شت هەر باس کەینەوە:

ئەو زانستیە گشتییەی فەرزی عەینە(ئەوەیە کە هەموو موسوڵمانێکی باڵغ و ژیر، نێرینە بێت یان مێینە، سەربەست بێت یان کۆیلە دەگرێتەوە، وەك ئەو باسانەی کە راجوێییان لە ناو موسوڵماناندا لەسەری نییە وەکو: پاکژیی و نوێژو رۆژووی فەرز.

## ١- ئەوزانستیە شەرعییەی فەرزی عەینە:

ئەو زانستیە شەرعییەی فەرزی عەینە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی (ژیر و باڵغ، نێرینە و مێینە، سەربەست و کۆیلە فەرزە) زانینی فەرزێتی و پابەندبوونە بە پاکژییی، نوێژ، ڕۆژوو.. موسوڵمانان لەمەدا ڕاجوێ نین.. پاکژیی و نوێژەکە، لەشساغ و نەخۆش دەگرێتەوە، فەرزە لەسەر هەموو ئەو موسوڵمانە (وەسفکراوانەی سەرێ) کە فەرزەکانی نوێژ و ڕۆژوو بزانن، چین و چۆن دەکرێن، هەروەها فەرزە لەسەریان بزانن چیان بۆ حەڵاڵە و چیان لێ حەرامە، لە خۆراك و خواردنەوە و پۆشاك و جنس و خوێن و گوفتارو کردار،.لە کەس قبوڵ ناکرێت نەزانێت، نێر و مێ، سەربەست و کۆیلە و کەنیزەکی

موسوڵمانان دەبێت بیزانن، دەبێ ئەگەر لە موسوڵمانێتیدا باڵغبووبوون، شارەزای ئەحکامی ئەو فەرزانە بن، ئەگەر بە گەورەیش موسوڵمان بووبوون، هەر ئەوکاتە زانینی ئەو فەرزانەیان لەسەر فەرزدەبێت،، بەرپرسێتی خەلیفەیە یان (جێگر و نوێنەرەکانی)شێتی ئەوەیە کە پیاوان ناچار بکەن ژنەکانیان فێربکەن، سەیدەکانیش کۆیلە و کەنیزەکەکان. یان خۆیان دەبێ فێریانکەن، یان ڕێی فێربوونیان بۆ ئاسانکەن، وەکو ڕێدانیان بۆ فێربوون لای خەڵکی تر، فەرزە لەسەر خەلیفەش کە خەڵکەکە والێبکات فێر بن، فەرزیشە فێرکاری تەواو بە ژمارەی پێویست دابین بکات.

## ٢- ئەو زانستیە شەرعییەی فەرزی عەینە بەڵام تایبەتە:

ئەمە تایبەتە بە خاوەن سامان و دارایی، ئەم کەسە -ژن بێت یان پیاو سەربەست بێت یا کۆیلە- فەرزە لەسەری ئەحکامی زەکات بزانێت. ئەو کەسەی کە هەژارە یان سامانی ئەوەندە نییە زانینی فەرزێتی زەکاتی لەسەر نییە. هەروەها حەج، هەر کەسێك پارە و پاسپۆرت و ڤیزە و توانای هەبوو ئەبێت ئەحکامی حەج بزانێت، زانینی ئەحکامەکانی حەجی لەسەر فەرزە، بەڵام ئەو کەسەی نە سامانی هەیە و نە تەندروستی تەواو، بێگومان حەج و عەمرەی لەسەر نییە. هەروەها فەرزە لەسەر هەموو فەرماندەیەکی جیهاد، ئەحکامی جیهادو بەشکردنی غەنیمەت و فەی بزانێت. حاکم و والی و داوەریش فەرزە لەسەریان ئەحکامی داوەریی بزانن. بەڵام زانینی ئەمە لەسەر خەڵکانێکی تر فەرز نییە. فەرزە لەسەر بازرگان و فرۆشیار بزانن چی حەڵاڵە و چی حەرامە و زەکاتی سامان چەندە و چۆن دەدرێت. هەروەها ئەحکامی کڕین و فرۆشتن. بەڵام ئەمە لەسەر کەسێك فەرز نییە کە نە کڕیارە و نەفرۆشیار.

## ٣- ئەو زانستە شەرعییەی فەرزی کیفایەیە:

دوای زانینی فەرزی عەین لەسەر تاك تاکی موسوڵمانان، دەبێ ئەو کەسانەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیان پێکهێناوە لە لادێ، لە شار، لە شارۆچکە و دەوارنشینان بزانن

کە دەبێ کەسانێك لە خۆیان بنێرن بۆ وەرگرتنی هەموو ئەحکامی دینەکە: لە قورئانەوانی و فەرمووودەوانی، بە تایبەتی فەرموودەکانی ئەحکام، کە دەبێ هەمووی شارەزا ببێت لە خوێندنەوە و مانا و زانینی کۆڕای زانایان و ڕاجوێییان لەسەری. پاشان دوای زانینی قورئان و فەرموودەو ئەحکام و زانینی کۆڕا (ئیجماع) و ڕاجوێی زانایان دەستدەکات بە ڕوونکردنەوە و فێرکردنی خەڵکەکەو وەڵامی شەرعییان دەداتەوە، بە شێوەیەکی ئاسان کە لەسەر فێرخوازەکەی قورس نەکات.. ئاوا ئەگەر لە هەر کۆمەڵگەیەکی بچووکی موسوڵماندا کەسێك یان کەسانێك بۆ فێربوون و گەیاندنەوەی دینەکە لێبڕان و بەسبوو بۆیان، فەرزێتی زانینی ئەحکامەکان لەسەر خەڵکەکە لادەچێت (مادام لە نێوانیاندا کەسێك یان کەسانێك هەن ئەحکامەکان دەزانن). ئەووەش لەسەر ئەم شارەزایە فەرزە کە دەبێت بە بەڵگەی شەرعییەوە ئەحکامەکان بزانێت.

ئەگەر لە ناوچەکەی خۆیاندا کەسی شارەزای وای لێ نەبوو ئەو ئەحکامە شەرعی و زانستیانەیان لێ وەربگرن، دەبێ بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی زانای لێیە کە شارەزایی زانستە شەرعییەکانە و دەبێت سەفەر بکەن بۆ لایان، با لە وڵاتی چینیش بن! چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ) واتە: با لە هەموو کۆمەڵێك دەستەیەك لێببڕێن بۆ وەرگرتنی زانستی شەرع، تا شارەزا ببن و هۆشداریی بدەنە قەومەکەی خۆیان کاتێک دەگەڕێنەوە ناویان. تا بەچاکی لە دینەکە تێبگەن و بتوانن کە گەڕانەوە ناو قەومەکانی خۆیان هۆشیارییان بدەنێ و ئاڕاستەیان بکەن.. دیارە (لێبڕان و گەڕانەوە) بەڵگەی گەڕانە بە دوای زانستی شەرعیدا. هەرکەسێك لە ناوچەکەی خۆیدا زانای فێرکاری دەستکەوت دەچێتە مزگەوت یان ماڵی زاناکەو لای دەخوێنێت. هەر وەکو کە یاوەرانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبوون و زانستیەکەیان لێوەردەگرت.. فێربوونی قورئان بە زانستی تەجوید و لەبەرکردن و فێرکردنەوەی، هەر

هەمان خواستی هەیە. فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك كە سورەتی فاتیحە و هەندێك لە قورئان -بە زانیارییەكانیەوە- بزانن با یەكێكیان بشزانێت، دەبێ یەكێكیان بە لانی كەم- هەموو قورئانی لەبەر بێت و بەخەڵكی بڵێتەوە و فێریانبكات، چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێدەداو بە هێنانەدیی ئەو (فَلَوْلَا نَفَرَ)یە فەرزەكە لەسەر شانی ئەوانی تر نامێنێت).[١]

سێ ناونیشانم بۆ ئەم بۆچون و باسەی ئیبنوحەزم داناوە كەبریتین لە: (ئەو زانستیە گشتیەیی فەرزی عەینە) و (ئەو زانستیە تایبەتەی فەرزی عەینە) و (ئەو زانستیە شەرعییەی فەرزی كیفایەیە).

---

[١] ئیبنوحەزم: الإحكام في أصول الأحكام (٥/١٢١-١٢٣).

٣- بۆچونی خەطیبی بەغدادی ڕەحمەتی خوای لێبێت (کە ساڵی ٤٦٣ك کۆچی دوایی کردووە) کە لە کتێبی (الفقیه والمتفقه)دا دەربڕیوە:

خەطیبی بەغدادی ڕەحمەتی خوای لێبێت بەسەنەدی پەیوەستەوە لە سەیدنا عەلی و ئەنەسی کوڕی مالیکەوە خوا لێیان ڕازی بێت گێڕاوێتیەوە کە هەردووکیان لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاویانەتەوە کە فەرموویەتی: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ)[1] واتە: وەرگرتنی زانست فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك. پاشان خەطیبی بەغدادی دەفەرموێ: (هەندێك لە زانایان فەرموویانە مەبەستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زانستی عەقیدەیە. یەکخواپەرستییە، ئەوەی کە لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرزەو ناشێت نەیزانێت، چونکە بە گشتی هەموو موسوڵمانێك دەگرێتەوە.

هەروەها ووتراوە کە وەرگرتنی زانست لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرز دەبێت، ئەگەر لەو ناوچەیەدا کەس بۆ فێربوونی لێنەبڕاو هەموو بە نەزانی مانەوە. واتە فەرزی کیفایەیە. وەکو سوفیانی کوڕی عویەینە بۆی چووە:

- ئەبوموسلیم جەعفەری کوڕی بای شەرعناسی جیلی دەفەرموێ: ئەبولعەبباسی ئەحمەدی کوڕی عبدالرحمانی ئەسەدی ئەصبەهانی پێی ڕاگەیاندین کە قازی عەمری کوڕی عوسمان ئەبوسەهل پێی ووتین[2] گوێم لێبوو ئەبوالفەزڵ جەعفەری کوڕی عامری بەززار دەیووت: گوێم لە موجاهیدی کوڕی موسا بوو، کە ئەو فەرموودەی پێغەمبەری

---

[1] لە پەڕاوێزی ژمارە (٢)دا ووتمان: (ئیبنوماجە/٢٢٤ شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحیح ابن ماجە)دا بە سەحیحی داناوە).

[2] پێی ووتین زاراوەی فەرموودەوانانە واتە: (حدثنا) پێی ڕاگەیاندین (أنبأنا)یە کە جیاوازیيان هەیە و نابێت بەشێوەی تر تەرجوومە بکرێن. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕایەوە کە دەفەرموێ: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ). پاشان موجاهید فەرمووی لای ئیبنوعویەینە بووین باسی ئەو فەرموودەیە کرا، فەرمووی: فەرزێتیەکەی لەسەر هەموو موسوڵمانێك نییە. ئەگەر هەندێك لە موسوڵمانان فێریبوون لەسەر ئەوانی تر فەرز نامێنێت. وەکو جەنازە. ئەگەر هەندێك موسوڵمان نوێژی جەنازەیان لەسەر مردوویەك کرد فەرزێتی لەسەر ئەوانی تر نامێنێت.. وەهەروەها. پاشان خەطیبی بەغدادی دەفەرموێ: (دەڵێم ئەوەی ئیبنوعویەینە مەبەستی بووە فێربوونی تەفسیلاتی ئەحکامە شەرعیەکانە، کە پەیوەندیان بە لقەکانی دینەوە هەیە. ئەمما بنەماو لق و قەدی دینەکە کە بریتیە لە ناسینی خوای گەورەو یەك خوا پەرستی و زانینی ناوو سیفات و بەڕاستگۆ دانانی نێردراوانی و ئەوانە، فەرزن لەسەر تاکتاکی موسوڵمانان کە دەبێ بیزانن. زانینی کەسێك یان فێربوونیان لە لایەن کەسێکەوە ناکەوێتە بری فێربوونی ئەوانی تریان.

- هەروەها ووتراوە مەبەست لە (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) ئەوەیە کە فەرزە لەسەر هەموو کەسێك ئەو شتانە بزانێت کە نەزانینیان نەشیاوە. عبداللهی کوڕی موبارەك دەفەرموێ: محمدی کوڕی ئەبونەسری بەرسی پێی ڕاگەیاندین ئەحمەدی کوڕی عبداللهی کوڕی پێی ووتن حوسەینی کوڕی دەققاق پێی ڕاگەیاندین کە ئیبنومەنیع پێی ووتین کە ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی مورۆزی پێی ووتین: حوسەینی کوڕی ڕەبیع پێی ووتین: لە ئیبنولموبارەکم پرسی: تەفسیری (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) چییە؟ فەرمووی: ئەوە نییە کە ئێوە دەتانەوێت، بەڵکو ئەوەیە کە کەسێك دەکەوێتە مەسەلەیەکی دینەکەیەوەو نازانێت حوکمەکەی چۆنەو دەچێت بۆی دەپرسێت، تا فێریدەبێت و دەیزانێت.

- ئەبوبەکری محمدی کوڕی عومەری کوڕی بەککیری موقری نەججار پێی ڕاگەیاندین یەحیای کوڕی شیبلی کوڕی عەباسی حەنینی پێی ووتین کە ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی عبدالخالق پێی ووتین کە ئەبوهوممام پێی ووتین کە علی کوڕی حوسەینی کوڕی

شەقیق پێی ووتین پرسیارم لە عبداللهی کوڕی موبارەك کرد کە چ زانستێك لەسەر خەڵکی فەرزە فێری ببێت؟ فەرمووی: ئەوە کە کابرا هیچ کارێك نەکات تا دەپرسێ و دەزانێت حوکمی شەرعی لەسەر چییە، ئەمە ئەوەیە لەسەر خەڵکی فەرزە فێری ببێت. پاشان ڕوونتری کردەوەو فەرمووی: پیاوێك سامانی نییە فێربوونی ئەحکامی زەکاتی لەسەری فەرز نییە، بەڵام ئەگەر دووسەد درهەمی هەبوو فەرزە لەسەری بزانێت زەکات چییە و چۆنە و چەندێ لێ دەکەوێت و کەی دەدرێت و بەکێ و باقی بابەتەکانی..

- هەربەم شێوەیە خەطیبی بەغدادی بەسەنەدی پەیوەستەوە لە سەیدنا علی خوا لێی ڕازی بێت هێناوێتی کە فەرمانی بە بازرگانان دا کە ئەحکامی کڕین و فرۆشتن فێر بێت پێش ئەوەی دەست بەکاری کاسبیەکەی بێت، ئەمە حەسەنی کوڕی ئەبو طالب پێی ووتم کە فەرمووی: عوبەیدوللەی کوڕی ئەحمەدی کوڕی یەعقوبی موقری بۆی گێڕاینەوە کە علی کوڕی محمدی کوڕی کاس قسەی بۆ کردووە کە حەسەنی کوڕی عەلی عەلەوی پێی فەرموون کە نەسری کوڕی موزاحیمی مونقەری بۆی باسکردوون کە ئەبو خالیدی واسیتی لە زەیدی کوڕی عەلییەوە لە باوك و باپیرییەوە گێڕاوێتیەوە کە کابرایەك هاتە خزمەت سەیدنا علی خوا لێی ڕازی بێت و عەرزی کرد (بە سەیدنا علی ووت): ئەی ئەمیری موسوڵمانان دەمەوێ بازرگانی بکەم، پێی فەرموو: فێر بوونی ئەحکامەکان پێش بازرگانییەکەیە، هەرکەسێك پێش وەرگرتن ئەحکامی (کڕین و فرۆشتن) بکەوێتە بازرگانییەوە بەسەر سووخۆریدا دەکەوێت پاشانیش تێی دەکەوێتەوە.

- هەروەها خەطیبی بەغدادی دەگێڕێتەوە: ئەبو نوعەیمی حافز پێی فەرموون کە ئەبولحەسەنی ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی ئەبوالحەسەنە کوڕی موقسیمی بەغدادی پێی فەرموون کە عبداللهی کوڕی موحەمەدی کوڕی زیاد بۆیی باسکردوون یونسی کوڕی عەبدولئەعلا بۆی باس کردوون کە ئیبنووەهەب لە ئیمامی مالیکەوە گێڕاوێتیەوە کە باسی زانستی لاکراوە، فەرموویەتی: زانست شتێکیچاکە بەڵام جارێ

ئەوەندە فێر بە کە لە بەیانییەوە لەسەرتە تا خۆر ئاوا بوون. وە لە خۆرئاوابوونەوە تاخۆرهەڵهاتن، بەمەوە پابەند بە و هیچ مەخەرە پێشی..

- عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عومەری موقری بۆی گێڕاینەوە کە ئەبو محمد ئیسماعیلی کوڕی عەلی خوطبی بۆمانی باسکرد کە عبداللهی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرمووی: پرسیارم لە باوکم کرد کە چ زانستێك لەسەر پیاو فەرزە فێری ببێت؟ فەرمووی: پێویستە ئەوەی کە نوێژەکانی دروست ئەنجام دەدرێت پێی و ئەحکامەکانی تری دینەکەی لە ڕۆژوو زەکات و شەریعەتی ئیسلام فێر ببێت..

دەڵێم: خەطیبی بەغدادی دەفەرموێ: (دەڵێم: فەرزە لەسەر هەموو کەسێک: ئەو ئەحکامانە فێر بێت کە فەرزەکانی پێ جێبەجێدەکات، بە گوێرەی توانای خۆی، بەو مەرجەی ڕەنجی تەواو بدات.. فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك _باڵغ و ژیرە لە نێرو مێ، سەربەست و کۆیلە_ کە ئەحکامی فەرزەکان بزانێت لە پاکژیی و نوێژوو ڕۆژوو..

هەروەها فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك بزانێ چی حەڵاڵە بۆی و چی حەرامە لێی لە خۆراك و خواردنەوەو پۆشاك و نیکاح و ئەحکامی خوێن و سامان، هەموو ئەمانە کەس بۆی نییە نەیانزانێت، فەرزە لەسەر یەکیەکی موسوڵمانان ئەم ئەحکامانە کە بە موسوڵمانێتی باڵغ بوون بزانن، یان دوای باڵغ بوون موسوڵمان بوون، ئیمام (خەلیفە) دەبێ مێردو سەیدەکان ناچار بکات ژن و کۆیلەو کەنیزەکەکانیان فێری ئەو ئەحکامانە بکەن. هەروەها لەسەر ئیمام فەرزە کە دەبێ خەڵکەکەش بۆ فێربوونیان هاندات و خەڵکانێك بۆ فێرکردنی نەزانان دیاری بکات تا بۆ ئەو مەبەستە لێ بڕێن و وەهەروەها موچەشیان لە بەیتولمال بۆ ببڕێتەوە، هەروەها فەرزە لەسەر زانایانیش نەزانەکان فێرکەن

تا ئەوكاتەی حەق و باتڵ لێك جوێ دەكەنەوە)[١]. قسەكانی خەطیبی بەغدادی ڕەحمەتی خوای لێبێت لێرەدا كۆتایی هات.

لە بۆچونی خەتیبی بەغدادیدا دەردەكەوێت كە لە زانستی شەرعیدا:

- فەرزی عەین هەیە، كە لەسەر یەكیەكی موسوڵمان فەرزە. وەكو نوێژەكان. ئەمەش پۆلێنكردنی سەیدنا علی كوڕی ئەبو طالب خوا لێی ڕازی بێت عبداللهی كوڕی موبارەك و ئیمامی مالك و ئیمامی ئەحمەدە خوا لە هەموویان خۆش بێت كە لە كۆتاییدا خەتیبی بەغدادی پوختەكەیانی ڕیزبەندكرد وەكو ڕیزبەندییەكەی ئیبنوحەزم دەربارەی زانستی فەرزی عەین.

- فەرزی كیفایەش ئەوە بوو كە خەتیب لە سوفیانی كوڕی عویەینەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت نەقڵیكرد.

[١] خەتیبی بەغدادی: الفقه والمتفقه (١/٤٣-٤٦). لە دەقە عەرەبییەكەدا خەتیبی بەغدادی رحمەالله دەفەرموێ: (نا) واتە: (حدثنا)، كە دەفەرموێ: (أنا) واتە: (أخبرنا).

٤- بۆچوونی ئەبو عومەری کوڕی عەبدولبەڕ ڕەحمەتی خوای لێبێت (کە ساڵی ٤٦٣ك کۆچی دوایی کردووە) لە کتێبی (جامع بيان العلم)کەیدا نووسیویێتی:

ئیبنوعەبدولبەڕ بەسەنەدی پەیوەستەوە لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) پاشان بەسەنەدەوە لە ئیسحاقی کوڕی (راهەوەیھ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) فەرموودەیەکی صەحیحی لەسەر نییە، بەڵام ماناکەی ئەوەیە کە موسوڵمان دەبێت زانستی ئەو ئەحکامە شەرعیانە فێرببێت کە پێویستی پێیەتی لە دەست نوێژو نوێژەکانیدا، هەروەها لە زەکاتدانییدا (بۆ کەسێك کە سامانی هەبێت) هەر وەکو لە حەجکردن و فەرزەکانی تردا. لە هەرچی شتێکدا کە فەرزبوو لەسەری بیکات، ڕەزامەندی دایکوباوکی ناوێت. لە هەرچی شتێکدا فەرزنەبوو ڕەزامەندی ئەوانی دەوێت. ئیبنوعەبدولبەڕ دەفەرموێ: مەبەستی ئیسحاق -وَاللَّهُ أَعْلَمُ- ئەوەیە کە فەرموودەی (طَلَبُ العِلْمِ)ەکە موناقەشە لەسەر سەنەدەکەی هەیە، کە فەرموودەوانان لە نەقڵکردنیدا هاوڕانەبوون تێیدا. بەڵام ماناکەی ڕاست و دروستە لای.

- هەروەها ئیبنوعەبدولبەڕ بە سەنەدەوە لە ئیبنووەهەب دەگێڕێتەوە کەفەرموویەتی: پرسیار لە مالیك کرا لەسەر فێربوونی زانست کە ئایا فەرزە لەسەر خەڵك؟ فەرمووی: (نا، بەڵام داوالێکراوە ئەوەی سوودی بۆ دین و دیندارییەکەی هەیە فێری ببێت)..

- هەروەها ئیبنوعەبەدولبەڕ لە حەسەنی کوڕی ڕەبیعەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: دەربارەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) لە عبداللەی کوڕی موبارەکم پرسی؟ فەرمووی: ئەوە مەبەست نییە کە ئەوان دەیانەوێت، بەڵکو لەسەر کەسێك فەرزە کە حوکمی شەرع دەربارەی کارەکە بزانێت پێش ئەوەی دەستی بداتێ).

- بەسەنەدی پەیوەستیشەوە لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە گێڕایەوە کە دەیفەرموو: وەرگرتنی زانست و جیهاد لەسەر کۆمەڵگەکە فەرزن، ئەگەر کەسانێکیان ئەنجامیاندا فەرزێتێکەی لەسەر ئەوانی تر نامێنێت ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە: (فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ).

ئیبنوعەبدولبەڕ _دوای هێنانەوەی راوبۆچوونی ئەو زاناو شەرعناسانە_ دەفەرموێ:

زانایان ڕایان لەسەر ئەوە کۆیە کە وەرگرتن و فێربوونی هەندێك زانستی شەرعی فەرزی عەینە لەسەر تاکتاکی موسوڵمانان، هەندێك زانستی تری شەرعی هەیە کە لەسەر هەمووان بە دەستەجەمعی فەرزە، کە فەرزی کیفایەیە، ئەگەر کەسانێکیان فێری بوون فەرزێتێکەی لەسەر ئەوانی تر نامێنێت.

**پۆلێنی ئیبنوعەبدولبەڕبۆ زانستی شەرعی:**

أ- ئەو زانستیە شەرعییەی فەرزی عەینە:

ئیبنوعەبدولبەڕ دەفەرموێ: (ئەو فەرزەی کە هەموو کەسێك دەگرێتەوە فێربوونی ئەو ئەحکامانەیە کە بۆ هیچ کەسێك جائیز نییە نەیانزانێت، ئەوانەش لە ڕیزی فەرزەکانی خوای گەورەدان وەکو شایەتمان هێنان بە زمان و قەناعەتی دڵ و دڵنیایی لەوەی کە خوای گەورە تاك و تەنها و بێ وێنەیە و هیچ جۆرە شەریکێکی لە هیچ شتێکدا نییە و بێهاوتایە و نموونەی نییە. لە دایك نەبووەو کەسی لێنەبووەو کەسیش لە وێنەو سیفەتی ئەو نییە. ئەو بکەری هەموو شتێکە و دەستپێك و کۆتایی هەموو بونەوەرێك لە وویست و زانیاری و توانای ئەودایە. ئەو مرێنەرو ژێنەرە، زیندووەو نامرێت.. ئەوەی کە ئەهلی سوووننەت و جەماعەت باوەڕیان پێیەتی کە سیفەتەکانی ئەزەلین و هەربەخۆیەوە بوون. سەرەتایان نییە و کۆتایشیان نابێت، سنوورو ڕێژەیان دیاری ناکرێت. خوای گەورە لەسەر عەرشی مەزنی خۆیەتی.. هەروەها فەرزە هەموو کەسێك بزانێت کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ بەندەو کۆتانێردراوی خوای گەورەیە و هاتنی جەنابی و پێغەمبەرانی تر عَلَيهِمُ السَّلَام لە لایەن خوای گەورەوە حەقە. زیندووبوونەوە ڕاستە کە لە دوای مردن ڕوو دەدات. کۆبوونەوەی حەشرو لێپرسینەوەو موحاسەبەی خوا ڕاستە، پاشان پاداشت و سزایی.. ئەو کەسانەی دەکەونە بەر لێخۆشبوونی خوا بە باوەڕهێنانیان بەختەوەربوون و بە نەمری لە بەهەشتا دەمێننەوە. ئەمما ئەوانەی بێباوەڕو خراپەکاربوون جێگایان دۆزەخە. ئەمەش ڕاست و ڕەوایە.. قورئان فەرمایشتی خوای گەورەیە و هەرچی تێیدایەتی لە خوای گەورەوە هاتووەو پێویستن باوەڕ بە هەمووی بهێنرێت و کردەوە بچەسپێنرێت. پێنج نوێژەکەی شەوو ڕۆژ فەرزن زانینی چۆنێتی کردنیان فەرزە، هەروەها زانینی چۆنێتی دەست نوێژو ئەحکامەکانی تری پێش نوێژ. ڕۆژوو گرتنی ڕەمەزانیش فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك و زانینی ئەحکامی گرتن و شکاندن و بەتاڵ بوونەوەی فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێک.

ڕۆژووگرتنی ڕەمەزانیان لەسەر فەرزە. هەر کەسێك پارەو سامانی هەبوو حەجی لەسەر فەرز دەبێت و فەرزیشە چۆنێتی حەجکردنەکە فێرببێت. هەروەها زەکاتدان بۆ کەسێك کە سامانی هەیە و بەخشینی فەرزبووەو لەسەرێتی. فەرزە ئەحکامەکانی زەکات بزانێت، کە زەکات چۆنە و چەندەو لە چی دەدرێت و کەی دەدرێت و بە کێ و چۆن؟ بۆ زۆر مەسەلەی تر کە زانینی فەرزەو بە شێوەیەکی گشتی پێویستە ئەحکامەکانیان بزانێت، چونکە نەزانینیان نابێتە عوزر. هەروەها دەبێ بزانێت کە هەندێك ڕەفتاری لێ حەرامە. فەرزە لەسەری بزانێت چین، وەکو زیناو سووخۆریی و شەرابنۆشین و خواردنی گۆشتی بەرازو مردارەوەبوو و پیسیەکان و زەوتکردنی موڵکی خەڵك و بەرتیلدان یان وەرگرتنی. هەروەها شایەتی درۆ، خواردنی ماڵ و سامانی خەڵك بە ناحەق. دیسان حەرامێتی زوڵم و ستەم و دەست درێژیی. هەروەها مارەکردنی دایك و نەنك و خوشك و مەحرەمەکانی ترو کوشتنی بێتاوان و هاوشێوەی بەناحەق. ئەو ڕەفتارانەی تریش کە حەرامن و قورئانی پیرۆز و سوونەت و کۆڕای (ئیجماع)ی ئوومەت باسیان لێوەکردووە.

ب- ئەو زانستیە شەرعییەی کە فەرزی کیفایەیە:

ئیبنوعەبدولبەڕ دەفەرموێ: (جیهادیش هەر وایە. خۆی لە خۆیدا فەرزە بەڵام فەرزی کیفایەیە) خوای گەورە دەفەرموێ: (لَّا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا)النساء/٩٥ واتە: ئەو موسوڵمانە دانیشتووانەی کە پەککەوتەو نەخۆش و نوقسان نین، لەگەڵ موجاهیدەکانی ڕێگای خوای گەورەدا یەکسان نین، ئەمان بە سەروەت و سامان و گیانی خۆیان لە پێناوی خوادا جیهادیان کردووە، خوای گەورە بە پلەو پایە فەزڵی ئەو موجاهیدانەی کە بە سەروەت و سامان و گیانی خۆیان جیهادیان کردووە، دەدات بەسەر ئەوانەدا کە دانیشتوون. بەڵێنی چاکەی بە هەردوولاشیان داوە، بەڵام فەزڵ و ڕێزی موجاهیدەکانی بە چاکەو پاداشتێکی زۆر گەورەو مەزن بەسەر دانیشتووەکاندا داوە..

خوای گەورە ئەو موجاهیدانەی بەماڵ و گیانەوە لەپێناوی خوادا جیهادەکە دەکەن بەچاکترین و پلەبەرزتر دادەنێت. هەرچەندە خوای گەورە بەڵێنی جوانی خۆی بە هەردوولایانداوە، بەڵام خوای گەورە موجاهیدەکانی بەچەندین پلە لەدانیشتوانەکان پێچاکترە.

کەوابوو خوای گەورە موجاهیدەکانی پێچاکترەو پلەیان باڵاترە، بەڵام زەمی دانیشتوانەکانیشی نەکردووە، ئایەتەکانی فەرزبوونی جیهاد زۆرن، ئەم ئایەتەو ئایەتەکانی تر ئەو فەرزە ڕووندەکەنەوە. وەکو زانایان و شەرعناسان فەرموویانە کە ئەگەر دوژمن بەرامبەر ناوچەیەکی موسوڵمانان وەستا، فەرزێتی جیهادەکە لەسەر هەموو

دانیشتووانەکە دەبێت، ئینجا بازنەی خەڵکەکەی دەوروبەریان، کە ئەگەر زانیان خەڵکی ناوچەی یەکەم دەرەقەتی دوژمن نایەن جیهادەکە لەسەر ئەمانیش فەرز دەبێت.

- هەروەها ئەبوعومەر (کوڕی عبدولبەڕ) دەفەرموێ: وەڵامدانەوەی سەلامیش-لای زاناکانمان- هەر لە ڕیزی ئەم فەرزەیە کە کیفایەیە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ کە ئەگەر یەکێك لە سەلام لێکراوەکان وەڵامبداتەوە فەرزی وەڵامدانەوە لەسەر ئەوانی تر لادەچێت.. هەرچەندە عێراقیەکان دەفەرموون: نا، وەڵامدانەوەی سەلام لەسەر یەکیەکی سەلام لێکراوەکان فەرزە. بەڵام وادیارە بەڵگە لەگەڵ حیجازییەکان بێت، نەك عێراقییەکان. هەر دوو بۆچونەکەم لە کتێبی (التمهيد)ە کەمدا باسکردووە. لە بۆ ڕاڤەی فەرموودەکانی لای ئیمامی مالیك نووسیوومە،[١] کە وەڵامدانەوەکە -بێ گومان- فەرزە چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا) النساء/٨٦ واتە: ئەگەر سڵاوێکتان لێکرا، بە لەوباشتر وەڵامی بدەنەوە، یان هەر وەکو خۆی وەڵامەکەی بدەنەوە، خوای گەورە لە هەموو شتێك دەپرسێتەوە.

- هەروەها ئەوی لە بازنەی ئەم باسەدایە: کفنکردنی مردوو، شتن و نوێژ لەسەرکردن و ناشتنی..).[٢]

بۆچوونی ئەمیشم کردووە بە سێ ناونیشان: (ئەو زانستیە شەرعییەی کە فەرزی عەینە) و (ئەو زانستە شەرعییەی کە فەرزی کیفایەیە)، (نموونەی فەرزی کیفایەیە).

[١] چاپی کۆنی (٩) بەرگەو چاپی نوێ (١٤).
[٢] ئیبنوعەبدولبەڕ: جامع البيان العلم (١/٩-١٢).

٥- بۆچونی ئەبو حامیدی غەززالی ڕەحمەتی خوای لێبێت (کەساڵی ٥٠٥ ك. کۆچی دوایی کردووە) وەکو لە (إحياء العلوم)داهاتووە:

دەروازەی دووەم لە (كتاب العلم) لە کتێبی (إحياء العلوم الدين): زانستی مەدحکراو زانستی زەمکراو و بەشەکانیان و ئەحکامەکانیان).

غەززالی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (لێرەدا باسی زانستی کراوە کە هەندێکی فەرزی عەینە و هەندێکی فەرزی کیفایەیە. بزانرێت عەقیدەو شەرع لە کوێی زانستیەکانی دینەکەدا..

<u>أ- ڕوونکردنەوەی ئەو زانستیەی کە فەرزی عەینە:</u>

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) هەروەها دەفەرموێ: (اطْلُبُوا الْعِلْمَ وَلَوْ بِالصِّينِ).[١] واتە: زانست فێر بن ئەگەرچی بۆ وەرگرتنی چووبشنە وولاتی چین.. خەڵکی لە دیاریکردنی ئەو زانستیەدا _کە فەرزە_ راجوێن.. ئەوەی کە گومانی بۆ ناچێت و لێی دڵنیابن ئەوەیە کە: زانست -وەکو لە پێشەکی کتێبەکەدا باسمان کرد- دەبێت بە دوو بەشەوە: زانستی ڕەفتار و زانستی (بۆ کەشف بوون). ئەوەی لێرەدا باسی دێت زانستی ڕەفتارە کە لەسەر موسوڵمانانی باڵغ و ژیر فەرزە کە لە سێ بواردایە: باوەڕپێبوون، کردن، نەکردن.. باوەڕپێبوون (الإعتقاد): بۆ نموونە ئەگەر کابرای ژیرو باڵغ لە سەرەتایی ڕۆژەوە (بە ئیحتیلامبوون یان بە تەمەن)[٢] باڵغبوو،

---

[١] بەیهیقی ڕیوایەتی کردووە هەروەها (الخطيب البغدادي و إبن عبدالبر) لە ئەنەسەوە بەسەنەدێکی (زەعیف) هێناویانەتەوە. إبن الجوزي لە (الموضوعات)دا هێناوێتیەوە. ئەلبانی رحمەالله لە (ضعيف الجامع الصغير/٩٠٦)دا دەفەرموێ: مەوضوعە.

[٢] واتە ئەگەر بە (شەیتانیبوون) کە نیشانەی باڵغبوونە یان بەوەی (تەمەنی گەیشتە ١٥ ساڵان) کە نیشانەیەکی تری باڵغبوونە لای شەعناسان.

دەبێ شایەتمان فێرکرێت و ماناکەی بۆ لێکدرێتەوە تا لێی تێبگات. واتە ووتن و زانینی و تێگەیشتنی (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَ محمداً رَسُولُ الله) مەرجەکەشی ئەوەیە ڕاستگۆیانە بیلێت و لە دڵییدا بچەسپێت کەوایە. بە شێوەیەك دوودڵی و ڕاڕایی تێدا نەبێت. مەرجیش نییە خۆی بگەڕێت بە دوای بەڵگە و سەلماندنی شایەتمانەکە و تەئکیدبوون لە مانا و ڕوکنەکانی، چونکە گوێگرتن و ووتنەوەی و زانینی مانای گشتی بەس بێت.. دواتر دەتوانێت تێیدا قاڵ و قوڵ ببێتەوە. لەم دەستپێکەیدا مەرج نییە بەڵگەی هەموو شتێك بزانێت. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ هەر شایەتمانهێنانیانی لەو عەرەبیە خێڵەکی و ئەعرابییە کەللە ووشکانە داوادەکرد، بێ ئەوەی بەڵگەیان بۆ بهێنێتەوە. ئەگەر شایەتمانەکەی بە تێگەیشتنەوە هێنا ئەوە فەرزی ئەو کاتەیەو _بە تێگەیشتنی هەموو لق و چلێکی تر کە لێی جوێ دەبێتەوە_ لێی قورس ناکرێت. بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر لەو ساتەدا بمرێت بە مهلکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورە هەژمار دەکرێت، کە سەرپێچی فەرمانی نەکردووە.. بۆ ئەو ئەوەندە بەسە.

<u>- ئەمما: کردن: واتە ئەنجامدانی کردەوە</u>: ئەگەر ساغ و سەلیم بوو، بە هاتنی کاتی نوێژی نیوەڕۆ پاکژیی و دەست نوێژو نوێژی لەسەر فەرز دەبێت. پاکژیی و نوێژەکەی بۆ باس دەکرێت و پێش کاتی زەوال (پێش هاتنی فەرزی نیوەڕۆ) فێردەکرێت. فێرکردنەکەی پێش هاتنی کاتی باشترە وەک لە دواخستنی. هەرچەندە هەندێك لە شەرعناسان دەفەرموون: فەرزنییە لەسەری پێشنیوەڕۆ فێرببێت، چونکە ئەو کاتە نوێژەکەی لەسەر نەبووە. هەروەها نوێژەکانی تری. ئەگەر تا ڕەمەزان ژیا فێربوون و زانینی ئەحکامی ڕۆژوو گرتنەکەی لەسەر فەرزدەبێت، ئەوەش بەوەندە بەس دەبێت کە فێرکرێت: ڕۆژوو گرتن لە سپێدەی بەیانیەوە تاکو خۆرئاوابوونە، نییەتهێنانی فەرزە، لە کاتی ڕۆژووانیشیدا خۆی لە خواردن و خواردنەوەو سەرجێی هاوسەری دەگرێتەوە. زانینی کاتی ئەم بەڕۆژووبوونە بە بینینی هەیڤە یان شاهیدی دوو شاهید.: ئەگەر سامانی هەبوو یان دوای باڵغبوونی دەستیکەوت دەبێت ئەحکامی زەکات فێرببێت. بەڵام ئەو کاتە زەکاتەکەی لەسەر فەرزنییە بیدات،

بەڵکو دوای تێپەڕبوونیساڵێك بەسەر هێشتنەوەو بەکار نەهێنانیدا (ئەگەر زێڕو زیوو پارە و موڵکی وابوو کە دوای ساڵ لێی بکەوێت). ئەگەر سامانەکەی هەر حوشتر بوو، زانینی ئەحکامی زەکاتی حوشتری لەسەر فەرز دەبێت، نەك زانینی زەکاتی مەڕو ماڵات یان هەروەها جۆری تری سامانی زەکات... چی هەیە زانینی ئەحکامی زەکاتدانی ئەو شتەی لەسەر فەرزە. ئەگەر تەمەنی گەیشتە کاتی حەج، مەرج نییە دەسبەجێ ئەحکامەکانی حەجکردن فێربێت. چونکە بواری کاتی حەجکردن درێژ ترە. بەڵام دەبێت شەرعناسان فێریکەن کە حەج فەرزە لەسەر هەرکەسێك کە خۆراك و پۆشاك و مەسروفی سەفەری حەجی دابینبێت. چونکە لەوانەیە باسکردنی حەج بۆی هاندەر بێت بۆ پێش خستنی حەجەکەی (لەم ساڵدا، لە جیاتی ساڵانی داهاتوو) ئەگەر ویستی وابوو ئەمساڵ حەجەکەی بکات ئەو کاتە دەبێت ئەحکامەکانی حەجکردن فێربێت، یان بزانێت چۆن حەجدەکات. لە فێربوونەکەشیدا زانینی نەزرو ڕوکنەکانی حەج بەسە. مەرجیش نییە سوونەتەکانی فێر بێت، ئەگەر توانی فێر ببێت هەروەها لە فێرکردنی فەرزەکانی تردا کە لەسەرێتی.

<u>- نەکردن و وەلکردن و واز لێهێنان</u>: فەرزە ئەو ئەحکامانەی فێرکرێت کە دەخوازێت لەو کاتەوە فلان کار نەکات. ئەمە بە پێی کەسەکانیش جیاوازە. بە کەڕولاڵێك ناوترێت وا مەڵێ. ئەحکامی نەزەری حەرام بە کوێرێك ناوترێت. بە دەشتەکییەکی دەوارنشین ناوترێت لە کوێی ماڵدا لەچ ژوورێك دادەنیشێت.. ئەوەی کە بارودۆخی کەسەکە دەیخوازێت پێی دەوترێت. لەوانەیە پۆشاکێکی ئاوریشمی لەبەردا بێت پێی دەوترێت حەرامە یان لە خانوویەکی زەوتکراودا دادەنیشێت، یان نیشتەجێیە یان سەیری نامەحرەم دەکات، دەبێت ئەمانەی بۆ باسبکرێت تا تێدەگات و دەیزانێت. هەروەها جۆری خۆراك و خواردنەوە. ئەگەر لە وولاتێکدا بێت کە شەراب دەخۆنەوەو گۆشتی بەراز دەخۆن، فەرزە فێربکرێت کە ئەوە بۆ موسوڵمان حەرامە، فەرزە ئەوەندە فێرکرێت تا دەیزانێت.

- ئەمما ئەوەی باوەڕی ناخ و کرداری دڵ و دەروونە، دەبێت ئەوانەی بە بێ گومان فێرکرێت. وەکو ئەوەی دەربارەی واتای شایەتمانەکەو گشتگیرییەکەی شتێك لە دڵیدا مابێت یان دروست بووبێت بۆی، ئەو کات فەرزە بۆی باسبکرێت و فێرکرێت، تا گومانەکەی دەڕەوێتەوە. ئەگەر هیچ خووتورەیەکی دوودڵیی و گومانی دەربارەیی فەرمایشتی خوای گەورەو هەبوونی و سیفاتی تری لە دڵدا نەبوو، و مرد، ئەوا بە کۆڕای ئەهلی ئیسلام بە موسوڵمانی مردووە. ئەگەر شتێکی لێ بیسترا یان دەربارەی بیسترا، زەرووریە زوو حەق بۆ ڕوونبکرێتەوە. لەسەرە مەرگیشدا بێت زەرووره شایەتمانی پێبهێنرێتەوە. هەر نەوموسوڵمانێك هەر زانستێکی پێویست بوو _تا ئەحکامی شەرعی حاڵەتێك یان ڕەفتارێك بزانێت_ فەرزە لەسەری فێرببێت. دەبێت بپرسێت تا شارەزادەکرێت، یان دەبێ زانایانی ئیسلام بۆی ڕوونکەنەوەو فێریبکەن تا دەیزانێت. دەشێت ئەم نەوموسوڵمانە بازرگانێك یان کاسبکارێك بێت و لە شارو بازاڕێکدا مامەڵەبکات کە سووخۆریی تێداباوە، ئەو کاتە فەرزە لەسەری ئەحکامی کڕین و فرۆشتن لە ئیسلامدا بزانێت. فەرزە لەسەر زانایانیش بۆی ڕوونکەنەوە کە سووخۆریی مامەڵەیەکی حەرامە. ئەمەیە فەرزبوونی زانستەکان. واتە زانینی چۆنێتی کارکردنی پێویست. هەرکەسێك حوکمی شەرعیی فەرزەکەی زانی ئەوە کەسە فەزری عەینی زانستی شەرعی زانیوە. تا دەگاتە ئەوەی کە دەفەرموێ: (زەروورییە فێربکرێت تا دەزانێت: کە باوەڕهێنان بە بەهەشت و دۆزەخ و حەشرو حساب لە ڕوکنی باوەڕدان، لە داخوازیەکانی شایەتمانن، کە دوای باوەڕکردن بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ڕاستگۆزانین و دڵنیابوون لەم ڕاستیانەش هەر داخوازی تری شایەتمانەکەن. هەر کەسێکیش گوێڕایەڵی و ملکەچی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات ئەوە پاداشتی بە بەهەشت دەدرێتەوە، هەر کەسێکیش پشت هەڵبکات و گوێنەداتێ و یاخیببێت سزادەدرێت و دۆزەخ جێیەتی، دەبێ ئەم زانیاریانەشی تێبگەیێنرێ تا باوەڕی بۆ دابمەزرێت پێیان و لێیان دڵنیابێت).

ئەمما نەوازل: [١] ئەگەر وورد سەرنجی ئەم پلەدارییەت دابێت بۆت دەردەکەوێت کە ڕێبازی حەق ئەمەیە و ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە هەموو کەسێك لە حاڵەتەکانی شەوو ڕۆژیدا حەتمەن دەکەوێتەوە ژێر حوکمی شەرعییەوە، لە پەرستندا بێت یان لەسەوداو مامەڵەو کارو کاسبیدا بێت، یان لە ڕەفتاری تریدا، کە هەر حاڵەتێك زانینی حوکمێکی شەرعی فەرزدەکات لەسەری، کە دەبێ پرسیاری دەربارە بکات تابزانێت حوکمی شەرع دەربارەی چییە؟ بە هەمان شێوە ئەگەر تاڕادەیەکی زۆر دەیزانی کە بارودۆخ لەوانەیە وای لێ نەیات و وای لێبێت، هەر دەبێ حوکمی شەرعی دەربارەی ئەو حاڵەتە گەورەش بزانێت مادام نزیکە وابێتەوە)...

<u>ب- ڕوونکردنەوەی ئەو زانستیە شەرعییەی فەرزی کیفایەیە:</u>

ئەبو حامیدی غەززالی دەفەرموێ: (ئەو زانستیە شەرعییەی فەرزی کیفایەیە ئەوەیە کە ئەگەر لە ناوچەیەکدا زانای شەرعناسیان دەستنەکەوت، دانیشتوانەکە هەموویان بەرپرس دەبن لە کەمتەرخەمی و ئیهمالییان. ئەگەر یەکێکیان ئەو زانستیە فێر بووبوو -بە مەرجێك هەر ئەو بۆ خەڵکەکە بەس بێت- فەرزێتی فێربوون و زانینی لەسەر دانیشتوانەکە نامێنێت تا دەگاتە: (ئەم جۆرەی زانستی شەرعییە -کە فەرزی کیفایەیە- چوار بەشە:

**<u>* جۆری یەکەم: بنەماکان (الأصول):</u>** کە چوارن، قورئان، سوننەت، کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتەکە و ڕەفتار (کردارو گوفتار)ی یاوەران... کۆڕا سەرچاوەیەکی زانستی شەرعییە، چونکە سوونەت ڕووندەکاتەوە، بۆیە بۆتە پلە سێ. هەروەها ڕەفتاری یاوەران کە

---

[١] ئەو ڕووداوانەی دێنە پێش و حوکمی شەرعی دەخوازن، بۆ نموونە نەمانی دەسەڵاتی سیاسی مەرکەزیی وڵاتێك و دروستبوونی پشێویی و نەمانی ئەمان و زۆربوونی چەك و هتد دەیان حاڵەتی (نەوازل) لە خۆ دەگرێت کە دەخوازێت شەرعناسان زوو حوکمی شەرعی تێدا بەیانبکەن.

بەڵگەیە لەسەر چۆنێتی ڕێباز (دیدو هەڵوێست)ی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، چونکە ئەوان خوایان لێ ڕازی بێت لە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوون، وەحیان دەبینی کە دادەبەزی، ئایەتی قورئانیان دەبینی چۆن و کەی بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەهات، یاوەران هەموو ئەوەیان درکپێکرد کە نەوەکانی تر درکیان پێنەکرد.. (بەردەوام دەبێت تا دەگاتە بڕگەی دوایی):

* **جۆری دووەم: لقەکان:** ئەمەش ئەو زانستیانەن کە لە واتای بنەماکانەوە -نەك لە زمانەوانییەوە-وەرگیراون، کە هزرو ژیریی شەرعناسان پەیپێبردووە و تێگەیشتنیان لە بنەماکان بەرفراوانتر کردووە. وەك ئەوەی تەنها لەفزەکە دەگەیێنێت. بۆ نموونە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (لاَ يَقْضِي الْقَاضِي وَهُوَ غَضْبَانُ).[1] واتە: کاتێك دادوەر تووڕەیە نابێت بڕیاربدات.. لەمەوە زانایان حاڵەتی تریشیان لێخوێندۆتەوەو فەرموویانە دادوەر نابێت کاتێك کە لە ترسدایە یان برسییەتی یان ئازاری هەیە بڕیار دەرکات و ئەویش خۆی لەخۆیدا دوو بوارە:

- بواری بەرژەوەندیەکانی دین: کەوا لە کتێبەکانی شەرعناسیدا، کە شەرعناسان دایان ڕشتووە بەو سیفەتەی زانای دنیاناسن.

- بواری بەرژەوەندیەکانی ڕۆژی دوایی: کە بریتیە لەو زانستیانەی پەیوەندیان بە دڵ و ڕەوشتە پەسەندکراو پەسەندنەکراوەکانەوە هەیە، هەروەها هەر سیفەتێك کە لای

---

[1] بەم لەفزە وا لە: (مختصر الأحكام المستخرج على جامع الترمذي/١١٣٥)، طەبەرانی لە: (الأوسط/٤٦٠٣). ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة/٦٢٠٩)دا دەفەرموێ: زەعیفە... بەڵام بە لەفزی تری جیاواز زۆرە. وەکو لای (بوخاری/ ٧١٥٨) دەفەرموێ: (لاَ يَقْضِيَنَّ حَكَمٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ) لای (موسلیم/٣٢٤٧) دەفەرموێ: (لَا يَحْكُمْ أَحَدٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ)، لای ئەوانی تریش بە لەفزی (لَا يَحْكُمُ الْحَاكِمُ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ). یان: (لاَ يَقْضِي الْقَاضِي بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ).

خوای گەورە قبوڵە، دیسان ئەو ڕەفتارو ڕەوشتانەی کە لە نیوەی دوایی ئەم کتێبەدا باسکراوە.[١] کە باسی ئەو زانستیەشی تێدایە کە لە دڵەوە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەرەکی لەش دروستدەکات، چ شێوازە خراپەکانی خواپەرستن بن، چ داب و نەریتە نەسازەکان.

**<u>* جۆری سێیەم: پێشەکیەکان:</u>** ئەو زانستیانەن کە وەکو ئامێرن (علوم الآلة). وەکو زمان و ڕێزمان، کە هەردووکیان ئامێری ئەو زانستیانەن کە قورئان و سوونnەت ڕوونیاندەکەنەوە. زمان و ڕێزمان بۆخۆیان زانستی شەرعی نیین، بەڵام خوێندن و قاڵ و قوڵ بوونەوە تێیاندایە -بۆ ڕاست و دروست تێگەیشتنی قورئان و سوونnەت پێویستە - چونکە ئەم شەریعەتەی خوا بە زمانی عەرەبی هاتووە زانین و تیگەیشتنی هەموو ڕێبازو ڕێساو دەستووریکیشی هەر بە زمانی خۆی دەبێت، بەوەش زمانەکەی دەبێتە زانستی ئامێر. (تادەگاتە:)

**<u>* جۆری چوارەم: تەواوکەرەکان:</u>** کە چەند زانستێکی تایبەت بەقورئانن وەکو زانستی قیرائات، کە بریتیە لە چۆنێتیەکانی خوێندنەوەی قورئان. یان تەفسیر واتە: لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی قورئان، کە ئیعتیمادێکیش دەکاتەوە سەر عەقڵ، واتە: چۆنێتی گەڕانەوەی زانیاری تر دەربارەی حوکمی ئایەتەکان، چونکە بە تەنها شارەزایی لە زمان و ڕێزمانەکەدا کەس ناگەێنێتە لێکدانەوەی راست و دروستی قورئان، بەڵام پێویستی بە زانینی زانیاری تر هەیە وەکو (لادەرو لادراو: ناسخ و منسوخ) و (تایبەت و گشتی)، (مانای زاهیری و مانای ناواخن)، یان چۆنێتی بەکارهێنانی بەڵگە بە بەشێك لە دەقەکە، کە پێی دەوترێت (علم أصول الفقه) کە قورئان و سوونnەت دەگرێتەوە.

---

[١] قەولی ئیمامی غەززالیە و مەبەستی لەو بەشەی (کتاب العلم) کەلە کتێبی (الأحیاء علوم الدرس) تێیدا نووسیوێتی.

ئەمما تەواوکەرەکانی تر لە زانینی ڕەفتاری یاوەران و ناسینی پیاوانی سەنەدی گێڕراوەکان: ناو یان نازناو و نەسەبیان، ناوی یاوەران و سیفاتیان، ناوی ئاڵقەکانی تری زنجیرەی ڕیوایەتەکان، زانینی دینداری جێمتمانەیان، پارسەنگی کەسایەتیان، تا کەسە لاوازەکان لە کەسە بەهێزەکان هەڵاوێردرێن. ئەمەش دەبێتە مایەی زانینی ئاستەکانی فەرموودە (صەحیح و حەسەن و زەعیف)، زانینی تەمەن و ژیانی هەر یەکەیان گرنگە، تابزانرێت سەنەدی ڕیوایەتەکە پەیوەستە یان پسانی تێدایە.

ئەمانە زانستیە شەرعییەکانن کە هەموو چاك و پەسەندن و هەمووشیان فەرزی کیفایەن) تەواو.[1]

[1] أبو حامد الغزالی: إحیاء علوم الدین (١/٢٥ -٢٨) چاپی دار الکتب العلمیة/١٤٠٦ك. دەقی قسەکانی هی غەززالی ڕەحمەتین من تەنها دوو ناونیشانی لقم بۆداناوە کە (باوەڕ) و (نەوازل)ە. ئەو ڕیوایەتەش کە ئیمامی غەززالی رحمەالله لێرەدا هێناوێتیەوە کە دەفەرموێ: (أطلبوا العلم ولو بالصین)بەیهیقی لە: (المدخل/ ٢٤١)و ئیبنوعەبدولبەڕ لە: (جامع بیان العلم/ ١/٧) هێناویانەتەوە، بەڵام ئەلبانی رحمەالله لە: (ضعیف الجامع الصغیر/٩٠٦)دا دەفەرموێ: مەوزوعە. واتە: هەڵبەستراوە.

٦- بۆچوونی قورطوبی رەحمەتی خوای لێبێت (ساڵی ٦٧١ك. کۆچی دوایی کردووە) لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێ:

زانستە شەرعییەکان دوو جۆرن:

- **فەرزی عەین**: وەکو نوێژو زەکات و رۆژوو. ئەو فەرمووودەیەش بەم مانایە هاتووە کە دەفەرموێ: (إن طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ)[1] واتە: فێربوونی زانست فەرزە.. عەبدولقددوسی کوڕی حەبیب ئەبوسەعیدی الوحاظي لە حەممادی کوڕی ئەبوسولەیمانەوە، ئەویش لە ئیبراهیمی نەخەعییەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: گوێم لێبوو ئەنەسی کوڕی مالیك دەیفەرموو: (سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُول: طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ). ئیبراهیم دەیفەرموو هەر ئەم فەرموودەشم لە ئەنەسەوە وەرگرتووە.

- **فەرزی کیفایە**: وەکو زانین و فێربوونی مافەکان و سزاکان و چۆنێتی داوەریکردن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان و هاوشێوەیان، ناکرێت هەموو کەس ئەم زانستیانە فێرببێت، چونکە هەموو ژیانی خەڵکی دەوێت. خۆ ناشێت و ناکرێت خەڵکیش واز لە حاڵ و ماڵ و کەسابەت و کاری خۆیان بهێنن تا ئەم زانستیانە فێربن. ئاوا ژیان لاسەنگ دەبێت و کۆمەڵگە دەشێوێت. بۆیە هەر دەبێت لەسەر کۆی هەموویان فەرز بێت. ئەگەر کەسانێکیان -لەوانە کە خوای گەورە کاریان بۆ ئاسان دەکات و سیفەتی شیاوێتی فێربوونیان پێ دەبەخشێت- ئەم زانستیانە فێربوون بەسە).[2]

---

[1] بەو لەفزە کە سەرەتاکەی بە (إن) دەست پێبکات نەمدۆزییەوە، بەناوبانگ ئەمەیە:(طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) کە پێشتر ووتمان: (ئیبنوماجە/٢٢٤ شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح ابن ماجە)دا بە سەحیحی داناوە.).

[2] تەفسیری قورطبی (٨/٢٩٥).

٧- بۆچوونی نەوەوی رەحمەتی خوای لێبێت (کە ساڵی ٦٧٦ك. کۆچی دوایی کردووە): لە پێشەکیيە ئوسوڵیەکەی کتێبی (المجموع)ەکەیدا زانستی شەرعی کردووە بە سێ بەشەوە:

فەرزی عەین و فەرزی کیفایەو نەفل.

**<u>أ- فەرزی عەین</u>**: بریتیە لە فێربوون و زانینی هەرشێك کە ئەو فەرزانەی پێ جێبەجێ دەکرێت کە لەسەر موسوڵمانەکەیە. وەکو چۆنێتی دەستنوێژو و نوێژوو هاوشێوەیان. زۆر لە زانایانی شەرعناسان ئەو فەرموودانەیان بەوە لێکداوەتەوە کە لە مەسنەدی ئەبو یەعلای موسڵیدایە، کە لە ئەنەسەوە لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاوەتەوە: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) ئەم فەرموودەیە ئەگەر بە سەحیحیش نەسەلمێندرابێت ماناکەی هەر ڕاستە. هەندێك لە زانایان فەرموویانە مەبەست لێی فەرزی کیفایەیە. ئەمما ئەسڵی ئەوە کە لە ئیسلامدا فەرزە لەسەر هەموو کەسێك کە دەربارەی عەقیدەیە هەر بەڕاست زانینی بەسە. واتە هەموو ئەوانەی سەلمێنراون کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویێتی و فەموویەتی ڕاست و دروست و ڕەوایە. لە ناخیدا باوەڕی تەواوی بەمە هەبێت و بە زمانیش بڕیاری لەسەر بدات. ئەم دوانە (باوەڕی ناخ و بڕیاری زمانی) بێدوودڵیی و ڕاڕایی و گومان لای بچەسپێت بەسە. مەرج نییە بەڵگەی زانایان بزانێت. ئەمە ئەوەیە کە شەرعناسان و توێژەرەوەکانی عەقیدە لە یاوەرانی خۆمان و غەیری ئەوانیشی لەسەریبوون. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هیچی تری -لە غەیری ئەو دوانەی ئاماژەمان پێکرد- داوا نەدەکرد لە کەس، هەروەها خەلیفە ڕاشیدینەکان و باقی یاوەران و زانایانی سەردەمی یەکەم...) تا دەگاتە ئەوەی دەفەرموێ:

## خاڵێك[1]

مەرج نییە مرۆڤ چۆنێتی دەسنوێژگرتن و نوێژکردن و هاوشێوەیان فێرببێت، پێش ئەوەی لەسەری فەرز بووبێت. بەڵام ئەگەر کاتی (یەکەم نوێژی) بەسەردا هات، ماوەی نوێژەکە بەس نەبوو بۆ فێربوونی ئایا فەرزبوو پێشتر فێر بووبێت؟ غەززالی ڕاڕا بووە تێیدا. ڕاستر ئەوەیە کە شەرعناسانی تر تەئکیدیان لەسەر کردۆتەوە کە: بەڵێ، مادام وابێت، دەبێت پێش وەخت فێرببێت. هەروەکو کە چوونی پێش وەختی بۆ نوێژی هەینی فەرزە (بۆ کەسێك کە ماڵی لە مزگەوتەکەوە دوورە). پاشان ئەگەر فەرزەکە خۆی بوو فێربوونەکەشی لەو کاتەدا (وەکو نوێژەکە) فەرزدەبێت. ئەگەر فەرزەکە کاتی درێژی دەخواست، فێربوونەکەش کاتی زۆرتردەخوازێت. (وەکو حەجکردن).. ئینجا ئەوەی لە خودی فەرزەکەشدا فەرزە زوو فێر ببێت ئەو ڕوکنانەیەتی کە فەرزەکەی پێ دێتە دی (بۆ نموونە فەرزو ئەرکانەکانی نوێژ).. لە فەرزێتی زانینی ئاڕاستەی قیبلەدا ڕاجوێیی هەیە، کە هەندێك دەفەرموون فەرزی عەینە و هەندێك دەفەرموون فەرزی کیفایەیە، ڕاسترینان ئەوەیە کە فەرزی کیفایەیە، مەگەر لە سەفەردا بێت، دیاریکردنی فەرزە چونکە گەشتیار پێویستی بە دیاریکردنی ئاڕاستەی قیبلە هەیە.

**خاڵێکیتر:**

ئەمما فێربوون و زانینی ئەحکامی کڕین و فرۆشتن و مارەیی و ئەمانە، کە لە ئەسڵدا لەسەر یەکیەکی موسوڵمانان فەرز نییە، ئیمامی حەرەمەین و غەززالی دەفەرموون: لەسەر ئەو کەسە فەرز دەبێت کەبە نیازە (کە دەیەوێت بیکات). هەندێکی تر فەرموویانە: ناوترێت فەرزە لەسەریان، بەڵکو دەوترێت حەرامە لێیان پێش ئەوەی ئەحکامەکانی

---

[1] ئیمامی نەوەوی رحمە اللە بەناوی (فرع) هێناوێتیەوە.

شەرعیان دەربارە بزانن دەستپێبکەن. ئەم بۆچوونەیان ڕاستترە. هەرچەندە بۆچوونەکەی ئیمامی حەرەمەین و غەززالیش هەروا دەگرێتەوە. نوێژی سوونتەتیش وایە، ناوترێت فەرزە لەسەری تا ئەحکامەکانی فێربێت، بەڵکو حەرامە بە بێ زانین بیکات.

## خاڵێکیتر:

فەرزە لەسەری بزانێت چی بۆحەلاڵەو چی لێ حەرامە. لە خواردن و خواردنەوەو پۆشاك و هاوشێوەیان، کە دەستبەرداری نابێت. هەروەها ڕەفتاری لەگەڵ ئافرەتدا چ ژنی بێت یان کەنیزەکی کە دەبێت بزانێت مافیان چییە و چۆن جێبەجێ دەکرێت. (نەوەویی بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە:)

## خاڵێکیتر:

ئەمما زانستی دڵ و دەروون کە بریتیە لە زانینی نەخۆشیەکانی دڵ، وەکو: حەسوودیی و بەغیلیی و بەخۆسەرسامبوون و هاوشێوەیان. غەززالی دەربارەیان دەفەرموێ: زانینی پێناسە و چۆنیەتی (ماهییەت) و هۆکارو دیاردە و ڕواڵەت و چارەسەرەکانیان فەرزی عەینە. غەیری ئەو فەرموویانە: ئەگەر کابرا دڵێکی پڕ باوەڕی هەبوو -کە لەم نەخۆشیانە دووربوو- - فێربوون و زانینی نەخۆشیەکانی بەسەو چارەسەری ئەم نەخۆشیانەی لەسەر فەرز نابێت. ئەگەر دڵێکی وای نەبوو بەڵام دەیتوانی دڵی لەو نەخۆشیانە بێ ئەوەی فێر ببێت پاکبکاتەوە فەرزە دڵ و دەروونی پاکڕاگرێت لێیانم ئەو کاتە مەرج نییە زانینی زانستیەکەی لەسەر فەرز بێت. وەکو ئەوەی کە دەزانێت دەبێت خۆی لە زینا دوورخاتەوە. بێ ئەوەی زانینی بەڵگەکانی لەسەر فەرز بێت. ئەگەر نەیتوانی -بە بێ زانینی زانستیەکەی- خۆی پارسەنگ و پاک ڕاگرێت، ئەوە حەتمەن زانینی زانستیەکانی دڵ لەسەری فەرز دەبن. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

**ب- بەشی دووەم: فەرزی کیفایە:**

بریتیە لەو زانستیانەی کە کۆی خەڵکی پێویستیانەو ناشێت دەستبەرداری بن. چونکە ڕاگرتن و پیادەکردنی دین و دینداریی دەیانخوازێت. ئەمانە زانستیە شەرعیەکانی وەکو قورئانەوانیی و فەرموودەوانیی (بە هەموو لقە زانستیەکانیانەوە) و ئوصوڵی فیقهو شەرعناسیی و ڕێزمان و زمان و صەرف.. هەروەها ناسینی گێڕەوەکانی فەرموودە. ئینجا کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەت و ڕاجوێی شەرعناسان و زانایان).. (تا دەگاتە:)

فەرزی کیفایە لە سەرەتایدا گشتیە و لەسەر هەمووانە، بەڵام کە هەندێك لە موکەللەفەکان بە دەستی دەهێنن و شارەزای دەبن -بەو شێوەی کە لە (ڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە) بەس بێت- ئیتر فەرزێتێکە لەسەر ئەوانی تر نامێنێت و بەرپرس نین لە فێربوون و زانینی. فەرزێتیی حوکمەکە لە سەرەتادا لەسەر هەموویانە بێ جیاوازی، هەر کەسێکیش ئەنجامیدا پاداشتی خۆی مسۆگەرە. بۆ نموونە: ئەگەر چەند کەسێك نوێژی جەنازەیان لەسەر مردوویەك کرد، پاشان کۆمەڵێکی تریش نوێژیان لەسەرکرد، ئینجا کۆمەڵێکی تریش.. بەهەر یەکێك لەو کۆمەڵانە (بە نوێژکردنەکەیان لەسەر مردووەکە) فەرزێتی نوێژی جەنازە لەسەر هەمووان لاچووە، بەڵام ئەگەر کەس نوێژی لەسەر نەکات هەر هەموویان گوناحبار دەبن. چونکە کەمتەرخەمبوون لە بەجێهێنانی فەرزەکەی سەرشانیاندا. مەگەر کەسانێکیان کە عوزری نەکردنەکەیان هەبێت. ئەمما ئەو کەسەی کە نوێژی جەنازە دەزانێت و نایکات گوناحبارترە. ئەمیان وەکو خاوەن عوزر نییە، کە نایزانێت یان دوورە لە شوێنەکەوە یان هۆکاری تری هەیە).

دواتر دەفەرموێ: (ئەوەش بزانە کە جێبەجێکاری فەرزی کیفایەیە ئیمتیازی زۆر زیاتری هەیە لەو کەسەی زانستی عەینەکان بە دەسدەهێنێت، چونکە گوناحی لەسەر هەمووان

لابردووە. پێشتر بۆچوونی ئیمامی حەرەمەینمان هێنایەوە کە دەفەرموێ بە دەستهێنانی زانستی شەرعی گەورەترو چاکترو لە پێشترە وەك لە خواپەرستییە سوونەتەکان..

## ج ـ بەشی سێیەم: نەفل (زیادە):

بریتیە لە وەرگرتنی زانستی زیاتر لە فەرز یان قاڵ و قوڵبوونەوە لە زانستیە شەرعیە فەرزەکاندا. وەکو قاڵبوونەوە لە زانستی ئوصوڵدا یان بە دواداچوونی بەڵگەکان. کە زیاتر لە فەرزە کیفایەکەیەو فەرزەکانی دی پێ هاتۆتە دیی).[1]

ئەوەی نەوەوی دەفەرموێ: (جێبەجێکاری فەرزی کیفایە ئیمتیازی زۆر زیاتری هەیە لەو کەسەی زانستی فەرزە عەینەکان بە دەست دەهێنێت) بۆچوونی ئیمامی حەرەمەین و باوکێتی رحمهم الله کە زۆر لە زانایان و شەرعناسان پێیان پەسەندترینە).[2]

٨- بۆچوونی شێخولئیسلام ئیبنوتەیمیە رەحمەتی خوای لێبێت (کە ساڵی ٧٢٨ ك. کۆچی دوایی کردووە) لە (مجموع الفتاوی) دا دەفەرموێ:

وەرگرتن و فێربوونی زانستی شەرعی فەرزی کیفایەیە جگە لەوانەی کە فەرزی عەینن، وەکو فێربوونی فەرمان و بەرهەڵستیەکانی. ئەمەیان فەرزی عەینە. وەکو لە فەرموودەی لای بوخاری و موسیلیمدا هاتووە.. کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ يُرِدِ اَللَّهُ بِهِ خَيْرًا،يُفَقِّهْهُ فِي اَلدِّينِ).[3] واتە: خوای گەورە خێرو چاکەی بۆ هەرکەسێك بووێت لە دینەکەدا شارەزای دەکات.

جا هەرکەسێك دەخوازێت خوای گەورە چاکەی بۆ بنوسێت با لە دینەکە تێبگات، زانستە شەرعییەکان بخوێنێت. دیارە هەر کەسێک نەیان خوێنێت و نەیانزانێت خوای

---

[1] النووی: المجموع (١/٢٤ -٢٧).
[2] بڕوانە السبکی: جمع الجوامع (١/١٨٣)، القرافی: الفروق (٢/٢٠٣).
[3] بوخاری (٧١)، موسلیم (١٠٣٧).

گەورە خێرو چاکەی بۆ ئەو کەسە نەوویستووە.. دینەکەش کە لە فەرموودەکەدا هاتووە مەبەست لێی: وەحی خوایە.. کە بریتیە لەوەی کە دەبێت موسوڵمان لە ناخ و دڵ و دەروونییدا باوەڕی پێی هێنابێت و بە زمان ووتبێتی و بە کردەوە سەلماندبێتی.. ئەوە لەسەر هەموو کەسێك فەرزە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ڕاستگۆ بزانێت و بڕیاریدابێت کە هەرچی شتێك کە جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی لە خوای گەورەوە بووە. ئینجا، دەبێ لە هەرچی شتێکدا کە فەرمانی پێداوە گوێڕایەڵی بکات و بە کردەوە دینداریتیەکەی بسەلمێنێت. بە ڕاستگۆزانین و گوێڕایەڵییەکەی بە شێوەیەکی گشتیە، پاشان ئەگەر ڕاستێتی ڕیوایەتی فەرموودەیەکی لاسەلمێنرا دەبێت بە تەفسیلاتێکی زیاتر باوەڕی پێبکات و بڕیاری لەسەر بدات و جێبەجێی بکات. ئەگەر فەرمانێکی تایبەتی بوو کە دەبێ جێبەجێی بکات حەتمەن فەرزە لەسەری ڕاپەڕێنێت).[1]

هەروەها دەفەرموێت: (گومانی تێدا نییە کە لەسەر هەموو کەسێك ئەوە فەرزە کە بەشێوەیەکی گشتی باوەڕی بەوە هەبێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوێتی. باوەڕێکی گشتیی و جێگیر. گومان لەوەشدا نییە کە زانینی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوێتی -بەو بەرفراوانییەوە- فەرزی کیفایەیە. وا لە بازنەی ئەو گەیاندنەدا کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیاندوێتی. هەروەها وا لە سەرنجدان لە قورئان و لێحاڵی بوونییدا. واتە زانستیەکانی قوئان و سوووننەت و لەبەرکردنی قورئان و بانگهێشتکردنی خەڵکی بۆ دینەکە، بە دانایی و ئامۆژگاری نەرمونیان و موناقەشەکردن بە جوانترین شێوەو ئەرکی تر، کە خوای گەورە بە شێوەی دەستەجەمعی لەسەر موسوڵمانانی فەرز کردووە. ئەمەیە فەرزی کیفایە کە لەسەر هەموو ئوممەتەکەیە.

---

[1] مجموع الفتاوى (٢٨/ ٨٠).

ئەمما ئەوەی کە لەسەر تاکتاکی موسوڵمانان فەرزە، ئەوە بێگومان بە گوێرەی توانای خەڵکی دەگۆڕێت: بە پێی توانای وەرگرتن و تێگەیشتن و پێویستیی هەر کەسێك ئەحکامە فەرزەکان جیاوازن.. ئەو کەسەی توانای وەرگرتنی هەندێك لە زانستیە شەرعییەکانی نییە، ئەوانەی لەسەر فەرز نییە کە لەسەر زانایان فەرزە. هەندێك کەس توانای تێگەیشتنی زیاتر یان کەمترە توانای تێگەیشتنی ووردەکاریی ئەحکامی نییە، بۆیە زانینی بنەما گشتیەکانی لەسەر فەرزە، نەک ئەو ووردەکارییانە. ئەو کەسەی دەبیستێت و تێدەگات و دەزانێت و پەی بەلق و پۆپەکانی ئەحکام دەبات زانستێکی لەسەر فەرزە کە لەسەر کەسێکی تر فەرزنییە کە کەمتری بیستووە، یان حاڵی نەبووە، یان ووردەکارییەکان نازانێت. ئەوی لەسەر موفتی و فەرموودەوانان و ئەهلی مونازەرەوە موناقەشە فەرزە حەتمەن لەسەر ئەو کەسانە فەرز نییە کە لە ئاستی ئەماندا نین).[١]

هەروەها دەفەرموێت: (ئەمما ئەوە کە چی لەسەر فەرزە تا فێرببێت؟ ئەمەش هەر جیاوازەو چەندین جۆرە. هەموو موکەللەفێك لەسەری فەرزە ئەوانە بزانێت کە خوای گەورە لەسەری فەرزکردووە. دەبێ بزانێت باوەڕهێنان چییە؟ هەروەها ئەوانەی خوای گەورە فەرمانی بە فێربوون و زانینیان داوە. وەکو زانینی ئەحکامی زەکات، زانینی جۆرو بڕی زەکاتی ئەو سامانانەی بزانێت کە هەیەتی. ئەو کەسەی ئەوەندەی سامان هەیە کە گەیشتبێتە نیصاب و عوزری نییە ئەحکامەکانی زەکات نەزانێت.. هەروەها زانیینی ئەحکامی فەرزەکانی تر.

بەڵام لەسەر گشتی ئوممەتەکە ئەوە فەرزە کە دەبێت هەرچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویتی بزانێت، بە شێوەیەکی بەرفراوان و ووردەکارییەکی وا کە نابێت هیچ شتێك لەو زانستەی وەحی نەمابێت کە بەکۆی هەموو ئوممەت نەیانزانیبێت -

---

[١] مجموع الفتاوى (٣١٢/٣).

ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی قورئان و سووننەتدایە- ئەوەی لە فەرزی عەین دەزانرێت و وا لەخانەی فەرزی کیفایەدا کە ئەگەر چەن کەسێك فێرببوون و زانییان بە شێوەیەك کە بتوانن بە چۆنێتی و چەندێتی و بە پێی پێداویستی خەڵکەکە بیگەێننەوە ئەوا فەرزەکە لەسەر شانی هەمووان لادەچێت..

ئەمما (ئەو زانستییەی بە گشتی خوازراوە) ئەو زانستییەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئوممەتەکەی فێر کردووە بەڵام تاکە کەسەکان ئەو زانستیە دەخوازن کە پێویستیان پێیەتی و بۆ ئەوان بەسوودە. ئەمەش بە پێی پێداویستیەکانی خەڵکی دەگۆڕێت. لە زانینی فەرزو سوونەت و بەڵێن و هەڕەشەی خوای گەورە.. ئەوی گومانێکی لە دڵدا بۆ دروستبووە پێویستی بە زانستێکە گومانەکەی بڕەوێنێتەوە، وەرگرتن و فێربوون و زانینی بەڵگەو ڕێساکانی ئەمە لەسەر ئەم کەسە فەرزە).[1]

پرسیار لە ئیبنوتەیمییە کرا: لە وەرگرتن و فێربوونی قورئان و زانستە شەرعییەکاندا کامیان لە پێشترە؟ فەرمووی: زانینی ئەو فەرزانەی خوای گەورە لەسەر یەکیەکی خەڵکی فەرزکردووە. وەکو فەرمانەکان و بەرهەڵەستییەکانی. ئەمە لە پێشترەوە وەك لە لەبەرکردنی ئەوەی لە قورئاندا لە بەرکردنی فەرز نییە. وەرگرتن و فێربوونی یەکەمیان (فەرمان و بەرهەڵەستی خوای گەورە) فەرزەو دوومیان سوونەتە.. فەرزیش پێش سوونەت ئەنجامدەدرێت. ئەمما لەبەرکردنی قورئان -کە داواکراوە- لە زۆر لەوانەی خەڵکی بە زانستیان دەزانن لە پێشترە. کە یان باتڵە یان سوودی کەمە. حەتمەن قورئان لەبەرکردنەکە لە پێشترە بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت بنەماو لقەکانی زانستە شەرعییەکان فێربێت. ئەوەی کە شەرعییە بۆ ئەم کەسەو گرنگترە، لەبەرکردنی

[1] مجموع الفتاوى(٣/٣٢٨-٣٢٩).

قورئانەکەیە، کە دەبێ پێشبکەوێت، چونکە قورئان سەرچاوەی زانستە شەرعییەکانە. بە پێچەوانەی ئەوەوە کە زۆر عەجەم دەیکەن. کە دەبینیت یەکێکیان زۆر خۆی خەریك دەکات بە کەلام و چۆنێتی موناقەشەو ڕاجوێیی و ئەحکامە دەگمەنەکان، یان تەقلیدێك دەکات کە پێویستی پێی نییە یان دەڕوات لە دوای (غريب الحديث) واتە ئەو فەرموودانەی کە کەم و دەگمەنن و زۆریان ئەحکام لەسەر دانامەزرێت. یان بە دوای فەرموودەیەکدا وێڵ دەبێت کە دەشزانێت زەعیفە! یان خەریکی زانستی تر دەبێت لە ژمێریاریی، کەچی قورئان لەبەرکردنەکە (وەل) تەرك دەکات! کە لە هەموو ئەو زانستیە لاوەکیانە زەروریترە.. ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە..

ئەوەی لە قورئانەوانیدا داواکراوە: تێگەیشتنی ماناکانێتی، پاشان کارپێکردنی. ئەگەر ئەمە لە سەرەتاوە نەبێتە پاڵنەری لەبەرکردن و دیراسەکردنی قورئانەکە، ئەوە حەتمەن لە ڕیزی زاناو دیندارە بە تەقواکاندا نییە وَاللَّهُ أَعْلَمُ).[1]

هەروەها دەفەرموێ: (ئەمما زانستی قورئان و سووننەت ئەوە بە گشتی فەرزی کیفایەیە، لەسەر یەکیەکی موسوڵمانان فەرز نییە، کە شارەزایی تەواویان لە قورئاندا هەبێت. لە لەفزو مانای. لە دانایی شێوازیی. ئەوە کۆمەڵە زانستێکە کە سەرجەمی ئوومممەتی پێ تەکلیفکراوە. فەرزە لەسەر عمومی ئوممەتەکە. هەروەکو داوای جیهادکردن کە لە ئوممەتەکە بەگشتی کراوە.. زانین و شارەزا بوون لە زانستە شەرعییەکان لە جیهادەکە لە پێشترە، چونکە ئەمیان پێش ئەوە. ئەگەرنا چۆن دەیانزانی جیهاد بۆچی دەکەن و چۆن؟ لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خەریکی ڕوونکردنەوەو فێرکردنی ئەو زانستیانە بوو پێش ڕاگەیاندنی جیهادەکە. جیهاد

---

[1] مجموع الفتاوى (٢٣/٥٤-٥٥).

لووتکەی ئیسلامەتیە، لق و پۆپێتی، تەواوکارێتی بەڵام ڕیشەو قەدەکە، بناغەو بنچینەکە، بنەماو کۆڵەکەکان زانستیە شەرعییەکەن..).[١]

## پوختەی باس:

بینیت کە زانایان و شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە فێربوونی زانستی شەرعی و زانینی فەرزە، فەرزێتێکەی دوو جۆرە: فەرزی عەین و فەرزی کیفایە. ئینوعبدوالبەڕ-لە قسەکانی پێشوویدا- کۆڕا (ئیجماع)ی لەسەر هێناوەتەوە..

لە دووبەندی داهاتوو باس لە فەرزی عەین و فەرزی کیفایەی زانستەکان دەکەین. إِنْ شَاءَ اللَّه.

---

[١] مجموع الفتاوى (١٥/٣٩٠-٣٩١).

## بەندی دووەم

# ئەو زانستییە شەرعییانەی فەرزی عەینن

دوای ئەوەی لە بەندی ڕابردوودا بۆچوونی زانایان و شەرعناسانمان دەربارەی فێربوونی زانینی زانستی شەرعی بەشەکانی خستەڕوو ، لێرەدا إِنْ شَاءَ اللَّه بەشی یەکەم لە زانستە فەرزەکان دەخەینەڕوو کە فەرزی عەینن و لەسەر یەکیەکی موسوڵمان فەرزە بیانزانێت.

ئەم بەندە پێنج باسە:

باسی یەکەم: خەڵکی پێویستیان بە شەرعە.

باسی دووەم: زانین پێش ڕەفتارە (گوفتار یان کردارە) فەرزە.

باسی سێیەم: پێناسەی ئەو زانستەی زانینی فەرزی عەینە.

باسی چوارەم: بەڵگە لەسەر فەرزێتی ئەو زانستە.

باسی پێنجەم: بەشەکانی ئەو زانستیەی کە زانینی فەرزی عەینە.

## باسی یەکەم

## خەڵکی پێویستیان بە شەرعە

خوای گەورە دەفەرموێ: (أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ) المؤمنون/١١٥-١١٦ واتە: چما وا دەزانن هەر بە هەوانتە دروستمان کردوون و ئیتر ناگەڕێنەوە بەردەستمان؟! ستایش و بێ خەوشی بۆ خوای دەسەڵاتداری حەق هیچ خودایەك نییە شایانی خوایەتی بێت جگە لە خاوەنی عەرشە مەزنەکە.

خوای گەورە بە توندی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە کەسانێك ساویلکانە واگومانببەن کە خوای گەورەو بەتواناو کارزان هەروا بە هەوانتەو بێمەبەست ئەم خەڵکەی لە نەبووەوە خەلق کردبێت. پاشان خۆی بەدوور دەگرێت لەو گومانە کە خوانەناسیی دروستی کردووە: (فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ) چونکە خوای گەورە هەرشتێکی خەلقکردبێت بە زانایی و دانایی و تواناوە دروستی کردووە: (أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ).

خوای پەروەردگار مرۆڤ و جنۆکەی بۆ پەرستنی خۆی خەلق کردووە: (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ) الذاريات/٥٦ خواپەرستیی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەیە، کە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکانی خۆی سەلامی خوایان لێبێت ڕوونکراوەتەوە، کە فەرمانن بەکردن یان فەرمانن بە نەکردن (بەرهەڵەستین لە کردن). خوای پەروەردگار بەڵێنی ڕەزامەندیی خۆی و بەهەشتی بەو کەسانەداوە کە سەرڕاستانە دینداریێتی بۆ دەکەن، هەڕەشەیغەزەبی خۆی و سزای دۆزەخیش بۆ ئەو کەسانە کە ملهوڕێتی دەنوێنن و سەرپێچی دەکەن. وەك دەفەرموێ: (....وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) النساء/١٣واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات دەیخاتە ئەو

بەهەشتانەوە کە ڕووباری بە ژێردا دەڕوات و بە نەمری تێیدا دەمێننەوە.. ئا ئەوەشە سەرفرازیی مەزن.. بۆ ملهوڕانیش دۆزەخ: (وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ) النساء/١٤واتە: هەرکەسێك سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات و سنووری خۆی ببەزێنێت، دەیخاتە ئاگری دۆزەخەوەو بە نەمریی تێیدا دەمێنێتەوەو سزای زەلیلانەشی هەردەبێت. خوای گەورە ئەو ژیان و مرۆڤ و گەردوونەی هەروا لە خۆڕاو بە هەوانتە دروستنەکردووە، حاشا وەلیللا پاشان ئەم مرۆڤە سەرکەش و یاخییە وادەزانێت هەروا خەلقکراوەو بەس؟: (أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى) القيامە/ ٣٦ واتە: چما مرۆڤ واخەیاڵدەکات هەروا بێ لێپرسینەوە وەل (تەرك) دەکرێت و کەس حەقی بەسەریەوە نابێت؟!! ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: کەس لە قورئانەوانان لەوەدا ڕاجوێ نەبوون کە (سُدًى) ئەوەیە کە نە فەرمانی بەسەردا دەدرێت و نە بەرهەڵستی لێدەکرێت).[1]

داخوازی شەرعی (تەکلیف) کە ناوەڕۆکی خواپەرستییە بریتیە لە فەرمان و بەرهەڵەستیی، لە سەرپێچێتیی یان لە ئیهمالیی و کەمتەرخەمیی لە پێوە پابەندبوونیاندا هەڕەشەی دەکەوێتە سەر. هەر وەکو کە لە پابەندیی و جێبەجێکردنیاندا پاداشت وەردەگیرێت.. فەرمان و بەرهەڵەستیش وان، زانینیان بە ڕێگای تری غەیرە شەرع نییە. بە پێچەوانەی ئەو کەسانەوە کە دەڵێن دەشێت بە هزرو ژیریی و فەرمان و بەرهەڵەستیی خوایی دەزانرێت! چونکە هزرو ژیریی خەڵکی جیاوازە، کە لەوانەیە ئەوەی لای کەسێك چاکییە لای یەکێکی تر خراپە بێت. بۆیە زانینی حەق و ناحەق لە غەیری ڕێگای شەرعییەوە مەحاڵە..

---

[1] ئیمامی شافیعی: کتێبی (الأم / باب إبطال الإستحسان ٢٩٨/٧) چاپ دار المعرفە.

- خوای گەورە دەفەرموێ: (وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَٰكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَن نَّشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ) الشورى/٥٢ واتە: هەروەها لە لایەن خۆمانەوە قورئانمان وەك خەڵاتێکی پێغەمبەرێتی بە وەحی بۆ ناردوویت کە پێشتر نەتدەزانی کتێبی ئاسمانی چیەو چۆنە؟ نەتدەزانی ڕووبەری بەرفراوانی ئیمانداریێتی چەندەو چۆنە؟ بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کردە نووری ڕێی (تا هەردووکیان بزانیت چین و چۆنن. پەیامی خوایی ئیمانداریێتی) هەرکەسێکمان بوێت لە عەبدە چاکەکانی بەرەو ئەو نوورە ڕێنمایی دەکەین (تا پارسەنگانە هەنگاو هەڵبهێنێتەوە).. تۆش دڵنیابە کە لەسەر ئەو ڕێبازە ڕاستەی خوای گەورەیت..

لەگەڵ ئەوەدا کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چاکترینی ئادەمیزادەکانە، بەڵام خوای گەورە دەفەرموێ نەتدەزانی (الكتاب والإيمان) چین و چۆنن؟ دوایی بەهۆی وەحی خواوە شارەزایان بوویت. ئەگەر لە دنیادا کەس هەبووایە لەڕێی غەیری شەرعی خواییەوە بگەیشتایەتە دیاریکردنی فەرمان و بەرهەڵەستی خوای گەورەو حەق و باتڵی بە ژیریی و ئەزموون بناسیایە، حەتمەن پێغەمبەرەکەی خوا دەبوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. ئیتر چۆن خەڵکێك پێی وایە هزرو ژیریی دەتوانێت حەق و ناحەق لێك هەڵاوێرێت؟!

ئەمە ئیلغاکردنەوەی حەق و ژیریی نییە.. ئەمە مانای ئەوە نییە کە هزرو ژیریی ناتوانێت چاك و خراپ لێك جوداکەنەوە. نا، بەڵام ناتوانن بە تەنها ئەم هەموو حەق و باتڵە بناسێنن. ئەگەر هزرو ژیریی ئەمەیان پێبکرایە هاتنی پێغەمبەران و ناردنی وەحی خوایی بۆ ناسینی حەق و باتڵ پێویست نەدەبوو. ئەو کاتە نەعوزو باللە ناردنی پێغەمبەران هەوانتەکاریی دەبوو. ستایش بۆ خوای تاك و پاك..

ئیبنوالقەیم رەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی (مفتاح دار السعادة)کەیدا مافی ئەم باسەی بە تەواویی داوە، کە زیاتری ناخرێتە سەر. هەروەها لە کتێبی (الصواعق المرسلة) کەیدا رەحمەتی خوای لێبێت.

پوختەی بۆچوونەکە ئەوەیە کە بەڵێ راستە کە هزرو ژیریی توانای پەیبردن بە زۆر لایەنی حەق و ناحەق یان چاك و خراپی هەیە، بەڵام ئەوە نە فەرزدەکات. نەحەرام.. ئەوەی حوکمە شەرعییەکەی لێوەردەگیرێت شەریعەتەکەی خوای گەورەیە، کە لەسەر زمانی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت ڕوونکراوەتەوە، کە لەو ڕێسا ئوصوڵییەی زانایاندا کۆ دەبێتەوە کە فەرموویانە (لا حکم قبل ورود الشرع) واتە هیچ حوکمێک پێش بڕیاری شەرع نادرێت.

شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (حەتمەن دەبێت باوەڕ بە شەرع بهێنرێت. واتە: باوەڕهێنان بە فەرمان و بەرهەڵستیی و بەڵێن و هەڕەشەکانی سزای خوایی بەو شێوەیەی کە خوای گەورەو پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێبێت ڕوونیانکردۆتەوە، کە مرۆڤیان ناچارکردووە (بە فەرمانی شەرع) تا دینەکەی خوا بکەنە بەرنامەی ژیانی دنیاییان تا بەرژەوەندییەکانی خۆیانی پێ بهێنێنەدیی و زیانەکانی سەر ڕێیانی پێ دووربخەنەوە. شەرعیش پێناسەی سوودو زیان دەکات. شەرع دەفەرموێ چی ڕەوایەو چی ناڕەوایە. خوای گەورە بە دادپەروەرێتی خۆی پێناسەی سوودبەخش و زیانبەخشی بەشەرعەکە کردووە. شەرعەکە نووری ڕێگای مرۆڤایەتییە. ناشێت بەنوئادەم بەبێشەریعەت بژین. شەریعەتەکە پێویستە تا ئەوەیان بۆ دیارییبکات کە چیان بۆ حەڵاڵەو چیان لێ حەرامە.. تابزانن چی بکەن و واز لەچی بهێنن یان وەلیکەن و توخنی نەکەون).[1]

[1] مجموع الفتاوى (٣/١١٣-١١٤).

هەروەها دەفەرموێ: (پەیامی خوا زەرووریە بۆ چاکسازی ژیانی مرۆڤ، بۆ ڕێنیشاندانی خێری دنیاو ڕۆژی دوایی. وەك چۆن چارەنووسی ڕۆژی قیامەتی کەس چاك نابێت تا ڕێبازی دینەکە نەگرێتەبەر، بە هەمان شێوەش چارەنووس و حاڵی ژیانی دنیایی پارسەنگ نابێت تا ڕێبازی دینەکە نەگرێتەبەر.

مرۆڤ شەرعەکەی پێویستە.[١].. مرۆڤ وا لە نێوان دووجۆر بزاوتدا: بزاوتێکیان بۆ ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکانی بهێنێتە دی. واتە سوودهێنان. بزاوتێکی تریان بۆ ئەوەیە خراپە لە خۆی دووربخاتەوە، واتە زیانلێنەکەوتن. شەرعیش نووری ڕێگاکەیەتی، کە بەهۆیەوە دەزانێت چی سوودبەخشەو چی زیانبەخشە بۆی.. شەرع نووری خوایە لەسەر زەوی و دادی خواوویستی نێوان مرۆڤە، ئەو قەڵایەیە کە هەرکەسێك چووە ناوی لە ئەماندا دەبێت.

مەبەست لەشەرع هەڵاوێردرنی سوودبەخش و زیان بەخش نییە لە ڕێی هەستپێکردنەوە، نا، خۆ ئاژەڵیش ئەوەی لە توانادایە کە هزریشی نییە، خۆ گوێدرێژو حوشتریش دەزانن و دەتوانن جۆ لە خۆڵ جیاکەنەوە، یەکەمیان بخۆن و دووەمیان وەلکەن! گرنگ جوێکردنەوەی ڕەفتاری سوودبەخش و ڕەفتاری زیانبەخشە. مرۆڤ دەبێت ڕێی چاك بگرێتەبەر کە لە دنیاو قیامەتدا سوودی پێدەگەیێنێت، کە سوودی یەکخواناسیی و دینداریی پێ دەناسێنێت. هانی دادپەروەریی و چاکەخوازیی و ڕاستگۆیی و خێرەوەمەندێتی دەدات، کە فێری دەستپاکیی و داوێنپاکیی و دەمپاکیی دەکات، کە لەسەر ئازایەتیی و ئارامگریی، بە جورئەت و سینە فراوانیی ڕایدەهێنێت، هەستی بەرپرسێتیی فەرمان بەچاکەو بەرهەڵەستی لەخراپەی تێدا دەڕوێنێت. دەیکاتە ئاڵقەی پەیوەستی

---

[١] زانایانی سەلەف زۆرجار لەجیاتی بەکارهێنانی دینەکە دەفەرموون شەرع چونکە ووشەی (شەرع) یان (شەریعەتی خوا) هەموو دینەکە ببوە لایان، نەك ئەو بەشەی شەرعناسی کە فقهە.

نێوان خزمایەتی و سیلەی ڕەحمی پێ جێبەجێ دەکات، بەرامبەر دایکوباوکی نەرم و نیانی دەکات، بەرامبەر بەردەستان و دراوسێ بەسۆزو بەزەیی دەبێت، سنووری ماف و ئەرکیان دەپارێزێت.. شەرع شوێنکەوتوانی لەسەر خواناسیی و خواپەرستیی و خواوویستیی پەروەردە دەکات، پشتیان بە خوای خاوەن دەسەڵات و شارەزا دەبەستێت، فێریان دەکات کە موحتاجبوون هاوار لە خوابکەن و یارمەتی و پشتیوانیی لەو وەربگرن، بە قەناعەت بن و بە بەش و قەدەری خوا ڕازی بن. تەسلیم بە وویست و حوکمی خوا بن، ملکەچ بن بۆ فەرمانەکانی، لایەنگری ئەولیاو خواناسان و تەقواکارانی بن، دوژمن و ناحەزی دوژمن و ناحەزانی خوای تاك و پاك بن.. شەرع شوێنکەوتووانی لەسەر چاودێری خوایی گۆشدەکات، کە هەمیشە لە تەنهایی و قەرەباڵغییدا لە تاریکیی و ڕووناکییدا لە خوا بترسن، هەست بە موراقەبەی ئەو بکەن. بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو فەرزەکانی سەرشانیان سەرڕاستانە جێبەجێ بکەن و توخنی ئەو حەرامانە نەکەون کە هۆشداریی لەسەریان داوەتێ.. فێربن لە هەموو کارێکدا ئومێدیان بە پاداشتی خوابێت. ڕاستگۆیانە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ڕاستگۆ بزانن، هەرچی ئەوان فەرموویانە پێیان ڕاست و دروست و بەڵگەنەوویست بێت، لە ناخیاندا قەناعەت و دڵنیایی تەواویان بەرامبەریان هەبێت. گوێڕایەڵی فەرمانیان بن و بزانن کە تاکەشاڕێی چاکسازیی و صاڵحبوونی مرۆڤ لە دونیاو قیامەتدا وا لە دینەکەی خوادا. غەیری ئەم دینە سەرگەردانبوونە، کوێرەوەریی و نەگبەتیی و ڕێ لێتێکچوونە، زەرەرمەندیی دنیاو ڕۆژی دواییە.

ئەگەر ئەم پەیامە خواییە نەبووایە هزرو ژیریی مرۆڤ پەی بە تەفسیلاتی سوودو زیان نەدەبرد، نە بۆ دونیاو نە بۆ قیامەتی. بۆیە گەورەترین نیعمەتی خوایی لەسەر مرۆڤ ناردنی پێغەمبەرانە، ناردنی پەیامەکانی خوای گەورەیە، کە ڕێبازی ڕاست و ڕێچکە چەوتەکانی تێدا ڕۆشنکردوونەتەوە. ئەگەر ئەم پەیامە خواییە نەبوایە ئەم مرۆڤایەتیەش وەکو ئاژەڵ دەژیان و خراپتریش ڕەفتاریان دەکرد.. بۆیە هەرکەسێك پەیامەکەی خوای

وەرگرت و پێوەی پابەندبوو باشترین کەسی ناو خەڵکییە، هەرکەسیش پەیامی خوایی ڕەتکردەوەو پێوەی پابەندنەبوو خراپترین کەسی ناو خەڵکیە، لە سەگ و بەرازو ئاژەڵەکانی تر خراپترە).[1]

ئەگەر ئەمە لای موسوڵمان چەسپیم ئەگەر ئەمەی لابووە بەڵگەنەوویست کە خەڵکی موحتاجی شەریعەتەکەی خوای گەورەن تا بتوانن ڕاست و دروست ئەرکی عەبدایەتی خۆیان بۆ خوای پەروەردگاریان بهێنێتەدیی بەو شێوەو چۆنێتیەی کە خوای خاوەن خۆی دەیەوێت و پێی ڕازیە، ئەگەر قەناعەتی تەواوی بەمە کرد، لەوەش دڵنیا دەبێت کە زانین و ناسینی ئەم ڕێبازە (دیدو هەڵوێست) فێربوون دەخوازێت. بۆیە فێربوون لەسەر موسوڵمان فەرزە. لەسەر هەموو کەسێك ئەوەندە فەرزە کە بزانێت چۆن فەرزە خواییەکانی سەرشانی جێبەجێدەکات کە بەو زانینە نەبێت جێبەجێنابن.

بەختەوەر ئەو کەسەیە کە لە ڕەنجی بەدەستهێنانی ئەو زانستە شەرعیەدایە، کە لەسەری فەرزە، کە دەبێت فێر ببێت و بزانێت، تا بەکردەوە نیشانی خوای گەورەی بداتەوە، تا بەڕووسووریی بە خزمەت خوای میهرەبانی بگاتەوەو ڕەزامەندی ئەو مسۆگەر بکات. چونکە ئەوە ڕێی دنیاو ڕێڕەوی ڕۆژی دواییە. گومان لەوەدا نییە کە تەمەن تەواودەبێت و دونیاش کۆتاییدێت. جێی نیشتەجێ و حەوانەوە ئەوێیە نەك ئێرە. وەکو خوای گەورە لەسەر زمانی موسوڵمانەکەی خزمی فیرعەون دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: (يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ) غافر/٣٩ واتە: هۆ گەلی خزمان ژیانی دونیا چێژێکی کاتییە، کەلوپەلێکی بەردەستە، بەڵام ڕۆژی دوایی جێی حەوانەوەو نیشتەجێبوون و دابینبوونە. هەروەها دەفەرموێت: (وَمَا هَٰذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا

---

[1] مجموع الفتاوى (١٩/٩٩-١٠٠).

لَهْوٌ وَلَعِبٌۚ وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُۚ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ) العنكبوت/٦٤ واتە: ئەم دنیایە هەر گەمەو خۆخەریککردنە، ژیانی ڕۆژی دوایی ژیانێکی تەواوە (الحيوان:الحياة كاملة) ئەگەر پەی پێ دەبەن و دەزانن..

لە ڕۆژی قیامەتدا بێئاگاو مەستانی دنیا، غافڵان لە یادی خواو لە پەرستنی، خۆشحاڵان و ساویلکەی دنیاوویستیی، کە لە ژیان و دونیادابوون. پەشیمان دەبنەوەو خۆزگەی گەڕانەوەیان بۆ ژیانی دنیا دەخوازن.. خوای گەورە باسی پەشیمانیی و حەسرەتکێشانیان دەکات و دەفەرموێ: (وَجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَۚ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ الْإِنسَانُ وَأَنَّىٰ لَهُ الذِّكْرَىٰ * يَقُولُ يَا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي * فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُ أَحَدٌ * وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُ أَحَدٌ) الفجر/٢٣-٢٦ واتە: لەو ڕۆژەدا -لە قیامەت - کە دۆزەخیش دەهێنرێتەوە پێش، مرۆڤەکان هەستدەکەن چەند کەمتەرخەمبوون، چەندیان ئیهمالیکرد، لەو سەرپێچییانەی خوای گەورە کە لە دونیادا کردوویانە پەشیماندەبنەوەو تەوبە دەکەن، بەڵام تەوبەی چی، پەشیمانبوونەوە لەو ڕۆژەدا چ دادێك دەدات؟!دەکرۆزێنەوە هەر یەکەیان دەڵێت: ئای خۆزگە کارو کردەوەی چاکم بکردایە (یان زیاتر بکردایە). خۆزگە لە ژیانی دونیامدا زەخیرەیەکم بۆ ئەم ژیانەی ئێستام پاشەکەوت بکردایا. چونکە هەستدەکات ژیانەکەی ڕۆژی دوایی ژیانە، ئەمەی دونیا قاعەی تاقیکردنەوەبوو.. کۆتایی هات، بەڵام ئێرە نەمردنی کەسەکانی تێدایە نە ئاخیر زەمان! ئیدی لەو ڕۆژەشدا خۆ سزای خوای وەکو سزای هیچ کەسێك نییە. بەندو کۆتکردنی یاخیبووەکانیشی وەکو کەلەبچەکردن و زنجیرلەپێکردن و بەستنەوەی کەس نییە).[1]

موسلیم لە مستەوریدی کوڕی شەدادەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَا الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلاَّ مِثْلُ مَا يَجْعَلُ أَحَدُكُمْ إِصْبَعَهُ

---

[1] شەوکانی: تەفسیری فتح القدير (١٢٣٢/٢-١٢٣٣).

فِي الْيَمِّ فَلْيَنْظُرْ بِمَ يَرْجِعُ).[١] واتە: هەموو ژیانی دونیا وەكو ئەوەیە یەكێكتان پەنجەیەكی بكات بە دەریایەكدا، بزانە چەند بە پەنجەیەوە دێت؟! یەعنی هەموو دونیاو سەروەت و سامان و هەرچی تێیدایەتی لە چاو ڕۆژی دواییدا بە قەدەر ئەوەندە دڵۆپە ئاوەیە كە پەنجەیەك لە دەریایەك هەڵی دەگرێت..

عبدالله كوڕی مسعود خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (نَامَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى حَصِيرٍ فَقَامَ وَقَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِهِ فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوِ اتَّخَذْنَا لَكَ وِطَاءً. فَقَالَ: مَا لِي وَمَا لِلدُّنْيَا مَا أَنَا فِي الدُّنْيَا إِلاَّ كَرَاكِبٍ اسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا) رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح.[٢] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەر حەسیرێك خەوت، كە هەستا ئاسەواری حەسیرەكە بە لاتەنیشتیەوە دیاربوو، عەرزمانكرد (پێمان ووت) ئەی پێغەمبەری خوا دەبا بۆ نووستنت شوێنێكی نەرمت بۆ سازكەین، فەرمووی:چیمداوە لە دنیا؟ من لە دنیادا وەكو كابرایەكی سوارم كە لە سێبەری دارێك لایداوەو پاشان هەستاوەو جێی هێشتووە..

ئەمە حەقیقەتی دونیایەو ئەمەش برو ڕادەكەیەتی!

ژیرو خاوەن هزر ئەو كەسەیە كە هەوڵ دەدات ئەوەندە فێربێت كە خواپەرستییەكانی بەڕێك و پێكی بكات، تا ئەم دونیا براوە بكاتە كێڵگەی دواڕۆژی، بەو ئومێدەی لەوێ ببێتە نیشتەجێی ئەو ژیانە نەبڕاوە سەرمەدییەی لای خوای گەورە.. زۆر كەس هەن ساڵانێكی زۆری تەمەنیان و پارەیەكی زۆریان بۆ خوێندنێك سەرفدەكەن، تا لە دونیایاندا پێی تاعین ببن، لە كاتێكدا جێهێشتنی حەتمییە. كەچی بیرێك ناكەنەوە كە كەمێك لەم كاتە زۆرەو لەم

---

[١] موسلیم (٢٨٥٨).

[٢] ترمز (٢٣٧٧) دەشفەرمووێ (حسن صحيح)، شێخی ئەلبانیش رحمه‌الله لە (صحيح الجامع الصغير/٥٦٦٨)دا دەفەرمویێ: سەحیحە.

پارەیە بۆ تەعینبوونی قیامەتیان سەرفبکەن کە دەشزانن هەر دەبێت بگەڕێنەوە ئەو دنیا.. بەڕاستی ئا ئەمە غافڵ بوون و خۆ فریوودانە! نەکەی لە ڕیزی ئەوانەدا بیت! خوای گەورە دەفەرمویت: (وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ * يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ) الروم/٦-٧ واتە: ئەمە بەڵێنی خوای گەورەیە، خوای گەورەش بەڵێنی خۆی ناشکێنێت و هەر دەیباتەسەر بەڵام زۆر کەس ئەمە نازانن، پەی پێنابەن، هەر زاهیری ژیانی دونیایان دەزانن و هۆشیان لە دوارۆژ نییە، لێی غافڵن.. ئیبنوکەثیر ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیریدا دەفەرموێ: (واتە زۆرینەی خەڵکی زانین و زانیارییەکانیان هەر دەربارەی دنیایە، دەربارەی زانینی کاسبی و کاروبارەکانیانە، زۆر زیت و وورياو لێزانن تێیدا، شارەزایی هەموو ڕێگایەکی پارە پەیداکردنن، کەچی لە کاروباری دینەکەدا غافڵ و نەزان و ئیهمالن، لا ناکەن بەلای ئەوەوە کە سوودی بۆ دوارۆژیان هەیە، هەر دەڵێی هۆش لەسەریاندا نییە! ئاخر بۆیە (حەسەنی بەصرە)ی خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو: دەبینیت درهەمێك دەخاتە سەرپەنجەی یەکسەر دەزانێت وەزنی چەندەو کەچی نازانێت نوێژ چۆن دەکرێت؟!.[1]

[1] تفسير ابن كثير(٤٢٧/٣) چاپی دار المعرفة.

باسی دووەم

## فەرزبوونی زانین پێش ڕەفتار (گوفتاربێت یان کردار) و حەرامبوونی گوفتارو کرداربێ زانینی حوکمی شەرعی دەربارەیان

لە باسی ڕابردوودا ڕوونبۆوە کە خەڵکی پێویستیان بە دینەکەی خوای گەورەیە، تا بیکەنە بەرنامەی ژیانی دنیایان. ئەوەشمان ووت کە چۆنێتی زانینی شەرع بەغەیری فێربوون بەدەست نایات.

لەم باسەدا إِنْ شَاءَ اللَّه ئەوە ڕووندەکەینەوە کە فێربوونی دینەکە کارێکی سەرپشکانە نییە، کە هەر کەسێك حەزیکرد فێرببێت و ئەوی حەزینەکرد هەر بە نەزانی بمێنێتەوە، بەڵکو لەسەر هەموو موکەللەفێك (باڵغی ژیر) فەرزە فێرببێت، فەرزێتیشی لەووەوە دێت کە لە موسوڵمان حەرامە گوفتارێك یان کردارێك ئەنجامبدات پێش ئەوەی بزانێت حوکمی خوای گەورە دەربارەی ئەو ڕەفتارە (گوفتارو کردارە) چییە؟ بۆ ئەوەی هەر ڕەفتارێکی کرد بە شارەزایی و بەرچاوڕۆشنیەوە بیکات. بۆیە وەرگرتنی زانست و فێربوون پێش هەر گوفتارو کردارێك -جگە لە شایەتمانهێنان- فەرزە.. زانستی فێربوون پلەی دووەمە دوای (باوەڕهێنانی بەشێوەیەکی گشتی کە پێی دەوترێت (الإيمان المجمل) کە یەکەمین فەرزە لەسەر مرۆڤ، مەرجی سەرەکی هەموو کارو کردەوەیەکی داهاتوویەتی. چونکە ئەو کەسەی کە موسوڵمان دەبێت پێویستە لەسەری باوەڕێکی دڵنیایانە بە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بەوەی هێناویەتی بهێنێت. ئەم باوەڕهێنانەیە کە پێی دەوترێت شایەتمان (الشهادة). دوای ئەمە فەرزە لەسەری ئەو ئەحکامانەی شەرع فێربێت کە فەرزەکانی تری سەرشانی پێ جێبەجێ دەکرێت، کە پێی دەوترێت باوەڕهێنان بە شێوەیەکی تەفسیلی (الإيمان المفصل). ئەم زانستیە فەرزە وەکو پردی نێوان (باوەڕ هێنان بە شێوەیەکی گشتی) و (باوەڕهێنان بە شێوەیەکی تەفصیلی)یە.

بەڵگەی ئەمەش ڕیوایەتەکەی باسی موعاذی کوڕی جەبەلە خوا لێی ڕازی بێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناردی بۆ یەمەن و پێی فەرموو: (إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا أَهْلَ كِتَابٍ، فَادْعُهُمْ إِلَى شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ، وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً فِي أَمْوَالِهِمْ، تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ فِي فُقَرَائِهِمْ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ؛ فَإِنَّهَا لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.[١] واتە: دەچیتە لای خەڵکانێك کە خاوەن پەیامی ئاسمانین (یەمەن ئەو کاتە مەسیحی بوون) بانگهێشتیان کە بۆ شایەتمانهێنان (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ محمداً رَسُولُ الله) کە هیچ خوایەك نییە شایەنی خوایەتی بێت جگە لە خوای گەورە، هەروەها کە من پێغەمبەری خوام، ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵییان کردیت فێریانکە کە خوای گەورە زەکاتی لەسەر فەرزکردوون، کە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت، دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان، ئەگەر لەوەشدا گوێڕایەڵیان کردیت توخنی سامانە بەنرخەکانیان نەکەویت، خۆشت لە دوعاو نزولەی ستەملێکراو بپارێزە، چونکە بەربەست لە نێوان مەزڵووم و خوای گەورەدا نییە..

بانگهێشتکردنیان بۆ شایەتمان هێنان (باوەڕهێنان بە شێوەیەکی گشتی)یە. بەجێهێنانی فەرزەکانی نوێژو زەکات و ئەوانی تر کە کردەوەیین (باوەڕهێنان بە شێوەیەکی تەفصیلی)یە. فێربوونەکەش لەو نێوانەدا پردی پەڕینەوەو بە یەکتر گەیاندنی هەردوو بەشەکەی باوەڕە. ئەوەش مەبەستی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە فەرمووی فێریانکە: (فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ) کە لە دوای شایەتمان هێنان و پێش بەجێهێنانی ئەرکەکەمان فێربوونی ئەحکامی فەرزە.

---

[١] بوخاری (١٤٩٦)، موسلیم (١٩) ئەمە ڕیوایەتی موسلیمە.

لەمەشەوە زیرەکی و ووردبینی و تێگەیشتنی قوڵی بوخاری رەحمەتی خوای لێبێت هەست پێدەکەیت کە چۆن بابەتەکانی لە صەحیحەکەی خۆیدا ڕیزبەند کردووە سەرەتا بە (کتاب الوحی) دەستی پێکرد. ئاماژە بێت بەوەی کە دین لە ڕێگای خوای گەورەوە دەزانرێت، نەك لە ڕێی هزرو ژیرییەوە. دوای ئەو (کتاب الإیمان) دێت کە یەکەمین فەرزە لەسەر مرۆڤ، دوای ئەو (کتاب العلم)، کە هۆکاری زانینی ئەحکامی باوەڕهێنان و فەرزەکانی سەرشانی موسوڵمانە، پاشان یەکلەدواییەك باس لە ئەحکامی باوەڕهێنان (ألإیمان) دەکات: بە دەستنوێژ، ئینجا بە نوێژکردن دەسپێدەکات، چونکە لە هەموو فەرزەکان زیاتر جەختی لێکراوەتەوەو یەکەمین ڕەفتارە کە موسوڵمانی لە ڕۆژی دوایدا لەسەر موحاسەبەدەکرێت.. بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەکەی (موعاذ)دا پردەکەی لە نێوان (باوەڕهێنان بە شێوەیەکی گشتی) و (باوەڕهێنان بە شێوەیەکی تەفصیلی) دا پەیوەست کردۆتەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە (باوەڕهێنانی گشتی) زانین و فێربوون ناخوازێت، نا، زانین و فێربوونی هەندێك ڕوکنی شایەتمانەکەش فەرزن، چونکە ڕاست و دروستی باوەڕی لەسەر دادەمەزرێت. لەبەر ئەمەیە کە سەلەف لە پێناسەی باوەڕدا فەرموویانە: (الإیمان: قَولٌ وَعَمَلٌ، یَزیدُ وَیَنقُصُ) واتە: باوەڕهێنان گوفتارەو کردارەو زیادو کەم دەکات.. مەبەست لە گوفتار لێرەدا گوفتاری دڵ و گوفتاری زمانە، کەسیان لەوەدا ڕاجوێ نەبوون کە گوفتاری دڵ بریتیە لە ناسینی خوای گەورەو بە ڕاست زانینی، کەوابوو زانینی ئەوانەی فەرزە بە شێوەیەکی گشتی باوەڕی پێی بهێنرێت، ئەمە مەرجی ڕاست و دروستی باوەڕە.. بەڵگەی زیاتر لێرەوە دەهێنێتەوە لەسەر فەرزێتی زانین پێش گوفتارو کردار.. بەڵگەکانیش لە قورئان و سووننەت و کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتەوەن.. بەم شێوەیە کە دێت:

## یەکەم: بەڵگەی قورئانی:

قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر حەرامبوونی ووتن و کارکردن بێزانین و فەرزبوونی زانست پێش ڕەفتار (گوفتارو کردار) دەکاتەوە.

١- خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ)الأعراف/٣٣ واتە: پێیان بفەرموو کە خوای پەروەردگارمان ئەمانەی لێ حەرام کردوون:

أ- گوناح بە ئاشکرا بکرێت یان بە نهێنی بە تایبەت فاحیشە (زینا). ئەمە سیفەتی باسکراوێکە کە ناونەهێنراوە. واتە: (کردەوە ناشیرینەکە/ یان کردەوەی ناشیرین).

ب- هەموو سەرپێچیەکی خوای گەورە.

ج- هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە بێ ئەوەی لە لایەن خوای گەورەوە بەڵگەیان بۆ هاتبێت (شێوازی گاڵتەکردن بەکافرەکان کە دەیان ووت خوا ڕێیداوە بتپەرستین! چونکە خوای گەورە ڕێی هاوبەشدانان نادات.

هـ- قسەکردن بە ناوی خواوە بە نەزانین. پەرستن بێت یان یاساو ڕێسادانان یان داب و نەریت. ئەم ئایەتە دەقێکی ئاشکراو ڕاشکاوە کە قسەکردن بە ناوی خواوە (واتە ڕا دەربڕین بە دەم شەرعەوە حەرامە: (قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ........ وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ) ئەمە هەڕەشەیەکی تایبەتیە زاناو قازی و موفتی و هەر کەسێکی تر کە ئەحکامی شەرع ڕووندەکاتەوەو حوکمی ئیسلام باسدەکات نابێت بە نەزانین تێبکەوێت. بە واتایەکی تر دەبێت زانستی شەرعی پێشتر وەرگرتبێت، بەڵگەکان بزانێت، ئینجا ئەحکامی دینەکە ڕوونبکاتەوە.. فەرزە پێش ئەوەی گوفتارو کردار بنوێنێت زانستی شەرعی وەرگرتبێت، کە لە ڕێی فێربوون و بڕیارو فەتواناسیەوە دەبێت.

خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەوە ڕووندەکاتەوە سەرپێچیکردنی ئەم فەرزانە (بە شکاندنی بەرهەڵەستیەکەی و قسەکردن بە ناوی شەرعەوە بە نەزانیی) ڕەفتاری جوانکاریانەی شەیتانە. دەفەرمویٚ: (.....وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ * إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ) البقرة/١٦٨-١٦٩ واتە: شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون کە دوژمنی ئاشکراتانە، شەیتان فەرمانتان پێدەکات کە خراپەکاری بکەن، داوێن پیسبن، قسە بە ناوی خواوە بەبیٚ بەڵگەو نەزانین بکەن. هەروەها ئایەتی: (وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَانٍ مَّرِيدٍ * كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُ يُضِلُّهُ وَيَهْدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ) الحج/ ٣-٤ واتە: خەڵکانێك هەن بە نەزانیی، بە بیٚ هەبوونی بەڵگەی شەرعیی دەکەونە موناقەشکردنەوە! شوێن هەموو شەیتانێکی یاخی دەکەون (واتە لە موناقەشەکردنیاندا دەربارەی خوای گەورەو وەحی و پەیامەکەی قسەی هەموو دوژمن و ناحەزێکی خوا وەردەگرن و دەیکەنە بەڵگەی ڕاستی هەڵوێستیان! خوای گەورە تەقدیرو بڕیاری ئەوەی دەرکردووە کە هەرکەسێك وابێت، هەرکەسێك بە پێی ئاڕاستەی شەیتان هەڵوێست لەم دینە وەرگرێت خوای گەورە لێی قبوڵناکات، چونکە ئەو کەسە خۆی داوەتە دەست شەیتان کە بە دڵنیاییەوە شەیتانیش گومڕای دەکات، ناهێڵێت حەق بناسێت تا سەرئەنجام بەرەو سزای سەختی دۆزەخیشی دەبات.[1]

کەوابوو موناقەشەکردن (جیدال) -کە قسەکردن و ووتنە- ناشێت بە نەزانی بکرێت، ئەوە دیدو هەڵوێستی ئیبلیسەو چارەنوسیشی وەکو چارەنووسی شەیتان خراپە.

[1] من (وەرگێڕ) لە: ئیمامی شەوکانی (فتح القدير) (٢/١٦٩-١٦٨)م وەرگرتووە.

٢- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ۚ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾ الإسراء/ ٣٦ واتە: بە دووی ئەو باسەدا مەڕۆ کە لێی نازانیت، کە زانستت دەربارەی نیە، چونکە مرۆڤ دەربارەی ڕەفتار بیستن و بینین و عەقڵ پێشکانی پرسیاری لێدەکرێت و موحاسەبەدەکرێت لەسەریی. ئیبنوکەثیر ڕەحمەتی خوای لێبێت دەربارەی دەفەرموێ: (ڕاو بۆچوونی سەلەف دەربارەی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە خوای گەورە بەرهەڵەستی لە قسەکردنی بێزانست کردووە، ناشێت پشتبەستوو بە گومان و خەیاڵ قسەبکرێت (كُلُّ أُولَٰئِكَ:) واتە هەموو ئەم سیفەتانە لە بیستن و بینین و هۆش و هەست و پەیپێبردن جێی لێپرسینەوەی دینەکەیە، لە قیامەتدا حسابات لەگەڵ دەکرێت لەسەریان، لێی دەپرسێتەوە کەوا چیت پێیانکرد؟.[١]

٣- هەروەها: ﴿إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ﴾ النور/١٥ واتە: ئێوە بوختانەکەتان هەر بەزمان دەگواستەوە[٢] هەر دەڕۆیشتن و قسەکەتان بەبێ هەبوونی زانستی (بەڵگە) دەگەیاندە یەکتری! ئێوە واتاندەزانی ئەمە زۆر سادەو ئاساییە! بەڵام لای خوای گەورە زۆر گەورەیە.. کەوابوو قسەکردنی بێ زانیاری ڕاست ودروست زەمکراوەو لای خوای گەورە شتێکی گەورەو ناپەسەندو دژوارە، با خەڵکیش ساویلکانە وابزانن کە شتێکی بچووك و سادەیە. هەرچەندە باسەکە لەسەر ڕووداوەکەی ئیفکە (بوختانەکە) بەڵام ڕێسایەکە (العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب: واتە: دەرسوەرگرتنەکە لە مانا گشتییەکەی

---

[١] ئیبنوکەثیر: تفسیر القرآن العظیم (٣/٣٩).

[٢] خوای گەورە باسی بوختانە هەڵبەستراوەکە بۆ خاتوو عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەکات، کە هەندێك لە موسوڵمانان بێ بەدواداچوونەوە قسەکەیان دەگەیاندە یەکتری.. وەکو ئەوەی بە گوێچکە وەری نەگرن، هەر زمان بیداتەوە بە زمان!

ووشەکەدایە نەک لە تایبەتێتی هۆکاری هاتنییدا) مەبەست لە دەق لەفزەکەیەتی (ئەو واتایەی لێ دەفامرێتەوە) نەك هۆكاری ووتنی.

٤- ئایەتی: (هَا أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَاجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ...)ال عمران/١٦ واتە: باشە وا موناقەشەی ئەوەتان کرد کە زانیاریی (بەڵگە)تان لەسەری هەیە، بەڵام بۆچی موناقەشەی بابەتێك دەکەن کە زانیاریتان لەسەری نییە؟ قورطوبی دەفەرموێ: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ڕێگرتن لە موناقەشەی باس و خواسێك کە زانیاری لەسەر نەبێت و توێژینەوەی لەسەر نەکردبێت، بەڵام ئەگەر زانیاری هەبوو، بەڵگەی بە دەستەوەبوو، دەشێت بە شێوەیەکی جوان موناقەشەی باسەکە بکات. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) بەو شێوەیەی کە چاکترینە موناقەشەیان لەگەڵدا بکەن).[١]

٥- هەروەها: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)الحجرات/١ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بە قسەو ڕاوبۆچوون پێشنیازی خۆتان مەخەنە پێش فەرمایشتی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. لە خوا بترسن، خوای گەورە بیسەرو زانایە. قورطوبی دەفەرموێ: (واتە نە گوفتارو نەکردار مەخەنە بەردەستی خواو پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. واتە رای خۆتان مەخەنە پێش فەرمانی ئەوانەوە، کە مەفروزە ئێوە لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەربگرن، هەرچی شتێکی دین و دنیا بێت هەر دەبێت ئێوە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەربگرن، هەر قسەیەکی خۆتان (ڕاو بۆچوون و پێشنیازێکتان) بخەنە پێش فەرمایشتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مانای وایە

---

[١] تفسير القرطبي (١٠٨/٤).

خستووتانەتە پێش فەرمایشتی خوای گەورەوە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی خوای گەورە ڕادەگەیەنێت..

ئیبنولقەیم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەربارەی هەمان ئایەت دەفەرموێت: (هیچ مەڵێن تا خوای گەورە دەفەرموێ، هیچ فەرمانێك مەدەن تا خوای گەورە فەرمان دەدات، فەتوامەدەن تا بڕیاری خوا دەزانن، هیچ ڕاجوێ و ناكۆكیەك یەكلامەكەنەوە تا حوكمی خواتان بۆ ڕووندەبێتەوە تێیدا.. علی كوڕی ئەبی طەڵحە لە ئیبنوعەباسەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە كە دەیفەرموو:(خوای گەورە -بەم ئایەتە- ڕێ لەوە دەگرێت قسە لە فەرمایشتیدا بكەن، یان قسەی لەسەر بكەن (واتە پێشنیارو شتی وا).

پوختەی ماناكە ئەوەیە كە پەلە لە دەربڕینی قسە یان ئەنجامدانی كار مەكەن، تا نەزانن پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چی دەربارەی دەفەرموێ یان چۆن دەیكات.[1]

٦- خوای پەروەردگار وەسفی هەڵوێستی فریشتەكانی لەم ڕووەوە كردووە بەوەی كە: (بَلْ عِبَادٌ مُكْرَمُونَ * لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ)الأنبياء/٢٦-٢٧ واتە: بەڵكو بەندەی بەڕێزی خوان، قسە لە فەرمایشتیدا ناكەن و بە فەرمانی ئەو رادەپەڕێنن.. كەوابوو فریشتەكان -كە خوای گەورە مەدحیان دەكات- پێش فەرمایشتی خوا هیچ دەرنابڕن و بە بێ فەرمانی ئەویش هیچ كارێك ناكەن.. ئیبنوكەثیر دەفەرموێ: (فریشتەكان لە كۆتا پلەی گوێڕایەڵی و ملكەچی خوای گەورەدان لە گوفتارو كرداردا: (لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ) واتە: قسەیەك پێش فەرمایشتی خوا ناكەن و پێچەوانەی فەرمایشتی ڕەفتار نانوێنن، بەڵكو بێ موناقەشە یەكسەر فەرمانەكانی جێبەجێ دەكەن).[2]

---

[1] ئیبنولقەییم: (إعلام الموقعين١/٥١).
[2] تەفسیری ئیبنوكەثیر(٣/١٧٦).

٧- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ) الحجرات/ ٢ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرز مەکەنەوەو شێوازی دواندنتان وەکو شێوازی دواندنی نێوان خۆتان نەبێت (مەڵێن هۆ محمد، بەڵکو: یا رسول الله، یا نبی الله) نەبادا کارو کردەوەکانتان پوچەڵببێتەوەو ئاگاشتان لێینەبێت..

ئیبنولقەیم دەفەرموێ: (ئەگەر دەنگ بەرزکردنەوەیان بە سەر دەنگیدا ببێتە مایەی پوچەڵ بووونەوەی کاروکردەوەو زایەبوونی، ئەدی دەبێ ڕاوبۆچون و پێشنیازکردن و ژیریی و هەست و سیاسەت و زانیاری خۆیان بخەنە پێش فەرمایشتییەوە حوکمی چەند گەورە بێت ؟!مەگەر ئەمانە نزیکتر و شایەنتر نین کار و کردەوە پوچەڵبکەنەوە و خاوەنی ڕەنج بەخەسارِبکەن؟).[1]

٨- خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِذَا كَانُوا مَعَهُ عَلَىٰ أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُوا حَتَّىٰ يَسْتَأْذِنُوهُ) النور/ ٦٢ واتە: ئیمانداری سەرڕاست ئەوانەن کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە، ئەمەندە هۆگربوون کە لە کاروبارێکدا لە خزمەتیدادەبوون نەدەڕۆیشتن، داوای مۆڵەتیان لێدەکردو جەنابیشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێیپێدەدان..

ئیبولقەیم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (ئەگەر لە مەرجەکانی ئیمانداریتان ئەوە بوویێت کە بەبێ مۆڵەتی جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەچوونە هیچ لایەك، لەو لە پێشتر ئەوەیە کە کەس قسەی خۆی ڕاوبۆچونێکی زانستیانە نەخاتە ڕوو تا مۆڵەتی جەنابی صَلَّى

[1] إعلام الموقعين (١/٥١).

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەردەگرێت، مۆڵەت وەرگرتنی دوای خۆی ئەو ئەحکامانەیە کە هێناوێتی، کە دەبێ بە گوێرەی ئەو ڕەفتار بنوێنرێت).[1]

زانینی ئەوەی کە جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مۆڵەتی پێداوە و ئەوەی ڕێلێگرتووە هەر بە زانین و فێربوون دەبێت، کەوابوو فێربوونی ئەحکامی دینەکەی پێش ئەنجامدانی ڕەفتارە (گوفتار یان کردار).

٨- هەروەها دەفەرمووێ: () الأحزاب/٣٦ واتە: کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَبڕیارێکیاندا، ناهومکینە موسوڵمان - نێرینە بێت یان مێیینە - لە وەرگرتن و ڕاپەڕاندنییدا سەرپشک بێت.

ئیبنولقەیم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (خوای گەروە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دوای ئەو فەرمانی خۆی دەدات یان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بڕیارێك دەردەکات موسوڵمان بۆی نییە جێبەجێی نەکات، خۆ سەرپشت کردنی گومڕاییەکی ئاشکرایە).[2]

ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە موسوڵمان پێشتر دەبێت حوکمی خوای گەورەو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بزانێت لە هەر کارێکدا کە دەیەوێت بیکات. زانینی حوکمی شەرع دەربارەی کارەکە پێش دەسپێکردنی فەرزە. موسوڵمان ڕێ بە خۆی نادات دیدو هەڵوێستێك بگرێتە بەر بێئەوەی حوکمی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەچاوبکات.

٩- خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) النحل/٤٣ و لە الأنبياء/ ٧ واتە: کە نەتاندەزانی پرسیار لە قورئانەوان بکەن.. فەرمانی خوای گەورەیە کە

---

[1] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

[2] هەمان سەرچاوە.

نەزان پرسیار لە زانا بكات، تا حوكمی شەرعی بۆ ڕوونبكاتەوە پێش ئەوەی دەستبداتە ئیشەكە، نەبادا بە نەزانی دەستبداتێ، چونكە حەرامە بۆی.. زانین پێش گوفتارو كردار فەرزە.. كۆڕای زانایان لەسەر ئەوەیە كە عەوام (نەزان و كەمزان) لەسەریان فەرزە - دەربارەی كاروباری دینەكەیان- لە زانایان بپرسن.

ئەبو عەمری كوڕی عەبدولبەڕ ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (زانایان لەوەدا ڕاجوێنەبوون كە دەبێت عەوام پرسیار لە زانا بكات و موقەللیدی شەرعناسان بێت، چونكە ئەوان سەرچاوەی هەموو زانستێكن. خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ)[1].

خەطیبی بەغدادیش ڕەحمەتی خوای لێبێت هەروا دەفەرموێ.[2]

دواتر باسی تەقلید لە باسێكی سەربەخۆدا دەبێ إِنْ شَاءَ اللَّه.

[1] جامع بيان العلم (٢/١١٥).

[2] الفقيه والمتفقه (٢/٦٨).

## دووەم: بەڵگەی سووننەت:

لە سوونەت و سیرەی پێغەمبەری پێشەوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جەخت زۆر لەسەر فەرزێتی زانین پێش گوفتارو کردار کراوەتەوە، کە بێ هەبوونی زانستی شەرعی و زانینی بەڵگە حەرامە ڕەفتار ئەنجام بدرێت..

١- بوخاری رحمەاللە لە صەحیحەکەیدا لە (کتاب العلم/ باب العلم قبل القول والعمل لقول الله تعالی: (فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ) فبدأ بالعمل) واتە: بەشی زانست/ بەندی زانین پێش گوفتارو ڕەفتارە چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: بزانە کە هیچ خوایەك نییە شایستەی خوایەتی بێت جگە لە خوای گەورە.. بۆیە لە سەرەتاوە بە زانست دەستی پێکردووە[1].

ئیبنوحەجەری عەسقەلانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (ئیبنولمونزیر دەفەرموێ: مەبەستی ئەوەیە کە زانین مەرجی ڕاست و دروستی گوفتارو کردارە، چونکە گرنگی گوفتارو کردار بە زانستەکەوەیە، زانین پێش هەردووکیانە، چونکە نییەت ساغدەکاتەوە و کردەوەش ڕاست و دروست دەکات).[2]

زانست نەك هەر نییەتپاکیی ساغدەکاتەوە بەڵکو بۆ شوێنکەوتن و ئیقتیداکردن بە پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر وایە، چونکە دوومەرجەکەی قبوڵبوونی ڕەفتار بریتین لە:

---

[1] مەبەستی نوسەر ئەوەیە کە: بوخاری رحمەاللە دەیزانی کە بێ هەبوونی زانستی شەرعی و زانینی بەڵگە حەرامە ڕەفتار ئەنجام بدرێت، بۆیە باسی زانینی پێشخستووە. ئەمەش بەڵگەیەکە لە بەڵگەکان کە دەبێ زانین پێش رەفتار بخرێت.

[2] فتح الباری (١/١٥٩-١٦٠)

- خواوویستی: واتە: خواپێمەبەستبوون: کە دەبێت هەموو ڕەفتارێکی لەبەر خاتری خوای پەروەردگار بکات کە تاکە و پاکە و هاوبەشی نییە.

- شوێنکەوتن: واتە: ڕەفتارەکەی بە پێی شەریعەتی ئیسلام بێت، کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویتی. خوای گەورە دەفەرموێ: (الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا) الملك/٢ واتە: خوای گەورە کە مردن و ژیانی دروستکردووە بۆ ئەوەیە کە تاقیتانبکاتەوە داخۆ کێتان کردەوەی چاکتر دەکات.. ئیبنوتەیمییە لە (فوزەیلی کوڕی عیازەوە) ڕەحمەتی خوای لێبێت نەقڵیکردووە کە دەربارەی (أَحْسَنُ عَمَلًا) دەیفەرموو: واتە: پاك و ڕاست، پاك: مەبەست لێی لەبەرخاتری خوا ئەنجامیدابێت. ڕاستیش: مەبەست لێی سازاوییەتی لەگەڵ شەرعدا.. واتە: بۆخواو بەپێی شەرع.. زانین بۆ هەردووکیان فەرزە.. فەرزە بۆ پاککردنەوەی نییەت، فەرزیشە بۆ بە پێی شەرعبوون، بەڵگەی ئەویش:

٢- فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە دەفەرموێ: (مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ).[١] واتە: هەر کەسێك شتێکی نوێ لەم دینەدا داهێنێت کە دینەکە نەیگرێتەوە ئەوە ڕەفزکراوەیە..

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر قەبوڵنەبوونی هەر گوفتارو کردارێك کە بە پێی شەریعەت نەبێت: (لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا) لە هەمان کاتیشدا ئاماژەیە بۆ فەرزێتی زانین پێش دەسبەکاربوون تا کارەکە بەگوێرەی شەرع بێت، دەنا پووچەڵە و ڕەفزە، واتە بکەرەکەی هیچ پاداشتێکی لێ دەسناکەوێت.

---

[١] فتح الباری (١٣/١٨١-٣١٧). موسلیم لە عائیشەوە خوا لێی ڕازی بێت بوخاریش بەلەفزێکی نزیك لەمەوە گێڕاوێتیەوە.

ئەم فەرموودەیە چوارچێوەی ئیسلامەکەیە، لەبەر ئەمەشە نەووی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە (الأربعين النووية)دا هێناویتیەوە..

زانایان و شەرعناسان لە پوچەڵکردنەوە و ڕەتکردنەوەی هەموو بیدعەیەکدا پشتیان بەم فەرموودەیە بەستووە، هەروەها لە ڕەتکردنەوە و جێبەجێنەکردنی بڕیاری قازی و فەتوای موفتیدا کە پێچەوانەی شەرع بووبێتەوە یا لە موجتەهیدێکی گەورەشەوە دەرچووبێت، هەروەکو بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت لە صەحیحەکەیدا لە (كتاب الأحكام) و كتاب (الإعتصام)دا باسی کردووە.[١]

٣- بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت لە صەحیحەکەیدا لە (كتاب الإعتصام باب:ماكان النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يسأل مما لم ينزل عليه الوحى، فيقول لا أدرى أو لم يجب حتى ينزل عليه وحى، ولم يقل برأى ولا قياس، لقوله تعالى (بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ) النساء/١٠٥ واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسیاری هەر شتێکیان لێبکردایە کە وەحی لەسەر نەهاتەیە، دەیفەرموو نازانم، یان وەڵامی نەدەدایەوە تاوەحی بۆ دەهات لەسەری). بە بۆچوونی خۆی (ڕەئی) و لێکچواندن (قیاس) وەڵامی نەدەدایەوە، چونکە خوای گەورە پێی فەرموو بوو بەوە وەڵامبداتەوە کە خوای گەورە نیشانیدەدات..

دوای ئەم ناونیشانە درێژە بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت ڕیوایەتی فەرموودەکان دەهێنێت:

- ئیبنومەسعود ڕەحمەتی خوای لێبێت دەگێڕێتەوە کە: (سُئل النبي ﷺ عن الروح فسكت حتى نزلت الآية) واتە: پرسیاری (ڕۆح) لەپێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرا بێدەنگبوو تا ئایەتەکەی لەسەر هاتەخوارەوە. پاشان بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت

---

[١] فتح البارى (٣٠١/٥-٣٠٣).

فەرموودەی لای جابر خوا لێی ڕازی بێت دەربارەی ئایەتی (الكلالة)[١] دەهێنێتەوە کە هەمووی لەسەر فەرزێتی زانین و فێربوونە پێش دەسبەکاربوونی قسە یان کردەوە.

٤- ئەبو داود ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (حَدَّثَنَا مُوسَى بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الأَنْطَاكِيُّ، حَدَّثَنَا محمد بْنُ سَلَمَةَ، عَنِ الزُّبَيْرِ بْنِ خُرَيْقٍ، عَنْ عَطَاءٍ، عَنْ جَابِرٍ، قَالَ خَرَجْنَا فِي سَفَرٍ فَأَصَابَ رَجُلاً مِنَّا حَجَرٌ فَشَجَّهُ فِي رَأْسِهِ ثُمَّ احْتَلَمَ فَسَأَلَ أَصْحَابَهُ فَقَالَ هَلْ تَجِدُونَ لِي رُخْصَةً فِي التَّيَمُّمِ فَقَالُوا مَا نَجِدُ لَكَ رُخْصَةً وَأَنْتَ تَقْدِرُ عَلَى الْمَاءِ فَاغْتَسَلَ فَمَاتَ فَلَمَّا قَدِمْنَا عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أُخْبِرَ بِذَلِكَ فَقَالَ " قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ وَيَعْصِرَ. أَوْ يَعْصِبَ. شَكَّ مُوسَى " عَلَى جُرْحِهِ خِرْقَةً ثُمَّ يَمْسَحَ عَلَيْهَا وَيَغْسِلَ سَائِرَ جَسَدِهِ").[٢] واتە: جابر خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ لە سەفەرێك بووین، یەكێكمان بەردێك بەر سەری کەوت و بریندارکرد، پاشان کەوتە جەنابەتەوە، پرسیاری لە هاوڕێیانی کرد کە ئایا بۆی هەیە تەیەمموم بکات نەك غوسڵ، ووتیان: وانازانین بۆت هەبێت، چونکە ئاوت لە بەردەستدایە. ئیتر غوسڵدەرکردو مرد. کە هاتینەوە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عەرزیان کرد (بۆیان گێڕایەوە) فەرمووی: کوشتیان، خوا بیانکوژێت، مادام نەیان دەزانی نەدەکرا پرسیاربکەن؟ دەرمانی نەزانین پرسیارکردنە، دەیتوانی تەیەموم بکات، یان پارچە

---

[١] فتح الباری (١٣/٢٩٠). ئایەتی کەلالە (واتە ئەو کەسە مردووەی کە کەسی لەدوا جێنامێنێت میراتەکەی بگرێت): (يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ) النساء/١٧٦.

[٢] ئەبوداود (٣٣٦)، ئیبنوماجە (٥٧٢)، بەیهیقی (١٠١٩)، دارەقوطنی (٧١٨/٣) لە ئیبنو عەباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت. زۆر لە فەرموودەوانان فەرموویانە زەعیفە. ئەلبانی رحمەاللە دەفەرموێ: حەسەنە بەڵام لە: (إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ وَيَعْصِرَ. أَوْ يَعْصِبَ. شَكَّ مُوسَى " عَلَى جُرْحِهِ خِرْقَةً ثُمَّ يَمْسَحَ عَلَيْهَا وَيَغْسِلَ سَائِرَ جَسَدِهِ) زەعیفە. بڕوانە: (ضعيف الجامع الصغير/ ٤٠٧٤).

پەڕۆیەکی بە برینەکەیەوە ببەستایا و غوسڵەکەی دەرکردایە شوێنی برینەکەی مەسح کردایەو باقی لەشی بشوشتایە.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەخنەی توندی لێگرتن چونکە فەتوایان بە نەزانی بۆ هاوڕێکەیاندا، دوعایلێکردن کە هەڕەشەیەکی سەختە، وایڕوونکردەوە کە بەشدارن لە گوناحی کوشتنیدا.. خەطابی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە (معالم السنن)کەیدا دەفەرموێ: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر فەرزبوونی زانین پێش دەستپێکی گوفتارو کردار، هەروەها حەرامێتی گوفتارو ڕەفتارنواندن بەبێ هەبوونی بەڵگەی شەرعی، چونکە زەمکردنەو هەڕەشە لەفەرموودەکەدا دەربارەی شتی واهاتووە.

٥- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّمَا الدُّنْيَا لأَرْبَعَةِ نَفَرٍ عَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ مَالاً وَعِلْمًا فَهُوَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ وَيَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ وَيَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا فَهَذَا بِأَفْضَلِ الْمَنَازِلِ وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ عِلْمًا وَلَمْ يَرْزُقْهُ مَالاً فَهُوَ صَادِقُ النِّيَّةِ يَقُولُ لَوْ أَنَّ لِي مَالاً لَعَمِلْتُ بِعَمَلِ فُلاَنٍ فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَأَجْرُهُمَا سَوَاءٌ وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ مَالاً وَلَمْ يَرْزُقْهُ عِلْمًا فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ لاَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ وَلاَ يَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ وَلاَ يَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا فَهَذَا بِأَخْبَثِ الْمَنَازِلِ وَعَبْدٍ لَمْ يَرْزُقْهُ اللَّهُ مَالاً وَلاَ عِلْمًا فَهُوَ يَقُولُ لَوْ أَنَّ لِي مَالاً لَعَمِلْتُ فِيهِ بِعَمَلِ فُلاَنٍ فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَوِزْرُهُمَا سَوَاءٌ).[١] ژیانی دنیا بۆ چوار پۆلە کەسە: کەسێکیان خوای گەورە سامان و زانستی پێبەخشیوە، ئەمیش لە خواناسیی و دینداریتیدا بەکاریدەهێنێتەوە، خزمایەتی دەفامێ و سیلەی ڕوحمیان بەجێدەهێنێت و دەزانێت کە خوای گەورە مافی لەم سامانەدا هەیە، ئەمە باشترین پۆلیانە و لە باشترین جێگادایە. کەسێکی تریان خوای گەورە زانستی پێبەخشیوە بەڵام سامانی نەداوەتێ، ئەمە نیازپاکەو ڕاستگۆیە، دەڵێ ئەگەر سامانم ببوایە، وەکو فلانکەس بۆ خوا سەرفمدەکردەوە، ئەمەش بە پێی نییەتی خۆی لەگەڵ

[١] ترمذی (٢٤٤١) دەشفەرمووێ (حديث حسن صحيح)، ئەحمەد (١٨٠٣١) ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن الترمذي) و(صحيح الجامع الصغير/٣٠٢٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

دەكرێت و پاداشتی ئەم و ئەویتریان یەكسانە. سێیەمیان خوای گەورە سامانی پێبەخشیوە بەڵام زانستی نەداوەتێ، ئەمە لە نەزانی خۆی و بەنەزانی پارەكەی بەملاولادا بەفیڕۆدەدات، نە لە دینداریتیدا خەرجدەكات و نە لایەك لە خزم دەكاتەوە پێی، نەدەشزانێت كە خوای گەورە مافی لەم سامانەیدا هەیە.. ئەمە خراپترین پۆلیانەو لە خراپترین جێگەدایە. كەسی چوارەم خوای گەورە نە سامانی پێبەخشیوە و نەزانست، دەڵێ: ئەگەر سامانم ببووایە وەكو فلانكەس (بۆ لەزەتی خۆم) سەرفم دەكردەوە، ئەمەش بە پێی نییەتەكەی خۆی لەگەڵ دەكرێت، گوناحیشی لەگەڵ گوناحی ئەوی پێشووتردا یەكسانە.

ئیبنوماجە لە ڕیوایەتەكەی خۆیدا وای هێناوەتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت (إِنَّمَا مِثْلُ هَذِهِ الأُمَّةِ كَمَثَلِ أَرْبَعَةِ نَفَر) واتە نموونەی تاكەكانی ئەم ئوممەتە وەكو چوار پۆلە خەڵكن).[١]

لەم فەرموودەدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوو جۆریانی مەدح كردووە و زەمی دوانەكەی تری كردووە.

---

[١] هەردوو ڕیوایەتەكەی لە ئەبوكەبشەی ئەنصارییەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاوەتەوە. ئەوی لای ئیبنوماجە (٤٢٢٦) ئەمە دەقەكەیەتی: (مِثْلُ هَذِهِ الأُمَّةِ كَمَثَلِ أَرْبَعَةِ نَفَرٍ : رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالا وَعِلْمًا ، فَهُوَ يَعْمَلُ بِعِلْمِهِ فِي مَالِهِ ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ عِلْمًا ، فَلَمْ يُؤْتِهِ مَالا ، فَهُوَ يَقُولُ : لَوْ كَانَ لِي مِثْلُ مَالِ فُلانٍ لَعَمِلْتُ فِيهِ كَمَا يَعْمَلُ ، فَهُمَا فِي الأَجْرِ سَوَاءٌ ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالا ، وَلَمْ يُؤْتِهِ عِلْمًا ، فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ ، وَيُنْفِقُهُ فِي غَيْرِ حَقِّهِ ، وَرَجُلٌ لَمْ يُؤْتِهِ اللَّهُ مَالا ، وَلَمْ يُؤْتِهِ عِلْمًا ، فَهُوَ يَقُولُ : لَوْ كَانَ لِي مِثْلُ مَالِ فُلانٍ ، لَعَمِلْتُ فِيهِ كَمَا يَعْمَلُ ، فَهُمَا فِي الْوِزْرِ سَوَاءٌ)، ئەحمەد (١٧٦٦٤)، بەیهیقی (٧٢٣٤)، طەبەرانی لە: (الأوسط/٤٥٠٣) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الترغيب والترهيب)دا دەفەرموێ: صحيح لغيره.

- مەدحی ئەوەیانی کردووە کە بەزانینەوە کردەوەکانی ئەنجام داوە (أنفق ماله) ئەمە لە پلەی یەکەمدا.

- مەدحی دووەمیانی کردووە کە بەزانینەوە قسەکەی کردووە، ئەمەشیان لە پلەی دووەمدایە.

- زەمی ئەو کەسەیانی کردووە کە نەزانانە پارەی بە فیڕۆداوە (فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ) ئەمەش لە پلەی سێیەمیاندایە.

- زەمی چوارەمیانی کردووە چونکە بە بێ زانست قسەی کردووە، کە لە پلەی چوارەمیاندایە.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەدحی ئەوەیانی کرد کە دوای زانین کردەوەی ئەنجامداوە، زەمی ئەوەشیانی کرد کە بەبێزانست قسەیکردووە (نەزانانە) فەرمووشێتی شایانی گوناحبارکردنە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نەزانینەکەی نەبووە بەعوزر تا گوناهبار نەبێت، چونکە زانینی حوکمە شەرعییەکە فەرز بوو پێش ئەوەی گوفتارو کردار بنوێنێت، بۆیە هەر کەسێك لە کەمتەرخەمی خۆیەوە فەرزەکەی ئیهمالکرد گوناحبارە و عوزری قبوڵ ناکرێت.

ئەم فەرموودەش هەر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێش زانین،حەرامە گوفتارو کردار بنوێنرێت، هەروەکو کە بەڵگەیە لەسەر فەرزێتی فێربوون و زانستی شەرعی پێش دەستبەرکاربوونی ڕەفتار.

٦- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الْقُضَاةُ ثَلَاثَةٌ وَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ وَاثْنَانِ فِي النَّارِ فَأَمَّا الَّذِي فِي الْجَنَّةِ فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَجَارَ فِي

الْحُكْمِ فَهُوَ فِي النَّارِ وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ).[١] واتە: قازی (داوەری نێوان خەڵکی) سێ جۆرن: یەکێکیان بەهەشتییە و دوانیان دۆزەخین. ئەوەی بەهەشتیە کابرایەکە کە حەقی زانیووە و داوەریی پێکردووە، کابرایەکی تر حەقی زانیووە و لە داوەرییەکەیدا ستەمی کردووە (حوکمی بە حەق) نەکردووە ئەمە لە ئاگری دۆزەخدایە، کابرایەکیش کە حەقی نەزانیوە و بە نەزانی بڕیاری داوە (داوەریکردووە) ئەمیش لە ئاگری دۆزەخدایە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەدحی ئەو قازییەکرد کە دوای زانین و شارەزای داوەرییەکەی کردووە (فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ) زەمی ئەو کەسەشیانی کرد کە بەبێزانین کەوتۆتەکار: (وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ) هەڕەشەشی دەرهەقکرد. ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی نەزانین عوزر نیە، چونکە خۆی کەمتەرخەم بووە لە فێربووندا، دەبوو پێش ئەوەی داوەریی بکات ئەوەندە زانستی فەرز فێر ببێت کە پێویستی پێدەبێت. فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی ڕەفتارو کردار بێ‌بوونی زانست و فەرزبوونی زانستی پێش دەسبەکاربوونی قسە و کردەوە.

ئاگاداریت لەم باسەدا دووجار ئاماژە بۆ ئەوەکرا کە نەزانین عورز نیە، ئەمە باسێکی دوور و درێژی لەسەرە، کە بەکتێبێکی سەربەخۆ إِنْ شَاءَ اللَّه دەکەوێتە بەردەست.

---

[١] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: خاوەن سونەنەکان گێڕاویانەتەوە و حاکمیش بەصەحیحی ناساندووە. بەڵام ئەلبانی رحمەالله لە (إرواء الغليل)دا دەفەرموێ: لە (السنن الكبرى) نەسائی نەمدیووە، لای ئەوانی تر هەیەو سەحیحە. (ئەبوداود (٢٥٧٣)، ئیبنو ماجە (٢٣١٥)، بەیهیقی (١١٦/١٠)، حاکم (٤٠٩٠) بۆ ئەمیشیان ئەلبانی لە (الإرواء/ ٢٦١٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

## سێیەم:بەڵگەی کۆڕا (ئیجماع):

کۆڕای زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەیە کە ووتن و کردەوە پێشزانین حەرامە و فێربوونی زانستی شەرعی پێش دەستبەکاربوونی گوفتارو کردارە.

دەریاوانی زانست (شیهابوددینی قورافی مالیکی رەحمەتی خوای لێبێت کە ساڵی ٦٨٤ ك. کۆچی دوایی کردووە) لە کتێبەکەیدا (الفروق) لە جیاوازی نەوەد و سێیەمدا دەفەرموێ: (شافیعی لە (الرسالة) کەی و غەززالی لە (إحياء علوم الدين)دا کۆڕا (ئیجماع)یان نقڵ کردووە کە: موکەللەف (باڵغ و ژیر) بۆی نییە دەست بداتە کارێك هەتا نەزانێت حوکمی خوای گەورە بەرامبەری چییە؟ هەرکەسێك کەوتە فرۆشیاریی، فەرزە لەسەری ئەحکامی شەریعەتەکەی خوا دەربارەی کڕین و فرۆشتن بزانێت. هەرکەسێك شتێکی بە کرێ دەدا، فەرزە لەسەری ئەحکامی شەریعەتەکەی خوا دەربارەی بەکرێدان بزانێت، هەرکەسێك پارەی بە قەرز دەدا بە خەڵکی، فەرزە لەسەری ئەحکامی شەرعی خوا دەربارەی قەرزدان بزانێت، هەر کەسێك نوێژی دەکرد فەرزە لەسەری ئەحکامی شەرعی ئەو نوێژەی بزانێت کە نیازێتی بیکات، هەروەها پاکژیی و دەستنوێژ و هەموو گوفتارو کردارەکانی تر، هەر کەسێك فێربوو، زانی و ئینجا کەوتە کار (بە پێی زانستە شەرعییەکەی کە فێربووبوو) ئەوە لەدوولاوە ملکەچی بۆ خوای گەورە دەربڕیوە، هەر کەسێکیش نە فێربوو نە کاری بە زانستی شەرع کرد ئەوە لە دوولاوە سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کردووە، هەر کەسێکیش فێربوو بەڵام بە پێی زانستی شەرع (کە فێربووبوو) ڕەفتاری نەکرد ئەوە لە لایەکەوە گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورەی کردووە و لە لایەکی ترەوە سەرپێچی لە فەرمانی خوای گەورەدا کردووە.

بەڵگەی ئەم ڕێسایە لە قورئاندا فەرمایشتەکەی نووحە سەلامی خوای لێبێت کە خوای گەورە دەیگێڕێتەوە: (أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ) هود/٤٧ واتە:خوایە پەنا بە خۆت دەگرم کە شتێکت لێ پرسم (لە پاڕانەوەدا) کە خۆم نەزانم داواکردنی جائیزە

یان نا.. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جائیزە نییە موسوڵمان لە پاڕانەوەیدا داوای شتێك لە خوای گەورە بکات کە نازانێت لە شەرعدا داواکردنی شیاوە یان نەشیاوە، چونکە لە ئایەتەکانی تردا دەردەکەوێت کە خوای گەورە گلەیی ئەوەی لێکرد کە بۆچی لە خوا پاڕایەوە تا کوڕەکەشی لە کەشتیەکەدا سواربکات.. گلەییەکەی لەبەر ئەوەیە کە پێش ئەوەی بزانێت حوکمی خوای گەورە لە داواکاری وادا چییە داوایکرد! گلەیی وەڵامەکە بەڵگەیە لەسەر فەرزبوون و زانین پێش دەستپێکی گوفتارو کردار.

هەروەها ئەو فەرموودەیەی:(طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) رواه ابن ماجه[1] واتە: فێربوون لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرزە. شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (زانستی شەرعی دوو بەشە: فەرزی عەین و فەرزی کیفایە، فەرزی عەین ئەوەیە کە دەبێ حوکمی شەرعی ئەو حاڵەتەتە بزانیت کە تێیدایت، کیفایەش ئەوانەی غەیری ئەوەیە).[2]

**پوختەی باس:**

بەڵگەکانی ڕابردوو لە قورئان و سووننەت و کۆڕا (ئیجماع) کە قوڕافی نەقڵیکردن هەموو تەئکید لەوە دەکەنەوە کە وەرگرتنی زانستی شەرعی پێش دەستبەکاربوونی ڕەفتار (گوفتارو ڕێسا یان کردار) فەرزە دەستبەکاربوون پێش زانینی حوکمی شەرعی حەرامە.

زۆرمان بەڵگە لەسەر ئەم ڕێسایە هێنایەوە (فەرزێتی فێربوون پێش دەستبەکاربوونی ڕەفتارو حەرامێتی دەستبەکاربوون پێش زانین) تا ئەوە لە دڵ و هۆش و بیری موسوڵماناندا بە تەواویی بچەسپێت تا پێوەی پابەندبن و لە دەستپێکی هەر کار و بارێکیاندا ڕەچاوی بکەن، بۆ ئەوەی هیچ گوفتار یان کردارێك دەرنەبڕن تا بەڵگەیان دەبێت، هیچ گوفتارو

---

[1] ئیبنوماجە/٢٢٤ شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح ابن ماجه)دا بە سەحیحی داناوە.
[2] القرافي: (الفروق) (٢/١٤٨-١٤٩) چاپی دار المعرفة.

کردارێکیش لە کەس وەرنەگرن تا بەڵگەی شەرعی نەبێت. پابەندبوون بەم ڕێسایەوە خێری زۆر گەورەی موسوڵمانانی تێدایە إِنْ شَاءَ اللَّه. چونکە ڕێگرە لە بیدعەچی و گومڕا و خەڵکی نامەسئوول کە لە خۆیانەوە بێ هەبوونی بەڵگە و زانستی شەرعی قسە لەسەر دینەکە دەکەن.. خواش پشت و پەنا بێت.. آمین.

کە ئەم ڕێسایەت بۆ ڕووندەبێتەوە ئینجا دەزانیت موسوڵمانانی ئەم زەمانە چەند ئیهمال و کەمتەرخەمن. ئەمە هۆی سەرەکی ئەو گەڕەلاوژێیانەیە کە هەر کەس لای خۆیەوە بە نەزانی -بەبێ هەبوونی بەڵگە و زانستی شەرعی- دەکەوێتە گوفتارو کردارنواندن و نیشاندان و هاندان بێگوێدانە حەڵاڵێتی و حەرامێتی، تەنانەت دەبینیت کابرایەك موسوڵمانە و ساڵەهایە کاسبی دەکات کەچی نەیپرسیووە ئایا خودی کاسبیەکەی حەڵاڵە یان حەرامە؟!

ئەم کەمتەرخەمیە وەنەبێت هەر درم و پەتای ناو عەوام بێت، ئەمە لە ناو ئەهلی زانستی شەرعیشدا هەیە. دەبیستیت فەتوا دەردەکات، یان کتێبێکی شەرعی! دادەنێت و ڕێ بە دەیان ڕێنەدراو دەدات، دەیان شت حەڵاڵدەکات یان دەیان حەڵاڵ حەرامدەکات! بێئەوەی توێژینەوەبکات، بێئەوەی بەڵگەی شەرعی بهێنێتەوە، بێئەوەی خۆی شیاوی ئەو ئاستەبووبێت!! هەندێك لەو هەڕەشە سەختانەمان هێنایەوە کە لەسەر ئەو کەسانەیە کە قسە بە ناوی خواوە بە دەم (شەرعەوە) دەکەن، بێزانست قسەدەکەن، بێزانین دەستبەکار دەبن، ئەم جۆرە کەسانە هۆکاری گومڕایی خەڵکین. خوای گەورە بە هەڕەشەوە دەفەرموێت: (أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ * لِيَوْمٍ عَظِيمٍ) المطففين/٤-٥ واتە: چما ئەمانە گومانی ئەوە نابەن کە ڕۆژێکی دژوارو سەخت دێت، ئەوانی تێدا زیندوودەکرێنەوە؟ هەروەها: (سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ) الزخرف/١٩ واتە: شاهیدییدانەکەیان تۆماردەکەین و دوایش لێیاندەپرسینەوە ..چما ئەگەر سەرەتای ئیلغاکردنەوەی ئەم ڕێسایانە نەبوایە ئەو هەموو گۆڕین و لادان و ئینحرافانەی لە دینەکانی پێشوودا ڕوویدا، دروستدەبوو؟! ئەگەر ئەم دەرگایە ئاوا نەخرایەتە سەرپشت

دین وای لێدەهات؟ دەرگای ڕاو بۆچوون دەربڕین بەبێبەڵگەی شەرعی، دەم لەدینکوتان بێزانین.. لە شوێنێکی تردا إِنْ شَاءَ اللَّه وەکو بەڵگەیەك بۆ ڕاستی قسەکانم باسی هەڵەی هەندێ لە نووسەرەکان دەکەم کە لەم لایەنەوە بەهەڵەدا چوون.

بەم بۆنەشەوە ئامۆژگاری براکانم لە داعی و ئاڕاستەوانان دەکەم، هەروەها فێرخوازانی زانستی شەرعی کە ئەم مەسەلەیە لە ناو خەڵکیدا بڵاوبکەنەوەو بایەخی تەواوی پێبدەن. واتە فەرزێتی هەبوونی زانستی شەرعی پێش دەسبەکاربوونی گوفتارو کردارو حەرامێتی دەسبەکاربوونی گوفتارو کردار پێش بەدەستهێنانی زانستی شەرعی و هەبوونی بەڵگە. بڵاوکرنەوەی ئەمە إِنْ شَاءَ اللَّه دەبێتە مایەی بڵاوکردنەوەی سەر لەنوێی زانستی شەرعی لە نێو موسوڵماناندا، ئەمەش بوارێکی خێرخوازیی و بەرەو بەهەشتچوونە إِنْ شَاءَ اللَّه

**(پیرخستنەوەیەک):**

## شەرع تا ڕۆژی قیامەت بەرژەوەندییەکانی مرۆڤی ڕەچاو کردووە:

شەرع بەرژەوەندی خەڵکی تا قیامەت بەردەوام دەهێنێتە دی، ئەوە بزانە کە ڕێسای: (فەرزێتی زانین پێش گوفتارو کردار) لەسەر هەموو کۆمەڵ و دەستە و دەوڵەتێك دەچەسپێت، هەروەکو کە لەسەر تاکتاکیان دەچەسپێت. لەمەش دڵنیابە کە ئەمە مانای وایە کە شەریعەتی ئیسلام بەردەوام وەڵامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ئەحکامدا تا قیامەت دەداتەوە، تاکتاکبن یان کۆمەڵگەو دەوڵەت. هەموو بەرژەوەندییەکان -چ دنیایی بێت چ قیامەتی- دەهێنێتە دی. ئەگەر ئاوا گشتگیریی هەموو کات و شوێنێك نەبوایە ئەو ڕێسایە هەڵدەوەشایەوە کە دەفەرموێ: (زانین پێش گوفتارو کردار فەرزە). زانینی حوکمی شەرعی لە هەموو کارو ڕەفتارێکدا ئەوە دەسەلمێنێت کە شەریعەتی ئیسلام شیاوی هەموو کات و شوێنێکە.

بەڵگە لەسەر شیاوێتی شەرع بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی خەڵکی لە هەموو کات و شوێنێك زۆرە، لەوانە:

١- ئایەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا) النساء/٥٩ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە گوێڕایەڵی خوای گەورەو گوێڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەرپەرشتیارانی خۆتان بکەن -کە لە خۆتانن- لە هەر شتێکیشدا ناکۆکی کەوتەنێوانتان بگەڕێنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەگەر ڕاستدەکەن و باوەڕتان بەخواو بەڕۆژی دوایی هێناوە، خۆ ئەوەتان باشترە، ئەمە باشترین هەڵوێستە.

ئیبنولقەیم دەفەرموێ: (کە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ) ئەگەر لە شتێکدا ناکۆکبوون، شتێك نەزانراوە (نکرە)یەو لە ڕستەی مەرجدا (فَإِن) ئەگەر هاتووە،

کەوابوو هەر هەموو شتێك دەگرێتەوە، کە موسوڵمان لە ناوخۆیاندا لەگەڵ غەیرەدا لەسەری ناکۆکدەبن، لە هەموو باس و حوکمێکی ووردو درشتی دینەکەدا، ئاشکراو پەنهان. ئەگەر قورئان و سووننەت بەسنەبوونایە بۆ چارەسەری کێشەو یەکلاییکردنەوەی داوەریی نەیدەفەرموو بگەڕێنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (کە گەڕانەوەیە بۆ قورئان و سووننەت). شتێکی ئەستەمە خوای گەورە فەرمانبدات کە بۆ چارەسەری کێشەو یەکلاکردنەوەی کێشەی موسوڵمانان بگەڕێنەوە بۆ لایەك کە چارەسەری لا نەبێت.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە زانایان لەمەدا ڕاجویێ نین کە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە گەڕانەوەیە بۆ ئەحکامی قورئانی پیرۆز، گەڕانەوەش بۆ لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەڕانەوەیە بۆ سیرە و سووننەتی جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای کۆچی دوای کردنی خۆی.[1]

هەروەها ئیبنولقەیم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەربارەی گشتگیری و شیاوێتی شەریعەت بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی تا ڕۆژی دوایی دەفەرموێ: ئەم بنەمایە گرنگترین و بەسوودترین بنەماکانی ئیسلامە، کە یەك ڕێسا دەچەسپێنێت، کە پەیامی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گشتگیری هەموو لایەنێکی پێداوویستی خەڵکییەو شیاوی هێنانەدیی هەموو بەرژەوەندییە بەردەوامەکانیانە.. هەرچی شتێك خەڵکی موحتاجی بن - لە بوارەکانی زانست و زانیاری و دید و هەڵوێست و گوفتارو کردار- لە شەریعەتەکەی خوادا دەستیاندەکەوێت، چونکە خوای گەورە نەیهێشتووە عەبدە موسوڵمانەکانی موحتاجی هیچ کەس و لایەن و بەرنامەیەك بکات، ئاتاجێتی ئەوان تەنها لەوەدایە کە کێ

---

[1] أعلام الموقعين (١/٤٩).

فێریانبکات؟ کێ ئەحکامەکانیان بۆ ڕوونبکاتەوە؟.. پەیامی خوای گەورە دوو سیفەتی گشتێتی لەخۆدەگرێت کە هەر بە گشتێتی دەمێنێتەوە و تایبەت ناکرێت: گشتیە بۆ هەموو خەڵکی، کە بۆیان هاتووە، لەوەدا گشتیە کە هەموو لایەن و بوارێکی پێداویستیەکانیان دەگرێتەوە و شیاوی هەموو تەفسیلاتێکیانە.

لە دید و هەڵوێست، لە دین و دینداریی، لە ئوصوڵ و لقەکانی ئەحکامەکاندا ئەمە -کە شەرع پەیامێکی گشتگیری شیاوە- ئەوە دەسەلمێت کە موسوڵمانان پێویستیان بە غەیری ئەم بەرنامەیەی شەرع نییە، باوەڕهێنانی تەواوو دامەزراوو پتەو ئەوەیە کە لەوە دڵنیابن کە شەرع ئەم دوو سیفەتە گشتێتیەی لە خۆگرتووەو مەحاڵە تایبەتبکرێن.. کەسێك نییە لە هیچ کات و شوێنێکدا موکەللەف (باڵغ و ژیر بێت) و ئەحکامی شەرع نەیگرێتەوە. لایەنێکی ژیانیش نییە کە ئاڕاستەی حەق و ڕەوا بووبێت و لە شەرعدا دەستی نەکەوێت..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد کە هیچ شتێك نەمابوو بۆ ئوممەتەکەی باس نەکردبێت، تەنانەت باسی باڵندەکانی ئاسمانیشی بۆکردبوون، هەموو ڕەفتارێکی فێرکردن تەنانەت دەسبەئاوگەیاندن و چۆنێتی نووستن و سەرجێی و هەستان و دانیشتن، خواردن و خواردنەوە و سواریی و پیادەڕۆشتن، سەفەرو مانەوەو بێدەنگی و قسەکردن و گۆشەگیریی و تێکەڵاویی، بارودۆخی دەوڵەمەندیی و هەژاریی و لەشساغیی و نەخۆشی، هەر هەموو ئەحکامی ژیان و مردن، باسی عەرشی خوای گەورە و کورسی و فریشتەو جنۆکەو بەهەشت و دۆزەخ و حاڵەتەکانی ڕۆژی قیامەت و ڕووداوەکانی، بە شێوەیەك کە وەکو لەبەرچاو بێت و ببینرێت. خوای گەورەی پێناساندن تا بزانن ئەو پەرستراویانە، تاك و پاك، بە دەسەڵات و توانا، زاناو دانا، دەتووت لە خزمەتیدان و دەیبینن، تەماشای دەکەن و لەگەڵی دەدەوێن.. پێغەمبەرانی پێناساندن، شارەزای ناوو شوێن و سیفاتی ئوممەتی کردن، کە چیان لێ بەسەر هات و چۆن ژیان و مردن، هەر وەکو ئەوەی ئەمان لە ناویاندا بووین و ڕزگار بووبن! ڕێبازی خێرو شەڕی پێناساندن، ووردو درشتی بۆ شیکردنەوە. وەکو پێغەمبەرانی پێشوو سەلامی خوایان لێبێت و زیاتر دید

و هەڵوێستی حەق و حەقخوازی پێناساندن و هانیدان بیگرنەبەر.. باسی مەرگ و حاڵەتی سەرەمەرگ و گیانکێشان و بەرزەخ و ژیانی ناوگۆڕی بۆ کردن کە دەشێت شوێنی بەختەوەیی یان دەردەسەریی عەبدەکە بێت، دەشێت خۆشی و ناخۆشی ڕۆح و جەستە بێت، هیچ پێغەمبەرێکی پێشوو سەلامی خوایان لێبێت بەو تەفسیلاتە ئەوانەیان بۆ قەومەکانی خۆیان باسنەکردووە...

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەك خواپەرستیی (التوحید)ی پێناساندن، بۆی پێناسەکردن، بۆی ڕاڤەکردن و بەڵگەی خواناسیی و پێغەمبەرێتی و بەڵگەی زیندووبوونەوەی خستەبەردەستیان، بە بەڵگە لەبەرچاویان هەموو گومانی کوفر و کافرانی ڕەواندەوەو گومڕایانی وادەرخست کە کەس لە دوای خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێویستی بە بەڵگەی تر نەبێت، مەگەر کەسێك پەیام و بەڵگەکانی هێشتا پێنەگەیشتبێت.. ئینجا ئاشتیی و بانگەوازو جیهادی فێرکردن، تەفسیلاتی جەنگ و ڕوووبەڕووبوونەوە، پلان و پیلانی دوژمنان و هۆکاری سەرکەوتن و بەزین، مەرجی سەرکەوتن کامانەن کە هەر کاتێك گیرانەبەر سەرکەوتنەکە مسۆگەر دەکەن و شایانی و سزای شکست نابن.. هەروەها دوژمنی سەرەکی تاك و کۆی خۆیانی پێناساندن کە ئیبلیسە، وەسوەسەو شێوازی فریودان و چەواشەکارێتیەکەی چۆن دنەدەدات و دەبێتە مایەی گومڕایی و لەڕێلادان، هەروەها فێریکردن چۆن خۆی لێدەپارێزن و بەسەریدا زاڵدەبن، هەر هەمووی بە تەفسیلاتێك کە کەس پێویستی بە زیادە زانیاری تر نابێت دەربارەی.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەفسی خۆیانی ناساند، جۆرو سیفاتی نەفس و فاکوفیکی، پێچاوپێچیەکانی دەروونیان، نەخۆشیەکانی ناخیان.. ئینجا ڕەسەنێتی ڕەوشتیان و چۆنێتی هەڵسوکەوتی ژیانیان، کە هەر کەس و کۆمەڵێك پێوەی پابەندبێتەوە ژیانی دونیایی بە جوانترین شێوە دەچێتە سەر..

بە شێوەیەکی گشتی هەرچی خێری دنیا و قیامەتە بۆ ئوممەتەکەی ڕوونکردەوە و خوای گەورەش وایکرد کە ئوممەتەکەی پێویستی بە هیچ و بە کەس نەبێت، هەموو پێداویستیەکانی خۆیان بەخۆیان چارەسەر بێت، ئیتر چۆن دەشێت کەسانێك شەریعەتی تەواوگشتگیری ئەم ئیسلامە -کە هاوشێوەی لە دنیادا نەهاتووە- بە نوقسان دادەنێن و پێیانوایە کە پێویستی بە ئەحکامی ترە، تا تەواوی بکات یان بە (قیاس) و (حەقیقەت) و (معقول)اتی تری دەرەکی هەیە؟! هەر کەسێك گومانی وای هەبێت ئەوە پێی وایە کە خەڵکی پێویستیان بە پێغەمبەرێکی تر هەیە. هۆکاری ئەم گومانە نەزانین و سادە تێگەیشتنی خاوەن گومانەکەیە لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە یاوەرانی بەڕێزی لەسەر گۆشکران و دڵنیابوون ئەویان بەسەو دەستبەرداری هەموو دیدو هەڵوێستێکی تری غەیرەبوون، ئاواش دڵان و وڵاتانیان فەتحکرد .. لە هەموو کات و شوێنێکدا دەیان فەرموو ئەوە پەیامی پێغەمبەرەکەی خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئێمەو پەیامی ئێمەشە بۆ ئێوە..

سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت لە سەردەمی خۆیدا نەیدەهێشت هەموو خەڵکی هەموو کاتیان بە فەرموودەوە خەریك بکەن،نەبادا قورئان فەرامۆشکەن.. جا ئەگەر سەیدنا عومەر ئائەمەی ببینیایە کە ئاوا خەڵکی لەبەر ڕاو بۆچوونی خۆیان هەم مەشغووڵن و هەم بەخڵتەو پڵتەی بیروهۆشی خۆیانەوە ئەوەندە خەریکن، بێکاتن، ناپەرژێنە سەر قورئان و فەرموودە)![1] خوا بمان پارێزێ.

خوای گەورە دەفەرموێ: (أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ)العنكبوت/٥١ واتە: مەگەر ئەوەندەیان بەس نییە کە ئێمە کتێبێکمان بۆ ناردوونەتە خوارەوە، کە بەسەریاندا دەخوێندرێتەوەو هەستپێدەکەن و

---

[1] ئیبنولقەییم رحمەاللە (کە لە ساڵی ٧٥١ ك. کۆچی دواییکردووە) ئەمەی لە زەمانی خۆیدا باسکردووە..! جا ئەگەر لە زەمانی ئێستای ئێمەو لە کوردستاندا بووایە چی دەفەرموو؟!

دەستەوسانیش وەستاون لە بەرامبەریدا، ئەمە هەمووی ڕەحمەت و بەخشندەیی و بەزەیی خوای پەروەردگارو بیرخەرەوەی کەسانێکە کە باوەڕبهێنن..

هەروەها: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ)النحل/٨٩ واتە: قورئانمان بۆ ناردوونەتە خوارەوە کە ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکی تێدایەو ڕێنمایی و بەزەیی و ڕەحمەت و مژدەیە بۆ موسوڵمانان: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِّمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ) يونس/٥٧ واتە: هۆ خەڵکینە، ئامۆژگاریەکتان لە خوای خاوەنتانەوە بۆ هاتووە کە چارەسەری لاسەنگییەکانی ناختانی تێدایەو ڕێنمایی و ڕەحمەتە بۆ باوەڕپێهێنەرانی) ..کۆتایی قسەکانی ئیبنولقەیمە ڕەحمەتی خوای لێبێت.[١]

لەمەی ڕابورد بۆت ڕوونبۆوە کە فەرزە زانین پێش گوفتارو کردار بکەوێت. واتە زانینی حوکمی شەرع لە هەموو دیدو هەڵوێست و ڕەفتار (گوفتارو کردارێکدا) پێش دەستپێکردنە، ئەوەشت بۆ ڕوونبۆوە کە پەیامی ئەم دینە گشتگیرەو وەڵامی هەموو حوکمێکی خەڵکی دەداتەوە، کە ڕۆژانە هەتا ڕۆژی دوایی پێوویستیان پێیەتی، دەتوانن بۆ هەموو لایەنێکی ژیانیان حوکمێکی شەرع وەرگرن. غەیری ئەمەش لە موسوڵمانان قبوڵ ناکرێت، چونکە نەپێغەمبەرێکی تر دوای محمد المصطفی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دێت و نەیاساو ڕێسایەکیش بۆی هەیە جێی شەرع بگرێتەوە.

مادام زانین پێش دەسبەکاربوون فەرزە، ئایا موسوڵمانان دەبێت هەموو زانستە شەرعیەکان بزانێت؟ ئایا دەبێت هەموو ئەحکامەکانیان بزانێت؟ یان دەشێت هەندێك لە ئەحکامەکان فێربێت، کە زەروورین؟

---

[١] إعلام الموقعين (٣٧٥/٤- ٣٧٧).

ئەگەر لەسەر موسوڵمان فەرزە هەندێك ئەحكام فێرببێت؟ ئایا ئەو بڕەزانستییەی شەرع چەندە كە فەرزە فێری ببێت؟ وەڵامی ئەمە وا لەباسی داهاتوودا إِنْ شَاءَ اللَّه.

## باسی سێیەم

## پێناسەی ئەو زانستیە شەرعییەی کە فێربوونی فەرزی عەینە

ئەو زانستیە شەرعییەی کە فێربوونی لەسەر موسوڵمانان فەرزی عەینە مادام موکەللەفن (باڵغ و ژیر)بێت ئەوەیە کە ئەو فەرزانەی پێ جێبەجێ دەکرێت کە لەسەری فەرز بوون.

ئەمە پێناسەی ئەو زانستیەیە کە فێربوونی فەرزی عەینە لەسەر موسوڵمانی باڵغ و ژیر کە ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێت کردویتی، پێشتریش لە بەندی یەکەمدا هێنامانەوە کە دەفەرموێ: (ئەو زانستیە شەرعییە فێر بوونی فەرزی عەینە بریتییە لە زانینی ئەو ئەحکامانەی کە فەرزەکانی سەر موکەللەف بەبێ ئەوان جیبەجێ ناکرێت).[١]

ئەم پێناسەیەم لە نێوان پێناسەکانی تری شەرعناساندا هەڵبژارد کە لای زۆرینە پەسەندترە پێناسەی زانایانی تر بۆ ئەو زانستیەی فەرزی عەینە زۆر جوانن، لەوانە هەندێکیمان لە بەندی یەکەمدا هێنابووەوە.

- پێناسەی ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێت بۆ فەرزی عەین: زانستی شەرعی ئەوە بوو کە (زانستیەکی گشتیە ناشێت کەسێکی باڵغ و ژیر نەیزانێت.. وەکو پێنج فەرزەکەی نوێژ، وەکو ڕۆژو گرتنی مانگی ڕەمەزان بۆ خواو حەجی ماڵی خوا لەسەر هەموو کەسێك توانای هەبوو، هەروەها فەرزی زەکات لەسەر سەروەت و سامانی موسوڵمانان ئینجا ئەوانەی لێیان حەرامکراوە: زینا، قەتڵ، دزین، شەراب نۆشین و هەرچی لەم شێوە ڕەفتارانەن، کە خوای گەورە تەکلیفی لە عەبدەکانی خۆی کردووە کە دەبێ فێر بن،

[١] النووي: المجموع (٢٤/١).

بزانن، تا ڕاست ئەنجامی بدەن و لە سامانیان دەریکەن و ڕەفتار و ڕەوشتیان لە حەرامکراوەکان بگرنەوە).[١]

- پێناسەی عبدالله کوڕی موبارەك ڕەحمەتی خوای لێبێت کە دەیفەرموو: (فەرزی عەین لە زانستی شەرعیدا ئەوەیە کە نابێت هیچ کەس نەیزانێت) هەروەها دەفەرموێ: فێربوون فەرزە لەو کاتەدا کە مەسەلەیەکی بۆ دێتە پێش و نازانێت حوکمی شەرع دەربارەی چییە، لێرەوە فەرزە لەسەری بپرسێت و فێری ببێت). هەروەها دەستبەکاری هیچ شتێك نەبێت پێش ئەوەی حوکمە شەرعییەکەی فێر نەبوو بێت، پرسیاری دەربارەی بکات و کەلامەکەی فێر بێت، ئەمە ئەو فەرزەیە لە زانستی شەرعی کە دەبێ هەموو کەسێك فێر بێت).[٢]

- ئیمامی مالیك ڕەحمەتی خوای لێبێت دەیفەرموو: (فەرزی عەینی زانستی شەرعی ئەوەیە کە لە سپێدەی بەیانییەوە تا ئێوارە پێویستە بە زانینی، هەروەها لە کاتی ئێوارەوە تا سپێدەی بەیانیت چ ئەحکامێکت پێویست بوو فەرزە لەسەری فێری ببیت، هیچ زانستێکی تر وە فەرزە بۆشی).[٣]

- ئیمامی ئەحمەدیش ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە پێناسەیدا لە وەڵامی پرسیارێکدا کە چ زانستێك لەسەر موسوڵمانان فەرزە فەرمووی: (هەرچی شتێك کە فەرزە دینیەکانی سەرشانی پێ جێبەجێ دەبێت وەکو نوێژ و ڕۆژو و زەکات و دروشمەکانی تری ئیسلام، کە حەتمەن فەرزە لەسەری فێر ببێت).[٤]

---

[١] الرسالة: لاپەڕە (٣٥٧)..

[٢] خەتیبی بەغدادیی هەموو ئەمەی نەقڵ کردووە لە (الفقيه والمتفقه. ب-١ ل-٤٥).

[٣] الفقيه والمتفقه: (٤٦/١).

[٤] هەمان سەرچاوە: (٤٦/١).

- ئیمامی ئیبنوتەیمیە رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: (ئەوەی فەرزە لەسەر یەك یەكی موسوڵمانان ئەوەیە کە خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەری و ئەوەش کە بەرهەڵەستی کردووە لێی).[١]

دەبینیت پێناسەکەی ئەووی رەحمەتی خوای لێبێت لە پێناسەی هەمووان گشتگیرترە بۆیە ئەومان هەڵبژارد، ئەم زانستە فەرزەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت کە دواتر إِنْ شَاءَ اللَّه لە بەشەکانی فەرزی عەین باسی دەکەین.

[١] مجموع الفتاوى (٢٨ -٨٠).

## باسی چوارەم

# بەڵگە لەسەرفەرزێتی وەرگرتنی (ئەو زانستیە شەرعیەی کە فەرزی عەینە)

### بەڵگە لەسەرفەرزێتی فێربوونی ئەوزانستانەی کە فەرزی عەینن:

لە باسی دووەمدا (فەرزبوونی زانین پێش ڕەفتار) هەندێك بەڵگەمان لەسەر فەرزێتی وەرگرتنی ئەو زانستە شەرعیانە هێنایەوە لەسەر موسوڵمان فەرزن فێریانببێت، کە لە قورئان و سووونەت و کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتەوە وەرگیراون. وەکو ئایەتی: (لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ)الحجرات/١و (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ)النحل/٤٣ و بەڵگەکانی تر کە هەموویان تەئکیدیان لەسەر فەرزێتی زانین پێش ڕەفتار کردووە. لێرەدا جگە لەوانەی لەوێ باسمانکردوون، هەندێك بەڵگەی تر دەهێنینەوە کە ئەمانیش فەرزێتی (زانین پێش ڕەفتار) دەسەلمێنن، هەروەها زەروورەتی فێرکردنی خەڵکی..

فەرموودەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە دەفەرموێ: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ).[١] واتە: فێربوونی زانست فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك.

٢- فەرموودەی (ارْجِعُوا إِلَى أَهْلِيكُمْ فَعَلِّمُوهُمْ...).[٢] واتە: بگەڕێنەوە ناو کەس و کارتان و فێریان بکەن، هەموو ڕیوایەتەکە لە زۆر شوێندا بوخاریی هێناویتیەوە وەکو: کتاب

---

[١] نوسەری بەڕێز نوسیویێتی: (ئیبنوماجە لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویتیەوە لە زۆر ڕێگاوە بە زەعیفی ڕیوایەت کراوە، سیوطی دەفەرمووێ: بە کۆی ڕێگاکان دەچێتە پلەی صەحیح) بەڵام ئێمە لە پەراوێزی ژمارە (٢)دا نوسیمان: ئیبنوماجە/٢٢٤ شێخی ئەلبانی رحمە الله لە (صحيح ابن ماجە)دا بە سەحیحی داناوە.

[٢] بوخاری(٦٨٥) لە ریوایەتێکی تریدا (٦٣١) دەفەرموێ: (ارْجِعُوا إِلَى أَهْلِيكُمْ فَعَلِّمُوهُمْ وَمُرُوهُمْ) ئەمەش دەقی هەموویەتی: (عَنْ مَالِكِ بْنِ الْحُوَيْرِثِ قَالَ أَتَيْنَا النَّبِيَّ ﷺ وَنَحْنُ شَبَبَةٌ مُتَقَارِبُونَ، فَأَقَمْنَا عِنْدَهُ عِشْرِينَ لَيْلَةً، فَظَنَّ أَنَّا اشْتَقْنَا أَهْلَنَا، وَسَأَلَنَا عَمَّنْ تَرَكْنَا فِي أَهْلِنَا، فَأَخْبَرْنَاهُ، وَكَانَ رَفِيقًا رَحِيمًا فَقَالَ

الآذان و كتاب الجهادو كتاب الأدب و كتاب أخبار الآحاد)..ئەمەش یەكێكیانە: (عَنْ مَالِكِ بْنِ الْحُوَيْرِثِ قَالَ قَدِمْنَا عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَنَحْنُ شَبَبَةٌ فَلَبِثْنَا عِنْدَهُ نَحْوًا مِنْ عِشْرِينَ لَيْلَةً وَكَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَحِيمًا فَقَالَ لَوْ رَجَعْتُمْ إِلَى بِلَادِكُمْ فَعَلَّمْتُمُوهُمْ مُرُوهُمْ فَلْيُصَلُّوا صَلَاةَ كَذَا فِي حِينِ كَذَا وَصَلَاةَ كَذَا فِي حِينِ كَذَا وَإِذَا حَضَرَتْ الصَّلَاةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ وَلْيَؤُمَّكُمْ أَكْبَرُكُمْ )[١] واتە: مالیكی كوڕی حوەیریث خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: هاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەموومان گەنج بووین، نزیكەی بیست شەوێک لە خزمەتییدا ماینەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر بە بەزەیی و دڵنەرمبوو، پێی فەرمووین: ئەگەر گەڕانەوە ناوچەكانی خۆتان فەرمانیان پێبدەن با نوێژەكانیان بكەن، نوێژی فلانی لە فلانكاتدا بكەن و نوێژی فلانی تر لە فلان كاتیتردابكەن، كە كاتی نوێژەكە هات با یەكێكتان بانگەكە بدات و ئەوەتان كە گەورەترتانە با ئیمامەتییەكەتان بۆ بكات. لە ڕیوایەتێكی تردا دەفەرموێ: (ارْجِعُوا إِلَى أَهْلِيكُمْ فَعَلِّمُوهُمْ وَمُرُوهُمْ) واتە: بگەڕێنەوە ناو كەسوكاری خۆتان و لە ناویاندا بمێننەوە، تا فێریان كەن و فەرمانیان پێبدەن.

٣- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە وەفدەكەی عەبدولقەیسی فەرموو: (احْفَظُوهُ وَأَخْبِرُوهُ مَنْ وَرَاءَكُمْ) واتە: باسی ئیمانەكە لەبەركەن و ئەوانەی پشت خۆشتان (كە لە ناویاندا دەژین) فێركەن. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

---

[١] ارْجِعُوا إِلَى أَهْلِيكُمْ فَعَلِّمُوهُمْ وَمُرُوهُمْ، وَصَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي، وَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلاَةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ، ثُمَّ لِيَؤُمَّكُمْ أَكْبَرُكُمْ). لای موسلیمیش (٦٧٤)ە.

فەرمانیپێدان کە ئەوەی جەنابی فێری کردوون با لەبەری بکەن و بە قەومەکەی خۆیانی رابگەیێنن.

بوخاری رحمەالله لە: (کتاب العلم/ باب ٢٥)دا :( باب تحريض النبي ﷺ وفد عبد القيس على أن يحفظوا الإيمان والعِلمَ ويخبروا مَنْ وراءهم) مالیکی کوڕی حوەیریث فەرمووی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرمووین: (ارْجِعُوا إِلَى أَهْلِيكُمْ فَعَلِّمُوهُمْ).

پاشان بوخاری بە سەنەدەوە لە ئیبنوعەباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (إِنَّ وَفْدَ عَبْدِ الْقَيْسِ أَتَوُا النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ " مَنِ الْوَفْدُ . أَوْ مَنِ الْقَوْمُ ". قَالُوا رَبِيعَةُ. فَقَالَ " مَرْحَبًا بِالْقَوْمِ . أَوْ بِالْوَفْدِ . غَيْرَ خَزَايَا وَلاَ نَدَامَى ". قَالُوا إِنَّا نَأْتِيكَ مِنْ شُقَّةٍ بَعِيدَةٍ، وَبَيْنَنَا وَبَيْنَكَ هَذَا الْحَىُّ مِنْ كُفَّارِ مُضَرَ، وَلاَ نَسْتَطِيعُ أَنْ نَأْتِيَكَ إِلاَّ فِي شَهْرٍ حَرَامٍ فَمُرْنَا بِأَمْرٍ نُخْبِرْ بِهِ مَنْ وَرَاءَنَا، نَدْخُلُ بِهِ الْجَنَّةَ. فَأَمَرَهُمْ بِأَرْبَعٍ، وَنَهَاهُمْ عَنْ أَرْبَعٍ أَمَرَهُمْ بِالإِيمَانِ بِاللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَحْدَهُ. قَالَ " هَلْ تَدْرُونَ مَا الإِيمَانُ بِاللَّهِ وَحْدَهُ ". قَالُوا اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ " شَهَادَةُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَنَّ محمدا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامُ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءُ الزَّكَاةِ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ، وَتُعْطُوا الْخُمُسَ مِنَ الْمَغْنَمِ ". وَنَهَاهُمْ عَنِ الدُّبَّاءِ وَالْحَنْتَمِ وَالْمُزَفَّتِ. قَالَ شُعْبَةُ رُبَّمَا قَالَ النَّقِيرِ، وَرُبَّمَا قَالَ الْمُقَيَّرِ. قَالَ "احْفَظُوهُ وَأَخْبِرُوهُ مَنْ وَرَاءَكُمْ").[1] واتە: وەفدێکی هۆزی عبدولقەیس هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی وەفدی کێن؟ ئێوە کێن؟ وتیان لە ڕەبیعەین، فەرمووی بەخێرهاتن، وەفدێکی بەڕێزن، پێشوازی کردنیان شوورەیی نییە و دیداریان پەشیمانی لە دوا نییە، وتیان ئێمە لە شوێنێکی دوورەوە دێینە خزمەتت، لە نێوان ناوچەی ئێمە و ئێوەدا کافرەکانی هۆزی (مُضَرَ) هەن کە دوژمنایەتیمان لەگەڵیاندا هەیە، بۆیە ناتوانین بێینە خزمەتت مەگەر لە

---

[1] بوخاری (٨٧).

مانگێکی حەرامدا[1] ، جا لەبەر ئەوە فەرمانێکمان پێبدە تا ئێمەش بەو کەسانەی بگەیێنینەوە کە بەجێمان هێشتوون، بەڵکو ئەمە دەبێتە مایەی چوونەبەهەشتمان، ئیتر فەرمانی بە چوارشت پێکردن و بەرهەڵەستی چوارشتی لێکردن: فەرمانیپێدان باوەڕبە تاکوتەنهایی خوابهێنن. فەرمووی ئێوە دەزانن باوەڕهێنان بەتاکوتەنهایی خوای گەورە چییە؟ ووتیان خواو پێغەمبەری خوا دەزانن. ئینجا فەرمووی شایەتمان هێنان (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ محمدا رَسُولُ اللَّهِ) وە نوێژکردن و زەکاتدان و گرتنی ڕۆژوی ڕەمەزان و بەخشینی پێنجیەکی دەسکەوتی غەزاکانتانە کە بیدەنە بەئیتولمال. ڕێی بەکارهێنانی هەندێ شتی لێکردن لەوانە: (الدُّبَّاءِ) و (الْحَنْتَمِ) و (الْمُزَفَّتِ) کە هەرسێکی وەکو گۆزەو کیتەڵەو جامبوون، عەرەب بە گشتی بۆ شەراب بەکاریان دەهێنان، ڕێی ئەمانەی لێگرتن تاڕێی شەراب دروستکردنیشیان لێ بگرێت. ئیبنوحەجەر ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (پاشان ڕێیدان بەسرکە کردنی ئاو (الإنتباذ)[2] لەگەڵ حەرامکردنی شەرابدا).[3]

بەم فەرموودانە ڕیوایەتەکەی ئەنەس و مالیکی کوڕی حوەیرەث وەفدی عبدولقەیس دەردەکەوێت کە فێربوونی زانستی شەرعی فەرمانی پێغەمبەری خوا بووە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. فەرزبووەو هەموو موسوڵمانانی گرتۆتەوە. بەڵام دەبێت ئەم بەڵگانە لەگەڵ بەڵگەکانی تردا ڕیزکرێن و حوکمی کۆتاییان لێوەرگیرێت، چونکە بۆ نموونە لە

---

[1] ئەو چوار مانگە بوو کە عەرەبەکانی زەمانی جاهیلیەت شەڕی ناوخۆیی خۆیانیان تێدا دەوەستاند کە بریتی بوو لە (ذو القعدة ذوالحجة موحەڕڕەم (کە بە دوای یەکدادێن) لەگەڵ مانگی ڕەجەب).

[2] عەرەبەکان لەو سەردەمەدا ئاوی سوێریان زۆرتر دەستکەوت بۆیە خورما یان مێوژیان تێ دەکرد تا کەمێك تامەکەی بگۆڕێت، بەڵام کە زۆر دەمایەوە وەکو سرکەی ترێی لێدەهات، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ زەحمەتنەکردنی ئەرکیان ڕێی بەمەدا بەو مەرجەی نەهێڵن ببێت بەشەراب.

[3] فتح الباری (١/١٣٥).

فەرموودەکەی ئەنەسدا (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ).[١] ووشەی (العلم) تێیدا ناوی توخمە و ئەلف و لامی پێوەیە، کە گشتێتی دەگرێتەوە، واتە هەموو زانستیەك هەیە دەگرێتەوە، ئەگەر بووترێت (ئەلف و لامەکەی (ألف ولام العهدية)یە، واتە پێشتر زانراوە کە چییە) وانییە، پێشتر هیچ نەزانراوە، مەگەر ئەوەی کە یەکسەر هۆش بۆی دەچێت کە (عیلمی شەرعییە).. بەڵام ناشێت ئەم فەرزێتیە هەموو زانستێك بگرێتەوە تەنانەت هەموو زانستە شەرعییەکانیش.

بۆیە دەبێت لەگەڵ بەڵگەکانی تردا دانرێت کە لە باسی دووەمدا (فەرزێتی زانین بێگوفتارو کردار) هێنامانەوە وەکو ئایەتی: (إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ) هود/٤٧ وەکو ئیمامی قوڕافی ئیستیدلالی پێکرد. یان فەرموودەی: (مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ).[٢] ئەم بەڵگانە و کۆڕا (ئیجماع)ەکەی کە قوڕافی نەقڵکرد، هەموو ئەوە دەیسەلمێنێ کە ئەوەی کە فەرزی عەینەو دەبێ هەموو موسوڵمانێك فێری ببێت و بیزانێت ئەوەیە کە فەرزەکانی سەرشانی خۆی پێئەدادەکات، ئەمەش ئەو لەفزی (عیلمە گشتیە) تایبەتدەکات بە فەرزێتی ئەو برە زانستە کە بۆ بەجێهێنانی فەرزەکانی پێویستە.

هەروەها ئەو ئایەتەش تایبەتی دەکاتەوە کە دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ)التوبة/ ١٢٢ فەرموودەکە فەرمان بە هەموو موسوڵمانان دەدات کە زانست فێربن. ئایەتەکەش فەرمان بە هەندێك لە موسوڵمانان دەدات کە زانست فێربن و تێیدا شارەزا بن.. کەوابوو فەرموودەکە فەرزی عەین باس دەکات و ئایەتەکەش

---

[١] ئیبنوماجە لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاوێتیەوە لە زۆر ڕێگاوە بە زەعیفی ڕیوایەت کراوە، سیوطی دەفەرمووێ: بە کۆی ڕێگاکان دەچێتە پلەی صەحیح. لە پەراوێزی ژمارە (٢)دا ووتمان: (ئیبنوماجە/٢٢٤ شێخی ئەلبانی رحمە اللە لە (صحيح ابن ماجه)دا بە سەحیحی داناوە).

[٢] بوخاری (٢٦٩٧)، موسلیم (١٧١٨).

فەرزی كیفایە، وەكو شەرعناسان و زانایان ڕوونیان كردەوە، كە لە بەندی ڕابردوودا هێنامانەوە ..

## باسی پێنجەم

## بەشەکانی ئەوزانستییە شەرعییەی کە فەرزی عەینە

زانستی فەرزی عەین -بە پێی دووبارەبوونەوەی پێویستی پێی- لە ووتن و کارپێکردندا دەبێت بە دوو بەشەوە:

١- ئەوەی کە دەبێت لە سەرەتاوە موسوڵمان فێریببێت، تاکو بتوانێت فەرزەکانی سەرشانی جێبەجێبکات، کە زۆر دووپاتدەبنەوە، هەروەها زانینی ئەحکامی ئەو کەسابەتەی کە دەیکات و پێویستی بە زانینی حوکمی شەرعییە دەربارەی. وەکو سەوداوامامەڵەی کڕین و فرۆشتن. ئەم بەشەش دەبێت بە دوو لق:

أ- ئەو زانستیە شەرعییەی فەرزی عەینە و گشتییە: کە هەموو موسوڵمانێکی موکەللەف (باڵغ و ژیر) دەگرێتەوە لە هەموو کات و شوێنێکدا.

ب- ئەو زانستیە شەرعییەی فەرزی عەینەو تایبەتە: کە هەندێك لە موکەللەفەکان دەگرێتەوە، نەك هەموویان. ئەویش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بە پێی فەرزەکانی سەرشانیان..

٢- ئەمەی کە لە کاتی ڕوودانیدا یان نزیك لە ڕوودانیدا دەبێت موسوڵمان فێرببێت، کە دەگمەنن. وەکو عادەت دووپاتنابنەوە. ئەمانە پێیان دەووترێت (نەوازل)، کە دەشێت ناوی بنێین (زانستی حوکمی نەوازل). ئەمیش بە پێی تواناو جۆرو بەڵاو موسیبەت و کێشەی کەسەکان دەگۆڕێت.

کەوابوو ئەو زانستییەی کە فەرزی عەینە سێ بەشە:

١- زانستی شەرعی فەرزی عەینی گشتی.

٢-زانستی شەرعی فەرزی عەینی تایبەت.

٣- زانستی حوکمی نەوازل.

لە بەندی یەکەمدا ئاماژەمان بەم سێ بەشە دابوو بەڵام لێرەدا زیاتر ڕوونیاندەکەینەوە إِنْ شَاءَ اللَّه.

## برگەی یەکەم: زانستی شەرعی (فەرزی عەینی گشتی):

فێربوونی ئەم بەشەی زانستی شەرعی لەسەر هەموو موسوڵمانێك -لە هەموو کات و شوێنکدا- فەرزە. هەموو موسوڵمانانی هەموو نەوەیەك لە ئەحکامی ئەم زانستەدا بەرامبەری وەك یەکن: کە بریتیە لە شایەتمان: (لَا إلَهَ إلاَّ اللهُ محمداً رَسُولُ الله) و نوێژکردن و زەکاتدان و ڕۆژوگرتن و حەجکردن بۆ هەر کەسێك لە توانایدا هەبێت.

بەدیهێنانی ڕوکنی شایەتمانەکە هەر بە ووتنی نابێت، بەڵکو دەبێت حەتمەن واتاشی بزانێت، هەروەها مەرجەکانی، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ئەو ئیعیتیقاد و ڕەفتارانەوە کە پێچەوانەی شایەتمانن.

ئەبو حامیدی غەززالی رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (ئەگەر پیاوێکی ژیر گەیشتە باڵغبوون: بەخەون بینین یان بە گەیشتنی بە تەمەنی ساڵی بلوغ[1] هەر ئەو ڕۆژە دەبێت شایەتمان و ماناکەی فێربکرێت واتە: (لَا إلَهَ إلاَّ اللهُ محمداً رَسُولُ الله).[2]

زانینی واتای شایەتمانەکە بە گشتی ئەوەیە بزانیت: کە (لَا إلَهَ إلاَّ اللهُ): نەفیکردن (لَا إلَهَ) و سەلماندن (إلاَّ الله)ە.. نەفیکردنی خوایەتی غەیری خوای پەروەردگار، بە وەلکردنی پەرستنیان و بە سەلماندنی پەرستنی خوای تاك و تەنها. بە شێوەیەکی خواوویستانەو بێهاوبەشدانان، وەکو نوێژبۆکردنی، لێپاڕانەوەی و نەزرو قوربانی و بۆسەربڕین و لێترسان

[1] زانایان بەگشتی دەفەرموون (١٥ ساڵیە).

[2] إحياء علوم الدين (٢٥/١).

و ئومێدپێبوون و داوەریی بردنەلای.. هەر کەسێك هەر شتێك لەم پەرستنانە و غەیری ئەمانە بۆ غەیری خوای گەورە ئەنجامبدات ئەوە بە کردەوە پێچەوانەی شایەتمانەکەی بۆتەوەو واتای شایەتمانەکەی پووچەڵکردۆتەوەو پێشی کافردەبێت، چونکە بە پێی نەفی و سەلماندنی (لَا إِلَهَ إِلاّ اللّهُ) ڕەفتارینەکردووە. حەقیقەتی خواپەرستی بریتیە لە زەلیلی و ملکەچبوون بۆ خوای گەورە، ئەویش بەوە دەسەلمێت کە هەموو هەست و نەست و ختوورەیەکی دڵ و بزاوت و سرەوتی موسوڵمان تەنها لەبەر خاتری خوای گەورە بێت. هەروەها پابەندبوونی سەرڕاستانە بە فەرمانەکانی خوای گەورەوە، لە هەموو ڕەفتارێکدا. خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی خۆی صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لَا شَرِيكَ لَهُ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ)الأنعام/١٦٢-١٦٣ واتە: نوێژو خواپەرستیم و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە کە بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ بوارێکدا هاوبەشی نییە، من ئا بەمە فەرمانپێکراوە بەتەئکید من خۆشم یەکەمین موسوڵمانم. ئەمە خواپەرستیی و عەبدایەتی ڕاستەقینەیە.. لەم ڕوانگەوەیە کە هەندێ زانا وا پێناسەی پەرستنیی کردووە کە بریتیە لە جیبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی خوای پەروەردگار لەسەر زمانی پێغەمبەرانی ڕوونکردۆتەوە. پاشان خوای گەورە پێچەوانەکارێتی فەرمانەکانی خۆی پلەپلەکردووە. خراپترین و سەختترین و دژوارترینیان ئەوەیە کە حەقیقەتی خوایەتی خوای گەورە ئیلغادەکاتەوەو پێچەوانەی تەواوی (لَا إِلَهَ إِلاّ اللّهُ)کەیە، کە بریتیە لە هەموو ڕەفتارێکی کوفرین لە ئیعتیقادو ڕەفتار (گوفتارو کردار)، لەوانەی شەرع بە کوفرینی ناساندوون و فەرموویەتی هەر کەسێك ئەنجامبدات پێی کافردەبێت. دوای ئەمانە گوناحە گەورەکان دێن کە کوفرین نین و لەخانەی (فسق)دان. پاشان گوناحی گچکە دێت..

شایەتیدانی و بڕیاری (محمد رَسُولُ اللّهِ) بە ڕاست و ڕاستگۆزانینی پێغەمبەری خوا صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەرچی شتێکدا کە فەرموویەتی، گوێڕایەڵیکردنی هەموو

فەرمانەكانێتی، بڕیاردانە كە تەنها جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێشەوایەو ڕەوایە شوێنیكەوین، لە ڕێی ئەم زاتە بەڕێزەوە موسوڵمان دەزانێت چۆن خواپەرستیی بكات، داخوازییەكانی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) لەسەری چییە.. موسوڵمان وا خوای گەورە دەپەرستێ كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕوونیكردۆتەوەو چۆنێتیەكەی باس فەرمووە، نەك بە عەقڵ و ژیریی خواپەرستیی داتاشین، ژیریی خۆ بێت یان ژیریی و هەواو هەوەسی كەسانی تر. لەم ڕوانگەیەوە خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) آل عمران/ ٣١ واتە: بفەرموو: ئەگەر ڕاستدەكەن و خواتان خۆشدەوێت دەی سا شوێن من كەون تا خوای گەورە خۆشبوێن و لە گوناحەكانتان خۆشبێت. خوای گەورە لێخۆش بوو بە بەزەییە.

- ئەمما مەرجەكانی ڕاست و دروستی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) كە بریتیە لە:

* زانین (العلم): كە پێچەوانەی نەزانینە، واتە زانینی مانای ئەم شاهیدیدانە، بەو شێوەیەی لە سەرووتر ڕوونكرایەوە.

* دڵنیایی (اليقين): كە پێچەوانەی گومان و دوودڵییە.

* خواوویستی و نیازپاكیی (الإخلاص): كە پێچەوانەی هاوبەشدانانە بۆ خوای تاك و پاك.

* ڕاستگۆیی (الصدق): كە پێچەوانەی درۆو درۆزنێتیە.

* خۆشەویستی (المحبة): كە پێچەوانەی بوغزاندن و ڕقلێبوونەوەیە.

* خۆ تەسلیمكردن (الإستسلام): كە پێچەوانەی وەل (تەرك) كردن و گوێپێنەدانە.

* قبوڵكردن (القبول): كە پێچەوانەی ڕەفزكردن و ڕەتكردنەوەیە.

* کافر بوون بە هەرچی شتێك کە لە جیاتی خوای گەورە دەپەرسترێت(الکفر بالطاغوت): واتە شوێننەکەوتن و بەناڕەوادانانی.

ئەم مەرجانە لەگەڵ ڕاست و دروستی باوەڕهێناندان، بە هۆی ئەم مەرجانەوە کارو کردەوەی عەبد وەردەگیرێت و لە ڕۆژی دوایدا پاداشتدەدرێتەوە. ئەمما لە ئەحکامی دونیاییدا -کە حوکمی ڕواڵەتی مرۆڤ دەکات- پەیوەندی بە ناخی کەسەکانەوە نییەو کەس بۆی نییە باوەڕی خەڵکی تاقیکاتەوە داخۆ ئەم مەرجانەی تێدایە یاخود نا. بە تایبەتی ڕەفتارەکانی دڵ، کە غەیری خوای گەورە ئاگای لێینییە. ئەوەی داوا لە مرۆڤ کراوە لە دنیادا بڕیاردان و تەسلیمبوونە. هەر کەسێك شایەتمانهێناو ڕەفتارێکی کوفرینی نەنواند -کە شایەتمانەکەی ئیلغابکاتەوە- ئەوە موسوڵمانە. ئەمما دڵنیایی و خواوویستی و ڕاستگۆیی خۆشەویستی ئەمانە کرداری دڵن، خواپەرستی دڵن، کەس ناگاتە ئەوەی بزانێت کە دڵی خەڵکی چی و چەندی لەمانە تێدایە؟ تەنانەت ئەگەر نیشانەشی لێدەرکەوت.. تەنها خوای گەورە ئاگادارو چاودێری ئەوەیەو لە ڕۆژی دوایدا موحاسەبەی دەکات لەسەری. هەروەکو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (فَإِذَا قَالُوهَا مَنَعُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى)متفق عليه[١] واتە: ئەگەر شایەتمانیان هێنا ئیتر خوێن و سامانیانم لێ حەرامدەکەن، مەگەر بە پێی ماف و ئەرکی ئیسلام (شتێکیان بکەوێتە سەر). لێپرسینەوەشیان لای خوای گەورەیە.

**خاڵێك**: زانینی واتای گشتی شایەتمان مەرجی حکومدانی ڕواڵەتی موسوڵمانبوون نییە، بەڵکو مەرجی ڕاستی و دروستی باوەڕهێنانە لە ناخی کابرادا.. مەبەست لێرەدا دوو خاڵە:

أ- زانینی مانای شایەتمان مەرجی قبوڵکردنی موسوڵمانبوونەکەی کابرا نییە.. (کە شایەتمانی هێنا بە موسوڵمان حسێبە) بۆیە ئەگەر کەسێك وویستی موسوڵمانببێت، کە

---

[١] بوخاری (٢٧٨٦)، موسلیم (٢١٣٠).

شایەتمانی هێنا ئیتر کەس بۆی نییە تاقیبکاتەوە کە بزانێت واتاکانی شایەتمان دەزانێت یان نا؟ یان ئەگەر کابرایەك زاهیرەن موسوڵمانبوو ناشێت پێیبووترێت شایەتمان بهێنە یان تاقیبکرێتەوە، تا بزانرێت چەند لە ماناکانی شایەتمان تێگەیشتووە. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ موسوڵمانبوونی هەموو ئەو کەسانەی وەردەگرت کە موسوڵماندەبوون، بێئەوەی تاقییانبکاتەوە. دوای زانینی موسوڵمانبوونیان ئەحکامە زەرووریە سەرەتاییەکانی فێردەکردن، کە فەرزبوو لەسەریان. لەبەر ئەمەشبوو کە بە (ئوسامەی کوڕی زەیدی) فەرموو خوا لێی ڕازی بێت: (أَقَتَلْتَهُ بَعْدَ مَا قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ).[١] متفق علیه واتە: کوشتت دوای ئەوەی ووتیشی (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ)؟! شایەتمانهێنانەکەی کردە مایەیی پاراستنی گیانی، کە دەبێتە بەڵگەی موسوڵمانبوون و قبوڵکردنی لە ڕیزی ئوممەتە موسوڵمانەکەدا.

ئەو ڕیوایەتانەی کە دەربارەی تاقیکردنەوەو پرسیارلێکردنی هەندێك هاتووە، حاڵەتی کەم و دەگمەنن و ناکرێنە ڕێسای سەرەکی و نیشانەی قبوڵکردنی ئیسلامەتی کەس. خۆ هەزاران کەس موسوڵمانبوون و نەشسەلمێنراوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ موسوڵمانبوونیانی تاقیکردبێتەوە. دەشێت یان لەوانەیە فەرزبێت لە هەندێك حاڵەتدا موسوڵمانێتی هەندێ کەس تاقیبکرێتەوە، ئەویش لەبەر هۆی تایبەتی، وەکو پرسیاری

---

[١] مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. دەقی هەموو ڕیوایەتەکە: (حَدَّثَنَا أَبُو ظِبْيَانَ، قَالَ سَمِعْتُ أُسَامَةَ بْنَ زَيْدِ بْنِ حَارِثَةَ، يُحَدِّثُ قَالَ بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِلَى الْحُرَقَةِ مِنْ جُهَيْنَةَ فَصَبَّحْنَا الْقَوْمَ فَهَزَمْنَاهُمْ وَلَحِقْتُ أَنَا وَرَجُلٌ مِنَ الأَنْصَارِ رَجُلاً مِنْهُمْ فَلَمَّا غَشِينَاهُ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ . فَكَفَّ عَنْهُ الأَنْصَارِيُّ وَطَعَنْتُهُ بِرُمْحِي حَتَّى قَتَلْتُهُ . قَالَ فَلَمَّا قَدِمْنَا بَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ لِي " يَا أُسَامَةُ أَقَتَلْتَهُ بَعْدَ مَا قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ " . قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّمَا كَانَ مُتَعَوِّذًا . قَالَ فَقَالَ " أَقَتَلْتَهُ بَعْدَ مَا قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ " . قَالَ فَمَازَالَ يُكَرِّرُهَا عَلَىَّ حَتَّى تَمَنَّيْتُ أَنِّي لَمْ أَكُنْ أَسْلَمْتُ قَبْلَ ذَلِكَ الْيَوْمِ).

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کەنیزەکەکە[١].. ئەم تاقی کردنەوە و پرسیار کردنەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەبەر ئەوە بوو کە ئازادکردنی کۆیلەیەکی موسوڵمان مەرجی کەفارەتەکی ئەو یاوەرە بەڕێزەبوو. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ)النساء/٩٢ واتە: ئازاد کردنی کۆیلەیەکی موسوڵمان زانینی موسوڵمانێتی کەنیزەکەکە بۆ ئەمە بوو. یان دەشێت قازی شایەتمان بە شاهیدەکان بهێنێت تا دڵنیابێت موسوڵمانن و جێمتمانەن و شاهیدیدانیان لێقبوڵدەکرێت. ئەمەش لەسەر قازی فەرزە.. هەر ئەم تەفسیرەش بۆ تاقیکردنەوەی موسوڵمانێتی ئافرەتە موهاجیرەکانی مەککە دانرا، کاتێک کۆچیان بۆ مەدینە دەکرد، کە خوای گەورە فەرمووی تاقییان بکەنەوە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ) الممتحنە/١٠ ئەمەش پێی دەوترێت (ڕوونکردنەوەی شەرعی)..

ئەمما ئەو کەسەی دەیەوێت موسوڵمانببێت، یان ئەو کەسەی زاهیری موسوڵمانبوونە کە لە شەرعدا پێی دەووترێت (حاڵ نەزانراو: مستور الحال) ئەمانە تاقیکردنەوەی موسوڵمانێتیان لەسەر نییە، تا بزانرێت چەند لە مانای شایەتمان گەیشتوون، تا لە دنیادا موسوڵمانێتیەکەیان قبوڵ بێت. هەر کەسێك بڵێت دەبێت تاقیبکرێنەوە بیدعەچییە، ئەمە ئەو بیدعەیەیە کە پێی دەوترێت (ڕوونکردنەوەی بیدعەچیانە)، مەرجی

---

[١] مەبەستی نوسەر ریوایەتەکەی معاویەی کوڕی حەکەمە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ لەسەرمبوو کە کۆیلەیەک ئازاد بکەم منیش کەنیزەکێکم هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و عەرزم کرد کە دەبێ کۆیلەیەکی موسوڵمان ئازاد بکەم، ئێستا ئەمەم هێناوەو دەمەوێت ئازادی بکەم پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە کەنیزەکەکەی پرسی: **(أَيْنَ اللَّهُ قَالَتْ فِي السَّمَاءِ قَالَ مَنْ أَنَا قَالَتْ أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ قَالَ أَعْتِقْهَا فَإِنَّهَا مُؤْمِنَةٌ)** موسلیم(٥٣٧). پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کەنیزەکەکەی پرسی: (أين الله)؟ خوا لە کوێیە؟ ئافرەتەکە ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (من أنا)؟ من کێم؟ ووتی جەنابت پێغەمبەری خوایت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئیتر فەرمووی: ئازادی کە، موسوڵمانە.

زانینی مانای شایەتمان -کە بیدعەیە- وەکو ئەو مەرجە بیدعە کۆنەیە کە لە سەردەمانێکدا (ئەهلی کەلام) دەیانووت دەبێ بەڵگە هزرییەکان بزانێت کە لەسەر باوەڕهێنانە تا شایەتمانەکەی لێقبوڵبکرێت. نا، وانییە، ئەمە دیدو هەڵوێستێکی بێبەڵگەیەو بیدعەیە.. مەرجێکی باتڵە وەکو ئیبنوحەجەر رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: غەززالی فەرموویەتی: (کۆمەڵێکی زۆر زێدەڕۆییان کردو هەموو عەوامی موسوڵمانانیان بە کافردانا، چونکە دەیانووت: کەسێك عەقیدەکە بەو بەڵگانەی (ئەوان دایان ڕشتبوو) وەرنەگرێت کافرە! ئیتر ئەو ڕەحمەتە بەرفراوانەی خوای گەورەیان ئاوا بەرتەسك کردۆتەوە و بەهەشتەکەی خوایان بۆ کۆمەڵە کەسێکی ئەهلی کەلام کردبووەوەو دەرگاکانیان لەسەر موسوڵمانانتر داخستبووا!! ئەبو موزەففەری کوڕی سەمعانیش بە تەفسیل بۆچوونیانی ڕەتکردۆتەوە. لە زۆرینەی پێشەوایانی فەتواشەوە هێناوێتیەوە کە فەرموویانە: ناشێت داوا لە عەوام بکرێت بنەماکانی عەقیدە بە بەڵگەکانیانەوە وەربگرێت، چونکە ئەوە بۆ ئەوان لە فێربوونی لقە ئەحکامی شەرع قورسترە) دواتر ئیبنوحەجەر رەحمەتی خوای لێبێت دەگاتە ئەوە کە دەفەرموێ: (هەندێك لە زانایان فەرموویانە ئەمەی لە هەموو کەس داواکراوە بە ڕاستزانینێکی سەرڕاستانەی بێگومان و بێدوودڵییە کە: خوای گەورە هەیەو پێغەمبەرانی عَلَيهِم الصَّلاةُ وَ السَّلَام ناردوون و باوەڕیان پێدەهێنرێت و ئەوەش بە ڕاست دەزانرێت کە فەرموویانە. ئیتر ئەوە بە هەر شێوەیەك دەربڕرێت و بسەلمێت یان بە هەر ڕێگایەك بیگاتێ -تەقلیدیش بێت- مادام شلۆقنەبێت هەر جائیزەو موسوڵمانبوونە.. قورطبی رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: ئەمە ئەوەیە کە پێشەوایانی فەتوا لە سەرین، پێش ئەوانیش پێشەوایانی سەلەف. هەندێك زانا بۆ سەلماندنی ئەم قبووڵبوونەی باوەڕ ئەسڵی باوەڕی سروشتیان کردووە بە بەڵگە کە (خەڵك ئیماندارانە لە دایکدەبێت) هەروەها بەڵگەیان ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پاشان یاوەرانیی ئەو ئەعرابە

کەڵلەووشکانەیان بە موسوڵمانداەنا کە هەر ئاوا زاهیرییان موسوڵمانێتی لێدەخوێندرایەوە کە پێشتر هەموو بتپەرستبوون، هەر ئەوەندەی شایەتمانیان دەهێناو بە ئیسلامەکەوە پابەنددەبوون بە موسوڵمان هەژماردەکران بێئەوەی ناچاربکرێن بەڵگەکان بزانن)[١] نەوەویش رەحمەتی خوای لێبێت هەر بۆچوونێکی ئاوای لە شەرحی سەحیحی موسلیمدا کردووە.[٢] ئیبنوحەجەر لە شەرحی فەرموودەی ژمارە (٢٠-٢٥)یشدا هەر ئەمەی تەئکید کردۆتەوە.

ب- زانینی واتای شایەتمان لە حەقیقەتدا مەرجی ڕاست و دروستی شایەتمانە، واتە حەقیقەتی ئەو ئیسلامەی کە خوای گەورە لە عەبدەکانی داواکردووەو لە قیامەتدا بە سوددەبێت بۆ نوێژەکەی. لەبەر ئەم حاڵە جەوهەرییەیە کە غەززالیش لەو قسەیەی سەرەوەیدا فەرمووی: لەسەر کابرا فەرزە کە ئەگەر گەیشتە باڵغبوون لە مانای شایەتمان تێبگات).. فەرزە بە چەند هۆکارێك:

١- وەکو ڕێسای (مَا لاَ يَتِمُّ الْوَاجِبُ إِلاَّ بِهِ فَهُوَ وَاجِبٌ) هەرچی شتێك فەرز بەو نەبێت تەواونابێت، فەرزە. فەرزە لەسەر موسوڵمان کە شایەتمانی هێنا بزانێت کە شایەتمان یەکخواناسییە لە خوایەتیدا (توحيد الأولوهية)و توخننەکەوتنی شیرکەو بڕیاردانی گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی تەواوی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، چونکە ئەمە فەرزە حەقیقەتەکەی شایەتمانە نەك هەر ووتنی بە لەفز.. بەڵگەی فەرزبوونی ئەم مانا پوخت و کورتەی شایەتمان:

---

[١] فتح البارى (١٣/٣٤٩-٣٥٣).

[٢] صحيح مسلم شرح النووى (١/٢١٠-٢١١).

أ- ئایەتی (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ)النحل/٣٦ واتە: بۆ هەموو گەلێك پێغەمبەرێكمان بۆ ناردوون كە خواپەرستن و توخنی طاغووت[١] مەكەون.. لە ڕاستیدا ئەمە تەفسیری بڕیاری (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)كەیە، بۆیە زانینی ئەم زانستەش فەرزە، تا موسوڵمان بزانێت ووتنی شایەتمانەكە چی لەسەر فەرزدەكات.

ب- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (فَإِنَّ حَقَّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[٢]. واتە: مافی خوای گەورە لەسەر بەندەكانی (ئەوەی كە فەرزە لەسەریان ئەنجامیبدەن) ئەوەیە كە بیپەرستن و بە هیچ جۆرێك -لە هیچ شتێكدا- هاوبەشی بۆ دانەنێن.. ئەمەش هەر تەفسیر و لێكدانەوەی (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ)كەیە.

ج - شایەتمان كە بڕیاردان: (اَلشَّهَادَةُ و اَلإِقْرَارُ)ە. لە زمانەوانیدا كاتێك پێی دەوترێت شاهیدییدان/ بڕیاردان كە بزانێت شاهێدی لەسەرچیداوە. لە زاراوەی شەرعیشدا بە هەمان شێوەیە. چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِلَّا مَن شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) الزخرف/٨٦ واتە: مەگەر ئەو كەسانەی بە زانینەوە شاهیدیەكەیان دابێت. كەوابوو حەتمەن دەبێت بزانێت شاهێدی لەسەردراوەكە چییەو چی لەسەر شاهیدیدانەكە دەوەستێت.

---

[١] طاغووت: شەیتان و بت و خوای ساختەو ئەو كەسەیە كە بە پەرستنی ڕازییە، هەروەها كەسێكە یان كۆمەڵە كەسێكە كە مافی خوایەتی لە پەرستن و داوەری و یاسادانانیان درابێتێ.. هەر لەم كتێبەدا دواتر پێناسەی ئیبنولقەیم رحمە اللە بۆ (طاغووت) دەهێنینەوە. ان شاء اللە.

[٢] بوخاری (٧٣٧٣)، موسلیم (٣٠).

**هەندێك بەڵگەی تر لەسەر فەرزبوونی زانینی مانای شایەتمان:**

١- ئایەتی: (هَٰذَا بَلَاغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُوا بِهِ وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ...) إبراهيم/٥٢ واتە: ئەمە ئەو ئاگادارکردنەوەیە کە بۆ خەڵکی هاتووە تا پێی ئاگاداربکرێنەوە و هۆشداریان پێبدرێتێ تا بزانن تەنها یەك خوا هەیە شایانی خوایەتی بێت..

٢- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ).[1] واتە: هەر کەسێك بمرێت زانیبێتی کە هیچ خوایەك نییە شایانی خوایەتی بێت جگە لە خوای گەورە دەچێتە بەهەشتەوە. کەوابوو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زانینی واتای شایەتمان هۆکاری چوونە بەهەشتە، دیارە هەر کەسێك شایەتمانی هێنا کە واتای گشتی و پوختی دەزانێ ئەو سوودەی لە قیامەتدا لێ دەکات، کەوابوو زانینی مانای شایەتمان کلیلی کردەوەکانە کە شایەتمان دەیانخوازێت..

٣- ئەو نەوە عەرەبەی کە پێغەمبەری خوایان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هات شارەزای زمانی عەرەبی و ڕەوانبێژیی و لێزانین بوون، قسەو شیعری ئەوان بەڵگەی ڕاستی ڕێزمان و صەرف و مانای زمانی عەرەبییە! وەکو لە هەموو کتێبی پێشەوایانی زمانەوانییدا دیارە. ئەم عەرەبانە مانای شایەتمانەکەیان دەزانی، دەیانزانی کە (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ) مانای یەکخواپەرستییە لە خوایەتیدا (توحيد الألوهية)، دەیانزانی بڕیارە لەسەر ئەوەی تەنهاوتەنها خوای گەورە شایانی ئەو خوایەتییە -بە هەموو سیفەتێکی خوایەتی- بۆیە کاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوای شایەتمانهێنانی لێکردن سەرسامبوون بەوەی چۆن دەشێت باوەڕ بە یەکخوا بهێنن؟! قورئانی پیرۆز ئەم سەرسامبوونەیان ئاوا نەقڵدەکات: (أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَٰهًا وَاحِدًا إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ) ص/٥ واتە:چما هەموو خواکانی بە یەکخوا گۆڕیوەتەوە؟! ئەمە شتێکی سەیرە.. لەوە تێدەگەیشتن کە شایەتمان

---

[1] موسلیم لە سەیدنا عوسمانەوە خوا لێی ڕازی بێت.

بڕیاری داماڵینی هەموو سیفەتێکی خوایەتیە لە غەیری خوای گەورەو سەلماندن و چەسپاندنێتی تەنها بۆخوای گەورە.. ئێ باشە ئەوان بەو کافرێتی و لەسەر کافرێتییەی خۆیانەوە لەوە حاڵیبووبوون، ئەدی ئەو کەسانەی لێیان موسوڵمان بووە چۆن؟

ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەزانینی واتای شایەتمان فەرزە تا بزانێت داخوازییەکانی ئەو شایەتمانە جێبەجێبکات، نەبادا بکەوێتە پێچەوانەکاریی و دژە هەڵوێستییەوە بەرامبەریی، ئەمەش تەئکیدە لەوەی کە لە سەرەتاوە دەمانووت: (زانین فەرزە پێش دەسبەکاربوونی گوفتارو کردار).

ئەمە هەمووی حەقیقەتی شایەتمانەکەیە بەو شێوەیەی کە لە لای خوای گەورە سوودی دەبێت. ئەمما لە ئەحکامی دنیاییدا، ئەوە هەر کەسێك شایەتمانیهێنا موسوڵمانەو ئەگەر ئیعتیقادو ڕەفتاری کوفرینی نەبوو هەر بە موسوڵمان دەمێنێتەوە، حساباتی ڕۆژی دوایشی لای خوای پەروەردگارێتی.

لێرەوە دەمەوێ زۆر بەجددی جەخت لە موسڵمانان بکەمەوە کە فەرزە واتای شایەتمانەکەیان بزانن، فەرزە موسوڵمانان بە گشتی فێربکەنەوە،[١] بە تایبەتی لەم زەمانەدا کە پشێوی و ئاڵۆزی تێکچڕژانی دیدو بۆچوونە زۆرەکان وایکردووە لە زۆربەی ووڵاتانی موسوڵمانان (شیرك) وا تەشەنەی کردووە کە لەگەڵ (توحید)دا تێکەڵبووە! تەنانەت داماوی واهەیە لە نەزانیی و بێهزریی خۆیدا (شیرك)ەکە بە (توحید) دەزانێت!!

[١] بە یارمەتی خوای گەورە ئێستا بەشی شایەتمانی کتێبی (ألإسلام) ی سەعید حەووا رحمە اللە کراوە بە کوردی، ئێستا چاپی جیاوازی لە بەردەست موسوڵماناندایە والحمدللە. خوێندنی زەروورییە واللە أعلم.

شیرك واتە: هاوبەشدانان بۆخوا. ئەمەش زۆر شێوازو جۆری هەیە، هەیە لە دیدو تێڕوانین (التصور)دایەو هەیە لە (پەرستن)دایەو هەیە لە (یاساو ڕێسا دارشتن)دایە، دژوارترینیان ئەم بوارانەیە:

**<u>١- شیرك لە یاسا دارشتندا</u>:** یاساو ڕێساداڕشتن مافی تایبەتی خوای کردگارو کارزانەو کەس بۆی نییە بەرنامەو دەستووروو یاسا لە خۆیەوە دابرێژێت. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا) الكهف/ ٢٦ واتە: کەس لە حوکم دەرکردنییدا ناکات بە هاوبەشی خۆی. بۆیە هەر کەسێك یاساو ڕێساو بەرنامەی کۆمەڵکاریی و ئیدارەو ئاڕاستەی خەڵکی بە پێچەوانەی دینی خواوە دەرکات ئەوە خۆی وەك خوا ناساندووەو بۆتە هاوبەشی خوای گەورە لە مافی یاساداڕشتندا بۆ خەڵکی. خوای گەورە ئەمە قبوڵناکات و بەسەرسوڕمانەوە بە عەرەبە جاهیلیەکانی دەفەرموو: (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ) الشورى/٢١ واتە: یان ئەوان هاوبەشیان بۆ خوای گەورە داناوە تا بەرنامەو یاسای ژیانیان بۆ دارێژن لەوەی کە خوای گەورە مۆڵەتی پێنەداوە؟!.. چونکە یەکێك لە مانا سەرەکییەکەی (دین) سستەمی ژیانی کۆمەڵگەیە، بۆ بزاوتی کۆمەڵکاریی و  و ئیدارەی دەوڵەتیی دادەنرێت. حەق بێت یان ناحەق هەر پێی دەوترێت (دین). خوای گەورە دینی کافرەکانیشی هەر ناوناوە دین کە دەفەرمووێ: (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ) الكافرون/٦ واتە: ئێوە لەسەر دینی خۆتانن و منیش لەسەر دینی خۆمم..

لە جۆرو شێوازو چۆنێتی ئەم شیرکی یاسایە لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە کەسانێك ئەم مافی یاساو ڕێساداڕشتنە بۆ خۆیان دەپچڕن و زەوتیدەکەن، ئینجا دەکەونە یاساو

ڕێسادارشتن بە پێی دیدو ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆیان یان بە پێی دیدو ئارەزوو و بەرژەوەندی خەڵکانێکی تر..[١]

پسپۆڕانی یاساناسیی و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی دەوڵەت و حکومەتەکان (کە مافی یاسادارشتنیان داوەتە خۆیان و مومارەسەی دەکەن) لە ڕاستیدا خۆیان لە مەنزیلەی خوایەتییدا داناوە! بۆیە بەرنامەو یاساو ڕێسادادەڕێژن، عەوامی موسوڵمانانیش لە غەفڵەت و بێئاگایی و ساویلکەیی خۆیانداو لە نەزانین و نەناسینەوەی (تەوحید و شیرك)دا بەشداری دانانی ئەم خوابەشەریانە دەکەن بە بەشداریکرنیان لە ڕاپرسی و هەڵبژاردنی سەرۆکەکاندا.. ئەمەش هەمووی پێچەوانەی بڕیاری (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ)یە. خەڵکێکی عەوام بە نەزانی خۆی دەکەوێتە ناو ئەم شیرکەوە چونکە واتای تەواوی (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ)کە نازانێت. هەیانە ئەگەر ماناکەی بۆ ڕوونبکرێتەوە ئیحتیاتێك بۆ دینداری خۆی دەکات. ئەمە گرنگی ڕوونکردنەوەو زانین و فێرکردنی موسوڵمانان دەگەیێنێت لە واتای شایەتمانەکە.

**<u>شیرك لە داوەریدا</u>:** بەوەی کێشەی نێوان لایەنە ناکۆکەکان ببرێتە لای غەیری شەریعەتی خواو بە یاساو ڕاو بڕیاری تر یەکلایی بکرێتەوە، خودی دەستوورو یاسا بن، یان داڕێژەرو هەڵسوڕێنەرانیان.. ئەمەش یەکێکە لەو کێشە بەربڵاوەی ناو موسوڵمانان. خوای گەورە دەفەرموێ: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا) النساء/٦٠ واتە: مەگەر نابینیت ئەوانەی کەلاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن گوایە باوەڕیان بەوە هێناوە کە بۆ تۆ هاتۆتەخوارەوە،

---

[١] ئیبنولقەییم: (إعلام الموقعين١/٥٠). لە باسی (الحكم بغير ما انزل الله)دا ئەم مەسەلەیە دوورو درێژ باسکراوە.

هەروەها بەوەش کە پێش تۆ هاتۆتەخوارەوە، کەچی دەیانەوێت داوەری خۆیان -بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی نێوانیان- ببەنە لای طاغووتان!! لە کاتێکدا بە تەئکید فەرمانیان پێدرابوو کە شوێن طاغووت نەکەون و لێی دوورەپەرێزبن. بەڵام ئەوە شەیتانە کە دەخوازێت بیانخاتە ناو گومڕاییەکی زۆر ئاڵۆزەوە..

ئینولقەیم رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (خوای گەورە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هەر کەسێك داوەرێتی خۆی بباتە لای طاغووت، کە بە غەیری شەریعەتەکەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوەریدەکات، ئەوە ئەو طاغووتەی بە حاکم داناوە.. لە پێناسەی (طاغووت)یشدا دەفەرموێ: بریتیە لە شکاندنی سنووری عەبدایەتی بە خوادانان یان دانانی پەرستراو یان شوێنکەوتوو یان گەورەیی مل بۆکەچکراو.. طاغووتی هەموو کۆمەڵێك بریتیە لەو کەسەی کە داوەریی دەبەنەوە لای، کەبە غەیری حوکمی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوەریان دەکات. یا لە جیاتی خوای گەورە دەیپەرستن، یان ملکەچانە شوێنیدەکەون و گوێڕایەڵی فەرمان و بەرهەڵەستیەکانی دەبن، لە ڕەفتارێکدا کە نابێت بۆ غەیری خوای گەورە بکرێت. ئەمانە طاغووتانی جیهانن. ئەگەر وورد سەرنج بدەیت لە خۆیان و لەو خەڵکەی بە دەوریاندا دێن و دەچن، ئەوەت بۆ ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی زۆریان وازیان لە خواپەرستیی هێناوەو ڕوویان کردۆتە پەرستنی طاغووت، وازیان لە داوەرییبردنە لای خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوەو داوەریی خۆیان بردۆتە لای ئەو طاغووتانە، لە گوێڕایەڵیی و ملکەچیی فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەرپوونەتەوە بۆ گوێڕایەڵیی و ملکەچیی و شوێنکەوتنی ئەو طاغووتانە.

**<u>شیرك لە پەرستنی مەرقەدەکان:</u>** مەرقەدەکان و ئەوانەی تێیاندا نێژراون کە لە جیاتی هانا و هاوارکردن لە خوای گەورەو دوعاو لێپاڕانەوەی، لە نیشتەجێی مەرقەدەکان دەپاڕێنەوەو داوای یارمەتییان لێدەکەن، داوایان لێدەکەن بەهانایانەوە

بێن و مەبەستیان جێبەجێبکەن و موراديان حاصڵبکەن! تەواف بە دەوری گۆڕياندا دەکەن، قوربانيان بۆ سەردەبڕن، نەزريان بۆ لە خۆدەگرن.. ئەمانەش هەر هەمووی شیرکی گەورەن، کە ئێستا لەناو موسوڵمانانداو وا تەشەنەی کردووە ئەوەندە ئاسايی بووە کە قسەکردن لەسەری وەکو لەدينلادانە!! خوای گەورە دەفەرموێ: (يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ * إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ) فاطر/١٣-١٤ واتە: ئا ئەوەيە خوای پەروەردگارو بە تواناتان کە هەموو خاوەنێتی هی ئەوە، دەسەڵات هی ئەوە، ئەوانەی ئێوە هاواريان لێدەکەن و دەخوازن بە هاناتانەوە بێن ناتوانن ئەو پەردە تەنکەی ناو خورماييەك (کە لە نێوان ناوکەکە و گۆشتی خورماکەدايە) دروستبکەن، کە هاواريان بۆ دەبەن داوای يارمەتيان لێدەکەن، ناتانبيستن، بشيانبيستايە هەر نەياندەتوانی وەڵامتانبدەنەوە، چونکە خۆيان بێدەسەڵات و ناتوانان، ئێ کە نەتوانن ببيستن چۆن دەتوانن بە هاناتانەوە بێن؟! لە قيامەتيشدا دەيانبيننەوە کە هاواريان لێهەڵدەستێ و لێتان تەبەڕادەبن و ڕەفتارەکەتان –کە هاوبەشدانانبوو بۆ خوای گەورە- دەناسێنن و ڕايدەگەيێنن کە نە پێتانڕازين و نەڕەفتارەکانيشتان لامان قبووڵە! پەی بەم ڕەفتارو سەرئەنجامە ببەن. کەسيش وەکو خوای گەورە ڕاستيتان بۆ ڕووناکاتەوە، کەسيش وەکو -شارەزا و پسپۆڕ- ئاگادارتاننا‌کاتەوە.. (خبير): شارەزای ناخە..

زانينی واتای (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ محمداً رَسُولُ الله) لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرزە، تا ئاگای لە خۆبێت و نەکەوێتە شيرکەوە. گرنگترين کتێبێك لەم بوارەدا يارمەتيدەرت بێت کتێبی (فتح المجيد شرح کتاب التوحيد)ە کە شێخ عبدالرحمانی کوڕی حەسەنی کوڕی شێخولئيسلام محمد بن عبدالوهابە ڕەحمەتی خوای لێبێت.. ئەمە يەکێکە

لەو کتێبانەی ئامۆژگاری هەموو موسوڵمانێك دەکەم بیخوێنێتەوەو شارەزای بێت، چونکە زۆر بە جوانی واتای (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللّهُ)ی ڕوونکردۆتەوە، زۆر لە پێچەوانەکانیشی بەیانکردووە، لەوانەی کە خەڵکانێکی زۆر لە موسوڵمانان پێوەی موبتەلان..

**٢- زانینی شەش ڕوکنەکەی باوەڕ:** کە بریتیە لە باوەڕ بوون بە خوای گەورە، بە فریشتە، بە کتێبە ئاسمانییەکان، بە نێرراوانی، بە ڕۆژی دوایی، بە خێر و شەڕی قەدەر. ئەمانە ئەو شەش ڕوکنەن کە لە فەرموودەکەی جوبرەئیلدا هاتووە. لەگەڵ زانینی ئەم ڕوکنانەدا زانینی چەند شتێکی تریش گرنگە:

أ- باوەڕ گوفتارو کردارەو زیادو کەمدەکات: گوفتاری دڵ و زمان و کردەوەی دڵ و جەستە، گوفتاری دڵ: بریتیە لە ناسینی خوای گەورەو بەڕاستگۆ زانینی دڵنیاییانە (یەقین) کە دەبێتە پاڵنەری تەسلیمبوون و گوێڕایەڵیی و ملکەچیی دەرەکیی (زاهیریی)، گوفتاری زمانیش: شایەتمانهێنانەکەیە... کرداری دڵ: خواپەرستییەکانێتی. وەکو: خواویستیی و نیازپاکیی (الإخلاص) و لە خواترسان و خۆشەویستیی و ڕازیبوون و تەسلیمبوون.. دواتر باسیان دەکەین. کرداری جەستەش: ئەنجامدانی هەموو فەرزەکان و دوورکەوتنەوەیە لە هەموو بەرهەڵەستییەکی شەرعیی... باوەڕ زیادو کەمدەکات.. بە خواپەرستییەکان زیاددەکات و بە گوناح و تاوانیش کەمدەکات تا دەگاتە ئەوەی هیچی لێنامێنێتەوە.

ب- دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئوممەتەکەی کە دابڕابوو بۆ زۆر کۆمەڵ و دەستە و پێڕی جوداو دوورلەیەك، دیدو بۆچوونی عەقائیدی و ڕێبازو هەڵوێستیان لە مەنهەجی باوەڕداران دوورکەوتەوە، بوون بەو پێڕو تاقمانەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاماژەی پێدابوون کە هەموویان دۆزەخین، جگە لەوەیان کە لەسەر ڕێبازەکەی جەنابی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت، چونکە لە سەر ڕێبازی (دیدو هەڵوێست)ی یاوەرە بەڕێزەکانی جەنابیانن. ئەمانە پێیان

ووترا (ئەهلی سووننەت و جەماعەت) کۆمەڵ و دەستەو پێڕەکانیتر هەر جارەو بیدعەیەکی عەقائیدی یان پەرستن یان مەنهەجییان دەهێناو بڵاویاندەکردەوە، کە پێچەوانەی قورئان و سووننەت و ڕێبازی یاوەرانبوو.. لەبەر زۆربوونی ئەم دیدو هەڵوێستە پێچەوانانە لە کۆن و نوێدا لە ڕیزی ئەو زانینەی کە شایەتمانەکە دەیخوازێت زانینی ئەم دەستە و...... لادەرانە خۆیان و مەنهەج و هەڵوێستیان موسوڵمان لێیان بە حەزەربێت و بە نەزانین نەکەوێتە نێوانیانەوە. بە تایبەت لەو وولاتانەدا کە ئەم دیدو هەڵوێستە مەوزوعیانەی تێیدا بڵاوبۆتەوە.. ئەم وریاکردنەوەو هۆشداریانەش لەسەر موسوڵمانە بە ئاگاکان فەرزە . زانینی جیاوازی ڕێبازو دیدو بۆچوون و مەنهەجە جیاوازەکان لەوەدایە کە زانین و فێربوون و شارەزابوون لە عەقیدە و مەنهەجی ئەهلی سووننە و جەماعەت زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ناسینەوەی حەق و باتڵ..

٣- **<u>زانینی بەشەکانی یەکخواپەرستی (توحید)</u>:** تەوحید هەر باوەڕهێنانەکەیە بە خوای گەورە کە یەکەمین ڕوکنی شەش ڕوکنەکەی باوەڕە:

أ- <u>پەروەردگاریتی (الربوبية)</u>: بریتیە لە خوابەیەکناسین لە زانین و چەسپاندندا یان (تەوحیدی زانستی) واتە: باوەڕکردن بەوەی کە خوای گەورە تاك و بێوێنەیە لە زاتی خۆی و کردار و سیفاتیدا و هاوبەش و وێنە و هاوتای نییە: (لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ) نە کەسی لێبووە و نە لەکەس بووەو نە هاوتاشی هەیە. هەروەها باوەڕهێنانە بەوەی کە خوای گەورە لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە، لەسەر عەرشە، لە مەخلووقەکانی جودایە، بە زانست و توانای پەیپێبردن و بیستن و بینین وەل مەخلووقەکانیدایە، لەگەڵ باوەڕ بوون بەوەی کە: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) هیچ جۆرە نموونەو شێوەیەکی ئەو نییە، ئەو بیسەر بینەرە.. هەروەها باوەڕبوون بەوەی کە تەنها خوای گەورە خاوەن و کردگار و ڕۆزیدەرە، سوودبەخش و زیاندەرە، زیندووکەرەوەو مرێنەرە، شەریعەت و حوکمی خۆی (بەرنامە و دەستوور)ی بۆ هەموو مەخلووقەکانی داناوەو

کەس بۆی نییە هیچ مافێك بۆ خۆی ببات، هیچ شتێك (هەست و نەست و بزاوت و سرەوتێك) لەم گەردوونەدا بە بێزانین و وویست و تواناو مۆڵەتی ئەو نابێت، چ ئەوەی پێی خۆشە چ ئەوەی پێی ناخۆشەو دەیبوغزێنێت.. هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵەو بەتوانایە، بەرامبەر هیچ شتێك دەستەوسان (بێتوانا) نابێت.. هەندێك لە نووسەران تەوحیدی ناوو سیفاتیش دەخەنە بازنەی ئەم جۆرە تەوحیدەی پەروەردگارێتیەوە، هەندێکی تریشیان دەیکاتە بەشێکی سەربەخۆ، چونکە بەلایەوە تەوحیدی زات و کردار پەروەردگارێتین.. دابەشکردنەکە هەر چۆنێك بێت گرنگ ئەوەیە تەوحیدی ناوو سیفاتەکە بێتە لێکۆڵینەوەو خوێندنی تیۆریانەو هەر بایەخ بە ڕاوبۆچوون و پێناسە و جیداله کۆن و نوێکانی ئەم بوارە بدات، گرنگ پەیوەستکردنەوەیەتی بە هەڵوێستی ڕۆژانەی موسوڵمانەکەوە.. تا لە کاروباری ڕۆژانەیدا لە هەستی شاراوەو دەربڕاویدا هەست بە خوای گەورەو مەزنێتیی و چاودێریی بکات.. زانینی سیفاتی وەلدابوون (معية الله) وای لێبکات زیاتر شەرمبکات لە خوای گەورەو ڕووی نەیەت هەندێك ڕەفتار بنوێنێت لە کات و شوێنی وادا کە خوای گەورە پێی ڕازی نییە، ئەو کاتە بە پێچەوانەوە هەوڵدەدات لە کات و شوێنێکدا ڕەفتاری پەسەند بنوێنێت کە خوای گەورە پێیخۆشبێت.. یان زانینی سیفاتی بیستنی خوای گەورە. کابرای موسوڵمان وا لێدەکات خۆی لە قسەو باسێکدا بگرێتەوە کە دەزانێت خوای گەورە دەیبیستێت و موحاسەبەی دەکات لەسەری، بۆیە قسەی باش و پەسەندی شەرعیانە دەکات، هەروەها سیفاتی توانای خوای گەورە وایلێدەکات پشت بە خوای گەورە ببەستێ (توکل)ی زیاتربێت، متمانەی بە تواناو بەڵێنی خوای گەورە زیاتربێت و لەگەڵیدا ڕەفتاربکات.. هەروەها هەریەکە لە سیفات و ناوەکانی خوای گەورە تا هەستدەکات کە هەرچی لەم بوونەوەرەدایە لە خەلقکراو بزاوت و سرەوت و لە فەرمان و بەرهەڵەست هەموو شوێنەوارو ناوو سیفاتی خوای گەورە داواکارییەکانێتی. ئاوا ئەستەم دەبێت ناوو سیفاتی خوای گەورە پەکبخرێت.. شارەزابوون لەمەو ڕەفتاری دیندارانە لەگەڵییدا لە

گەورەترین و باڵاترین و مەزنترین زانستین وەك (ئیبنولقەیم) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە هەموو کتێبەکانیدا تەئکیدی لێدەکاتەوە.

<u>ب- خوایەتی (الألوهیة)</u>: کە یەکخواپەرستییە لە خواپەرستی و خوامەبەستبوون و ڕووتێکردن، کە پێشی دەووترێت: تەوحیدی وویست و داوا (التوحید الأرادي الطلبي) واتە: پەرستنی خوای گەورە بە تاك و تەنهایی ئەو، بە تایبەتکردنی هەموو پەرستنێك بەووەوە. وەك لە مانای شایەتمان -برگەی (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللّهُ)دا- باسمان کرد. لەمەوە دەردەکەوێت کە تەوحیدی پەروەردگارێتی (زانین)ەو تەوحیدی خوایەتی (کردار)ە، چونکە تەوحیدی خوایەتی ئاسەواری پەروەردگارێتێکەیەو لە ڕەفتار (کردارو گوفتار) لە عەبدەەکانیدا دەردەکەوێت. حەتمەن هەردووکی دەبێت پێکەوە وەربگیرێت، تا تەوحیدو باوەڕهێنانەکە بە پێی مەرجەکانیان بن و ڕاست و دروست بناسرێن.. باوەڕهێنانی کەسێك تەنها بە تەوحیدی پەروەردگارێتی نایخاتە ڕیزی موسوڵمانانەوە، خۆ ئەو کافرانەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرامبەریان دەجەنگاو خوێن و سامانی بە حەڵاڵ ناساندبوون ئیعترافیان بە پەروەردگارێتی خوای گەورە کردبوو، لەوە دڵنیابوون کە خوای گەورە کردگارو هەڵسوڕێنەری ژیان و گەردوونەو هەر ئەو زیان و سوودی بەدەستە. وەك خوای گەورە لە باسیاندا دەفەرموێت: (قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ) یونس/٣١ واتە: لێیان بپرسە داخۆ کێ لە ئاسمان و زەوییەوە ڕۆزیيان دەدات؟ یان کێ بیستن و دیتنیانی بە دەستە؟ کێ زیندوو لە مردوو و مردوو لە زیندوو دەردەهێنێت؟ (پێك دەهێنێت یان دروست دەکات)؟ کێ کاروبارەکانی ژیان و گەردوون دەبات بەڕێوە؟ بۆ هەمووی هەر دەڵێن: خوای گەورەیە! بفەرموو: دەی سا بۆچی دینداریيەکی ڕاست و پاك و تەقواکارانە ناکەن؟! ئەم باوەڕو بڕیارو ئیعترافکردنەیان نە لە بازنەی کوفر دەریهێنان و نەخستنیە بازنەی باوەڕووەو نە بە موسوڵمانان حسێب کران،

چونكە لە تەوحیدی خوایەتییدا هاوبەشیان بۆ خوای گەورە دادەنا؛ لە هاوارو هانابۆبردن و دوعاو پاڕانەوەو قوربانی و نەزربۆكردن و یاساداڕشتن و حوكم و داوەرییبردنە لای غەیری دینەكەی خوای گەورە.. لەبەر ئەمەیە كە یەكەمین بانگەوازی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت بۆ قەومەكانی خۆیان بانگهێشتكردنیانبوو بۆ خواپەرستیی، بەو شێوەیەی كە خوای گەورە دەیەوێت، كە دەبێ ئەمان بە بێ شەریكبۆدانان بۆی ئەنجامبدەن، كە تەوحیدی خوای گەورەیە. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ)النحل/٣٦ واتە: بۆ هەموو گەلێك پێغەمبەرێكمان نارد كە خواپەرستن و توخنی طاغووت نەكەون.. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە موعازی بۆ یەمەن نارد، جەختی ئەوەی لێكردەوە كە فەرمووی: (إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَى أَنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ تَعَالَى...).[١] واتە: تۆ دەچیتە ناو قەومێكەوە كە خاوەنی پەیامی ئاسمانین (مەسیحیبوون) با یەكەمین شت كە بۆیان بانگهێشتدەكەیت ئەوە بێت كە خوای گەورە بەیەكبناسن و بیپەرستن.. لە ڕیوایەتێكی تردا ڕوونیدەكاتەوە كە مەبەستەكەی تەوحیدی خوایەتی و پەرستنە. وەك دەفەرموێت: (إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ أَهْلِ كِتَابٍ فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ عِبَادَةُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ).[٢] واتە: با یەكەمین شتێك كە بانگهێشتیان دەكەیت بۆی پەرستنی خوای گەورە بێت. یان:(فَإِذَا جِئْتَهُمْ فَادْعُهُمْ إِلَى أَنْ يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ محمدا رَسُولُ اللَّهِ).[٣] واتە: كە چوویتە لایان بانگیان كە با شایەتمان بهێنن، با بڕیاربدەن كە هیچ خوایەك شایانی خوایەتی نییە جگە لە خوای گەورەو محمدیش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە..

---

[١] بوخاری (٧٣٧٢).

[٢] بوخاری (١٤٥٨).

[٣] بوخاری (٤٣٤٧).

هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خوابەیەکناسین یەکەمین فەرزە لەسەر عەبد، کە داخڵبوونی ئیسلامەکەیە. هیچ خواپەرستنێك بە بێ ئەم خوابەیەکناسینە قبوڵنابێت. بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە موعازی فەرموو کە -دوای قبوڵکردنی ئەم ڕوکنە و شایەتمان هێنانیان- فەرزەکانی تریان فێرکە، کە ڕوکنەکانی تری ئیسلامن فەرمووی: (فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَى أَنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ تَعَالَى فَإِذَا عَرَفُوا ذَلِكَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ فَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي يَوْمِهِمْ وَلَيْلَتِهِمْ، فَإِذَا صَلُّوا فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ زَكَاةً فِي أَمْوَالِهِمْ تُؤْخَذُ مِنْ غَنِيِّهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فَقِيرِهِمْ، فَإِذَا أَقَرُّوا بِذَلِكَ فَخُذْ مِنْهُمْ وَتَوَقَّ كَرَائِمَ أَمْوَالِ النَّاسِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.[١] واتە: با یەکەمین شتێك کە بانگهێشتیان دەکەن بۆ ئەوە بێت کە خوای گەورە بەیەکبناسن و بیپەرستن، کە ئەوەیان زانی پێیانبڵێ کە خوای گەورە لە شەوو ڕۆژیاندا پێنج نوێژی لەسەر فەرزکردوون، کە نوێژەکەشیان کرد پێیانبڵێ کە خوای گەورە زەکاتێکی سامانەکانیانی لەسەر فەرزکردوون (بڕێك لە سامانیان) لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت و دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان. ئەگەر ئەمەیان قبوڵ کرد ئیتر توخنی سامانە بەنرخەکانی خەڵك نەکەویت..

کەوابوو لەسەر هەموو بەندەیەکی خوای گەورە فەرزە هەردوو بەشەکەی یەکخواپەرستیی (تەوحید) بزانێت، چونکە باوەڕهێنانەکەی بەبێزانینی ئەو تەوحیدە قبوڵنابێت، ئەمەش یەکەمین فەرزی سەرشانی موسوڵمانە، کە دەبێت دەربارەی دینەکەی بزانێت و کاری پێبکات..

---

[١] لەفزی بوخارییە (٧٣٧٢).

**٤- زانینی ئەوانەی پێچەوانەی ئیسلامن:** واتە زانینی ئیعتیقادو گوفتارو ڕەفتاری کوفرین، کە موسوڵمانی پێ کافردەبێت. زانینی ئەمەش لەسەر موسوڵمان فەرزە چونکە:

- خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ) النحل/٣٦ واتە: لە ناو هەموو گەلێکدا پێغەمبەرێکمان لێهەڵبژاردوون و پەیامی خوامان پێدانادروون: کە خوا بپەرستن و توخنی طاغووت نەکەون..

کەوابوو زانین و ناسینی طاغووت فەرزە تا موسوڵمان -بە زانین و چاوکراوەییەوە- بزانێت چۆن خۆی لێ بەدووردەگرێت، مادام باوەڕی موسوڵمان قبوڵنابێت تا خۆی لە طاغووتان دوورەپەرێز نەگرێت. خوای گەورە دەفەرموێت: (فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا) البقرة/٢٥٦ واتە: هەر کەسێك کوفرانە بە طاغووت بکات (باوەڕی پێی نەهێنێت و شوێنی نەکەوێت و لە هەمان کاتدا باوەڕ بەخوای گەورە بهێنێت، بە ڕاستی ئەوە دەستی بە دینەکەی خواوە گرتووە، کە بە هیچ شێوەیەك دەستلێبەردانی نییە.. کوفرانەکردنی بە طاغووت خستۆتە پێش باوەڕهێنان بەخوای گەورەوە، چونکە باوەڕەکە بەبێکوفرانە بەطاغووتەکە قبوڵنابێت، کوفرانە بە طاغووت هەر ئەو نەفیکردنەیە کە (لا إله)ی شایەتمانەکە (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ) دەیگرێتەوە..

طاغووت: لە ڕووی زمانەوانییەوە لە کرداری (طغی)وە هاتووە واتە: لە سنووردەرچوون[١] لە زارەوەشدا بریتیە لە هەموو لە سنووردەرچوونێك، بەوەی کەسێک خۆی یا هیتر بکاتە پەرستراو، خۆی یا هیتر بکاتە شوێنکەوتووی گوێڕایەڵی غەیری خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بە مەزندانان و ملکەچییان بۆ دەربڕیت.

---

[١] خوای گەورە دەفەرمووێ: (إِنَّا لَمَّا طَغَى الْمَاءُ حَمَلْنَاكُمْ فِي الْجَارِيَةِ) الحاقة/١١، کە ئاوی لافاوەکەی (سەیدنا نوح) لە سنووردەرچوو، لە توانای ڕاوەستانیدا نەما (لای مرۆڤەکان) ئێوەمان بە کەشتیەکە قوتار کرد.

ڕۆشنتر بڵێین: طاغووت: بریتیە لە هەرچی شتێك كە موسوڵمان لە باوەڕەوە بەرەو كوفر دەبات. كوفریش سەرچاوەی -لە سنووردەرچوونە- پێشتریش پێناسەی ئیبنولقەیمان بۆ زاراوەی (طاغووت) هێنایەوە.. ئیبنوحەجەر ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (طەبەری لە پێناسەی طاغووتدا دەفەرموێ: ڕاستر لای من ئەوەیە كە هەر كەسێك سنووری خوای گەورەی بەزاند طاغووتە، بەوەی لە جیاتی خواپەرستیێت، چ بەزۆر وابكات بیپەرستن یان ناچاریان بكات گوێڕایەڵێتی بكەن، جا مرۆڤ بێت یان شەیتان، خەڵك بۆ ئەو طاغووتییە دابنێن یان ئاژەڵ و بێگیان).[١] زۆر لە زانایان دەفەرموون طاغووت لە ئەسڵدا شەیتانە، كە كافربوون بۆ خەڵكی دەڕازێنێتەوەو بۆیان جواندەكات، تا فریویانبدات پێی. وەكو خوای گەورە لە باسیدا دەفەرموێ: (قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ * إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ) الحجر/٣٩-٤٠ واتە: ئیبلیس ووتی: خوایە مادام گومڕاتكردم شەرتبێت دەبێ ژیانی دنیایان وا لا جوانكەم و سەرزەوییان بۆ بڕازێنمەوە تا هەر هەموویان گومڕا دەكەم، مەگەر بەندە زۆر خواوویستەكان.

یەكەمین وەسێتی لوقمانیش بۆ كوڕەكەی -وەكو خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە- ئەوە بوو كە هاوبەش بۆ خوا بڕیارنەدات، فەرمووی: (وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ) لقمان/١٣ واتە: لوقمان كە ئامۆژگاری كوڕەكەی كرد پێی فەرموو: كوڕی خۆم قەت هاوبەش بۆ خوای گەورە دانەنێیت، هاوبەشدانان بۆ خوای گەوەرە ستەمێكی زۆر گەورەیە.. لە هەر شوێنێک زاراوەی شیرك بە گشتی بێت، مانای كوفر دەدات.

---

[١] فتح الباری (١١/٤٤٨) لە شەرحی فەرموودەی (٦٥٧٣)دا.

کەوابوو زانینی کوفرو بوارەکانی و هەرچی شتێك کە موسوڵمان پێی کافردەبێت یان هۆی کافرێتی کافره -کە پێچەوانەی ئیسلامە- فەرزە موسوڵمان بیزانێت. ئەمەش بوارو جۆرو شێوازی زۆره لە ژمارەنایات، بە ناوبانگترینیان ئەو بازنە سەرەکییەکانەن کە شێخولئیسلام محمدی کوڕی عبدالوهاب رەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبەکانی ئیبنوتەیمییەوە رەحمەتی خوای لێبێت کۆیکردۆتەوە، هەروەها ئەو جۆر و شێوازانەی شەرعناسان لە بەشی (أبواب الردة)ی کتێبە فیقهیەکانیاندا باسیان لێوەکردووە..

<u>**٥- زانینی فەرزی خواپەرستییەکانی دڵ**</u>: خواپەرستییەکانی دڵ زۆرکەس لێیان بێئاگایە، هەرچەندە فەرزن و زۆریان لە بنچینەی باوەڕن. لەوانە:

<u>أ- خواوویستی و نییەت پاکی</u>: خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ) البينة/٥ واتە: هەر فەرمانی ئەوەیان پێدرابوو کە سەرڕاستانە بە نییەتێکی پاکەوە خوابپەرستن و دینداریتی خواوویستانە بکەن. فەرزە لەسەر موسوڵمان کە بزانێت خواوویستی و نییەتپاکی و بۆخواساغبوونەوە فەرزە لەسەری و مەرجی قبوڵبوونی باوەڕە لای خوای گەورە. لەوانەیە لە دنیادا کردار -وەکو نوێژ و زەکات و ئەوانیتر- بە پێی ئەحکامی شەرع ڕاست ئەنجامبدرێت بەڵام لای خوای گەورە قبووڵنەبووبن و پاداشتیان بەهەدەرچووبێت، چونکە مەرجی خواوویستیەکەی تێدا نەبووە.. خواوویستی و نییەتپاکی بریتیە لەوەی کارەکە خالیسەن لەبەرخاتری خوا کرابێت و بەس.. ئەمەش کاری دڵە. واتە:(عمل القلب)ە.

<u>ب- لەخواترسان</u>: خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: (أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) التوبة/ ١٣ واتە: خوای گەورە شایانترە لێی بترسن، ئەگەر ڕاست دەکەن و موسوڵمانن.

ج- خۆشەویستی خوای گەورە: خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ) البقرة/١٦٥ واتە: بەڵام ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە خوایان زۆرتر خۆشدەوێت.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ، وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ ؛ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ، أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[1] واتە: سێ ڕەفتار هەیە لە هەر کەسێکدا هەبێت شیرینی باوەڕ دەچێژێت: خواو پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو شتێکتر زیاتر خۆشبوێت. کە کەسێکی خۆشوویست لەبەرخاتری خوای گەورە خۆشیبووێت، گەڕانەوەی بۆ کوفر ئەوەندە پێناخۆشبێت -دوای ئەوەی خوای گەورە قورتاری کردووە لێی- وەکو ئەوەی کە فڕێبدەنە ناو ئاگرەوە. خۆشوویستنی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەفتارێك نییە هەروابووترێت و بەقسە بێتەدی، نا، خۆشەوویستی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەقیقەتێکی هەیە، کە دەبێ لە خواپەرستییی و لە دڵ و ناخدا چەسپابێت، دەبێ بووبێتە هێزی پاڵنەری ڕەفتاری دەرێ، کە بەو ئاڕاستە بڕوات، کە خوای خۆشەوویست بۆی دیاریکردووە، ئەو هەڵوێستە بگرێتە بەر کە خوای گەورە پێیخۆشەو لەو ڕێبازو هەڵوێستانە دوورکەوێتەوە کە خوای گەورە پێیناخۆشەو نایەوێت، ئەوانە ئەنجامبدات کە خوا فەرمانپێکردووەو ئەوانە وەل (تەرك) كات کە خوا فەرمانپێداوە کەنەیانکات..

قازی عیاض دەفەرموێ: (مەگەر ئەوەندە بەس نییە بۆ فەرزێتی خۆشەوویستی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ

---

[1] بوخاری (١٦)، موسلیم (٤٣).

وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ) التوبة/٢٤ واتە: پێیان بفەرموو: ئەگەر باوك و باپیرو ئەولادو نەوەكان و براو خوشكان و هاوسەرو كەسوكارو خزم و عەشرەت و سامانی پاشەكەوتكراوو بازرگانی و كاسبییەكانتان كە دەترسن بكەوێت و نوشووستی بهێنێت (زەرەر یان ئیفلاسی تێدا بكەن)، هەروەها خانووو كۆشك و تەلارەكانتان كە زۆرلێیانرِازین و دڵتانپێیانەوەیە- ئەگەر ئا ئەمانە لاتان خۆشەویسترن وەك لە خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی و جیهادی ڕێی ئەو، دەی سا چاوەڕێبن، تا فەرمانی گەورەتان بە سەردابێت، خۆ خوای گەورە هیدایەتی كەسانی لادەرو خراپەكار نادات..) دوای ئەمە قازی عیاض دەفەرمویّ: (ئەم هاندان و هۆشدان و ڕێنیشاندان و هەنجەت و هەڕەشەو پابەندكردنە بەسە بۆ فەرزبوونی خۆشەوویستی خواو پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بەسە بۆ زانینی دژواریێتی و كاریگەریی هەموو هەڵوێستێك لەمە، كە ئەو سزا سەختە (هەڕەشەی خوایی)ەی بە دوادا بێت: (فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ)! دەبێت لە بەرامبەردا خاوەن خۆشەوویستی خواو و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و جیهادەكە چ پاداشتێكی زۆرو جۆری بۆ دانرابێت؟! خوای گەورە هەرچی كابرا هەیەتی لە كەسو كاری نزیكودوورو موڵك و سامانی خستۆتە یەكلاو خۆشەوویستی خواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خستۆتە بەرامبەری و ئینجا هەڕەشەدەكات و دەفەرموێت: دە هەڵبژێرن و بزانن هەر كەسێك خۆشەوویستی ئەو شتانەی هەڵبژارد چ چارەنووسێكی دژواری تووشدێنم؟! (فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ) هەر لە هەڵبژاردنەكەیدا حوكمی فاسقی لە دنیادا دابەسەریاندا و پێیفەرموون: ئەوی ئەوبەر هەڵدەبژێرێت فاسقە، گومڕایەو ڕێنمایی خوای گەورەی لە دەستچووە: ( وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ).[1]

---

[1] كتێبی (الشفاء/ل٥٦٣) چاپی عیسى الحلبي.

قازی عیاض ڕەحمەتی خوای لێبێت لە دوای ئەمە فەسڵێکتر دادەڕێژێت لەسەر نیشانەکانی خۆشەوویستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ناوی:(فصل في علاقە محبة صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە تێیدا دەفەرموێ: (ئەوە بزانە کە هەر کەسێك هەر شتێکی خۆشوویست لای لە هەموو شتێکتر شیرینتردەبێت، هەرگیز ڕەفتارێکی وا نانوێنێت خۆشەوویستەکەی لەدەستبچێت -هەرچی شتێك بێت -دەنا ڕاستناکات و وا خۆشناوێت و هەر لافوگەزافی خۆشەوویستی لێدەدا.. ئەوی لە خۆشەوویستی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕاستگۆیە نیشانەی خۆشەوویستیەکەی پێوە دیاردەبێت. یەکەم شت: ئیقتیداکردنێتی پێی و کارکردنێتی بە سوونەتەکانی و هەڵگرتنەوەی گوفتارو ڕەفتارەکانی و ڕاپەڕاندنی فەرمان و توخنەکەوتنی بەرهەڵەستیەکانی و خۆ ڕاهێنانێتی لەسەر ڕەفتارو ڕەوشتی و وەك ئەوکردنەوە لە کاتی هەبوونی و نەبوونییدا، لە سستی و لە چالاکییدا، لە لەشساغی و نەخۆشییدا.. لە هەموو ڕەفتارێکدا هەوڵدەدات وەك جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکاتەوە.. ئاوا بەرخۆشەوویستی خوای گەورەش دەکەوێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) آل عمران/٣١ واتە: ئەگەر ڕاستدەکەن و خوای گەورەتان خۆشدەوێت دەی سا شوێن من کەون تا خۆشیبوێن.

پێشتردانانی سوونەتەکانی ئەو فەزڵدانانێتی بەسەر حەزو ئارەزووەکانی خۆیدا، بەڵگەی خۆشوویستنێتی. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ) الحشر/٩ واتە: ئەو کەسانەی کە پێشتر باوەڕیان هێنابوو (مەبەست لە پشتیوانانی مەدینەیە کە هەموو شتێکی خۆیان بۆ پێشوازی موهاجیرەکان ئامادەکردبوو) ماڵ و حاڵیان کردە مەئوای برایانی موسوڵمان کۆچەریان، لە دڵەوە

حەزیاندەکرد موهاجیرەکان لەخۆبگرن و (لە خۆشوویستنیاندا)، سەروەت و سامان و جێگایان لەگەڵدا بەشکەن، هیچ گرێ و گۆڵێکیش لە دڵیاندا بەرامبەر ئەم هەڵوێستە دروستنەبوو.. ئەوانیان لە پێشتردادەنا وەك لە خۆیان، ئەگەرچی هەژاریشیان بەسەر خۆیاندا بهێنایا..

لە نیشانەی تری خۆشەوویستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەیە کە لە پێناوی ڕەزامەندی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گوێ بە ڕەزامەندی خەڵکنادات. (یان بڵێن ڕەزامەندی خوای گەورە بۆ ڕازیبوونی خەڵکی نادۆڕێنێت)..

هەروەها بوغزاندنی هەر کەسێك کە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیبوغزێنن، دوژمنایەتی ئەو کەسە دەکات کە دوژمندارێتی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکات. هەڵوێستی سازش و نەرمونیانێتی بەرامبەر دوژمنانی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نانوێنێت. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ) المجادلة/٢٢ واتە: کەسانێك نابینیت باوەڕیان بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێت لەملاوەش ئەوانەیان خۆشبووێت کە دوژمنایەتی دینی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن. یاوەرانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەبەر خاتری خوا خۆشەویستانی خۆیان کوشت.. باوك ئەولادی خۆی لەبەر ڕازیکردنی خوای گەورە و سەرخستنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکوشت..[1]

مەبەست لە نەقڵکردنی بۆچوونەکانی قازی عیاض ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەوەیە کە ڕوونببێتەوە کە ئەگەرچی خۆشەویستی لە کرداری دڵەو فەرزە، بەڵام لە کردەوەکانی جەستەدا دەردەکەوێتەوە. وەکو ئەویان کە لە دڵدایە و فەرزە، نواندن و بەرجەستەکردنی ئەم خۆشەویستیە لە ڕەفتاریشدا (لە گوفتاروکردار)دا هەر فەرزە..

---

[1] هەمان سەرچاوە (٢/٥٧٦-٥٧١).

ئەوەی دەربارەی خۆشەویستییە، دەربارەی کردەوەکانی تری دڵیشە، کە خواپەرستیین. وەکو ڕازیبوون و تەسلیمبوون.. هەر بە هەمان شێوەن..

د- ترس و ئومێد: چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا)الأعراف/٥٦ واتە: بە ترس و ئومێدەوە داوا لە خوا دەکەن.

هـ- پشتبەخوابەستن: وەك دەفەرموێ: (وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) آل عمران/١٦٠ واتە: با موسوڵمانان پشتبەخوابەستن.

و- ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵی و لەسەرنەکردنی گوناح و لەسەر ناڕەحەتییەکان: خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ)البقرة/١٥٣ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە یارمەتی خۆتان (شەحنبوونەوەی باوەڕو وورەو چالاکیتان) لە ئارامگری و نوێژەکانەوە وەربگرن و پێیان بەهێزبن ..

شێخی ئیمام عیززەدینی کوڕی عبدالسلام ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (کردەوەکانی دڵ زۆرن لەوانە: بردنی گومانی باش بە خوای گەورەو خەمخواردن بۆ ئەو خواپەرستییانەی لە دەستچوون، خۆشحاڵبوون بە فەزڵ و چاکەی خوای گەورە، حەزکردن لە باوەڕو باوەڕداریی و گوێڕایەڵ و حەزنەکردن لە کوفرو فیسق و تاوان، خۆشوویستن لەبەرخاتری خواو بوغزاندن هەر لەبەرخاتری خوا. وەکو خۆشوویستنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بوغزاندنی کافرو ملهووڕو خراپەکاران. سەبرگرتن لەسەر ناڕەحەتیەکان و پابەندیی و گوێڕایەڵیی و خراپەنەکردن و خۆگرتنەوە لێیان. زەلیلبوون و ملکەچیی و گوێڕایەڵیی خوای گەورهو یادکردنی و لەبیرنەکردنی. هەروەها خۆزگەخواستن بەپیاوچاکان و چاکەکانیان، بە خێرەومەندان و خێرو خێراتیان، بە دیندارانی سەرڕاست و تەقواکارییان. ئەمانە هەموو لە کردەوەی دڵن. هەروەها: خۆگرتنەوەو وەلکردنی هەر شتێك کە پێچەوانەی پیاوچاکیی و خێرومەندیی و

تەقواکارییە.. هەروەها شەیدابوونی دیداری خوای گەورە. خۆشوویستنی موسوڵمانان و ئەوی بۆ خۆیی پێخۆشە بۆ ئەوانیشی پێخۆشبێت، ئەوی بۆ خۆیی پێناخۆشە بۆ ئەوانیشی پێناخۆشبێت. هەروەها خۆڕاگرتن لەسەر داخوازییەکانی شەیتان و هەوڵدانی بۆ ڕاکێشانی بۆ سەرپێچیی و تاوان.. کردنەوەی یادی مردن و وەستانی لە حزووری خوای گەورە. خۆشحاڵبوون بە چووستیی خواپەرستیی و خەفەتخواردن لە سستیی خواپەرستیی، چونکە موسوڵمان وەکو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: موسوڵمان دڵخۆشە بە چاکەکارییەکەی و خەفەتدەخوات بە خراپەکردنی.. هەروەها باوەڕهێنان بە هەموو ئەوەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خوای گەورەوە بە موسوڵمانانی ڕاگەیاندووە، یان ئاڕاستەکانی جەنابی خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چ ئەوەی ڕوویداوە چ ئەوانەی نادیاری داهاتوون -هەروەها ئامۆژگاریکردنی هەموو موسوڵمانێك. هۆشدانە هەڕەشەی خوای گەورەو ترساندنەکانی، هەر کاتێك نەفسیش وویستی بەرەو گوناح ڕایکێشێت. وا خوا بپەرستێت هەروەکو کە دەیبینێت تا خواپەرستییەکانی بە باشترین شێوە ئەنجامبدات، با بزانێت کە خوای گەورە دەیبینێت و ئاگای لە هەست و نەستێتی.. ئا ئەمەیە ئیحسان..).[1] هتد باسکراوەکانی تری ڕەحمەتی خوای لێبێت..

ئەمانە نموونەی خواپەرستییە فەرزەکانی دڵن، کە دڵ و ڕەوشتی موسوڵمانی پێکۆشدەبێت و لەسەر خواناسیی ڕادێت. کردەوەکانی دڵ سەرچاوەی کاریگەری کردەوەکانی جەستەن، پاڵنەریانن. بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَلا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلا وَهِيَ الْقَلْبُ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[2]. واتە: پاروە گۆشتێك وا لە ناو جەستەدا، ئەگەر ئەو چاکبێت

---

[1] عزالدين بن عبدالسلام: قواعد الأحكام في مصالح الأنام (١/١٨٩) دار الكتب العلمية.
[2] بوخاری (٥٢)، موسلیم (١٥٩٩).

هەموو جەستە چاکدەبێت، ئەگەر ئەو خراپبێت هەموو جەستە خراپدەبێت، ئەو پاروە دڵە، دڵ..

<u>**٦- زانینی ئەحکامی پاکژیی:**</u> چونکە مەرجی ڕاست و دروستی نوێژەکانە، لەو ئەحکامانەی پاکژیی کە فەرزە بزانرێت:

أ- زانینی سیفەتی ئەو ئاوەی پاکژیی پێدێتەدیی.

ب- زانینی پیسیی و جۆرەکانی و چۆنێتی لادانی.

ج- زانینی چۆنێتی تاراتگرتن.

د- زانینی غوسڵە فەرزەکان. وەکو لەشپیسیی (لەش گرانیی) و حەیزو نیفاس.

هـ- زانینی سوونەتە سروشتیەکان. وەکو خەتەنەکردن و ڕیشدانان و بەرکردن و ئەوانی تر.

و- زانینی چۆنێتی دەستنوێژ: مەرجەکانی، فەرزەکانی، سوونەتەکانی، بە چی دەشکێت.

ز- زانینی ئەحکامی تەیموم:کەی جائیزە و چۆنێتی و.. هتد.

<u>**٧- لەبەرکردنی سورەتی فاتیحە**</u>: چونکە ڕوکنی نوێژە. باشتریش وایە چەند سورەتێکیش لە سورەتە کورتەکان لەبەر بکات. هەروەها سوونەتە ئەحکامی تەجوید بزانێت تا بەباشی قورئان بخوێنێت.

<u>**٨- زانینی ئەحکامی نوێژ:**</u> لە دوای شایەتمان نوێژەکان تەئکیدلێکراوترین فەرزن، یەکەمین شتێکە کە عەبد لە قیامەتدا موحاسەبە دەکرێت لەسەری ، ڕوکنی دووەمی

ئیسلامە، هەر کەسێك بە ئەنقەست نەیکات کافرە،[١] ئیعتراف بە فەرزێتی بکات یان نەکات، ئەمە بەڵگەی قورئان و سوونەت و کۆڕای یاوەرانی زیاتر لەسەرە، وەکو ئیبولقەیم لە سەرەتای کتێبی (الصلاة)کەیدا باسیکردووە.. لەو ئەحکامانەی کە فەرزە لە باسی نوێژدا موسوڵمان بیزانێت:

أ- زانینی مەرجەکانی فێربوونی: کە بریتیە لە:ژیری، باڵغبوون. لەگەڵ ئەمەش، نوێژی منداڵی نەفام دروستە، فەرمانی پێدەدرێت بیکات.

ب- زانینی مەرجەکانی ڕاستی و دروستی: وەکو دەستنوێژ، ڕووکردنە قیبلە، عەورەتداپۆشین، هاتنی کاتی، و نییەت.

ج- زانینی چۆنێتی نوێژ: ڕوکن و فەرز و سوونەتەکانی.

د- زانینی سوجدەی سەهو: هۆکانی، بۆچی باشە و چۆنێتی بردن.

هـ- زانینی ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵدەکەنەوە، هەروەها ئەوانەی کردنیان باش نییە (مەکروهن)..

لەگەڵ فەرزێتی زانینی ئەمانەدا پێویستە نوێژە سوونەتەکانیش بزانێت، ئەوەی تەئکیدی لێکراوە. وەکو نوێژو دووڕکاتی سپێدە، پێشفەرزی بەیانی ئینجا هاوڕێی فەرزەکان (الرواتب)، چونکە بەردەوام وەلکردن و نەکردنیان هۆیە بۆ لەکەدارکردنی جێمتمانەیی (عەدالەت)ی موسوڵمان.. هەروەها بۆ پڕکردنەوەی نوقسانی فەرزەکان پێویستە وەکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە کە نوقسانی نوێژی فەرز بە نوێژی سوونەت پڕدەکرێتەوە.

---

[١] دیارە ئەمە باسێکی ڕاجێ کۆنی نێوان شەرعناسانە، ڕای جمهوری شەرعناسان، ڕای جمهوری پێشەوایان ئەبوحەنیفەو مالیك و شافیعی: کافرنەبوونێتی، ئەگەر نکوڵی لە فەرزبوونی نەکرد.. دەکرێت بگەڕێیتەوە سەر (ئەحکامەکانی نوێژ/کرێکار (٥٣٩/١) چاپی یەکەم/نوسینگەی تەفسیر.

و- زانینی ئەحکامی نوێژی جەماعەت و هەینی و دوو جەژنەکە..

**٩- زانینی ئەحکامی جەنازە:** ئەگەر چی زانینی ئەحکامی جەنازە فەرزی کیفایەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەندێك حاڵەت دەبێتە فەرزی عەین خوێندنی زەروورییە، دووکەس ڕێبواری سەفەرێکن لە چۆڵەوانیدان و یەکێکیان مرد، ئەوی تریان کە ئەحکامی جەنازە نەزانێت چی لێدەکات و چۆن ڕەفتار دەکات؟ بۆیە فێربوونی ئەحکامی جەنازە کە زەروورەتە فەرزە. لە ئەحکامەکانیشی: شتنی مردوو، کفنکردن، نوێژ لەسەرکردن، ناشتنی (بەگۆڕسپاردنی).

**١٠- زانینی ئەحکامی زەکات:** کە یەکێکە لە پێنج ڕوکنەکەی ئیسلام، فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك هەندێك ئەحکامی گشتی زەکات بزانێت، وەکو مەرجەکانی فەرزبوونی. بۆ ئەوەی ئەگەر لەسەری فەرزبوو، بزانێت چۆن ئەحکامی تری فێردەبێت و دەیچەسپێنێت. مەرجەکانی فەرزبوونی زەکات لەو زانینانەن کە فەرزن لەسەر موسوڵمان فێرببێت. بەڵام باقی ڕوکنەکانتر دەچنە خانەی (زانستی شەرعی فەرزی عەینی تایبەت) چونکە کە سامان زۆردەبێت فەرز دەبێت لەسەری تەفسیلاتی ئەحکامی زەکات فێرببێت، ئەمەش تایبەتە بەوکەسەو هاوئاستی ئابووریان..

أ- مەرجەکانی فەرزبوونی زەکات بریتیە لە: موسوڵمانێتی، سەربەستی، هەبوونی نیصاب، (ئاستی یەکەمی دەوڵەمەندی بە دیدی ئیسلام) خاوەنێتی تەواوی نیصابەکە، تێپەڕبوونی ساڵ بەسەر تەواوبوونی نیصابەکەیدا. سامانی پەیداکراو لە زەوی (دۆزراوەی ژێر زەوی و چاندن و.. هتد) تێپەڕبوونی ساڵ مەرج نییە زانینی ئەوە کە زەکات لە سامانی منداڵیشدا هەیەو دەبێ دەرکرێت. هەروەها سامانی شێت، چونکە باڵغبوون و ژیرێتی مەرجی

فەرزبوونی زەکات نین. وەکو جمهووری پێشەوایان دەفەرموون، بەڵام ئیمامی ئەبو حەنیفە لای وایە زەکات لە سامانیاندا نییە ..

ب- زانینی سامانی زەکات: لە چ جۆرە موڵك و سامانێك زەکات دەدرێت؟: لە ئاژەڵی لەوەڕگای دەرەوەی ماڵ و سامانی زەوی، هەنگوین، پارە، کەلوپەلی بازرگانیی. زانینی بڕی زەکاتی هەر جۆرێکیان فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك.

ج - زانینی زەکات پێدراوان و زەکات پێنەدراوان.

د- زانینی مەرجەکانی فەرزبوونی سەرفترە و بڕ و کاتی دەرکردنی..

**١١- زانینی ئەحکامی ڕۆژوو**: ئەمیش لە ڕوکنەکانی ئیسلامە کە خوای گەورە فەرزی کردووە، جا هەر کەسێك ئەم فەرزە بیگرێتەوە (وەکو ڕۆژووی ڕەمەزان کە ساڵانە دێتەوە سەری) فەرزە لەسەری ئەحکامە سەرەکییەکانی بزانێت وەکو:

أ- مەرجەکانی فەرزبوونی: ڕۆژوو لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغ و ژیرو بەتوانا، نێرو مێ سەربەست و کۆیلە فەرزە..

ب- مەرجەکانی ڕاستی و دروستیی: موسوڵمانبوون، باڵغیی، ژیریی ، هەبوونی نییەت، پاکیی لەحەیزو نیفاس.

ج- گرتنی ڕۆژوو: خۆگرتنەوە لە شکێنەرەکانی (خواردن، خواردنەوە، جیماع) لە سپێدەوە تا خۆرئاوابوون.

د- حەرامێتی ڕۆژوو: بۆ حەیزدار و زەیستان کە فەرزە نەیگرن و دوای ڕەمەزان بیگرنەوە.

هـ- زانینی بەتاڵکەرەوەکانی ڕۆژو و ئەوانەی گرتنەوەو کەفارەتیان دەوێت و ئەوانەی هەر کەفارەتیان دەوێت و بەس.

<u>و- زانینی مۆڵەتی نەگرتنی ڕۆژوو بۆ نەخۆش و پیری بێهێزو موسافیر</u> بە مەرجی خۆی و ئەو کەسانەش کە دەبێ بیگرنەوەو ئەو کەسانەش کە بەڕۆژوو نابن و لە جیاتی ئەو کەفارەت دەدەن.

<u>ز- سوونەتەکانی ڕەمەزان وەکو</u> تەراویح و ئیعتیکاف و زۆرخوێندنی قورئان و خێرو خێرات و چاکەکاری زیاتر ..

**<u>١٢- زانینی ئەحکامی حەج:</u>** کە ڕوکنی پێنجەمی ئیسلامە، فەرزە لەسەر موسڵمان ئەوە بزانێت کە خوای گەورە حەجی لەسەرفەرزکردووە، لە تەمەنیدا جارێك، لەبەر ئەمە فەرزە لەسەری ئەمانە بزانێت:

<u>أ- مەرجەکانی فەرزبوونی:</u> کە بریتیە لە: موسوڵمانێتی، ژیریی ، باڵغبوون، سەربەستی تەواو، توانا، دەشێت منداڵ و کۆیلەش حەج بکەن و پاداشتیشیان بۆ دەنووسرێت، بەڵام فەرزەکەی تەمەنیان بەوە لەسەر لاناچێت، منداڵەکە کە باڵغبوو، کۆیلەکەش کە ئازادبوو، حەجەکەیان لەسەرفەرزە بیکەن. لە فەرزبوونی عومرەدا ڕاجوێی هەیە.

<u>ب- هەبوونی توانا:</u> بۆ گەیشتنە ماڵی خواو جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی حەج و گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆی بێکێشە و گرفتی ڕێ.

سیفەت توانایی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. ئەوی لەسەر دوورنشین فەرزە مەرج نییە لەسەر کەسی نزیکنشین فەرزبێت، ئەوی لەسەر ئافرەت فەرزە لەسەر پیاو فەرزنییە. بە گشتی حەج خواپەرستییەکی جەستەیی و داراییە، توانایی پەیوەندی بە توانایی جەستەو توانایی داراییەکەشەوە هەیە.. هەروەها ئەمانی ڕێگاکەی. هەر کەسێك جەستەی لە توانایدا هەبوو بچێتە حەج و پارەی سەفەرەکەی هەبوو، مەسروفی زیاتر لە پێداویستیە سەرەکییەکانی هەبوو، وەکو هەبوونی ماڵ (خانوو) سواریی و خزمەتکارو مەسروفی خێزان و منداڵ.. ئەمە توانای حەجی هەیەو لەسەری فەرزە بیکات.. باشتر وایە

موسوڵمان -هەر کە تواناکەی بۆ دەستەبەربوو- زوو حەجبکات.. بۆ ژنیش مەرجە هاوسەری یان مەحرەمی خۆی لەگەڵدابێت، هەر کەسێك پارەی هەبوو بەڵام بە جەستەی ناتوانا بوو دەشێت کەسێك بکاتە وەکیلی خۆی و حەجەکەی بۆ بکات..

ج- هەر کەسێك حەجی لەسەر فەرزبوو زانینی ئەحکامەکانیشی لەسەر فەرزدەبێت، ئەو برە زانستەی لەسەر فەرزدەبێت بە جۆری فەرزی عەینی گشتیە. ئەمما ئەو کەسەی نیازی چوونەحەجەکەی هەیە زانستی شەرعی فەرزی عەینی تایبەتی لەسەر فەرزدەبێت، بۆیە لەسەر ئەمیان فەرزە ئەحکامی حەج و فەرزو سووننەتەکانی بزانێت، هەروەها چی بەتاڵیدەکاتەوە و کەفارەت لەسەر چییە..

د- هەروەها ئەحکامی قوربانیکردنی لەسەرفەرزە چونکە مەزهەبەکان لە فەرزبوونیدا ڕاجوێن..

**١٣- زانینی ئەحکامی جیهاد:** واتە کوشتاری کافران. فەرزە لەسەر موسوڵمان بزانێت کە خوای گەورە جیهادی لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرزکردووە. وەکو دەفەرموێ: (كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) البقرة/٢١٦ واتە: خوای گەورە کوشتاری لەسەر فەرزکردن، هەرچەندە پێشتان ناخۆشە، بەڵام دەشێت شتێکتان پێناخۆشبێت و خێریشی بۆتان تێدابێت، هەر وەکو کە لەوانەیە شتێکتان پێخۆشبێت بەڵام بۆتان خراپبێ. خوای گەورە دەزانێ، ئێوە خۆتان نازانن..

جیهاد لە فەرزی کیفایەکانە، کە ئەگەر کۆمەڵە موسوڵمانێك پێیهەستان و بۆ هێنانەدیی مەبەستی جیهادەکە بەسبوون، پاداشتیان مسۆگەرەو گوناحەکەشیان لە ئەستۆی موسوڵمانانی تردا لابردووە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً ۚ وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ ۚ وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا) النساء/٩٥ واتە: خوای گەورە ئەو موجاهیدانەی

کە بە گیان و ماڵ لە پێناوخوادا جیهاددەکەن پێیچاکترن و فەزڵیاندەدات بەسەر دانیشتووەکاندا، پلەیەك لەوان بە باشتریان دادەنێ. بەڵێنی جوانی بە هەردوولاشیانداوە، بەڵام موجاهیدەکانی بە پاداشتێکی گەورە و مەزن بەسەر دانیشتوانەکاندا داوە.. فێربوونی ئەحکامی جیهاد لە زانستی شەرعی فەرزی عەینی تایبەتە.. بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەر چەند حاڵەتێك جیهاد دەبێتە فەرزی عەین لەسەر هەموو موسوڵمانێکە ئەحکامە گشتیەکانی بزانێت. لەبەر ئەمەشە لێرەدا خستمە ڕیزی زانستی شەرعی فەرزی عەینی گشتی..

جیهاد لە سێ حاڵەتدا دەبێتە فەرزی عەین کە دەبێت هەموو موسوڵمانێك تێیدا بەشدار بێت:

أ- ئەگەر ئیمام (خەلیفە) فەرمانی بە کەسێك یان بە کۆمەڵە خەڵکێکی موسوڵماندا کە بچنە جیهاد، جیهادەکەیان لەسەر فەرزدەبێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انفِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الْأَرْضِ) التوبة/٣٨ واتە: ئەوە بۆچی کە پێتاندەووترێت لە پێناوی خوادا ڕاپەڕن، جیهادبکەن خۆبەزەوییەوە قایمدەکەن و خۆتان قورسدەکەن؟! پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[١] واتە: ئەگەر داوای جیهاد لەهەمووتان کرا ڕاپەڕن و دەستی بدەنێ.. لە هەمان ڕوانگەوە: ئەگەر ئەمیری کۆمەڵێکی موجاهید یان حزبێکی جیهادی داوای لە یەکێك لە شوێنکەوتووانی کرد، کە بەیعەتی لەسەر گوێڕایەڵیی و ملکەچیی و جیهاد فی سبیل الله پێدا بوو، بچێتە جیهاد (یان چالاکییەکی جیهادی ئەنجام بدات) فەرزە لەسەریی فەرمانەکەی ڕاپەڕێنێت.....

---

[١] بوخاری (٢٦٧٠)، موسلیم (١٣٥٣).

ب- جیهاد لەسەر ئەو کەسە فەرزە ئەگەر بۆ جیهادی فەرزی کیفایە چووبووە بەرەی جەنگەکەوە. کاتێك سوپای موسوڵمانان و سوپای کافران ڕووبەڕووی یەکتریی دەبنەوە، مانەوەی ئەمیش لەبەرەی جیهادو خۆڕاگرتنی فەرزە لەسەریی و حەرامە بەرەی جەنگ جێبهێڵێت. فەرزە خۆڕاگرانە بمێنێتەوە لەوێ. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ * وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ) الأنفال/١٥-١٦ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، ئەگەر تووشتانبوو بەتووشی سوپای کافرانەوە -با وەکو لێشاویش بن-[١] لەبەریان هەڵنەیەن و پشتیان تێنەکەن، هەر کەسێك لەو ڕۆژەدا پشتیان تێبکات ئەوە بەر غەزەبی خوا دەکەوێت و جێپەنای دۆزەخ و چارەنووسی زۆر خراپدەبێت، مەگەر کەسێك بەرەی جەنگی لە دوژمن گۆڕی بێت یان خۆی بگەیێنێتە کۆمەڵە موسوڵمانێکی تر لە گۆشەیەکی تری بەرەکەی جیهادەوە، ئەمە بەر ئەو سزایە ناکەوێت.

ج- ئەگەر دوژمن ناوچەیەکی وڵاتی موسوڵمانانی داگیرکرد جیهاد لەسەر دانیشتووانی ناوچەکە دەبێتە فەرزی عەین، هەر بەو بەڵگانەی ڕابورد (سوورەتی ئەنفال/ ئایەتەکانی ١٥،١٦،٤٥) چونکە داگیرکردنەکە یەعنی هەبوونی دووڕیزی لەشکرو بەرەی بەرامبەر. ئیتر کافران و موسوڵمانان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی یەکتریدادەبن. ئەوی هەر لەم جۆرە جیهادو فەرزەیە جەنگ و شۆڕشی دژی حاکمە مورتەددەکانیشە کە بەسەر وڵاتی موسوڵماناندا سەپێنراون و بە یاسای کوفر حوکمدەکەن، ئەوانیش دوژمنی ئیسلامن و کافری دەسەڵاتداری شەڕانین و جیهادکردن دژیان لەسەر هەموو موسوڵمانێکی ئەو

---

[١] لە ئەسڵدا (زحف) بزاوتی زارۆکە کە لەسەر سمتی (پێش هەستان و دارەدارەکردنی) واتە: قوونەخشکێ.. واتە: ئەگەر دە ئەوەندە زۆر بوون وەکو خشان دەهاتنە سەرتان لەبەریان نابێت هەڵبێن..

وولاتانە فەرزی عەینە. ئەگەر لە توانایاندا نەبوو جیهادەکەی دژبکەن ئەوکاتە خۆ ئامادەکردن لەسەریان فەرز دەبێت. وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ) الأنفال/٦٠ واتە: ئەوەی لە تواناتاندا هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کافرەکانی -لە هێزی جەنگ- ئامادە بکەن..

لەم سێ حاڵەتەدا جیهاد دەبێتە فەرزی عەین..

جیهاد خواپەرستیەکە لە خواپەرستییەکانی ئیسلام، خوای گەورە بەبێخواوویستیی و نییەتپاکیی لە کەسی وەرناگرێت. فەرزە بۆ سەرخستنی دینەکەی خوا لە پێناوی خوادا بجەنگێت، تا سەروەری شەرع بەسەر هەموو لایەکدا باڵادەستدەبێت و هیچ بەربەستێك لەڕێی بڵاوکردنەوەی دینەکەدا نامێنێت، با کافرانیش لالووتبن و پێیناڕەحەتبن، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ[١] واتە: هەر کەسێك بۆ ئەوە بجەنگێت تا ووشەی خوا (دینەکەی) باڵادەستبێت، ئەوە لە پێناوی خوادایە..

- مەرجەکانی فەرزبوونی جیهاد بریتیە لە: موسوڵمانێتیی، باڵغبوون، ژیریی ، نێرینەیی، سەربەستیی، هەبوونی توانای داراییی کە بۆ جیهادەکە پێویستە، جەستەی ساغ، مۆڵەتی دایکوباوکە موسوڵمانەکەی، مۆڵەتی خاوەن قەرز بۆ قەرزدار. هەموو ئەمانە مەرجی جیهادکردنن، ئەگەر فەرزی کیفایەبوو، ئەگەر بووبەفەرزی عەین، مەرجەکانی کەمدەبنەوە بۆ: موسڵمانێتیی، باڵغبوو، ژیریی، نێرینەیی، جەستەی ساغ، ئەوکات مۆڵەتی دایکوباوك و خاوەن قەرز مەرج نامێنن. هەروەکو لە فەرزە عەینەکانی تریشدا هەیە.. جیهادی فەرزی عەین لەسەر کۆیلەو نەداریش هەر فەرزە، بەڵام لەسەر ژن، نا..

---

[١] بوخاری (٧٠٢٠)، موسلیم (١٩٠٤).

هەرچەندە هەندێك لە شەرعناسان دەفەرموون بە لێکچواندن (قیاس) بە فەرزەکانی تر لەسەر ژنانیش فەرزە جیهادبکەن، مادام بۆتە فەرزی عەین. بەڵام وا نازانم وابێت. دەشێت خۆبەخشانە بەشداری جیهاد ببن. بەڵام فەرز نییە لەسەریان.. ئەم باسە بە دوورو درێژتر لە کتێبی (العمدة في أعداد العدة)دا هەیە.

**١٤- فێربوونی فەرز و ئادابە عەینیەکان: لەوانە:**

أ- جوان ڕەفتارکردن لەگەڵ دایکوباوك ئەگەر کافریش بن، گوێڕایەڵیکردنیان لە غەیری گوناح و تاواندا، چونکە خوای گەورە یەکخواپەرستی بۆ خۆیی و گوێڕایەڵیی دایکوباوك پێکەوە هێناوە! لە زۆر ئایەتدا وا ڕیزبەندی کردووە. وەکو: (وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا) النساء/٣٦ واتە: خوای گەورە بپەرستن، هیچ جۆرە هاوبەشێکی بۆ دامەنێن و لەگەڵ دایکوباوکدا جوان ڕەفتاربکەن.. ئەوی لە ڕیزی ئەمەشە خزمایەتی و ڕاگرتنی پەیوەندی کەسوکارە ...

ب- سەرپەرشتی و بەخەمەوە بوونی ماڵ و منداڵ و مەسروفکێشان و فێرکردنی دینەکەیان و هاندانیان لەسەر گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە.

ج- ڕەچاوکردنی مافی دراوسێیەتی، ئەویش فەرزە.

د- ڕێزگرتن لە میوان.

هـ- زانینی مافی موسوڵمان و ئەداکردنی ئەو فەرزانەی لەم بوارەدا لەسەریتی وەکو وەڵامدانەوەی سڵاوو سەردانی نەخۆش و شوێنکەوتنی جەنازە و یارمەتیدانی موحتاج و بەهاناوە چوونی لێقەوماو و ئامۆژگاریکردنی.

و- گوێڕایەڵی کاربەدەستی موسوڵمان -کە موسوڵمانن- لە غەیری گوناح و تاواندا، هەروەها ڕێزگرتنیان و ڕێزگرتنی زانایان و پیاوچاکان و خێرەوەمەندان..

ز- وەرگرتنی مۆڵەتی سەردان و چوونەمیوانیی و دیدەنیی و لە چاوگرتنەوە و گوێنەگرتن لە حەرامکراوەکان.

ح - خواردنی حەڵاڵ و دوورە پەرێزیی لە حەرام.

گ- فەرزێتی ڕاستگۆیی و دەستپاکیی و هێنانەدیی بەڵێن و پاراستنی پەیمان و گرێبەست و ڕێکەوتن.

ی- فەرمان بەچاکە و بەرهەڵەستی لەخراپە، بە تایبەتی ئەگەربوو بە فەرزی عەین.

ك- پۆشینی پۆشاكی باڵاپۆش بۆ ئافرەتی موسوڵمان، هەروەها نیقاب و داپۆشینی دەموچاوو[١] خۆگرتنەوە لە تێکەڵاوی نامەحرەم .

ل- فەرزە لەسەر ئافرەتی موسوڵمان گوێڕایەڵی مێردەکەی -لە غەیری گوناح و تاواندا- بکات و مافەکانی ڕەچاوبکات.

ئەمانە فەرزن، زۆر ئاداب و ڕەفتاریتر هەن کە سوونئەتن و پەسەندترە موسوڵمان بیانزانێت. وەکو: ئادابی خواردنەوەو ئادابی ئامۆژگاریی و هاوڕێیەتیی و تێکەڵاویی خەڵکی و خوێندنی زیکرەکان و ڕەوشتە پەسەندەکان.

---

[١] ئەمەش باسێکی ڕاجوێیە، شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی دوای ئەوەی کتێبی (جلباب المرأة المسلمة)ی بڵاوبۆوە کە نیقاب بە فەرز ناناسێنێت، شیوخەکانی عەرەبستان ڕەددیان لێدایەوەو تەنانەت یەکێکیان لەسەری نوسیبوو: (الشيخ الألباني يدعو الى السفور) ئیتر وا دیارە ئەم حەملەیە شێخی ڕەحمەتی زیاتر هاندا بە دوای هەموو بەڵگەکانی ئەواندا بچێتەوەو توێژینەوە بۆ دەق و سەنەدەکانیان بکات، بۆیە کتێبێکی لەسەر (بێ بەڵگەیی نیقاب پۆشین) دانا بەم ناوە دوورودرێژەوە: (الرد المفحم على من خالف العلماء وتشدد وتعصب وألزم المرأة أن تستر وجهها وكفيها وأوجب ولم يقنع بقولهم إنه سنة ومستحب) کە دەفەرمووێ فەرزێتی نیقاب هیچ بەڵگەیەکی صەحیح و حەسەنی لەسەر نییە.. ئێمەش پێمان فەرزنییە.

**<u>١٥- زانینی حەرامەکان:</u>** پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك ئەو حەرامانە بزانێت چین کە خوای گەورە لێی قەدەغەکردووەو هەڕەشەی لە بکەرەکەی کردووە، تا خۆیانی لێبپارێزن.. لەوانە:

<u>أ- گوناحەکانی دڵ:</u> لەوانە: کوفری ناخی دڵ -کە لە گوفتارو کرداریدا دەرناکەوێت- ئەمە هەر دووڕوویی گەورەیە. هەروەها لە گوناحەکانی دڵ: باوەڕبوونی بە هەبوونی هاوبەش بۆ خوای گەورە، نکۆڵیکردنی لەزیندووبوونەوە، بوغزاندنی دینەکەو رقبوونەوە لە ئەحکامی شەرع، یان پەسەندکردن و حەزکردن لە دید و هەڵوێستی کافران.. دیسان لە گوناحەکانی دڵ: خۆبەگەورەزانین و حەسوودی (بەغیلیبردن) و ڕیابازیی و حەزلەگوناحکردن و خۆشحاڵبوون بەکردنی، هەروەها خۆشویستنی ستەمکاران و پیاوخراپان، ئینجا گومانبردنی خراپ بە موسوڵمان و دڵڕەقبوون کە ڕێ لە چاکەکاریی دەگرێت، هەروەها ڕق و تووڕە بوون بە ناهەق.

<u>ب- گوناحە گەورەکان کە سزایان لەسەرە، بریتین لە:</u> لە دین هەڵگەڕانەوە (بە گوفتار یان کردار یان ئیعتیقاد لەو مەرجەی لە ڕێی شەرعییەوە بسەلمێت) هەروەها قەتڵ (کوشتنی کەسێکی تر بە ناحەق)، زینا، تۆمەتبارکردنی زینا، نێربازیی، شەرابنۆشین، جەردەیی و ڕێگریی.

<u>ج- گوناحەکانی زمان:</u> وەکو درۆکرن و غەیبەت و دووزمانیی و شایەتی درۆو تۆمەتبارکردنی ناموس و جنێوو تانەدان و گاڵتەپێکردن و سووکایرتیکردن بە موسوڵمان و دەربڕینی خۆشحاڵیی بە کێشەکانی، شیوەن و شەپۆڕو واوەیلا لەسەر مردووە.

<u>د- گوناحەکانی چاو:</u> وەکو نەزەر (تەماشاکردنی ئافرەتی نامەحرەم و مێردمنداڵی بێموو)، چوونە دیتنی شانۆو مەلهاو سینەماو تەلەفزوێن و هاوشێوەیان یان تەماشاکردنی ستەمکاران و بینینی هەڵوێستی زوڵمکردنیان.

هـ- گوناحەکانی بیستن: وەکو بیستنی گۆرانی و مۆسیقاو قسەی خراپ و جاسوسیکردن.

و- گوناحەکانی عەورەت: وەکو زیناو نێربازیی، خۆلێخشاندنی ئافرەتان لە یەکتریی و خۆ ڕەحەتکردن و وەلکردنی خەتەنەکردنی نێرینە.

ز- گوناحەکانی خواردن و خواردنەوە: وەکو: خواردنی گۆشتی حەرام و مردارەوە بوو، خواردنی گۆشتی گوێدرێژو دڕندەو باڵندەی گۆشت خۆر.خواردنی خوێن و گۆشتی بەرازو شەراب و جگەرە کێشان..

ح- حەرامەکانی سامان: لەوانە دزیی، زەوتکردن، ماشینەوە، سوو، بەرتیل، قومار، خواردنی سامانی خەڵك و نکۆڵیکردنی، خواردنی ماڵی هەتیوو، خواردنی ئەمانەت، غەشکردن لە کڕین و فرۆشتن و گرێبەست، حەشاردانی سامان بە ئومێدی گرانبوونی، زێدەڕەویی و گوێنەدان بە پارەو بە فیڕۆدانی هەوانتەو سەرفکردنی پارە لە حەرامەکاندا و بازرگانیکردن بە شتی حەرامەوە...

هەر سامانێك لە ڕێی حەرامەوە پەیداکرابێت خواردن و بەکارهێنانەوەشی حەرامە، ئەوانەی حەرامخۆرن، با بزانن کە ئاگری دۆزەخ گەدەیان دەئاخنێتەوە ! خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًاۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا) النساء/١٠ واتە: ئەو کەسانەی (کە سامانی هەتیوو/حەرام) دەخۆن ئەوانە حەتمەن دەبێ لە ئاگری دۆزەخ قووت بدەن و بیخۆن، هەر دەشچنە دۆزەخەکەوە.

هەروەها حەرامکراوەکانی سامان کە پێشتر باسمانکرد.

لە خانەی سامانی حەرامدا کرێ و حەقدەست و مەعاش و هەر پارە و سامانێکی تر کە لە کاری حەرامدا دەستدەکەوێت هەر حەرامە، دیسان ئەو سامانە زەوتکراوەی لە دەوڵەمەند بە ناوی سۆشیالیستیەوە وەردەگیرێت -گوایە دەدرێتەوە بە هەژاران بۆ هێنانەدیی دادی کۆمەڵایەتی- هەر حەرامە جا زەویوزار بێت یان خانوو و کۆمپانیاو

کارگە، یان پارە و سامان بێت (وەکو دەڵێن: المنقولة وغير المنقولة) هەر هەمووی حەرامە و غەسپ و زەوتکردنە و چەندین ساڵیشی بەسەردا تێپەڕبێت هەر حەڵاڵ نابێت. هەر کەسێك سامانی حەرامی پەیداکرد، دەبێت تۆبەی لێبکات، لە مەرجی تۆبەش گێڕانەوەی سامانەکەیە بۆ خاوەنەکەی. ئەگەر زەحمەتبوو یان بێخاوەنبوو (وەکو کرێی حەرام) قووتار بوون لێی ئەوەیە بکرێتە خێر.. وەکو ئیبنوتەیمییە و ئیبنوالقەیم به تەفسیل لە زۆر لە کتێبەکانیاندا باسیان لێوە کردووە.

<u>گ- گوناحەکانی پۆشاك و شکڵ</u>: وەکو دانەپۆشینی عەورەت یان پۆشاکی تەنك و تەسك کە عەورەت لێوەی دیاردەبێت، هەروەها پۆشاکی تەنك یان سفووریی، پۆشاکدرێژکردنەوە بۆبنێ، پۆشینی ئاوریشم و زێڕ/ ئاڵتوون) بۆ پیاو، خۆ چواندنی پیاو بەژن و ژن بەپیاو، خۆ چواندن بە کافران، ڕیشتاشین، مووهەڵکێشان، قژی سەناعی و..

<u>ی- گوناحی ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی</u>: وەکو ڕەنجاندنی دایکوباوك، پساندنی سیلەی ڕەحم (پەیوەندی خزمایەتی) دەستدرێژی کردنەسەرخوێن و سامان و ناموسی خەڵکی، فەزحکردنی موسوڵمانان و بێدەنگنەبوون لە عەیب و عاریان و دانەپۆشینی، ئازاردانی دراوسێ، فێڵبازیی و هەڵخەڵەتاندن و فریودان و غەشکردن، یارمەتیدانی ستەمکار، یاخیبوون و شۆڕشکردن دژی کاربەدەستی موسوڵمان بە ناهەق، مانەوە بە تەنها لەگەڵ نامەحرەم، سەفەری ئافرەت بە بێمەحرەم..

<u>ك- گوناحی جەنازە و سەر قەبران</u>: وەکو شیوەن و زاری لەسەر مردووەکە، کۆبوونەوەی پرسە بەو شێوە بیدعەیەی دەکرێت، دروستکردنی گومەزو دیوار لەسەرگۆڕ، گەچکاریی و مۆم و چرا داگیرساندن لەسەریی، دانیشتن لەسەریی، نوێژکردن لایەوە،

<u>- حەرامێتی جادووگەری و فاڵگرتنەوە و شێوەیان</u>: حەرامێتی چوونە لایان، حەرامێتی بە ڕاست و ڕاستگۆ زانینیان، ئەوی لەم خانەشدایە خوێندنەوەی بورجەکان و (خوێندنەوەی ئەمڕۆت)! وەکو لە ڕۆژنامەکاندا هەیە..

- حەرامێتی کێشانی وێنەی گیانلەبەران و هەڵواسینی وێنە، هەروەها پەیکەرداتاشین و دانانی.

- حەرامێتی داوەرییبردنە لای یاسای کوفر و حاکمی کافران: چونکە داوەرییبردنە لای طاغووتان، هەروەها حەرامێتی بەشداربوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان و بەخۆپاڵاوتن یان دەنگدان یان یارمەتیدان، حەرامێتی خزمەتی سەربازیی لە سوپای حاکمە طاغووتەکاندا هەروەها پۆلیسێتی بۆ کردنیان..

ئەوانە گرنگترین گوناحن کە دەبێ موسوڵمان بیانزانێت، تا خۆیان لێبپارێزێت، چونکە موسوڵمانانێکی زۆر پێوەی موبتەلابوون، زۆرینەیان لە گوناحە گەورەکانن (الکبائر)ن و هەڕەشەیان لەسەرە، بۆیە پێویستە موسوڵمان خۆیان لێ بەدووربگرێت، ئەگەر کەوتیشە ناویانەوە زوو تۆبەی لێبکات .

- زانینی فەرزی تۆبەکردن: فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك ئەوە بزانێت کە تۆبەکردن لە هەموو تاوان و گوناح و سەرپێچیەکی خوای گەورە فەرزە (فەرزە کە بزانیت فەرزە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا) التحريم/ ٨ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بە ڕاستیی و پاکیی پەشیمانبوونەوە بۆ خوا دەرببڕن (تۆبەی سەرڕاستانە بکەن). هەروەها: (وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)النور/٣١ واتە: هەر هەمووتان بگەڕێنەوە لای خوا (تۆبە بکەن) ئەی موسوڵمانینە، بەڵکو سەرفرازبن، هەروەها: (وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ) هود/٣ واتە: داوای لێخۆشبوون لە خوای پەروەردگارتان بکەن پاشان پەشیمان ببنەوە (تۆبە بکەن) هەروەها: (وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) الحجرات/١١ واتە: هەر کەسێك تۆبە نەکات بە تەئکید ئەوانە ستەمکارن.

## ئەمەش هەندێك بەڵگە لەسەرفەرزێتی تۆبەكردن:

دەریاوانی زانست: سەفارینی حەنبەلی ڕەحمەتی خوای لێبێت (١١٨٨ی كۆچی كۆچی دواییكردووە) دەفەرموێ: (ئەوەی كە زانایان لەسەری كۆن) ئەوەیە كە تۆبەكردن یەكسەر لە دوای گوناحەكە فەرزە، ناشێت دواخرێت، گوناحەكە بچووك بێت یان گەورە. ئەمە لە مەسەلە سەرەكی و گرنگەكانی ئیسلامە كە جەختی زۆری لێكراوەتەوە).[1]

ئەمما مەرجەكانی ڕاست و دروستی تەوبەكردن كە قبوڵبوونی لەسەر ڕاوەستاوە ئەمانەیە:

أ- وازهێنان لە گوناحەكە: چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَىٰ مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ) آل عمران/١٣٥ واتە: سوورنەبوون لەسەر ئەو گوناحانەی دەیانكرد..

ب- لە كردنی پەشیمانبێتەوە: خوای گەورە دەفەرموێ: (فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ) الحجرات/٦ واتە: دوای لەوە پەشیمان دەبنەوە كە كردووتانە. هەروەها (لَا يَزَالُ بُنْيَانُهُمُ الَّذِي بَنَوْا رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَّا أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ)التوبة/١١٠واتە: لەسەر ڕوخاندنی مزگەوتی (ضرار)ە كە دووڕووەكان دروستیانكردو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە فەرمانی خوای گەورە ڕووخاندی ئینجا دووڕووەكان خەفەتێكی زۆریان لێخوارد، بۆیە دەربارەیان دەفەرموێ: هێشتا ئەو بینایەی بۆ گومان و دوودڵیی و فیتنەیی دروستیانكردبوو جێی خەم و پەژارەیانە، مەگەر تۆبە بكەن.. هەندێك لە ئەهلی تەفسیر وەكو (قورطبی) دەفەرموێ: (تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ) واتە پەشیمان بوونەوە ..

ئیبنولقەیم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (پەشیمان بوونەوە، تۆبەكردن بە بێ ئەو نابێت، چونكە ئەو كەسەی لەسەر ڕەفتارە خراپەكەی پەشیمان نابێتەوە مانای وایە

---

[1] سەفارینی: كتێبی (لوامع الأنوار البهية) چاپی المكتب الإسلامي١٤١١ك. (٣٧٢/١)

هێشتا پێیڕازییەو سوورە لەسەریی، لە مەسنەدی ئیمام ئەحمەددا هاتووە: (الندم التوبة واتە پەشیمانبوونەوە تۆبەکردنە).[1]

ج- هەندێك لە زانایان فەرموویانە داوای لێ خۆش بوونی بە زمان (بە ووتنی) مەرجە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ) هود/٣ واتە: داوای لێخۆش بوون لە خوای پەروەردگارتان بکەن، پاشان پەشیمان ببنەوە هەروەها: (وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَىٰ مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ) آل عمران/١٣٥ واتە: ئەوانەی کە ئەگەر گوناحێکی خراپیان کرد (فاحیشە گشتیە بەڵام زیاتر بۆتە وەسفی) یان ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردن خێرا خوایان بیر دەکەوێتەوە داوای لێ خۆش بوونی گوناحەکەیان دەکەن، جا کێ لە گوناح خۆش دەبێت غەیری خوای گەورە؟! ئەوانیش ئەمە دەزانن بۆیە سوور نابن لەسەر تاوان و گوناحەکەی کە کردوویانە..

د- وویست و ئیرادەی بەهێزبکات و بڕیاربدات بە هیچ کلۆجێك نەگەڕێتەوە سەرگوناحەکە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَابًا) الفرقان/٧١ واتە: هەر کەسێك تۆبەی کردبێت و کردەوەی چاکەی ئەنجامدابێت ئەوە بەڕاستی ڕووی لە خوا کردۆتەوە و لێیوەرگێراوە..

هـ- دەبێ تۆبەکە لە کاتی وەرگرتنی تۆبەدابێت نەك لە کاتی لە دەستچووودا، واتە تا ساتی غەرغەرەی مەرگ. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّىٰ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الْآنَ) النساء/١٨ واتە: تۆبەکردن بۆ ئەو کەسانە

---

[1] مدارج السالکین (٢٠٢/١). فەرموودەکەش کە ئیبنولقەییم و نوسەری بەڕێز هیچیان لەسەر نەفەرمووە، ئیبنوماجە (٤٢٥٢) هێناویتیەوەو شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح سنن ابن ماجە/٣٤٢٩٨٠٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

نییە کە خەریکی خراپەکارین و کە ئەجەلیان هات لە ساتە وەختی مەرگدا دەڵێن: ئێستا حازرم تۆبەبکەم!! پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ يَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ).[١] واتە: خوای گەورە تۆبەی بەندەکەی قبوڵدەکات ئەگەر نەگەیشتبێتە غەرغەرەی گیانکێشان (سەرەمەرگ)..

و- دانەوە و پاراستنی ماف:

گوناحی عەبد دوو بەشە:

یەکەم: ئەو گوناحانەی مافی خوای گەورەن و گوناحکار سنووری شکاندووە، ئەمیش دوو جۆرە:

١- ئەوانەی هەر تۆبەکردن دەخوازن. وەکو شەراب نۆشین.

٢- ئەوانەی تۆبەو گێڕانەوەی مافەکە دەخوازن. وەکو بەئەنقەست شکاندنی ڕۆژوو، زەکاتنەدان، کەفارەتنەدان، نەهێنانەدیی نەزرەکەی وهیتر.. ئەمە تۆبەکردنیشی دەوێت و ئەداکردنەوەی فەرزەکەش. ڕۆژووە دەیگرێتەوە، زەکاتە دەیدات، نەزرە دەیکات و هەروەها..

دووەم: ئەو گوناحانەی مافی خەڵکیان تێدابووە. وەکو مافی پاراستنی ناموس و کەسایەتی، یان جەستەیی، یان سامان. هەر کەسێك بەزوڵم قسەی لەسەر ناموسی کەسێك کردبێت، دەبێ تۆبەی لەسەربکات و گەردنی خۆشی لە خاوەنەکەی ئازادبکات . هەر کەسێك سامانی کەسێکی بەڕێگای حەرام کەوتۆتەلا دەبێ تۆبەی لێبکات و سامانەکەی وەکو خۆی بۆ بگێڕێتەوە یان بۆی بژێرێتەوە. ئەگەر نەیتوانی بۆیدەکات بەخێر. ئەگەر

---

[١] ترمذی (٣٨٤٧) دەفەرمووێ (حەسەنە) ئیبنوماجە (٤٢٥٣)، ئەحمەد (٦١٦٠)، ئیبنوحیببان (٦٢٨). هەموویان لە ئیبنو عومەرەوە خوا لێی ڕازی بێت. ئەلبانی رحمەاللە لە (صحيح سنن الترمذي/١٩٠٣)دا دەفەرموێ حەسەنە.

زیانی بەجەستەی گەیاندبوو دەبێ تۆبەبکات و حەقەکەی لێوەرگرێتەوە. جا بە لێدانەوەیەتی یان قەرەبووکردنەوەی برینداریی و شکاویی و ئەوانە.

هەندێك لە زانایان -وەکو نەوەوی رەحمەتی خوای لێبێت- مەرجەکانی تۆبەکردنیان کردووە بە چوار، یەکێکی وەکو ئیبنوحەجەری هەیتەمی رەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبەکەیدا (الزواجر) فەرموویەتی مەرجی تۆبەکردن (١٠ دەن).. بە ڕای هەمووان ئەو شەش مەرجەبوون کە لە سەرەوە هێنامنەوە.. هەندێك لە زانایان دەفەرموون دواخستنی تەوبەکردنیش تەوبەیەکی تر دەخوازێت بە هەر حاڵ.

ئەمە گرنگترین خاڵی زانستی شەرعی فەرزی عەینی گشتی بوون کە فەرزە هەموو موسوڵمانێك بیانزانێت.

- فەرزە لەسەری ئەرکانی ئیسلام و ئەرکانی باوەڕ و مانای یەکخواپەرستیی (توحید) و واتای شیرك و کوفر بزانێت، تا باوەڕەکەی ڕاست و دروست دامەزرێنێت و نەکەوێتە ڕەفتارێکەوە پێچەوانەی باوەڕەکەی بێت.

- فەرزە لەسەری ئەحکامی پاکژیی و نوێژو زەکات و ڕۆژوو حەج و جیهاد فێربێت تا خواپەرستییەکەی قبوڵ بێت.

- فەرزە لەسەری فەرزەکان و ئادابە شەرعییەکان و حەڵاڵ و حەرام فێربێت تا سەوداو مامەڵەی دروست بێت.

- مەرج نییە بەڵگەکان بە دوورودرێژیی فێربێت، بەڵکو حوکمی شەرعی هەر فەرزێك بزانێت بەسە، واتە بزانێت کە حوکمی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەو باسەدا ئاوایە، با تەفسیلاتیش نەزانێت.. ئەمە لە باسی (تەقلیدگەریی)دا زیاتر ڕوونمکردۆتەوە، والحمد لله.

بەڵگەی هەموو ئەمانەی باسمکردن لە شوێنی خۆیاندا لە کتێبە فقهیەکاندا هەن، هەروەها لەسەرچاوەی تری زانستی شەرعی کە دواتر هەندێك کتێب دەناسێنین تا خوێنەر سوودیان لێوەرگرێت إِنْ شَاءَ اللَّه

هەموو موسوڵمانێك دەبێ ئەوە بزانێت کە فێربوونی ئەوەی باسمانکرد فەرزە لەسەریی، گەیاندنیشی بە ژن و منداڵەکانی فەرزە، هەروەها بە هەر کەسێکتر کە ئەم لێی بەرپرسێت. بەرپرسێتی زانایان و بەتوانایانە ئەم زانست و بیر و هۆشە بڵاو بکەنەوە. بەرپرسێتی کاربەدەستی موسوڵمانانیشە کە بواری فێربوونی زانستی شەرعی برەخسێنن و خەڵکی بۆهاندەن و یارمەتی داراییان بدەن، تا بۆ وەرگرتن و گەیاندنەوەی لێببڕێن. دواتریش لە بەندی سەربەخۆدا باسی (چۆنێتی وەرگرتنی زانستی شەرعی) دەکەین، لەگەڵ دیاریکردنی بەرپرسێتی هەر پۆلێك لە کاربەدەستان و زانایان و عەوام خۆشیان، لە وەرگرتن و گەیانەوەیدا. إِنْ شَاءَ اللَّه.

**(بیرخستنەوەیەک):**

بینیم ئەبوعبداللەی کوڕی بەططه رحمه الله دا -کە ساڵی ٣٨٧ ك کۆچی دوایی کردووەو یەکێکە لە پێشەوایانی ئەهلی سووننەت و جەماعەت، ئیبنوتەیمییە لە زۆر جێگای (مجموع الفتاوی)ی خۆیدا زۆر بۆچوونی ئەوی وەرگرتووە- لە کتێبی (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية)یەکەدا پوختەیەکی ئەحکامی باوەڕی لە زەححاکی کوڕی موزاحیم وەرگرتووە ڕەحمەتی خوای لێبێت -کە لە گەورە و ناودارانی تابیعین بووە لە خۆراسان (ساڵی ١٠٥ ك) کۆچی دوای کردووە- کە دەشێت بە (بە کورتەی زانستی شەرعی فەرزی عەینی گشتی) دابنرێت. بە باشمزانی بۆ سوودی برا موسوڵمانەکانم لێرەدا نەقڵی کەمەوە:

ئەبو عبداللهی کوڕی بەططه ڕەحمەتی خوای لێ بێت بە سەنەدەوە لە (الضحاك بن مزاحم) ڕەحمەتی خوای لێ بێت و گێڕاوێتیەوە کە فەرموویەتی: (ئەوی کە هەقەو عەبد دەستی پێبکات سوپاس و ستایشی خوای گەورەیە، بۆیە دەڵێم: سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەین لەسەر ڕێنماییکردنمان بۆ ئیسلام و یارمەتیدانمان بۆ وەرگرتنی قورئان، الحمدلله کە نیعمەتی خۆی بەسەرماندا بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕژاندو و بەودا دینەکەی نارد، کە باوەڕە. باوەڕیش هەر ئیسلامە، دین و ئیمان و ئیسلام هەر ئەو بەرنامەیە کە خوای گەورە بە پێغەمبەران و نێردراوانی خۆیدا بۆ خەڵکی دەنارد. وەك دەفەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ) الأنبياء/٢٥ واتە:پێش تۆ هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێت حەتمەن ئەوەمان بە وەحی بۆ ناردووە کە هیچ خوایەك نییە شایانی خوایەتی بێت جگە لە من، دەی سا بمپەرستن.

دین و ئیمان و ئیسلام: باوەڕهێنانە بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی و فریشتە و کتێبە ئاسمانییەکان و بە پێغەمبەران، (تەصدیق کردن) بە ڕاستگۆزانین و بڕیاردان بە حەقێتی و ڕەوایەتی هەرچی شتێك لای خوای گەورەوە هاتووە. دین و ئیمان و ئیسلام:

تەسلیمبوونە بە قەزاوقەدەرو حوکم و بڕیاری. ئەمە باوەڕە. هەر کەسێك ئاوا باوەڕپهێنابێت ئەوە ئیمانی بە تەواوی هێناوە، هەر کەسێك ئاوا موسوڵمانبووبێت گیان و سامانی حەرامەو ئەو مافانەی هەیە کە هەر یەك لەو موسوڵمانانە هەیانە. بەڵام پاداشت و ڕێزی پێنادرێت تا ئەم باوەڕە بەکردەوە نیشاننەداتەوە. ئەو کاتە پاداشت لەسەر باوەڕو کردارەکانی دەدرێتەوە.

سەلماندن و چەسپاندن و کارپێکردنی باوەڕ: بریتیە لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی دەربڕین بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە، بە جێبەجێکردنی فەرزەکان و دوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان و ئیقتیدابەپیاوچاکان و نوێژکردن و زەکاتدان و ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان و حەجی ماڵی خوا بۆ هەر کەسێك لە توانایدایە و چوونەنوێژی جومعەو جەماعەت و کردنی جیهاد لە ڕێی خوای گەورەدا. هەروەها. غوسڵدەرکردن لە جەنابەت (لەش پیسی) و پاکژیی و دەستنوێژگرتن بۆ نوێژکردن و پاکڕاگرتنی جێنوێژ..

سەلماندن و چەسپاندن و کارپێکردنی باوەڕ: بریتیە لە چاکەخوازیی لەگەڵ دایکوباوك و سیلەی ڕەحم و پەیوەندی خزمایەتیی کە خوای گەورە فەرمانی بە پەیوەستکردنیداوەو لە شیرازەپسانی تووڕەبووە، هەروەها تێکەڵاویی بە ڕەوشتی پارسەنگەوەو چاکەکاریی و دڵسۆزیی لەگەڵ خزمان و زانینی مافی هەموو خاوەن مافێك لە دایکوباوك و ئەولادەوە بۆ خزمان و هەتیوو، ئینجا هەژارو ڕێبوارو موحتاج و قەرزارو کۆیلەی مەکاتب (کە لە ڕەنجدایە خۆی بکڕێتەوە) بۆ دراوسێ و هاوڕێ و کەنیزەك. بۆ فەرمان بەچاکەو بەرهەڵەستی لەخراپەو خۆشویستن لەبەرخاتری خواو خۆشنەویستن و بوغزاندن هەر لەبەرخاتری خواو دۆستایەتی دیندارانی خواویست و خواناس و دژایەتی دوژمنانی خواو، حوکم و داوەریکردن بەوەی خوای گەورە ناردوویەتیە خوارەوەو گوێڕایەڵی کاربەدەستانی موسوڵمانمان -کە لە خۆیانە- تووڕەبوون لەبەرخاتری خوا، ڕازیبوون هەر لەبەرخاتری ئەوو پەیمان بردنەسەر، ڕاستگۆیی، نەزر بەجێهێنان، سەرڕاستی لە بەڵێندان و پاراستنی ئەمانەت و ڕاسپاردە، پاراستنی نهێنی و سامان و گەیاندنەوەی

ڕاسپاردەی خەڵکی بە سەلامەتی و نووسینی قەرزو دانەوەی خێرایی بە شاهیدی دادپەروەران، بەیعەتدان و شاهێدیگرتن لەسەریی و ڕازیبوون بە بوون بە شاهیدو شاهیدییدان بە شێوەی ڕەوایی خۆی لە پێناوی چەسپاندنی ڕەوایەتیدا، با لەسەر نەفسی خۆی و دایکوباوك و خزمانیشی بێت. ڕەچاوکردنی پارسەنگی تەرازووکێشان و سەرڕاستی پێوان.. یادکردنی خوای گەورە لە هەموو حاڵەتێکدا.. پارسەنگی گیانی خەڵك و چاوگرتنەوە لە نەزەری حەرام. داوێنپاکی و خۆگرتنەوە لە هەر چییەك کە حەرامە لە جەستە.. خۆگرتن لە کاتی تووڕەبووونداو ڕەفتاری چاك بەرامبەرخراپەو ئارامگرتن لەسەربەڵاو موسیبەت و میانڕەوێتی لە تووڕەبوون و ڕازیبوونیدا، ڕۆیشتنی لەسەرخۆو هێدیانەو زووتۆبەکردن و داوای لێبوردن لە خوای گەورەو ناسینی حەق و حەقناسان و زانینی دادو دادپەروەران و ناسینیان. زانینی ستەم و ناسینی ستەمکاران. پاراستنی سنووری خوای گەورەو گێڕانەوەی ڕاجوێی و ناکۆکیی بۆ لای شەرعناسان، تا بزانرێت هەرچی بەڵگەی قورئان و فەرموودەی لە پشتبوو حەقەو گومانی تێدانییە، هەرچی شتێك کێشەو ناکۆکیی تێدابوو، بیگەڕێننەوە بۆ بەرپرسانی موسوڵمان و زانایان، کە دەزانن حوکمی پەسەندو شیاوی لێوەوەرگرن. وەلکردنی هەرچی شتێك جێیگومانە، بۆ شتێك کە لێیدڵنیایە. نەچێتە ماڵان تا مۆڵەتی چوونەژوورەوە وەردەگرێت و سڵاو لە نیشتەجێیانی دەکات، پێش ئەوەی کەسی لێببینێت، یان قسەی کەسی گوێلێببێت، ئەگەر مۆڵەتیاندا دەچێتە ژوورەوە و ئەگەرنا، نا. ئەگەر کەسی تێدانەدی هەر نابێت بە بێمۆڵەت بچێتەناوی، ئەگەر پێیووترا بگەڕێرەوە گەڕانەوە جوانترەو بۆ پاڵفتەی دەروونەکان بەسوودە.، ئەمما ئەو شوێنانەی چۆڵن و کەسی لێناژی ئەگەر لادانی ڕێبوار لێی سوودی هەبوو بۆ خۆی یان خەڵکیتر دەچێتە ناوی و سوودی لێدەکات، چونکە وەرگرتنی مۆڵەتی کەسی ناوێت. خزمەتکارو کەنیزەك و بەردەستانی ناوماڵ -مادام بچووك بن و باڵغ نەبووبن- لە سێ کاتدا دەچنەژوورو جێی خاوەن حاڵەکانیان -دوای مۆڵەت وەرگرتنیان-:

پێش سپێدەی بەیانی کاتی قەیلوولەو ناوەڕاستی ڕۆژ کە خاوەن ماڵ لە حەوانەوەدایە لای ماڵ و منداڵی خۆی، هەروەها دوای نوێژی عیشا کە خاوەن ماڵ و منداڵەکانی دەچن بۆ نووستن. کە زارۆکیش گەورەبوو ئیتر مۆڵەت وەرگرتنی لە هەموو کاتێکدا لە شەووڕۆژدا لەسەرە، کە لە سەر زارۆك فەرز بێت لەسەروی ئەوەوە فەرزترە.

دووربوون لە قەتڵ کە خوا حەرامی کردووە، مەگەر بەحەق. دووربوون لە خواردنی ماڵ و سامانی خەڵك بە ناحەق. لە سەودا و مامەڵەی بازرگانی و کاسبی هاوبەشدا، لە ماڵی تێکەڵی هەموویان بخۆن، ئەمەیان ڕەوایە مادام لە سەرەتاوە ڕازیبووبن پێی. دووربوون لە خواردنی ماڵی هەتیوو بەناحەق. دوورکەوتنەوە لە شەرابنۆشین و خواردن و خواردنەوەی حەرامیتر، دووربوون لە سوو (ڕیبا) لە حەرامی ئاشکرا. دووربوون لە قومارو بەرتیل، لە زەوتکردنی ماڵی خەڵکی. دووربوون لە زوڵم و دەگەلێدانی کەسایەتی خەڵك و پەیداکردنی پارەی ناڕەوا. دووربوون لە ئیسراف و زێدەڕەوی و مەسرەفی بێجێ. دووربوون لە سووککێشان و کورتپێوان. دووربوون لە بەیعەتهەڵوەشاندنەوەو لادانی ئیمام (خەلیفە). دووربوون لە غەدروغەش و سوێندو شاهیدی درۆ، لە درۆو دەلەسە و فشەکەرێتی، لەبوختان و دووزمانیی و غەیبەت و جاسوسیکردن، لە جنێودان و تۆمەتی نا ئەخلاقی، لە تانەوتەشەرو ناووناتۆرەلێنان، لە بەدگومانی و لە گاڵتەپێکردن و سوکایەتیپێکردن. دوورکەوتنەوە لە سووربوون لەسەر گوناح و بەسادە گرتنی. خۆڕاهێنان لەسەرحەق و لەسەرکردنەوەی و دوورکەوتنەوە لە زوڵم و ستەم. لە کەمتەرخەیمی و ئیهمالکردن. دوورکەوتنەوە لە شانازیی و لووتبەرزیی و هەواوفیزو خۆبەگەورەنیشاندان. دوورکەوتنەوە لە قسەی خراپ و گاڵتەوگەپ. دووربوون لە بەخۆسەرسامبوون. دوورکەوتنەوە لە پیسیی و پیسایی و خۆخاوێنڕاگرتن.

ئەمە سیفەتی دینی خواو دینداریتیە، ئەمە ئیمان و ئیمانداریتییە، کە خوای گەورە داوای بڕیاردانی لەسەرکردووە. ئەمە ڕێی شەرعە و حەرام و حەڵاڵی تێداڕوونە، فەرزو سوونەت و نەفلی تێدائاشکرایە. هەرچی شتێك بۆ مرۆڤ بەسوودە تێیداچەسپێنراوە.

ئەمە بواری خاوەن هزروبیرمەندو ژیرەکانە. لەسەروی هەموو زانایەکیشەوە زانایتر هەیە، کلیلی دەرگای هەموو ئەم ڕەفتارانە تەقوایە.. دەی سا لەخوابترسن و دەستبەدینەکەوە بگرن و هێزو تواناش هی خوان و خوادەیبەخشێت. خوای گەورە ئێمەش و ئێوەش سەرکەوتووبکات لە پابەندبوون و دینداریتیدا، تا دەگەینە ڕەزامەندی خوای گەورە أللهم آمین..) شەرحەکەی زەححاکی کوڕی موزاحم لێرەدا تەواو بوو.

ئەبوعبداللّٰەی کوڕی بەططە دەفەرموێ: (برایانی خۆم. ئائەمانە ئەحکامی باوەڕهێنان و لق و چڵەکانێتی. ئەمانە ڕەفتارو ڕەوشتی ئەم باوەڕدارانەیە کە حەقیقەتی باوەڕ لە ناخیاندا ڕواو دیدیان پێپرۆشنبووەو نیشانەکانی تەقواو دینداریی ڕەسەن لە سیمایاندا درەوشایەوە.. هەر موسوڵمانێك باوەڕی ئاوا بچەسپێت و بەو ئەحکامانە گەشەبکات و زانستیەکانی شەرع شارەزابێت و خواناسیی لە ناخیدا ببێتە سەرچاوەی تین و گەڕ، ڕەوشتی دامەزراوترو کەسایەتی پارسەنگتردەبێت، گوفتارو کرداری یەکدەبن، کە دەدوێ ئایەتی قورئان و فەرموودەی لەسەر زمانەو هەرچی دەیڵێت ژیریی و هزری دامەزراو لایەنگرێتی دەکات، لایەنگرێتی هزرو ژیرو هزروان و بیرمەندانیش گرنگە، چونکە خوای گەورە پلەی ژیریی بەرزڕاگرتووەو بەڵگەکانی زاڵکردووە. بە پێچەوانەشەوە تا باوەڕ لەقبێت، یان کزوکۆڵ و داماوتر دەبێت. ڕەوشتی لاسەنگ و گوفتارو کرداری لێکجوداو دوورو قسەی بێجێ و هەلەقوبەلەقی زۆرتر دەبێت. نە هزرو نە هزرەوانێك نابینیت لایەنگری بکات. خوای گەورە ئێمەش و ئێوەش بە ڕەزامەندیی و خۆشنودیی خۆی و

سەرفرازیی دونیا و قیامەتمان شادکات و ڕێنماییمان بکات و لە هەموو بەڵایەك لاماندا.. أللهم آمین).[١]

ئەمە پوختەیەکی ئەو زانستیە شەرعیە بوو، کە فەرزی عەینی گشتیە کە (زەحاکی کوڕی موزاحیم) رەحمەتی خوای لێبێت ڕوونیکردەوە، کە لە سەرەتایی سەدەی دووەمی کۆچیدا کۆچی دوای کردووە، کە دیارە گشتگیری ڕوکنەکانی ئیمان و ڕوکنەکانی ئیسلام و فەرزو ئادابە گشتیەکان و حەرامکراوە سەرەکییەکان و کۆمەڵێك لە دابونەریت و ڕەوشتە بەرزەکانیشن.

ئێستا دەچینە سەر بەشی دووەمی زانستیە شەرعییەکان کە فەرزی عەینن بەڵام تایبەتە:

[١]کتاب (الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية) لأبى عبدالله بن بطة، (٢/٦٥٠ -٦٥٣) چاپی دار الراية/ ١٤٠٩ك.

## بڕگەی دووەم: ئەو زانستیە شەرعییەی کە فەرزی عەینی تایبەتە:

ئەمـە زانینی ئـەو ئەحکامـە شـەرعیانەیە کـە لەسـەر هەنـدێك کـەس لـە هەنـدێك حاڵەتیانـدا فـەرزدەبێت. بـۆ نموونـە: زەکـات و حـەج کـە لەسـەر کەسـێکی دەوڵەمەنـدو بـەتوانا فـەرزدەبێت، فێربـوونی ئەحکـامی زەکـات و مەرجـەکانی لەسـەر ئـەو فـەرز دەبێـت، نـەك لەسـەر کەسـانێك کـە نـەدارن. یـەکێك دەیـەوێت هاوسـەرگیری بکـات فـەرزە لەسـەری ئەحکامـە شـەرعییەکانی تایبـەت بـە نیکـاح و ژیـانی هاوسـەری فێربێـت. کەسـێك دەیـەوێت بکەوێتـەبازاڕەوە بۆکەسـابەتی کـڕین و فرۆشـتن، ئەمـە فێربـوونی ئـەحکامی (سـەودا و مامەڵـە)ی لەسـەر فـەرزدەبێت، چونکە فێربوون و زانین پێش گوفتارو کردارە..

نموونەی ئەمە کە لە ڕوونکردنەوەیەکی ئیبنوحەزمدا ڕەحمەتی خوای لێبێت:

خـوای گـەورە کـە زەکـاتی لەسـەر هـەموو سـاماندارێك فـەرزکرد، ئینجـا فێربـوونی ئەحکـامی زەکـاتی لەسـەر فـەرزکرد. سـامانەکە هی هـەر کەسـێك بێـت، پیـاو و ژن، سەربەسـت و کۆیلـە، زەکـاتی لێـدەکەوێت. کەوابـوو فێربـوونی ئەحکـامی زەکـات فەرزە لەسـەر خـاوەن سـامانەکە. کەسـێك کـە سـامانی نییـە فێربـوونی ئەحکـامی زەکـاتی لەسـەرفەرزنییە. هـەر کەسـێك حـەجی لەسـەرفەرزبوو، فێربـوونی ئـەحکامی حـەج و عـومرەی لەسـەر فـەرزدەبێت، بەڵام ئـەو کەسـەی نـە سـامانی هەیـەو نـە لەشی ساغ بێگومان فێربوونی ئەحکامی حەج و عومرەی لەسەر فەرزنییە..

بەهـەمان شـێوە فـەرزە لەسـەر سەرلەشـکرو فەرمانـدە سـەربازییەکان ئـەحکامی جیهادو بەشکردنی دەستکەوت (غەنیمەت و فەی) فێربن و بیانزانن..

لەسـەر ئـەمیرو والـی و کاربەدەسـتانی دەوڵـەت و قـازی داوەرەکـانیش فـەرزە ئـەحکامی داوەریـی و سـزا شـەرعییەکان فێـرببن و بیـانزانن ئەمە لـە سـەر خـەڵکی تـر فەرزنییە..

هــەروەها زانـین و ئەحکـامی کـڕین و فرۆشـتن لەسـەر بازرگـان و کاسـبکارانی بـازاڕ، فـەرزە. فـەرزە بـزانن چی حەڵاڵـە و چی حەرامـە.. ئەمـە لەسـەر خـەڵکانی تـری غەیری پۆلی ئەوان فەرز نییە).[١]

ئـەم فێربـوون و زانینەفـەرزە ئـەو کەسـانەش دەگرێتـەوە کـە لـە نـاو خـەڵکانێکی بیدعـەچی و کۆمەڵـە گومڕاکـانی وەکـو شـیعە و خـەواریج و قادیـانی و بـەهائی و سـۆفی و هاوشـێوەیاندا دەژیـن. فێربـوون و زانینـی ئەحکـامی بـاوەڕو شـوێنکەوتنی ڕێبـازی پێغەمبـەر صَـلَّی اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ و سـەلەف فـەرزدەبێت لەسـەریی، تـا بتوانێـت خـۆی لـە گومـانی ئەمانـە بپارێزێـت. ئـەوەی لەسـەر ئـەم کەسـە فـەرزە بیزانێـت، لەسـەر کەسـانیتر -کە لـەو جـۆرە کۆمەڵگایانـەدا نـاژین- فەرزنییـە. مەبەسـتەکەی (ئەبوحامیـدی غـەززالی)ش ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت ئەمـە بـوو کـە فـەرمووی: (ئـەمما ئیعتیقـادو کردەوەکـانی دڵ، ئـەوە بـە گـوێرەی ختوورەکـانی دڵ فـەرزدەبن. ئەگـەر ختوورەیـەکی دەربـارەی واتایـەکی شـایەتمان بەدڵـداهات یـان کەوتـە گومـان و ڕاڕاییەکـەوە دەربـارەی، ئـەو کاتـە زانینـی بەڵگـەی لابـردن و ڕەواندنـەوەی ئـەو ختـوورەو گومانـەی لەسـەرفەرزدەبێت، دەبێـت بەڵگـەو هەنجـەتی ئـەهلی حـەق فێرببێـت، تـا بتوانێـت ئـەو گومانانـە بڕەوێنێتـەوە. ئەگـەر گومـانی وای لا دروسـتنەبوو مـرد، پێشـئەوەی بەڵگـەی شـەرعی ئـەوە بزانێـت کـە فەرمایشـتی خـوای گـەورە ئەزەلییـە و دروسـتکراو نییـە و خـوای گـەورە لـە قیامەتـدا

---

[١] ئیبنوحەزم: کتێبی: (الأحکام ١٢٢/٥).

دەبینرێت و هیچ سیفەتێکی خوای گەورە دروستکراونییە، ئەوە بە موسوڵمانێتی مردووە. ئەمەش کۆڕا (ئیجماع)ی زانایانی لەسەرە -ئەم ختوورە و گومان و ڕاڕایانە جاری وا هەیە سەرشێتیە و لەخۆیەوە بۆی دروستدەبێت، جاری واش هەیە بەهۆی دەوروبەریەوە، بە هۆی ئەو کۆمەڵ و دەستە و تاقمە دیدجیاوازانەوە بۆی دروستدەبن کە لە وولاتەکەیدا هەن، ئەگەر لە ناوچەیەکی وادا دەژیا کە خەڵکی بە کەلام (وەکو فەلسەفەو مەنطق) و بیدعەوە خەریکبوون و لە ناویاندا تەشەنەیکردبوو ئەوە لە سەرەتای باڵغبوونییەوە حەقی بۆباسدەکرێت و بەڵگەکانی فێردەکرێت. ئەگەر گومانێکیشی لادروستبووبوو، لابردنی فەرزە. هەرچەندە لەوانەیە ئاساننەبێت، چونکە لە دڵیدایە و دەرناکەوێت، ئەمە فەرزە. هەروەکو کە فێربوونی ئەحکامی کڕین و فرۆشتن لەسەر ئەو بازرگانە فەرزە کە لە وولاتەکەیدا مامەڵە بەسوو (ڕیبا) دەکەن و ئەمیش لە بازاڕی ئەواندا کاسبیدەکات.. ئەمە دەبێت ئەحکامی سووخۆریی بزانێت. ئەمە ئەو زانستیە شەرعییەیە کە فێربوونی فەرزی عەینە. مانای وایە فەرزە بزانێت چۆن فەرزەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکات، هەر کەسێك ئەو زانستیە شەرعییەی کە فەرزی ئەو کات و حاڵەتە فێربوو زانی، ئەوە ئەو زانستە فەرزەی زانیووە کە فەرزی عەین بووە لەسەری فێری ببێت).[1]

---

[1] ئیمامی غەززالی: کتێبی: (إحياء علوم الدين ١/٢٦).

غەززالـی ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت کـە دەفـەرموێ: فەرمایشـتی خـوا ئـەزەلی (قەدیم)ـە. ئەمە باسـێکی تەفسـیلی دەخوازێـت کـەوا لـە کتێبی (لوامـع الأنـوار)ی سەفارینییدا[1] ڕەحمەتی خوای لێبێت.

بـەم شـێوەیە کـە هـەر کەسـێك دەسـتیدایە ئیشـێك یـان وویسـتی ڕەفتارێـك (گوفتـار یـان کـردار) یـك بنوێنێـت، یـان هەڵوێسـتێك بگرێتەبـەر، پێویسـتە پرسـیاری شـەرعی بۆبکـات، تـا بزانێـت حـوکمی شـەرع لـەو بزاوتـە یـان لـەو سـرەوتەیدا چییـە؟ بپرسـێت ئایـا جـائیزە یـان نـا؟ کەسـێك دەیـەوێت بچێتـە بەرەیـەکی جەنگـەوە، یـەکێکی تـر دەیـەوێ جـۆرە کاسـبیەك بکـات، یـەکێکی تـر دەیـەوێ لـە دائیرەیەکـدا دابمەزرێـت، هـەروەها پێویسـتە لەسـەری پێشدەسـتپێکی حـوکمی شـەرع دەربارەببزانێت.

ئینجـا دێینـە سـەر بەشـی سـێیەم لـە فـەرزی عـەینی زانسـتە شـەرعییەکان کـە زانینی ئەحکامی (نەوازل)ە إِنْ شَاءَ اللَّه.

---

[1] سەفارینی: (الوامع الأنوار البهية) چاپی المكتب الإسلامی (١٤١ك (٢٧/١ و ١١٢ و ١٣٠).

## بڕگەی سێیەم: زانینی ئەحکامی ڕووداوە واقیعییەکان (نەوازل):

زانستە شەرعییەکان کە فەرزی عەینن، بە هەردوو جۆری گشتی و تایبەتییەوە بریتین لە زانینی حوکمی شەرعی کاروباری ڕۆژانەی موسوڵمان کە ژیانی خۆی و دەوروبەری پێوەی بەندە، ئەنجا ئەوە دێتەپێش کە دەگمەنەو جارجار یان لەناکاو ڕوودەدات. فێربوونی حوکمی ئەمە لەسەرەتاوە فەرزنییە. بەڵکو کە ڕوویدا یان لە هەر کەسێک قەوما، یان هاتەپێشی و بۆیدروستبوو، ئەوساتە فەرزە لەسەریی فێری حوکمە شەرعییەکەی ببێت، تا پێوەی پابەندببێت و هەڵوێستێك دەربارەی بگرێتەبەر کە خوای گەورە پێیڕازیی بێت و پاداشتی لەسەر وەردبگرێتەوە.. نەبادا بێزانین بکەوێتە ڕەفتار (گوفتار یان کردار)ێکەوە کە فەرزبوو پێش ڕەفتارەکەی فێریببێت.

ئەم بەشە زانینە ئەوەیە کە نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێت ئاماژەی پێداوە کە فەرموویەتی: (پاشان ئەو زانینەی لەسەرێتی ئەوەیە کە جێبەجێکردنی فەرزێکی لەسەروەستاوە، ئەمما ئەوەی دەگمەنەو کەمڕوودەدات، ئەوە لەگەڵ ڕوودانیدا زانینی حوکمەکەشی فەرز دەبێت).[١] کەوابوو ڕووداو (نەوازل) ئەوەیە کە نەوەوی فەرمووی: (دەگمەنەو کەمڕوودەدات)، هەروەها دەفەرمویٚ: (ئەگەر ڕووداوێکی لێڕوودا یان شتێکی بۆ هاتەپێش، فەرزە لەسەریی پرسیاری شەرع بکات (واتە لە شەرع بپرسێت -لە شەرعزانان تا بزانێت حوکمی شەرع لەوەدا چییە)، ئەگەر لە ناوچەکەی خۆیدانەبوو، دەبێت بڕوات بۆ ئەو ناوچەیەی شەرعناسی شیاوی لێیە، تا لێیبپرسێت و وەڵامەکەی

---

[١] المجموع(١/٢٥).

بزانێت، با دووریش بێت، خۆ سەدان و هەزاران کەس لە سەلەف بۆ زانینی وەڵامی یەکپرسیار ڕێی شەووڕۆژیان دەبڕی).[١]

خەطیبی بەغدادی و ئیبنوعبدولبەڕ ڕەحمەتی خوایان لێ بێت هەردووکیان لە عبداللە ی کوڕی موبارەکەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت گێڕایانەوە کە: (فەرزە لەسەر هەر کەسێك مەسەلەیەکی هاتەپێش ئەوەندە بۆی بپرسێت تا دەزانێت ئەحکامی شەرع دەربارەی چییە).[٢]

ئەبو حامیدی غەززالیش دەربارەی حوکمی ڕووداو (نەوازل) دەفەرموێ: (هەموو موسوڵمانێك لە کاروباری شەووڕۆژیدا، لە خواپەرستیی و ڕەفتاریدا هەندێك هەڵوێستی پێشدێت کە پرسیارکردن دەربارەی حوکمی شەرع تێیدا، فەرزە. هەروەها هەر شتێك کەوای بۆدەچوو کە لەوانەیە لێیڕووبدات یان بۆی پێشبێت، فەرزە خێرا حوکمە شەرعییەکەی فێربێت).[٣]

یەکێك لە گەورەترین و دژوارترین ڕووداوی دەگمەن و پێشهات کە هاتۆتە ڕێی موسوڵمانان لە هەموو وڵاتەکانیاندا لادانی سەروەریی شەرع و حوکمڕانی دینەکەیە و گۆڕینێتی بە سەروەریی یاساو حوکمی کوفرو بێدینی. لەبەر ئەوە فەرزە لەسەر یەکیەکی موسوڵمانانی سەردەم نێرو مێیان حوکمی شەرعی ئەم (نازلە)یە بزانن. چونکە چەندین فەرزی تری لەسەر دەوەستێت. دیسان لەو نەوازلانە ئەوەیە: بانگهێشتی دیموکراسیی و دامەزراندنی حیزبایەتی و پەرلەمانی یاسادارشتن و لق و چڵەکانی تری ئەم (سیستمە) نامۆیەیە، وەکو پاڵاوتن و هەڵبژاردن.. هەموو ئەمانە شیرکی گەورەن و ناشێت

---

[١] هەمان سەرچاوە (٥٤/١) لە ئادابی (فێرکار و فێرخواز)دا بە دوور و درێژی باسکراوە والحمد للە.

[٢] خەتیبی بەغدادی: کتێبی: (الفقيه والمتفقه ٤٥/١)، ئیبنوعەبدولبەڕ: کتێبی: (جامع بيان العلم ١٠/١).

[٣] إحياء علوم الدين(٢٧/١).

موسوڵمانان بەشداربان تێدا بكات، بەڵكو دەبێ هۆشداریی بداتە موسوڵمانان كە توخنی نەكەون.

بەمەش كۆتایی بەم بەش و بەندە دەهێنین كە دەربارەی ئەو زانستە شەرعیانەبوو كە فەرزی عەینن و لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرزن. روونكردنەوەی ئەمە بەو مەبەستەبوو موسوڵمان بزانێت كە بۆی نییە (بێزانین ڕەفتار ئەنجامبدات). دەبێ لەوە دڵنیابێت كە هیچ شتێك لە دنیادا نییە بڕگەو حوكمێكی شەرعی لەسەر نەبێت. چونكە خوای گەورە فەرموویەتی: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ) النحل/٨٩ واتە: كتێبكمان بۆ ناردوونەتە خوارە كە هەموو شتێكی تێدا ڕوونكراوەتەوە.. چونكە هەرچی شتێك هەیە یەكێكە لە فەرز، سوونەت، ڕێدراو، نەشیاو، حەرام. بە هەبوونی دەقی قورئان یان سوونەت یان بە لێوەرگرتنی شەرعناسان لێیان، روونكراوەوتەوە.

## بەندی سێیەم

# ئەوزانستیە شەرعیانەی کە فەرزی کیفایەن

ئەم بەندە بە حەوت (باس) دەخەینە ڕوو إِنْ شَاءَ اللَّه

باسی یەکەم: پێناسەی زانستی شەرعی فەرزی کیفایە.

باسی دووەم: بەڵگەی فەرزبوونی.

باسی سێیەم: چۆن وەردەگیرێت؟

باسی چوارەم: سیفاتی فەرزی کیفایە.

باسی پێنجەم: پاراستنی زانستی شەرعی فەرزە لەسەر کۆی ئەو موسوڵمانانەی بۆ فەرزی کیفایە، لێبڕاون.

باسی شەشەم: کەی دەشێت موسوڵمان خەریك بێت بە زانستی کیفایەوە؟

باسی حەوتەم:کەی زانستی فەرزی کیفایە دەبێت بە فەرزی عەین؟

## باسی یەکەم

# پێناسەی زانستی فەرزی کیفایە

فەرزی کیفایە لە زانستیدا ئەو زانستیانەیە کە بەسەرجەمی موسوڵمانان دەبێت فێریبن و بشیانپارێزن. ئەگەر کۆمەڵێکیان -بەوڕادەو ئەندازەو چەندێتییەی کە بۆ هەمووان بەسبن- فێربوون و زانیان، گوناحی نەزانینی لەسەر خەڵکەکەیتر لادەچێت و پاداشت و پیاوەتیەکەش بۆ فێرخوازانی دەمێنێتەوە. ئەگەر کەس فێرینەبوو نەیزانی یان ئەوانەی فێریبووبوون کەمبوون، بەقەدەر ژمارەی پێویستی ئوممەتنەبوون، هەموویان گوناحباردەبن و تاوانی کەمتەرخەمییان دەکەوێتەئەستۆ..

ئەم زانستیەش بە تەنها زانستی شەرع نییە، بەڵکو هەموو زانستێکە کە موسوڵمانان پێویستیان پێیەتی. ئەمما ئەو زانستیە شەرعییەی کە موسوڵمانان -بۆ پیادەکردنی حوکمی دینەکە- پێویستیان پێیەتی بەتەئکید دوای شایەتمانەکە پێش هەموو شتێکیترە. وەکو فێربوونی قورئانەوانی و فەرموودەوانی و زانستیەکانی شەرع (فقە) و ئوصوڵ و کۆڕا (ئیجماع) و ڕاجوێی و بنەماکانی عەقیدە و زمان و ڕێزمان و زمانی عەرەبی..

کە دەڵێن (بەوڕادەو ئەندازەو چۆنێتیە کە بۆ هەمووان بەسبن) واتە هەموو کاروبارێکی پاراستنی زانستیەکان بگرنەوە. بۆ نموونە: فێرکردن و ئامۆژگاریی و فەتوادان و داوەریی و

حیسبە.[١] بەو چەندێتییەی کە ئوممەت لێیزیادبێت و کەمنەبێت، بە ڕادەیەکی وابێت نەوەی ئێستا بتوانێت لە نەوەی پێشووی وەرگرێت و بیگەیێنێتەوە بە نەوەی نویێ..

**خاڵێکی بەسوود:** شاطبی رەحمەتی خوای لێبێت دەربارەی فەرزی کیفایە دەفەرمویێ:

(زانایانی ئوصوڵ دەفەرموون فەرزی کیفایە فەرزێکە لەسەر هەمووانە، بەڵام ئەگەر هەندێکیان پێیهەستان فەرزێتییەکە لەسەر شانی ئەوانیتر نامێنێت) شاطبی لەگەڵ ئەمەشدا کە ئەم بۆچوونە لە زانایانی ئوصوڵەوە نەقڵدەکات بەڵام بۆچوونی خۆی دەخاتەپێشچاو کە پێیوایە فەرزی کیفایە وەکو حاکمێتی ئیمام (خەلیفە) و پێشنوێژی ئیمامی مزگەوتە، لەسەر هەموو کەسێك فەرزنابێت، تەنها لەسەر ئەوانە فەرزدەبێت کە شیاوی ئەو ئەرکەن. چونکە شتێکی نەشیاوە کەسێك (قل و فل)[٢] لێکجودا نەکاتەوە تەکلیفی شتێکی لێبکرێت، کە لە توانایدانەبێت و نەشتوانێت هیچ بەرژەوەندییەك بۆ ئوممەت بهێنێتە دی، ئەمە نەك شیاونییە بەڵکو عەبەسێتیە، چونکە وەك بەرژەوەندیی پێ نایەتەدی، زیانیشی لە ئوممەت پێدوورناخرێتەوە. کەوابوو لە هەردوولاوە باتڵە.. بۆ چەسپاندنی ئەمەش بڕوانە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چی بەئەبوذەڕ فەرموو: (يَا أَبَا ذَرٍّ إِنِّي أَرَاكَ ضَعِيفًا وَإِنِّي أُحِبُّ لَكَ مَا أُحِبُّ لِنَفْسِي لاَ تَأَمَّرَنَّ عَلَى اثْنَيْنِ وَلاَ تَوَلَّيَنَّ عَلَى مَالِ يَتِيمٍ) واتە: بە زەعیف (نەشیاو) دەتبینم، ئەمەشم بۆ تۆ پێخۆشترە وەک لە خۆم.. نەئەمیرێتی دوو کەس بکەو نەسەرپەرەشتی سامانی هەتیووبکە. خۆ هەردوو کارەکە

---

[١] حیسبە: وەزیفەیەکی ڕەسمی حکومەتی ئیسلامیە، کە لەم زەمانەدا سەرجەم کاروباری (چاودێری کڕین و فرۆشتن و رەفتارو ڕەوشت و ناکۆکی پێش دادگا و ڕێنیشاندەرێتی نەشارەزا و.. زۆریتر) دەگرێتەوە وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

[٢]تەرجوومە بۆ ووشەکەی شاطبی: (من لا يبدئ فيها ولا يعيد) کە واتای (ئەلفێکی لێ نازانێت)، بەڵام لە ناو فەقێ و مەلای کورددا (قل و فل) بۆتە پەندی پێشینانیان.

فەرزی کیفایەن، لەگەڵ ئەمەشدا هۆشداریی دایە کە توخنیان نەکەوێت.. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەو دوو پلەو بەرپرسیارێتیە گشتینین و بۆ هەمووکەسێك ناشێن. وەکو: (لاَ تَسْأَلِ الإِمَارَةَ)[١] کەیە، واتە داوای بەرپرسێتی مەکە.. کەوابوو ئەمیرێتی تایبەتە بە شیاوانی، نەك بە هەموو کەس.

دوای ئەم بۆچوونەی خۆی هاتۆتەوە سەر بۆچوونی زانایانی ئوصوڵ و بەردەوام لایەنگرێتی کردوون. دەفەرموێ: (بەڵام لەوانەشە ئەمەش ڕاستبێت کە بووترێت فەرزەکە ڕووی لە هەموانە، بەو سیفەتەی کە جائیزە بۆ هەموویان، چونکە جێبەجێکردنی ئەو فەرزە بەرژەوەندی هەموانی تێدایە. لە هەموویان داواکراوە کە ئەو کەلێنە پڕبکەنەوە. هەر کەسێك توانای کاربەدەستێتی و هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەی هەبوو، بۆشی شیاوبوو، داوالێکراوە بیهێنێتەدیی. تەنانەت ئەگەر شیاوتر نەبوو ئەم دەبێت ناچاربکرێت وەربیگرێت. کەوابوو بۆ داواکردنی فەرز داوا لە بە تواناکان دەکرێت، ناتواناکانیش دەبێت -بۆ هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارێتیە- بە تواناکان پێشخەن، لە ڕوانگەی ڕێسا ئوصوولییەکەوە کە دەفەرموێ: (مَا لَا يَتِمُ الْوَاجِبُ إِلَّا بِهِ فَهُوَ وَاجِبٌ) واتە: (هەرچی شتێك -فەرزێك بەو نەبێت تەواو نەکرێت- وەرگرتنی فەرزە). بەم شێوەیە ڕاجوێی چارەسەردەکرێت و هەنجەتی ڕاجوێی نامێنێت..)[٢].

---

[١] بوخاری (٦٧٢٧)، موسلیم (١٦٥٢). ئەمە بەشێکە لەم فەرموودەیە: (حَدَّثَنَا الْحَسَنُ، حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، بْنُ سَمُرَةَ قَالَ قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَا عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ سَمُرَةَ لاَ تَسْأَلِ الإِمَارَةَ فَإِنَّكَ إِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ وُكِلْتَ إِلَيْهَا وَإِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ أُعِنْتَ عَلَيْهَا وَإِذَا حَلَفْتَ عَلَى يَمِينٍ فَرَأَيْتَ غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا فَكَفِّرْ عَنْ يَمِينِكَ وَائْتِ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ).

[٢] ئیمامی شاطبي: کتێبی: (الموافقات ١/١٧٦ -١٧٩). چاپی دار المعرفة.

ئەمە کە ئایا فەرزی کیفایە لەسەرەتادا لەسەر هەمووان فەرزە، یان لەسەر شیاوەکانیان؟ ئەمە مەسەلەیەکی ڕاجوێی نێوان زانایانی ئوصوڵە.. ئامەدی و ئیبنولحاجب بۆچوونی یەکەمیان پێپەسەندە و ڕازیش لە (المحصول)دا ڕاو بۆچوونی دووەمی پێپەسەندە کە راو بۆچوونی موعتەزیلەیەو لێرەدا پەسەندکراوی شاطبیشە..[1]

بەڵام شاطبی ڕەحمەتی خوای لێبێت بۆچوونێکی (سازاندن)ی باشی هێناوەتەوە کە دەفەرموێ: (لەسەر شیاوان فەرزە دەستی بدەنێ و لەسەر نەشیاوانیش (هەمووان) فەرزە شیاوان پێشخەن و یارمەتیدەریان بن. ئاوا بەرپرسێتی هەمووان دەسەلمێنێت و هەموانیش جێبەجێی دەکەن)..[2]

---

[1] ئیسنەویی: کتێبی: (التمهید) چاپی مؤسسة الرسالة/ ١٤٠١ ک. لاپەڕە (٧٥).

[2] وەکو حاڵەتی ئیمامی ئیبنوتەیمییە و ئوممەت و دەوڵەتی سەردەمی خۆی.. ئەو فەرزانەی سوڵتانی شام (دەوڵەت) نەیدەکرد وەکو: جیهاد و مەشق و جێبەجێکردنی هەندێك ئەحکام و کارە دەستەجەمعیەکانی ئوممەت و دەوڵەت، ئەوو قوتابیەکانی پێی هەڵدەستان، خەڵکەکە و سوڵتانیش داوایان لێدەکرد ببێتە سوڵتان (حاکم)، بەڵام دەیفەرموو: نایکەم چونکە من پیاوی ئوممەتم نەك پیاوی دەوڵەت. مادام خۆی شیاوبوو و بۆشی شیاوبوو فەرزەکان جێبەجێ بکات، دەیکرد، خەڵکە نەشیاوەکەش پێیان ڕاست و چاکبوو ئەو پێشڕەوێتیان بکات و ئامادەشبوون هاوکاری بکەن.

## باسی دووەم

# بەڵگەی فەرزبوونی فەرزی کیفایە

١- خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ)التوبة/١٢٢ واتە: نەدەکرا هەر هەموو موسوڵمانان تێکڕا بەجارێك بۆجیهاد بچوونایە، هەردەبوو لە هەر کۆمەڵێك کەسانێکیان بۆ زانستی شەرعی لێبڕانایا، تا بە تەواوی لە دینەکە تێدەگەیشتن، بۆ ئەوەی کە گەڕانەوە ناو کەسوکاری خۆیان فێریان کەن و هۆشداریيان بدەنێ، کە چی حەرامە و دەبێ خۆلەچی بەدووربگرن؟..

لە بەندی یەکەمدا باسمانکرد: ئەوە لەم ئایەتە دەفامرێتەوە کە فێربوون و وەرگرتنی زانستی شەرعی شارەزابوون تێیاندا فەرزی کیفایەیە، چونکە خوای گەورە لەسەر دەستەیەك لە موسوڵمانان فەرزی کردووە نەك لەسەر هەموویان.. ئایەتەکە خەڵکی کردووە بە دوو پۆل:

أ- شەرعناسی شارەزا: کە خوای گەورە فەرمانی پێداون کەس و کاریان تێگەیێنن لە دین: (وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ).

ب- عەوام و نەزان: کە خوای گەورە فەرمانی پێداون دینەکە فێربن و ئەو هۆشدارییە بە هەندوەربگرن، کە شەرعناسەکان دەیاندەنێ.

ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێت -وەکو لە (الرسالة)کەیەوە لە بەندی یەکەمدا لێمانەوە وەرگرت- دەفەرموێ: (ئایەتەکە بۆ ئەوە بەسە کە شارەزابوون لە زانستی شەرعیدا ئەرکی هەموویان نییە، بەڵکو لەسەر هەندێکیان فەرزە).[١]

بۆچوونی ئیبنوعبدولبەڕیشمان ڕەحمەتی خوای لێبێت هێنایەوە، کە لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت نەقڵیکرد، کە فەرمووی فێربوونی زانستی شەرعی و جیهادکردن لەسەر موسوڵمانان -وەکو کۆمەڵکارییان- فەرزە، کە هەندێکیان پێیانهەستان، لەبری ئەوانیش دەکەوێت و فەرزەکە لەسەر کەسیان نامێنێت) پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ).[٢]

ئیبوعبدولبەڕ هەر لەوێدا دوای باسکردنی ئەو زانستیە شەرعییەی کە فێربوونی فەرزی عەینە دەفەرموێ: (پاشان باقی زانستەکانیترو فێربوون و شارەزابوون و فێرکردنی خەڵکی و فەتوا بۆدانیان پێی لە حوکمی کاروباری دین و دنیاياندا فەرزی کیفایەیە، کە لەسەر هەموویانە، بەڵام ئەگەر کەسێکیان یان کەسانێکیان پێیهەستان فەرزێتییەکە لەسەر هەمووان لادەچێت، زانایان لەم بۆچوونەدا ڕاجوێنین. بەڵگەی هەمووشیان هەر ئەو ئایەتەیە: (فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ). فەرزی فێربوونەکە هەموویانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەو کۆمەڵە خەڵکەی بۆ فێربوون و شارەزابوون و گەیاندنەوەی لێبڕاون.

الطَّائِفَةٌ: لە زمانی عەرەبیدا یەك کەس و بەرەوژووره..[٣]

---

[١] الرسالة (٣٦٦).

[٢] جامع بيان العلم، (١/١٠).

[٣] جامع بيان العلم(١/١١).

ئەهلی تەفسیر لە باس و سیفاتی ئەم (طائفه)دا ڕاجوێبوون کە بۆ فێربوون و گەیاندنەوەی زانستە شەرعییەکە لێدەبڕێن. ئایا لە موجاهیدەکانن یان لە دانیشتوانەکانن؟ ئیبنولقەیم ڕەحمەتی خوای لێبێت پوختەی بۆچوونی هەمووانی ئاوا هێناوەتەوە (خوای پەروەردگار خواپەرستیی و ڕاپەڕاندنی فەرمانەکەی لێکردوون بە دوو جۆرەوە: یەکەمیان جیهادبەرپاکردنەکەیە، دووەمیشیان: لێبڕانە بۆ زانستی شەرعی و شارەزابوون تێیدا. چونکە پاراستن و پیادەکردنی دینەکە بەم دوانەیە، کە بریتیە لە ئەمیرەکان و زاناکان (الأمراء والعلماء) واتە ئەهلی جیهادو ئەهلی زانستی شەرعی. ئەهلی جیهاد بەرگری لە دانیشتوان دەکەن، دانیشتوانەکانیش زانستە شەرعییەکان فێردەبن و دەیگەێننەوە، کە موجاهیدەکان دەگەڕێنەوە ناو کەس و کاریان شەرعناسەکان هەموو ئەوانەیان فێردەکەن کە بەهۆی مەشغوڵبوونیان بە جیهادەکەوە بۆیان نەخوێندراوەو شارەزاینەبوون، چونکە ئەوانەی نەچوونە جیهادەکە (لەبەر وەرگرتنی زانستەکە) لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بوون صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئاگایان لە فەرمانەکانی بووە.. لێرەوە زانایان دەربارەی ئایەتەکە دوو بۆچوونیان هەیە:

یەکێکیان: دەی سا با لە هەر کۆمەڵێك لە موجاهیدان یەکێکیان فێری بەڵگەکان و چۆنێتی جیهادەکە ببێت تا کە گەڕایەوە ناو دانیشتووەکان و هۆشدارییان بدەنێ و ئینزاریان کەن (کە ئەحکامی جیداەکەو چۆنیەتی بەرپاکردن و مومارەسەکردنی) ئاوایە. ئەمەش بۆچوونی شافیعی و کۆمەڵێك لە ئەهلی تەفسیر کە دەفەرموون چونکە فەرموودەی (ئاحاد)یش کە یەك کەس دەیگێڕێتەوە حوکمی شەرعی پێدەچەسپێت.

دووەمیان: با لە هەموو کۆمەڵێك کە چوونەتە جیهاد یەکێکیان بۆ فێربوونی زانستی شەرعی و شارەزابوون بگەڕێتەوە، تا کە موجاهیدەکان گەڕانەوە ناو کەسوکاریان ئەم زاناو شارەزایەی زانستی شەرعی بتوانێت ئەو بەڵگانەیان پێبگەێنێت کە خۆیان لەبەر خەریکبوونیان بە جیهادەوە نەپەرژاونەتە سەر وەرگرتن، ئاوا موجاهیدەکانیش ئاگایان لەو

ئەحكامە شەرعیانە دەبێت كە بە وەحی بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتوونەتەخوارەوە لەكاتی لێرەنەبوونی ئەواندا.. ئەمە بۆچوونی زۆرینەی ئەهلی تەفسیرو شەرعناسانە. ئەمەشیان ڕاسترە، چونكە (فَلَوْلَا نَفَرَ) بانگەوازی ڕابوونە بۆ جیهادكردن. وەكو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی:(وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا) واتە: ئەگەر هاوارتان لێكرا بۆ جیهاد ڕابن و ڕاپەڕن و بە دەنگییەوە بچن.[1]

مانای ئایەتەكە بە پێی هەر بۆچونێكیان بێت كە ئایا لێبڕاوەكە بۆ زانستی شەرعی و شارەزا بوون تێیدا، -كە زانینی تەفسیلات ووردەكاری زانستیەكانە- لە موجاهیدەكان دەبێت یان لە دانیشتوانەكان، هەر ئەوە دەگەیێنێت كە فەرزە لەسەر هەندێك موسوڵمان -نەك هەموویان- بۆ زانست لێبڕێن.. ئەمەش فەرزی كیفایەتێتی..

٢- ئایەتی: (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) آل عمران/١٠٤ واتە: با لە ناو خۆتاندا كۆمەڵێكتان بۆ بانگەوازی خوازوویستیی لێبڕێن، با خەڵكی بۆ ئەم خێرە (دینەكە) بانگبكەن فەرمان بەچاكەبكەن و بەرهەڵستی لەخراپەبكەن، بە ڕاستی چالاكوانانی ئەم كۆمەڵە، سەرفرازن. ئایەتەكە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە بڵاوكردنەوەی بانگەوازو فەرمانكردن بەچاكە و بەرهەڵەستیكردن لەخراپە -كە قاڵ و قوڵبوونەوە لە ئەحكامەكانیاندا زۆر زانستی شەرعی دەخوازن- فەرزی كیفایەیە. بە بۆچوونی ئەو زانایانەی فەرموویانە (مِّن) لە ئایەتەكەدا بۆ (التبعیض/ جیاكردنەوەی هەندێك لە هەموو)ە. كەوا دیارە ئەمە پەسەندتریێت. كەوابوو خوای گەورە فەرزەكەی لەسەر هەندێك لە موسوڵمانان پێویستكردووە.

٣- ئایەتی: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) النحل/ ٤٣، الأنبياء/ ٧ واتە: ئەگەر نەتاندەزانی پرسیار لە قورئانەوانان بكەن. لە ئاماژەی ئایەتەكەدا دیارە كەكۆمەڵێك لە

[1] اعلام الموقعين(٢/٢٣٣).

ئوممەت توانای وەڵامدانەوەو فێرکردنی زانستی شەرعییان هەیە. ئایەتەکەش بە دەق دەفەرموێ نەزان پرسیاربکات. هەروەها طائیفەیەك لە ئوممەتەکە بۆ وەرگرتنی زانستی شەرعی لێبڕاون تا فێربوون و توانای وەڵامدانەوەی پرسیاریان هەیە.. ئایەتەکە موسوڵمانانی کردووە بە دوو بەشەوە: شارەزایانی شەرع کە فێردەکەن، و فێرخوازانی شەرع کەدەپرسن.

٤- ئایەتی: (وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِۦ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ ۗ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا) النساء/٨٣ واتە: کە قسە و قسەڵۆکێك لە جەنگی واتە وات و ئیدیعایەی دوژمن دەبیستن -چ دەربارەی ئەمان بێت چ ترس - لەکەمتەرخەمی و پێنەگەیشتنیاندا یەکسەر بڵاویدەکەنەوە، ئەگەر بیانگەڕاندایەوە بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بۆ سەرپەرشتیاری کاروباری موسوڵمانان حەتمەن ئەوان دەیانزانی شیکار بۆ هەواڵەکە بکەن و ئەحکامی گونجاوی بۆ هەڵوێستوەرگرتن لێوەربگرن.. ئەگەر فەزڵی خوای گەورە نەبووایە -کە ئاگاداریتان دەکات- بە بەزەیی و ڕەحمەت یارمەتیتاندەدات کەمێکتاننەبێت هەموو شوێن شەیتان دەکەوتن!

ئەم ئایەتەش وەکو ئایەتی پێشوو -بە ئاماژە- مانای ئەوە دەبەخشێت کە لە ناو موسوڵماناندا کۆمەڵێکیان هەن کە زانستیان هەیەو پەی بە دەق و واقیعەکە دەبەن و توانایان هەیە ئەحکامی شەرعی گونجاو دەربارەی ڕووداو واقیعەکان لەسەرچاوەکانیانەوە وەربگرن. (واتە توانای ئیجتیهادکردنیان هەیە). ئەمانە دەتوانن لە حاڵەتی نەوازلدا -وەکو کاتی ترس و کاتی ئەمان- حوکمی شەرع دەرکەن.. دیسان ئایەتەکە وەکو ئایەتەکانیتر موسوڵمانانی کردووە بە دووبەشەوە: یەکێکیان: زاناکانن کە شارەزای دەقە واقیعەکەن و ئەحکامی شەرعی دەردەکەن. پۆلی دووەم خەڵکە نەزانەکەیە کە پرسیاردەکات و چاوەڕێی فەتوای زانایانە.

ئەم چوار بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گەیاندنی بانگەوازی خوایی و فێرکردنی نەزان و فەتوادان بۆ فەتواخوازان فەرزە لەسەر هەندێك موسوڵمان -نەك هەموویان- ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە شارەزایی و قاڵوقوڵبوونەوە لە زانستە شەرعییەکاندا فەرزی سەرشانی هەندێك لە موسوڵمانانە نەك هەموویان. کەوابوو فەرزی کیفایەیە..

## باسی سێیەم

# فەرزی كیفایە چۆن وەردەگیرێت و دەگەیێنرێتەوە؟

وەرگرتن و گەیاندنەوەی فەرزی كیفایە بە دوو ڕێگایە: چۆنێتی و چەندێتی:

١- چـــۆنێتی: ئەمـــە پەیوەنـــدی بـــە (ســـیفەتی زانســـتی فـــەرزی كیفایـــە)وە هەیـــە، ئەمە بـــەوە دێتـــەدی كـــە جێبـــەجێكارانی ئـــەم فـــەرزە هـــەر هـــەموو زانســـتیەكی شـــەرعی بـــە تەفســـیلاتیەوە كـــە دەربارەئیســـلام فێـــردەبن. (جۆرەكـــانی ئەم زانســـتییە شـــەرعییانە لە باســـی دواتـــر: باســـی چـــوارەم: باســـدەكەین إنْ شَـــاءَ اللَّه) هەروەهـــا لە (باســـی پێنجـــەم)دا ئـــەوە ڕووندەكەینـــەوە كـــە شـــتێكی نامومكینـــە تـــەنها كەســـێك بتوانێـــت هـــەموو زانســـتە شـــەرعییەكان و ووردەكارییـــەكانیان بـــەتەنهـــا فێربێـــت و لە هەموویانـــدا شـــارەزایی پەیـــدابكات! ئەمـــە ئـــەرك و بەرپرســـێتی و فـــەرزی سەرشانی كۆمەڵە شارەزاكەیە..

٢- چەنـــدێتی: ئەمـــەش پەیوەنـــدی بـــە ژمـــارەی (بەســـێتی) ئـــەو كەســـانەوە هەیە، كە فەرزی كیفایەكە جێبەجێ دەكەن. كە بە دوو شێوە دێتەدیی:

أ- دەبـێ بـــە نـــاو هـــەموو ئوومـمـــەتی ئیســـلامیدا -لـــە هـــەموو ســـەردەمانێكدا- ژمارەیـــەكی تـــەواو زانـــا و شـــەرعناس هـــەبن بەســـبن بـــۆ هێنانـــە دیـــی بەرپرســـێتی ئـــەركی ئاراســـتەی موســـوڵمانان، لـــە ڕووی ئـــەحكامی شـــەرعییەوە. بەســـبن بـــۆ فێركـــردن و ئامۆژگـــاریی و فـــەتوادان و داوەریـــی و حیســـبە، ئەگـــەر ژمـــارەی ئـــەو زانـــا و شەرعناســـانە بـــە قـــەدەر پێویســـتنەبوو، ئوومـمەت هەمووی گوناحباردەبێت.

ب- لـــه هـــەموو گونـــد و شـــارۆچکەیەکی بچووکـــدا کـــە بەقەدەر مەســـافەی نـــوێژ کورتکردنـــەوە لێـــك دوورنـــەبن،[١] دەبـــێ بە ژمـــارەی (بەس) زانـــا و شەرعناســـی لێبێـــت کـــە شـــیاوی ڕێـــژەی خەڵکەکـــەبن و فریـــای فێرکـــردن و فـــەتوادان و ئامۆژگاریـــان بکـــەون.. هەنـــدێك لـــە زانایـــان فەرموویانـــە هـــەر شـــوێنێك (گونـــد و شـــارۆچکە) زانایـــەکی شـــەرعزانی تێدانـــەبێت نیشـــتەجێبوون لێـــی حەرامـــە! بەڵگـــەی فـــەرزێتی هەبـــوونی زانایـــەکی شـــەرعزان لـــە هـــەموو گونـــدو شـــارۆچکەیەکدا ئایـــەتی نەفیرەکەیـــە کە دەفەرمـــوێ: (فَلَـوْلَا نَفَـرَ مِـن كُـلِّ فِرْقَـةٍ مِّـنْهُمْ طَائِفَـةٌ لِّيَتَفَقَّهُـوا فِـي الـدِّينِ) خـــوای گەورە لەســـەر هـــەموو گونـــد و ناوچەیـــەکی ســـەربەخۆ -کـــە کۆمەڵـــە موســـوڵمانی جـــودان- فـــەرزکردووە کەســـێك یـــان کەســـانێکیان بـــۆ فێربـــوون و گەیاندنـــەوەی زانســـتی شـــەرعی لێببـــڕێن، تـــا دوای شـــارەزابوونیان بتـــوانن خەڵکەکەیان لە حەرام و حەڵاڵ تێگەێنن.

ئیبنوحـــەزم ڕەحمەتـــی خـــوای لێبێـــت لـــەم بارەیـــەوە دەفـــەرموێ: (لەســـەر هـــەموو کۆمـــەڵێك کـــە لـــە گوندێکـــدا بـــن یـــان لـــە شـــارێکدا یـــان لـــە ناوچەیـــەکی (وەکـــو هـــەواری زســـتان و کوێســـتان) یـــان دەوارنشـــین یـــان قەلانشـــین بـــن، فـــەرزە کـــە کەســـێکیان یـــان چەنـــد کەســـێکیان بـــۆ فێربـــوونی ئەحکـــامی دیانـــەتی ئیســـلام -لەســـەرەتایەوە تـــا کۆتـــایی- لێببـــڕێن. دەبـــێ هـــەموو قورئـــان فێـــر بـــن، هـــەموو ئـــەوەی ســـوونەتەو صـــەحیحە لەســـەرەتایەوە تـــا کۆتـــایی بنووســـــنەوە، ســـــەروبۆر بـــــۆ دەقـــــەکانی بکـــــەن و بـــــزانن چـــــۆن دەخوێندرێتـــەوە. هـــەروەها کـــۆڕای موســـوڵمانان، لـــە چیـــدا ڕاکـــۆکن و لـــە چیـــدا ڕاجـــوێن. ئینجـــا بکەونـــە فێرکردنـــەوەی خـــەڵکی و تێگەیانـــدنیان لـــە

[١] کەمتر لە (٨٣) کیلۆمەتر.

ئیسلام. لە قورئان و فەرموودەو کۆڕا (ئیجماع) بە پێی زۆرو کەمی دانیشتوانەکە دەبێت ژمارەی کەسی لێبڕاو بۆ شەرعیش زیاد بکات. چونکە ئایەتەکە وا دەخوازێت: (وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ) ئەوەندەی زەروورییە فێریان دەکاتەوە، بە شێوەیەك کەلە سەر فەتوا خوازەکانیشی قورس نەکات ئەگەر بەو چەندێتی و چۆنێتیە فێربوون و گەیاندیانەوە فەرزی فێربوون لەسەر هەموویان لادەچێت.

ئەگەر لە ناوچەکەی خۆیاندا کەسیان نەبوو دینەکەیان فێرکات و ئەحکامی شەرعییان بۆ ڕوونکاتەوە، ڕۆیشتنیان لەو شوێنە بۆ شوێنێکی تر کە زانا و شەرعناسی لێیە، فەرزە.. دووریش بێت هەر دەبێ بڕۆنە لای ئەگەرچی لە وولاتی چینیش بێت).[1]

ئەبو حامیدی غەززالی رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (فەرزە لە هەموو مزگەوتێك و لە هەموو گەڕەکێکدا شەرعناسێك هەبێت تا دینەکە بە خەڵکەکە بگەیێنێت و ئەحکامەکانیان بۆ ڕوونبکاتەوە.. هەروەها لە هەموو گوندێکدا).[2]

---

[1] کتێبی: (الإحكام في أصول الأحكام ١٢٣/٥). ئیبنوحەزم رحمه الله کە ئەمەی فەرمووە خۆی لە ئەندەلووس - ئیسپانیا و پورتوغالی ئەمڕۆ بووە! کەچی خەڵکی زەمانەکەی ئێمە هەموو زانستە شەرعییەکەی بۆ خراوەتە سەر سی دی، بە دە یۆرۆی نایکڕێت! ئەگەر بە دیاریش داتپێ، گوێی لێناگرێت! پێشی خۆشە کە پێی دەڵێن مەلا فلان!!

[2] إحياء علوم الدين(٣٧٠/٢).

نــــەوەوی ڕەحمـــەتی دەفـــەرموێت: (ئەگـــەر ناوچەیـــەك مـــوفتی لێنـــەبوو، هەنـــدێك لـــە زانایـــان فەرموویانـــە نیشـــتەجێبوون لێیحەرامـــە، راســـت ئەوەیـــە ئەگـــەر توانیـــان بچنـــە شـــوێنێك كـــە مـــوفتی لێبێـــت -بـــۆ وەرگرتنـــی وەڵام و پرســـیاری شـــەرعییان- حـــەرام نییـــە هـــەر لـــەو شـــوێنەی خۆیانـــدا بمێننـــەوە. ئەگـــەر موفتیەكـــە لـــە شـــوێنێكی دووری كـــەمتر لـــە مەســـافەی كورتكردنـــــەوەی نـــــوێژ فەتوایـــــدا و گەیشـــــتەوە بـــــەمان، فـــــەرزی كیفایەكەشـــیان لەســـەر نامێنێـــت).. تـــا دەگاتـــە (فێركردنـــی قوتابیـــان و فـــەتوادان بـــۆ فـــەتواخـــوازان فـــەرزی كیفایـــە، ئەگـــەر كـــەس نـــەبوو پێبەســـتێت جگـــە لـــە یەككـــەس، لەســـەر ئـــەو كەســـە فـــەرز دەبێـــت).[١]

نـــەوەوی كـــە دەفـــەرموێت: (كـــەمتر لـــە مەســـافەی كورتكردنـــەوەی نـــوێژ) لەبـــەر ئەوەیـــە كـــە ئـــەو مەســـافەیە بـــە بـــێ نـــاڕەحەتی دەبڕێـــت، ئەگـــەرچی شەرعناســـان لـــە دیـــاریكردنی ئـــەو مەســـافەدا ڕاجـــوێن كـــە ئێـــرە شـــوێنی تـــاوتێ كردنی بۆچوونەكانیان نییە..

[١] المجموع (٢٧/١).

باسی چوارەم

## سیفەتی فەرزی کیفایی زانستی شەرعی

مەبەست لە فەرزی کیفایەی زانستی شەرعی زانین و ڕوونکردنەوەی ئەو زانستە شەرعیانەیە کە لەسەر ئووممەت بە گشتی فەرزە، ئەمە ئەو زانستیانەیە کە کادیرانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە (لە شەرعناسان و موفتی و قازی و موحتەسیب و هاوشێوەیان) شیاوو لێهاتووکراون، وەزیفەی ئاراستەکردنی پارسەنگانەو ڕاگرتنی کۆمەڵگەکەیان لەسەرشانە، هەریەکەیان لە بواری خۆیەوە ئەرکی سەرشانی جێبەجێدەکات، بەڵام بەسەرجەمی ئەرکەکانیان کەشتی کۆمەڵگەکەیان لەنگەر دەگرێت. ئەمە چۆنێتیەکەی برگەی ڕابردووە کە بۆ جێبەجێکردنی فەرزی کیفایە فەرزە بگیرێتە بەر..

لە بەندی یەکەمی ئەم کتێبەدا بۆچوون و باسی چۆنێتی جێبەجێکردنی فەرزی کیفایەمان لە دیدی هەندێك زانا هێنایەوە، لەوانە (غەززالی و نەووەوی) ڕەحمەتی خوایان لێبێت:

١- غەززالی دەفەرموێ: ئەم زانستیە شەرعییە (فەرزی کیفایەکان) هەندێکیان هەیە بناغەیین، هەندێکیان لقن و هەندێکی تریش پێشەکی و ئەوانیتر تەواوکەرن.

**یەکەم: بناغەییەکان:** ئەمانە چوارن: قورئان، سووننەت، کۆڕا (ئیجماع)ی ئوومەت، ڕەفتاری یاوەران.

**دووەم: لقەکان:** ئەوانەی لە بناغەکەیانەوە هاتوون، ئەمانیش دوو پۆلن:

پۆلی یەکەمیان: ئەوی پەیوەندی بە بەرژەوەندی دنیاوە هەیە، کە شەرعناسیی (فیقهـ)ە.

پۆلی دووەم: پەیوەندی بە ڕۆژی دواییەوە هەیە، وەکو زانستی حاڵەتی دڵ و ڕەوشتەپەسەندو ناپەسەندەکان.

**سێیەم: پیشەکییەکان:** ئەوانەی وەکو ئامێری سازدانی زانستیەکانی پێشوون، وەکو زمان و ڕێزمان.

**چوارەم: تەواوکەرەکان:** کە زانستیەکانی قورئان و زانستیەکانی فەرموودە و ئوصوڵی فیقهن.

ئەم زانستیە شەرعیانە هەموویان پەسەندەکانن، هەمووشیان فەرزی کیفایەن) بە کورتکراوەیی.[١]

٢- لە بەندی یەکەمدا پێناسە و چۆنێتی نەوەویشمان نەقڵکرد کە دەربارەی فەرزی کیفایە فەرمووی: (وەکو لەبەرکردنی قورئان و فەرموودەو زانینی زانستەکانیان و ئوصوڵ و شەرعناسیی و ڕێزمان و زمان و صەرف و زانینی گێڕەوەرەکان و کۆڕا و ڕاجوێی...).[٢]

٣- ئەبومحمدئیبنوحەزم رەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی (الإحكام)ەکەیدا/ بەندی سی و یەکەم: سیفەتی ئەو موفتییەی کە بۆی هەیە فەتوابدات و ئەو ئیجتهادکردنەی کە لەسەر ئەهلی ئیسلام فەرزە).

دەفەرموێ: (ئەمما لێبڕاوانی خوێندنی زانستی شەرعی و تێگەیشتن لە دینەکە -کە فەرزی فێربوونیان لە جیاتی ئوممەتەکە خستۆتە سەرشانی خۆیان- کە شیاوی فێرکردنەوەو فەتواوان و ئامۆژگاری کەسوکاری خۆیان بوون، کە شیاوی داوەرێتیی نێوان خەڵکەکە بوون، ئیتر بە گوێرەی توانای خۆیان فێربوونی زانستە شەرعییەکانیتر (فەرزە کیفایەکان)یان لەسەر فەرزدەبێت. وەکو: ئەحکامی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پلە و ئاستی چۆنێتی گێڕانەوە و سیفەتی گێڕەڕەوەکان و زانینی سەنەدو صەحیح لە مورسەل و زەعیف.. ئەمانە لەسەر ئەو شارەزایانەی شیاوی

---

[١] إحياء علوم الدين،(١/٢٧-٢٨). لە بەندی یەکەمدا بە دوورو درێژیی باسکراوە.
[٢] المجموع (١/٢٦).

فێربوونەوەی زانستەکانی شەرع بوون، فەرزن. لەمەش باشتر ئەوەیە ڕاکۆیی و ڕاجوێی زانایان و شەرعناسان شارەزا بێت، تا بزانێت ئەمیان بۆچی وایفەرمووە و ئەویان ڕایوایە؟ بۆچوونەجیاوازەکان چۆن دەناسێنێت و چۆن دەتوانێت یەکێکیان پەسەندتر بناسێنێت. دیسان فەرزە لەسەری شێوازو چۆنێتی بەڵگەسەلماندن فێربێت تا بتوانێت حەق و باتڵ لێك هەڵاوێرێت و پەی بەوە ببات کەلە دیاردە و ڕواڵەتی زاهیریانەدا پێچەوانەی یەکترن.. هەموو ئەم زانستیانەش لە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: (لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ) تا شارەزای دینەکەبن، واتە شارەزایی لە قورئان و سووننەت کە ئەسڵی دینەکە. هەروەها دەفەرموێ: (إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا) ئەگەر لادەرو گوناحکارێك هەواڵی بۆهێنان بە دوویدا بچنەوەو توێژینەوەی تێدابکەن و یەکسەر وەریمەگرن.. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ناسینەوەی خراپەکاران و فاسقان و جوێکردنەوەیان لە تەقواکار و دیندارانی سەرڕاست.

* **زانینی کۆڕا (ئیجماع)**: هەندێك وایانزانیوە کە بەم ئایەتە فەرزبووە کە دەفەرموێ: (أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ) واتە: گوێڕایەڵی خوای گەورەو گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەرپەرشتیارانی خۆتان بکەن کە لە خۆتانن، چونکە ئایەتەکە فێربوون و وەرگرتنی ئەوە فەرزدەکات کە سەرپەرشتیارانی ئێمە لەسەری ڕێکدەکەون. لە ئەسڵیشدا ئێمە لە ژێر فەرمانی خوای گەورەداین، کە دەبێ گوێڕایەڵێتی ئەو سەرپەرشتیارانە بکەن. کەوابوو ئەوەی ئەوان لەسەری کۆدەبن، ئێمە پابەنددەکات پێیەوە، مادام ڕاکۆن، کە ڕاجوێبوون پابەندییەکەمان لەسەر لادەچێت.

***زانینی ڕاجوێ (الإختلاف)**: و زانینی ئەوەی ئەوان لەسەری ڕاجوێبوون و دیدو بۆچوونی هەر یەکەیان و زانینی گێڕانەوەی کێشەکە بۆ قورئان و سووننەت تا ناوکۆیان بکات. ئەمەش فەرمانی خوای گەورەیە: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ) واتە:

ئەگەر لە شتێکدا ڕاجوێ و ناکۆکبوون بۆ چارەسەر بگەڕێنەوە لای خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. ئەمەش گەڕانەوەمانی بۆ قورئان و سوونەت لەسەرمان فەرزکردووە، تا لەسەر ڕاجوێی و ناکۆکی بەردەوام نەبین و زووبگەینە چارەسەری قورئان و فەرموودە. ئێمە وامان نەدەزانی کە زانا و شەرعناسان لە ناوخۆیاندا ڕاجوێن. واماندەزانی ئەوەی پێماندەڵێن ڕایان لەسەریی کۆیەو پێویستە وەریبگرین و کارپێبکەین، بێئەوەی بیبەینەوە سەر بەڵگەی قورئان و سوونەت! بەڵام ئێستا کە زانیومانە ڕاجوێن، کە زانیومانە بۆچی ناکۆکن، دەبێ بگەڕێینەوە سەر قورئان و سوونەت، نەك هەر لەسەر ڕاجوێی و ناکۆکیەکانی ئەوان بڕۆین و گوناحبار بین. بەوە گوناحبار دەبین کە نەگەڕاوینەوە سەر قورئان و سوونەت، بەوەش گوناحبار دەبین کە کەوتوینەتە ڕاجوێی و ناکۆکیی، بەوەش گوناحباردەبین کە شوێن بۆچوونی بێبەڵگە کەوتووین، کە فەرمانمان پێدرابوو شوێنی نەکەوین ..

ئەبو محمد دەڵێ:[1] (ئەمەش هەڵەیە چونکە خوای گەورە فەرمانی بە ئێمە داوە کە گوێڕایەڵی بۆ سەرپەرشتیارانی خۆمان دەربڕین، لەو ئەحکامانەدا کە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئێمەیان هێناوە، ئەمما بۆچوونی خۆیان ببێت بە ئەحکامی شەرع بە بێ بەڵگەی قورئان و سوونەت

ئەمە کاری کردن نییە. بۆ کەس جائیز نییە وابکات نە بۆ زانا و نە بۆ نەزان، زانا ناتوانێت و بۆی نییە کەسێك بە بۆچوونی خۆیەوە پابەند بکات کە لە قورئان و سوونەت و کۆڕا (ئیجماع)ەوە نەیهێناوە.. خوای گەورە توندترین شێوازی هەڕەشەی لە

---

[1] ئەوە هەر ئیمام ئیبنوحەزم رحمه الله خۆیەتی وا دەفەرمووێ (ئەبو محمد دەڵێ) چونکە کونییەی خۆی ئەبو محمدەو عادەتی زانایانیش وابووە کەنەڵێن: (منیش دەڵێم) چونکە ئیبلیس دەیووت (من)، ئادەم دەیفەرموو (ئێمە) دەشفەرموون ووتی (واتە بەکرداری ڕابردوو) کە دیارە لەو کاتەی ئێمە دەیبیستین یان دەیخوێنینەوە بووە بە رابوردوو.

پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردووە کە نابێت لە خۆیەوە قسە بکات و بە ناوی خواوە شت بفەرمووێت ئیتر خەڵکی تر چۆن؟! دەفەرموێ: (وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ * لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ * ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ * فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ) الحاقة/٤٤-٤٧ واتە: ئەگەر قسەیەك بە ناومانەوە بکات بە دەستی ڕاستی (کە هێما و جێی ڕێزێتی) ڕایدەکێشێتە لاوە و بڕبڕەی پشتی دەشکێنن، نە ئێوە و نە کەسی تریش ناتوانێت ببێتە بەربەستی ئەو سزایەمان.. لە فەرموودەی صەحیحیشدا هاتووە کە هەر کەسێك بە ناوی خواوە شتێك بڵێ، ئەوە درۆی بە ناوی خواوە کردووە و ئەگەر بە ناوی خواشەوە نەیکردبێت، هیچ نییە سیفەتی فەتواو حوکمی شەرعی و ئاڕاستەی دینی وەرناگرێت.. بەڵام زانینی ڕاجوێی نێوان زانایان زانستییەکی زیادەیە و بەسوودە.. سەعیدی کوڕی جوبەیر ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: شارەزاترین کەس زاناترینە بە ڕاجوێی زانایان.. بە ڕاستی ڕاستی فەرمووە، چونکە زانستییەکی زیادەیە.. هەروەها زانینی هۆکار و پاڵنەری بۆچوونەکە و لە کوێوە هێناوێتی ئەمەش بەسوودە..

*__زانینی چۆنێتی بەڵگەی سەلماندن__: چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ) النمل/٦٤ بفەرموو: دەی ئەگەر ڕاستدەکەن بەڵگەکانتان بهێنن و ڕاستی بسەلمێنن.

-هەروەها: (مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا) البقرة/١٠٦ واتە: حوکمی هەر ئایەتێك بە حوکمێکیتر بگۆڕین یان لێیبگەڕێین وەکو خۆی بمێنێتەوە، حوکمێیتر دێنینەشوێنی، کە بۆ خەڵکەکە بەسوودترە (چ بۆ دنیایان چ بۆ ڕۆژی دواییان) یان بەرابەری دەبێت. کەوابوو خوای گەورە لێرەدا زانینی حوکمی پێشوو (گۆڕاوەکە) و حوکمی نوێ (گۆڕەرەکەی) شەرعی لەسەر فەرزکردووین..

* **زانستی تر**: ووتمان خوای گەورە ئەوەی فەرزکردووە کە بۆ شارەزابوون لەدینەکە هەموو زانستیەکیتر کە پێویستکات دەبێ وەربگیرێت و فێرببین، مادام لە تێگەیشتنی فەرمایشتی خواو فەرموودەی پێغەمبەرەکەیدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یارمەتیماندەدات .وەك دەفەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ) ابراهيم/٤ واتە: هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێت هەر بە زمانی قەومەکەی خۆی بووە تا بتوانێت دینەکەیان بۆ ڕوونبکاتەوە.. کەواتە فێربوونی زمانی عەرەبیش بۆ شەرعناس فەرزە، تا بە باشی لە فەرمایشتی خواو فەرموودەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تێبگات. ئەمەش زانین و تێگەیشتنی ڕێزمانی عەرەبی و صەرف و مانای ووشەکانی ڕێزمانی عەرەبی دەخوازێت، کە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە قسەیان پێکردووەو قورئانیش لەسەر زمانی ئەوان و بەو ووشانەی ئەوان هاتۆتەخوارێ. نەزانینی ڕێزمان و صەرف کاریگەری لەسەر جۆری حوکمی شەرعی هەیە، نەزانینی ووردەکاری مانای ووشەکان کاریگەری لەسەر ڕەسەنێتی لێلادانی ماناکەی هەیە، نەزانینی سەرو بۆر (ضەمە و فەتحە و کەسرە.. هتد) کاریگەری لەسەر هەموو ماناو لەفزێك هەیە. ئەو کەسەی شارەزای ئەم زمانە بەو لق و چڵ و ووردەکاریانەیەوە نەبووبێت چۆن بۆی جائیزە فەتوا بدات؟! ئەمە فەتوا بە نەزانی دەدات! خوای گەورەش ئەو ڕێگایەی بەستووە کە فەرموویەتی: (وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ) الإسراء/٣٦ واتە: ئەوەی کە نایزانیت نە حوکمی پێدەرکە نە کاری پێبکە. یان (وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ)الحج/٣ واتە: خەڵکانێك هەن بە بێ هەبوونی زانست و زانیاری دەکەونە جیدال و موناقەشەی دینی!! هەروەها: (وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ) النور/١٥واتە: هەروا قسە بەسەر زارتاندا دێت و بێهەبوونی زانست و زانیاری هەر لە خۆتانەوە قسەدەکەن، وادەزانن ئەمە لای خوای گەورە سادەیەو ئاساییە! بەڵام ئەوە لای خوای گەورە زۆرگەورەو دژوارە.. یان: (هَا أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِ عِلْمٌ) آل عمران/٦٦ واتە: ئەوەتا وا ئێوە بەو زانست و

زانینەی هەتانە دەکەونە بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن، بەڵام بۆچی بەڵگە لەسەر شتانێک دێننەوە کە نایزانن؟! زانیاریتان دەربارەیان نییەو هەر لەخۆوە موناقەشەی دەکەن؟!

* **سیرە:**هەروەها لەسەر شەرعناسان و شارەزایانی دین فەرزە سیرەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باش بزانن، تاپەی بەوە ببەن کە کام حوکم پێش کام حوکمە؟ چ ڕووداوێك پێش ڕووداوەکانی ترە؟ فەرمان و بەرهەڵستیەکانی یەکەمینجار کامانەن و ئەوانەی دوایین کامانەن؟ هەروەها جەنگ و ئاشتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چۆن بووە؟ جیهادی لەگەڵ کێ بووە بۆچی ڕایگەیاندووە و ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ کێ و بۆچی کردووە؟ دەبێ لەمانە شارەزابێت، تا بزانێت جەنگ و ئاشتی لە ئەحکامی شەرعدا چۆنە بەرامبەر بەکێیەو بۆچی؟ خوێنی کێ حەڵاڵە و خوێنی کێ حەرامە؟ ئەو ئەحکامانە چین کە لەسەر ووردەکارییەکانی هەردووکیانن؟!

هەر کەسێك ئاوا شارەزاببێت و لە فەتوادانیدا خاوەن وەرع و تەقوابێت، سووربێت لەسەر پاراستنی دینەکەو حەقبێژو خاوەن هەڵوێستی حەقخوازی بێت، فەتوادانی بۆ حەڵاڵە. ئەگەر وا نەبوو لێیحەرامەو نابێ فەتوای دوو کەس بدات. یان داوەریان بکات. ئیمام (خەلیفە)ش لێی حەرامە کەسی وا تەعینبکات بە دەسەڵاتدار (والی و قازی یان موفتی)، لە خەڵکیش حەرامە داوای فەتوای لێبکەن. چونکە شارەزایی لەو زانستە شەرعیانەدانییە کە باسمان کرد. پاراستنی دین و دیندارییەکەی خۆشی باشنەگرتووەو سوورنەبووە لەسەری. کەوابوو گوناحکارەو فاسقە. مادام نەیوێراوە فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لەخراپە بکات. کە فەرمانکردن بەچاکە و بەرهەڵستی لەخراپە دوو فەرزە لەسەر خەڵکی. کەسی وا ئەهلی فێرکاری دین و فەتوادان نییە.. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) آل عمران/١٠٤ واتە: با لە ناو خۆتاندا کۆمەڵێکتان بۆ بانگەوازی خواوویستی لێبڕێن، با خەڵکی بۆ ئەم خێرە (دینەکە) بانگبکەن فەرمان بەچاکەبکەن و بەرهەڵستی

لەخراپەبکەن، بە ڕاستی چالاکوانانی ئەم کۆمەڵە سەرفرازن.. ئەمەش بە پلەی سەرەکی ئاڕاستەی زانایان و شەرعناسان کراوە کە چاکەو خراپە دەناسنەوەو دەبێت سووربن لەسەر ئەم فەرمانکردنە بەچاکەو بەرهەڵستیکردنە لەخراپە.. چونکە ناشێت کەسێك نەزانێت چاکە چییەو فەرمان بەخەڵکی بکات بیکەن، یان نەزانێت خراپە چییەو لەخۆوە بەرهەڵەستی خەڵکی بکات کە نابێت بیکەن. ئەو کەسە کە (مَعْرُوفِ و مُنكَرِ) لێك جوێدەکاتەوە دەتوانێت نکوڵی لەخراپە کاریی بکات..

ئەگەر لەگەڵ ئەم سیفەتانەدا کە باسمان کردن خاوەن هێزی ڕاپەڕاندن بوو، خاوەن هزری سیاسی هەبوو، دەشێت ببێتە قازی و ئەمیرو کاربەدەست.. ئەگەر ئەو سیفەتانەی تێدا نەبوو، ناشێت.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ)[1] واتە: موسوڵمانی بەهێز لای خوای گەورە خۆشەوویسترە (پەسەندترە) وەك لەموسوڵمانی لاوازو بێهێز.. هەروەها دەفەرموێ: (يَا أَبَا ذَرٍّ إِنِّي أَرَاكَ ضَعِيفًا وَإِنِّي أُحِبُّ لَكَ مَا أُحِبُّ لِنَفْسِي لَا تَأَمَّرَنَّ عَلَى اثْنَيْنِ وَلَا تَوَلَّيَنَّ مَالَ يَتِيمٍ).[2] واتە: ئەی ئەبوذەر تۆ کەسێکی لاوازیت. (کاتێک کە داوایکرد بکرێتە بەرپرسی کارێک) ئەوەی بۆ خۆمم پێم خۆشە بۆ تۆشم پێخۆشە. قەد مەبە بە ئەمیری دووکەس و مەشبە بە سەرپەرشتیاری ماڵ و سامانی هەتیوو.. دیارە خۆ ئەبوزەڕ خوا لێی ڕازی بێت شیاوی فەتوادانبوو، بەڵام شیاوی داوەرێتی یان کاربەدەستی نەبوو.

پێناسەی کورتی زانستیە شەرعییەکان بریتییە لە: زانینی ئەحکامەکانی شەریعەت لە قورئان و لە فەرموودەی نێردراوەکەی خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لە غەیری جەنابیەوە شەرع وەرناگیرێت. زانینی ئەحکامی قورئانیش شارەزایی دەخوازێت لە زانستی لابەرو لادراو (الناسخ والمنسوخ) واتە حوکمی پێشوو لەگەڵ حوکمی نوێی هەمان

---

[1] موسلیم (٢٦٦٤).

[2] موسلیم (١٨٢٦).

مەسەلە.. زانینی ئەحکامیش لە سوننەتی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەمان شێوەی زانینی (ناسخ و مەنسوخی فەرموودە) دەخوازێت هەروەها ئەو ڕیوایەتەی صەحیحەو ئەوی نەسەلمێنراوە صەحیح بیت.. دوای زانینی ئەم ئەحکامانەی قورئان و سوونەت شارەزایی کۆڕا (ئیجماع) دێت، کە بزانێت شەرعناسان لەسەرچی یەکڕان و لەچیدا ڕاجوێن. ئینجا چۆنێتی گێڕانەوەی ڕاجوێی بۆ قورئان و سوونەت، تا چارەسەری ناکۆکییەکانی لێوە وەربگیرێت..

هەرکەسێك شارەزایی قووڵی بەو شێوەیەی باسمانکرد لە باسێکی دینەکەدا پەیداکرد، بۆی جائیزە فەتوای تێدابدات، نەزانینی باسەکانیتر نابێتە بەربەستی فەتوادان لە باسێکدا کە دەیزانێت و شارەزایەتی.

هەموو کەسێك جگە لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە تەئکید هەندێ باس و بابەتی شەریعەتی لا شاراوەیە کە لە لای کەسانیتر دەستدەکەون. ئەگەر ڕێ بەکەس نەدرایە فەتوابدات تا شارەزایی تەواوی هەموو زانستیە شەرعیەکان دەبێت، ئەوکاتە لە غەیری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەس نەیدەتوانی فەتوابدات. ئەمە قسەی موسوڵمان نییە. چونکە ئیلغاکردنەوەی دینەکەیە. بۆیە هەر کەسێك وا بڵێ پێیکافردەبێت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یاوەرانی خۆی دەنارده ناوچەکان تا ئیسلامیان فێرکەن و ئەحکامی شەرعیان تێبگەیێن. خۆ هیچیان خوا لێیان ڕازی بێت هەموو زانستە شەرعیەکانیان نەدەزانی. چونکە زۆرجار دەبوو کە ئایەتێك دەهاتەخوارەوە زۆریان لەوێ نەدەبوون. کەوابوو هەر کەسێك شارەزایی لە زانستە

شەرعییەکاندا تەنها لە یەکیان یان لەبابەتێکدا هەبوو بۆی هەیە لەو باس و بابەتەدا کە دەزانێ فەتوا بدات و داوەریی بەوە بکات کە فێربووە).[١]

٤ -ئەبو عومەری کوڕی عەبدولبەڕ ڕەحمەتی خوای لێبێت لە باسی ئەو زانستیانەی فەرزی کیفایەیە دەفەرموێ: فێربوونی زانستی شەرعی چەندین پلەو ئاستە، ناشێت پێشفێربوون لە ئاستێکەوە بچیتە زانستی ئاستێکی تر. ئەوە ئامۆژگاریی سەلەفە. هەر کەسێکیش لە ڕەفتارو ڕێسای ئەوان لایدا گومانی تێدا نییە کە گومڕادەبێت. هەر کەسێك بیەوێت بە ئیجتیهادکردن بەسەریاندا بازدا، گومانی تێدانییە لاڕێدەکەوێت. یەکەمین زانستی فێربوونی قورئان: لەبەرکردنێتی بە تێگەیشتنەوە، لەگەڵ زانینی ئەو زانستیانەی یارمەتیدەری تێگەیشتنی قورئانن. ناڵێم لەبەرکردنی قورئان فەرزە، بەڵام بۆ کەسێك شارەزابوونی بخوازێت، حەتمەن باشترە لەبەریبکات، یان لانیکەم ئەوانەی پێویستی پێیانە. عبدالوارثی کوڕی سوفیان فەرمووی: قاسمی کوڕی ئەسبوغ پێیووتین: کە ئەحمەدی کوڕی زوهەیر پێیوتوون کە سەعیدی کوڕی سولەیمان پێیووتن کە ئەبوعبداللە مەیموون[٢] لە زەححاکەوە بۆی گێڕاونەتەوە کە ئایەتی: (كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ)آل عمران/٧٨ واتە: لەبەرئەوەی ئێوە پەیامی خوا دەگەیێننەوەو خەڵکی فێردەکەن تا خواوویستی سەرڕاستبن.. زەححاك دەیفەرموو: لەسەر هەموو موسوڵمانێك کە خەڵکی فێری قورئانەوانی دەکات فەرزە شارەزایی ئەحکامەکانیش بێت. هەر کەسێك پێش باڵغبوون قورئان لەبەربکات و دواتر بۆ فێربوونی لێبڕێت و بۆ وەرگرتنی ئەحکامەکانی و تێگەیشتینی زمانی عەرەبی، ئەمە زۆر یارمەتیدەری دەبێت لە حاڵیبوونی هەموو مەبەستە قورئانییەکان و لەسوونەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

---

[١] ئیبنوحەزم: (الإحكام في أصول الأحكام ٥/١٢٤-١٢٨)

[٢] مەیموون ناوی ئەو زانایەیە. ووشەکە عەرەبییە بە مانای خۆشی و شادی دێت. وەکو دەوترێت: (سفر میمون: واتە گەشتێکی خۆش)..

وَسَلَّمَ.. ئینجا دوای ئەوە دەبێ (ناسخ و منسوخ) بخوێنێت و بزانێت شەرعناسان لەسەرچییدا ڕاکۆن و لەچییدا ڕاجوێن.. ئەمە ئاسانە بۆ کەسێك خوا بۆی ئاسانبکات. دواتر زانستیەکانی فەرموودە بخوێنێت و سەحیحەکانی لێك جودابکاتەوە -بەمە زیاتر لە ئەحکامەکانی قورئان تێدەگات و هەستدەکات قورئان دەروازەی زانستیەکانی خۆی لە بەردەمدا بۆ والادەکات، چونکە لە سیرەی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر ئەحکامی (ناسخ و مەنسوخ)ی هەیە. جا با هەر کەسێك دەخوازێت فەرموودەوانی بخوێنێت بەرچاوی خۆی ڕۆشنکات بەو ڕێساو بنەماو پێناسەی فەرموودەوانانی جێمتمانەی گەورەی ئوممەت کە خوای گەورە کردنی بە عەمباری زانست و ئەمیندارانی ڕێبازی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ..

ئەوەی کە زیاتر یارمەتیدەری فێرخوازی فەرموودەیە ئەوەیە کە باسمان کرد و ووتمان بایەخدانی فێربوونی زمانی عەرەبی و تەفسیلاتی ماناو ڕستەو دارِشتنی ڕێزمانی و پێکهاتەی ووشە (صەرف) و ڕەوانبێژیی (بلاغە)یە بۆ زانینی مەجازو حەقیقەتی مەبەست. ئینجا بۆ جیاکردنەوەی لەفزی گشتی و لەفزی تایبەت.. هەرکەسێك شارەزایی لەمانە پەیدابکات گرنگە -دەشێت لە شوێنێکدا بلێ بەس بەلام بەسبوون دەوڵەمەندبوون نییە. دەشێت هەوڵی فێربوونی زانستی زیاتر بدات یان هەر لەمانەی باسکران قاڵوقووڵ ببێتەوە. عومەری کوڕی خطاب خوا لێی ڕازی بێت نامەی بۆ هەموو هەرێمەکان دەنارد کە بایەخ بە سووننەت بدەن و خەڵکی فێری سووننەت و زانستی میرات بکەن. بایەخیش بە زمان و ڕێزمان  وا بدەن هەر وەکو کە بایەخ بە فێرکردنی قورئانەکە دەدەن.. پێشتریش باسی هەڵوێستی سەلەفمان کرد..

فەرزە لەسەر فێرخوازی فەرموودە یاوەران بناسێت، کە دینەکەیان لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیاندووە. زەرووریيە شارەزای مێژووی ژیانیان ببێت و فەزڵ و گەورەیی و پلەی جیاوازیان و حاڵ و وەصفی ئەو کەسانەش بزانێت کە دینەکە لە

یاوەرانەوە فێربوون و گەیاندوویانەتەوە. ژیانی ئەمانیش بە تەفسیلاتی خوێندن و مامۆستاو جێمتمانەیی نوسینەکانیان زەروریە، بۆ زانینی جێمتمانە (ثقة)کان و جوداکردنەوەیان لە راویەلاوازەکان. ئەمەش ئاسانە بۆ کەسێك خوای گەورە بۆی ئاسانبکات و خۆشی هەوڵی جیدی بۆ بدات. هەر کەسێك بە تەنها پێشەوایەکی گرت و زانستیەکان لای ئەو فێربوو، فەرموودەکانی لێوە وەرگرت و لەوەوە مەبەستەکانیانی زانی و شارەزای فەتوادان بوو، ئەوە پشکێکی باشی زانستی شەرعی بەرکەوتووەو چاکە. بەڵام ئەگەر هەوڵی زیاتر بدات چاکترە.. خۆ بەسبوون دەوڵەمەندیی نییە، هەر کەسێك وویستی ڕاکۆیی و ڕاجوێیی یاوەران بزانێت و شارەزایی فەرموودەو شەرعناسی ببێت و خۆی شایانی پێشەوایەتی شەرع بکات با ئیمامی مالیك بگرێت. ئێمەش وا فەرمانمان پێدرا. ئەگەر کەسێك بیەوێت زیاتر لە زانستیەکانی لای حیجازییەکان بزانێت و شارەزایان ببێت خوا ڕێنماییدەکات. با بڕوات دیدوبۆچوونی شەرعناسانی عێراقیش بخوێنێت دوایی شارەزای بەراوردکردنی بۆچوونەکان و چۆنیەتی ئیستیدلالکردن دەبێت. فێردەبێت کە بۆچی لە هەندێك مەسەلەدا فەرموودەیان وەرنەگرتووەو بە ڕەئی فەتوایان داوە -چۆن و بۆچ لە هەندێ ئەحکامدا ڕاجوێ بوون- هەر کەسێك توانای بەسەر ئەمەدا بشکێت و شارەزایی تێدا پەیدابکات و بگاتە بنەماو ڕێسای تێگەیشتنی ئەوانیش لە قورئان و سوونەت بێئەوەی سەری لێبشێوێت و ماندوو ببێت، بە تەئکید ئەمە پلەی زۆری پەیژەی زانستی دەبڕێت و دەریاوانی شەرع دەبێت. ئەمەش خەڵاتی نییەتی پاك و سەبرگرتن و خۆگرییە لەسەر ناڕەحەتی و برسێتی و نەبوونی فەقێییەتی).[١]

ئەمەش ئاستی ئەو زانستیە شەرعییەیە کە فەرزی کیفایەیە.

[١] ئیبنوعەبدولبەڕ: جامع بيان العلم ٢/١٦٦-١٦٩. بە کورتی.

## باسی پێنجەم

# پاراستنی زانستیە شەرعییەکان لەسەرکۆی لێبڕاوانی فێرخوازیی شەرع فەرزە

پاراستنی کۆی زانستیەکانی شەرع لەسەر کۆی ئەو کەسانە فەرزە کە بۆ زانستی شەرعی لێبڕاون، بۆ فێربوون و شارەزابوون و گەیاندنەوەی.. لەسەر ئەمان بەدەستەجەمعی فەرزە نەك لەسەر تاکتاکیان..

ئەم باسە پەیوەندی بەباسی ڕابردووەوە هەیە، دوای ڕوونکردنەوەی سیفەتی وەسفی فەرزی کیفایە لەزانستە شەرعییەکاندا کە کۆمەڵێك زانستین، کەسانێك وادەزانن وەرگرتنی فەرزی کیفایە نابێت لەیەك زانستیاندابێت. بەڵکو دەبێت لە هەموویاندا شارەزاییان پەیدابکات.. ئەمە وانییە، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی کە فەرزە لەسەر کۆی ئوممەت پێکەوە دەستەجەمعی هەموو زانستیە شەرعییەکان وەرگرن و بە فەرزیی عەین و فەرزی کیفایەوە بپارێزن. ئەمە لەسەر تاکی موسوڵمان نییە، چونکە وەکو زانیمان تاکی موسوڵمان زانستە شەرعییە گشتیەکانی فەرزی عەینە لەسەریی. هەروەها (زانستە شەرعیە فەرزە عەینە تایبەتەکان)یش لەسەر هەندێك کەس فەرزە.. ئەمما فەرزی کیفایە بۆیە پێی دەووترێت کیفایە کە ئەگەر کەسانێك جێبەجێیانکرد و بەسبوون، فەرزەکە لەسەر هەمووان لادەچێت..

## بڕگەی یەکەم: ئەوەی لەسەرکۆی ئوممەت فەرزە پاراستنی هەموو زانستیە شەرعیەکانە:

بە درێژای مێژووی ئوممەتی ئیسلام ئەم فەرزە جێبەجێکراوە، لەهەموو نەوەکاندا زانای دەریاوانی زانستی هەبووە لە زانستی قیرائاتدا کە خوێندنی جۆراوجۆری قورئانەو تا ئەم سەردەمە کە زانای پسپۆڕی قیرائات دەمبەدەم و بە نووسین ئەم زانستیەیان هێناوە.[١] ئەمانە خۆ مەشغوڵی فەرموودەوانی نەبوون.. زانا دەریاوانە پسپۆڕەکانی فەرموودەوانی بەهەردوو بەشیەوە (روایە) و (درایة) بە بەزانستی قیرائاتەوە خەریك نەبوون، زمانەوانە پسپۆڕەکان لە هەموو بواری ڕێزمان و صەرف و ووشەو ڕەوانبێژیی و.. هتد مەشغوڵی هەندێ زانستیتر هەر نەبوون.. دەبینیت پێشەوا گەورەکانی ئوممەت لەسەر مەزهەب و هاوئاستانیان لە شەرعناسییەکەدا دەریاوانی دەگمەنن، بەڵام شارەزای زۆر لەو زانستانە نەبوون کە بۆ ئیجتیهادکردنیان پێویستبووە، لەو زانستیانە خۆنەگەیشتوونەتە پسۆڕی تایبەتیەکانی ئەو زانستیانە.. بەڵام بە سەرجەمی زانین و ڕەنجی هەموو زانایانی ئیسلام هەموو زانستیە شەرعیەکان نەوە بەنەوە پارێزراون.. خوای گەورەش دەفەرموێ: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) الحجر/٩ واتە: ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارەوەو خۆشمان دەیپارێزین.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ).[٢] واتە: کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم هەر بەردەوام لەسەر پیادەکردنی دینەکە دەمێننەوە..

---

[١] ئێستا لە زانکۆکانی ئەزهەرو مەدینەو فاس لە مەغریب و بەهاوەلپور لە پاکستان و حەیدەر ئابادی دکن لە هیندستان و دەیان وڵات و شوێنی تر بەشی قیرائات لە کۆلێجەکانی قورئاندا هەیە. لە شاری فاس لە زانکۆی (القرويين) کۆلێجێك هەیە تایبەت بەزاراوەی قورئانە بە ناوی (كلية المصطلحات).

[٢] موسلیم (٣٥٥٥).

ئیمــامی ئیبنــوتەیمییەرەحمەتی خــوای لێبێــت دەفــەرموێ: (لەبــەر ئــەوەی دەبێــت ئوممــەت بــە كــۆی هــەمووان (دەســتەجەمعی) هــەموو زانســتی قورئانەكــە بپــارێزن، هــەموو ســوونەت و پەســەندو مــەدحكراوەكانیش. ئەگــەرچی ئــەوە لەســەر یەكیــەكی ئوممــەت فەرزنییــە، بۆیــە لەســــەر كــۆی ئوممــەت فــەرزە هــەموو زانســـتیەكان فێربێـــت و بیپارێزێـــت و بیگەیێنێتـــەوە كـــە لەســـەر تاكتاكـــەكانی فەرزنییــە).[1] هــەروەها دەفــەرموێ: (لەســەر ئوممــەت بــە گشــتی هــەمــوو ئــەو زانســـتیە فـــەرزە كـــە لـــە پێغەمبـــەری خـــوا صَـــلَّى اللَّهُ عَلَيْـــهِ وَسَـــلَّمَ هێنـــاوێتی، بەشـێوەیەك كــە هــیچ مەســەلەیەك لــەوەی پێغەمبــەری خــوا صَــلَّى اللَّهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ هێنــاوێتی بــزر نــەبێت، ئەمــەش وا لــە قورئــان و ســوونەتدا. لەمــە زیــاتر فــەرزی كیفایەیــە ئەگــەر كەســانێك فێربــوون و گەیاندیانــەوە فــەرزێتی لەســەر ئــەوانیتر لادەچێت.[2]

كــەوابوو ئــەو كەســەی خــەریكی فێربــوونی زانســتی كیفایەیــە فەرزنییــە لەســەری هەموو زانستیەكانی فێرببێت.

[1] مجموع الفتاوى (١٧٥/٢٥).
[2] هەمان (٣٢٨/٣-٣٢٩).

## بڕگەی دووەم: ئەوزانستییە شەرعییانەی فەرزی کیفایەن ولەسەر هەندێك دەبنە فەرزی عەین:

وەکو موفتی و قازی و موحتەسیب و زانای فێرکار، فەرزە لەسەر هەریەکەیان ئەو زانستیانە فێربێت، کە بۆ پیشەکەی پێویستە بەپێی ڕێسای (مَا لَا يَتِمُ الْوَاجِبُ إِلَّا بِهِ فَهُوَ وَاجِبْ) واتە: ئەوی -فەرز بەو نەبێت تەواو نابێت- فەرزە.

شێخولئیسلام ئیبنوتەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت لەم بارەوە دەفەرموێ: (کەسێك نەڵێ: ئەگەر کەسێك هەموو فەرموودەیەك نەزانێت موجتەهید نییە، چونکە ئەگەر ئەوە لەسەر موجتەهید بکرێتبەمەرج کە دەبێ هەموو فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بزانێت هەرچی فەرموویەتی و کردووێتی لەوەی ئەحکامی شەرعی لێوەوەردەگیرێت، جاخۆ هەموو ئوممەت موجتەهیدێکی دەستناکەوێت، چونکە کەسێکی وا لە ئوممەتدا نییە. ئەوەی کە داواکراوە لە موجتەهید زانینی زۆرینەی ئەو زانستیەیە کە کەمینەکەی لای شاراوە بێت نەك زۆرینەکەی).[1]

کەوابوو ئەوی بۆ فێربوونی زانستیەکان -کە فەرزی کیفایەن- لێبڕاوە فەرز نییە لەسەریی هەموو زانستیەکانی تری شەرع بزانێت، یان بخوێنێت، بەڵکو ئەوەیانی لەسەرفەرزە کە فەرزە سەرەکییەکەی پسپۆڕی خۆی پێ جێبەجێدەکات. ئەمە بۆ موجتەهیدە گەورەکانیش وایە، لەسەریان فەرز نییە هەموو زانستیەك بزانن.. بەڵام سەرجەمی زانایانی ئوومەت بە کۆمەڵ -وەکو شەرعناسان و فەرموودەوانان و ئامۆژگاران زمانەوانان و قورئانەوانان و ئەوانە- ئەوەیان لەسەر فەرزە کە هەموو زانستەفەرزێکی کیفایە بزانن. ئەمەش مەبەستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئاماژەی بە کۆمەڵێك لە ئوومەتەکەی دەکات کە دینەکە بە بەردەوامی پیادە دەکەن کە دەفەرموێ: (لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ).[2]

---

[1] مجموع الفتاوى (٢٠/٢٣٩).

[2] موسلیم (٣٥٥٥).

## باسی شەشەم

## کەی دەشێت بە فەرزی کیفایەوە خەریکبیت؟

هەموو موسوڵمانێک بۆی هەیەخەریکی فێربوونی فەرزەزانستی کیفایە ببێت بە دوو مەرج:

مەرجی یەکەم: خەریکنەبێت بە فەرزی کیفایەکەوە بە شێوەیەك کە فەرزە زانستی عەینی لە دەستبچێت، یان فێربوونی سستبکات، یان دوابخات. چونکە کۆڕا (ئیجماع)ی ئوومەت لەسەر ئەوەیە کە فەرزی عەین لە پێشترە وەك لە فەرزی کیفایە.

خەطیبی بەغدادی بە سەنەدی پەیوەستەوە لە ئیمامی مالیکەوە ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (فێربوونی زانستی بە تەئکید شتێکی جوان و چاکە بڵاوکردنەوەشی بە تەئکید کارێکی جوان و چاکە ئەگەر نییەتی پاکی خوااویستی لەگەڵدابوو، بەڵام جارێ تەماشاکە بزانە -لە کاتی سپێدەتەوە تا خەوتنانت- چیت لەسەر فەرزە، ئەویان پێشبخە).[١]

مەرجی دووەم: خەریکنەبیت بە فەرزێکی کیفایەوەو وازلەفەرزێکی کیفایەیتر بهێنیت کەلەو لەپێشترە،گرنگترو کاریگەرترە (بۆ خۆی و دەوروپشتی). ئەمەش هەندێك بۆچوون لەسەر ئەو ڕەفتارە:

علامەی قوراڤی مالیکی ڕەحمەتی خوای لێبێت لەمبارەیەوە دەفەرموێ: (مەسەلەی ئەولەوییەتدان بە فەرزێکی کیفایەو دواخستنی فەرزێکیتر لەسەر ڕێسای تەرجیحدان (پەسەندترکردن) دەوەستێت. بزانرێت خوای پەروەردگار بایەخی زۆری بە کامیانداوەو کامیانی لەپێشتر ڕیزبەندکردووە. بۆ نموونە لە مافناسییدا، ئەو مافانە پێشتردەخرێن کە سنوورو بوارو جێبەجێکردنیان تەسککراوەتەوە، وەك لەوەی سنووری بەرفراوان و بواری

---

[١] خەتیبی بەغدادی: الفقه المتفقه (٤٦/١)، هەروەها غەززالی لە (إحیاء علوم الدین ٧٩/١ نەقڵی کردووە.

تەواویان لەبەردەمدا هەیە. تابزانرێت کە پارسەنگکرنەوەی مافەکان جێبایەخی شەرعە.. بۆ نموونە: ئەوەی کە ئێستا پێویستەو کاتی زۆری نەماوە پەلەی لێدەکرێت و پێشتردەخرێت، وەك لەوەی کاتی بە دەمەوە ماوە، هەروەك کە فەرزی عەین پێش فەرزی کیفایە دەخرێت، چونکە لە هەموو موکەللەفێك داواکراوە. بەڵام کیفایەکە داواکراوە لە هەندێك موسوڵمان.. ئەو فەرزە کیفایەی بەرژەوەندی زۆرتر دێنێتەدیی پێش ئەو فەرزە کیفایە دەخرێت کە دەگمەن و بەرژەوەندییەکی کەمتر دەهێنێتەدیی.. یان ئەوە پێشتر دەخرێت کە لە خەمیدان لە دەستبچێت وەك لە زانستیەکی تر کە زیاتر لەبەردەستدایە، بادواییەنەکەشیان گرنگترو باڵاتریش بێت..).[١]

ئەبو حامیدی غەززالیش رەحمەتی خوای لێبێت لە باسی (موناقەشەی فیقهیدا) کە لە زانستیە فەرزە کیفایەکانەو بایەخ بە ڕاجوێی و پەسەندکردنی بۆچوونێك دەدات، غەززالی لە مەرجی خوێندنیدا دەفەرموێ:

<u>یەکەم</u>: نابێت کەسێك پێوەی مەشغوڵبێت کە هێشتا لە خوێندنی زانستیە شەرعییەکان کە فەرزی عەین نەبووبێتەوە. هەرکەسێك هێشتا فەرزە عەینەکان فێرنەبووبێت ئەم فەرزە کیفایە بخوێنێت، بە هەنجەتی ئەوەی دەیەوێت حەق ڕوونبێتەوە! ئەوە درۆدەکات.. ئەوە وەکو کەسێکە کە لە نوێژە فەرزەکەی گەڕێت تادەچێت، چونکە خەریکی پۆشاك دوورینەو دەڵێت: مەبەستم داپۆشینی عەورەتی ئەو کەسانەیە کە پۆشاکیان نییەو خەممە بە ڕووتی نوێژ بکەن!).. ئینجا دەفەرموێ: (هەر ئەوەندە بەس نییە کە کابرا خەریکی فێربوونی زانستی کیفایەیە، بەڵکو دەبێ کات و مەرج و ئەولەویەتی فەرزەکان ڕەچاوبکات.

<u>دووەم</u>: وا نەزانێت فەرزی کیفایە لە موناقەشەی فیقهی گرنگترە.. ئەگەر لەوە دڵنیا بێت کە یەکێکیان لەوی تریان گرنگترە (گرنگ و گرنگتری لە بەردەستدابوو) بەڵام خۆی بە گرنگترەکەیانەوە خەریکنەکرد، گوناحبار دەبێت.. ئەوە وەکو ئەو کەسە وایە کە کۆمەڵێك

---

[١] الفروق (٢/٢٠٣).

خەڵكی تینوو دەبینێت واكەوتوون و لەوانەیە لە تینواندا بمرن، خەڵكی وەلی كردوون و ناچن بە دەنگیانەوە، لە كاتێكدا دەتوانێت فریایانكەوێت و زیندوویانبكاتەوە بەوەی ئاویان بگەیێنێتێ، كەچی خۆی مشغوڵكردووە بە كەڵەشاخ گرتنەوەو (الحجامة)! دەشڵێ ئاخر كەڵەشاخگرتن فەرزی كیفایەیەو نابێت ناوچەكە خاڵیبێت لە نەزانینی، دەنا هەموو دانیشتوانەكە گوناحباردەبن! كە پێشی دەڵێن ئاخر لە شارەكەدا چەندین كەس هەیە كەڵەشاخ دەگرن و لە ئەحكامەكانی دەزانن، دەڵێ هەبوونیان كەڵەشاخگرتنەكە لە فەرزێتی كیفایە دەرناهێنێت! حاڵی ئا ئەمە كە كۆمەڵێ موسوڵمانی تینوو كە وان لە سەرەمەرگدا بۆ كەڵەشاخگرتن و فێركردنی وازلێدەهێنێت! وەكو ئەو كەسەیە كە مەشغوڵی زانستی موناقەشەكردنە، لەو لاشەوە چەندین فەرزی كیفایەی گرنگ ئیهمالكراوە..).[1]

غەززالی لە شوێنی تری ئەو كتێبەیدا باسی ئەم ڕیزبەندیی و مەرجی وەرگرتنی زانستی فەرزی كیفایە دەكاتەوە، باسی زانستبڵاوكردنەوە دەكات، دەفەرموێ: (فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك لە خۆیەوە دەستبەچاكسازی بكات، خۆ لەسەر فەرزەكان ڕایبهێنێت و لەحەرامكراوەكان دوورەپەرێزبێت. پاشان ئەندامانی خێزان فێركات دوای ئەوان دراوسێكانی. ئینجا خەڵكی گەڕەك و پاشان شارو وولاتەكەی.. تا دەگاتە ئەوپەڕی جیهان ئەگەر كەسی نزیك ئەم فەرزەی جێبەجێكرد لەسەر دوورەدەست نامێنێت.. ئەمە لە پێشترە بیكات.. وە ئەگەر فەرزێكی عەین بخاتە پێشی یان فەرزێكی تری كیفایە كەلەمیان گرنگتر بێت).[2]

ئیبنوالقەییم ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەویش لەسەر ئەم پاش و پێشخستنەی فەرزە زانستیە كیفایەكانی دوواوە دەفەرموێ: كەسێك خواپەرستییەك وازلێبێنێت بۆ

---

[1] إحياء علوم الدين (٥٦/١).

[2] هەمان سەرچاوە (٣٧١/٢).

خواپەرستییەکیتر کە یەکەمیان گرنگترەو لە پێشترە، دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئەمە چەواشەکاریی شەیتانە کە دەیەوێت موسوڵمانان بە چاکەوە مەشغوڵبکات تا چاکتری لە دەست بدات، بە پەسەندەوە خەریکی دەکات تا هۆشی لە پەسەندتر نەمێنێت و لە دەستی بچێت بۆ ئەوەی خێرە زۆرەکەی لە دەست بچێت.

لە باسی تۆبەکردنیشدا باس لە ئاست و پلەکانی توانای شەیتان دەکات لە ژێردەستەکردنی موسوڵماناندا، دەفەرموێ: (نیگای چوار: لەوە ووردبێتەوەو بزانێت کە کێ فەرمانی گوناحکردنی پێدەدات؟ کێ بۆی جوان دەکات؟ کێ هانیدەدات؟ بە تەئکید شەیتانە، کە لە پشتییەوەیە. بۆیە بەسوودە ئەمەی لەبیربێت و لێی غافڵنەبێت، ئەگەر بەردەوام هۆشی لەمە بێت و شەیتان بە دوژمنی خۆی بزانێ و بە قسەی نەکات و خۆی لێبپارێزێت، حەتمەن ئاگاداری خۆی دەبێت و لێی بەحەزەر دەبێت. نەبادا لە قۆناغێکدا زەفەری پێببات و تووشی گوناحیبکات..

شەیتان بە حەوت قۆناغ لەگەڵ مرۆڤێکدا خەریکدەبێت بەو ئومێدەی بە تەواوەتی لە خشتەی بەرێت و وەکو خۆی لێبکات.. هەر قۆناغێکیش لە قۆناغی دواتری قورسترە لەسەر موسوڵمان. شەیتان کۆڵ لە هیچ قۆناغێکنادات، هیوای بە سەرکەوتنی هەر دەمێنێت. بەڵام کە لە موسوڵمانەکە بێهیوا دەبێت و دەزانێت بۆی ناچێتە قۆناغی سەرووتر، بە ناچاری لە قۆناغەکەی خوارەوودا زیاترپێوەی مەشغوڵ دەبێت). ئینجا ئیبنولقەییم قۆناغەکان باسدەکات کە من بەکورتی نەقڵی دەکەم:

- <u>قۆناغی یەکەم</u>: قۆناغی کافربوون و بێدینیی و باوەڕنەبوونە بە خوای گەورەو بەدین و دینداریی. ئەگەر شەیتان مرۆڤی گەیاندە ئەم قۆناغە ئەوە دیارە ئامانجی پێکاوە. ئەگەر موسوڵمانەکە نەیهێشت شەیتان زەفەری پێ ببات، شەیتان بۆ قۆناغێکی نزمتری هان دەدات کە ئاستیتری گومڕاییە.

- <u>قۆناغی دووەم</u>: قۆناغی بیری گومڕایی و لاڕێبوون و بیرگۆڕین. واتە: گۆڕینی ئەحکامی دین، نەك گۆڕینی دینەکەی خۆی.

- <u>قۆناغی سێیەم</u>: قۆناغی گوناحەگەورەکان. بەوەی فەرزەکانی پێلەدەستبدات و گوناحە گەورەکان بکات.

- قۆناغی چوارەم: زۆر مومارەسەکردنی گوناحە بچووکەکان، تا لەسەری کەڵەکەی دەکات و دەیباتەوە بۆ گوناحی گەورە.

- قۆناغی پێنجەم: قۆناغی مەشغوڵکردنی بە ڕێپێدراوەکانەوە بۆ ئەوەی فەرزو سوونەت و خێرو چاکە گەورەکانی لە دەستبدات.. وەکو ڕەنجدانی زۆری لە کاسبیکردن و پەیداکردنی خۆراك و خواردنەوەو زۆرنووستن و کات بە زایەدان و ئەوانە..

- قۆناغی شەشەم: قۆناغی دانانی کاری پەسەند لە پێش پەسەندتر لە خواپەرستیی و کارەچاکەکاندا. کارە پەسەندەکانی لا جواندەکات، لای شیریندەکات، پێوەی خەریکدەکات، سوودو پاداشتەکانی دەخاتەوە پێشچاوی، بۆ ئەوەی لانەکات بە لای پەسەندترەوەو نەیپەرژێتە سەریان، کە سوودو پاداشتی ئەوانیتر زیاترن.. دیارە شەیتان کە هەستدەکات دەرەقەتی ئەم موسوڵمانە نایات و دەزانێت موسوڵمانەکە سوورە لەسەر پاداشت، دەیەوێ بە کارێکی پاداشتکەمەوە خەریکی بکات، مەشغوڵی دەکات، تا نەچێتە سەر کارە سەرەکیە گرنگەکان کە ڕەفتاری هیمەتبەرزان و کەسایەتییە مەزنەکانن. دەڵێت باخەریکبێت بەچاکەوە نەکبەچاکترەوە، بە پەسەندەوە نەك بە پەسەندترەوە، بەوەی خۆی حەزی لێیەتی نەك بەوەی خەڵك پێویستێتی.

بەڵام کوا خەڵکی ئەم قۆناغە؟ چەندن؟ لە هەموو جیهاندا چەندن؟ شەیتان زەفەری بە زۆرینەی مرۆڤ بردووەو لە قۆناغەکانی یەکەمدا بەزاندوونی.. ئەوی بە زانین و شارەزایی و زانستیە شەرعیەکان و خواوویستی و تەقواکاریی خۆی بەهێزکردووەو ماوەتەوەو خۆی نەداوە بەدەستیەوە، چونکە شارەزایی بەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەکە بووە، دوژمنی ناسیووە، لە فاکوفیکی شارەزابووە .چونکە خۆی بە خواناسیی و ئاڕاستەی قۆناغەکە ڕاگرتووە، بە ئومێدی ڕەزامەندی خوای گەورەوە لە جیهادێکی بێ ئەماندایە، دەزانێت بە قەدەر ماندووبوون و ڕەنج و ئازار پاداشت وەردەگرێت و پلەی لای خوای گەورە بەرزدەبێتەوە، دەزانێت چ جۆرە کارێك بکات، چ خواپەرستییەك لە پێشە، کامیان پلەی بەرزترە، کامیان گرنگترە کامیان شەیتان پێی ناڕەحەتە، کامیان لووتکەیە ئەو دەگرێتەبەر.. چونکە دەزانێت لە خواپەرستیی و ڕەنجدان و وێردو ڕەفتارو رەوشتەکانیشدا

بەرزو بەرزتر هەیە، بۆیە خۆی بۆ سەری سەرەوە دەکوتێت. لەویردەکاندا (سید الإستغفار) دەخوێنێت: (اَللَّهُمَّ اَنْتَ رَبِّیْ لَا اِلَهَ اِلَّاَ اَنْتَ خَلَقْتَنِیْ وَ اَنَا عَبْدُکَ وَ عَلَی عَهْدِکَ وَوَعْدِکَ مَااسْتَطَعْتُ اَعُوْذُ بِکَ مِنْ شَرِّ مَاصَنَعْتَ اَبُوْأُ لَکَ بِنِعْمَتِکَ عَلَیَّ وَ اَبُوْأُ بِذَنْبِیْ فَغْفِرْ لِیْ فَاِنَّهُ لَا یَغْفِرُ الذُّ نُوْبَ اِلَا اَنْتَ)[1].. لە بانگەوازدا حەقبێژی چاونەترسە، لە ڕەنجداندا جیهادیە، چونکە لووتکەی ئیسلامەتییەکەیەو تەنها خواناس و ئازاو بە هیممەتەکان دەیگەنێ، چونکە لوتکەیە: (وَذُرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ)[2].. ئەو کەسە لەم قۆناغی ململانێ و شەڕە شەیتانییەدا دەبباتەوە کە دیدو زەینی بەنووری خوا ڕۆشنە، کە دڵی بە خواوویستی پاراوە، کە شارەزای دینی خوایەو سەرڕاستانە دینداریّتی پێدەکات.. ئەمانە ئەوانەن کە لەسەرڕێ مانەوەو مافی هەموو کەسێکیشیان وەکو خۆیداوە. ئەگەر لەم قۆناغەدا شکستی بە شەیتان هێنا، شەیتانیش هەستدەکات کە قۆناغ بە قۆناغ دۆڕاندوێتی و لە بەزینی تەئکیددایە، دەزانێت کە ئیتر موسوڵمانە خواناس و وورياکەی بەرامبەری لەبەرەی پێغەمبەران عَلَيهِمُ السَّلَام و ڕاستگۆو پیاوچاکان و شەهیدانەوە بەرەنگاری دەبێتەوە. بۆیە ئینجا هەرچی لە دەستخۆی و نەوەو زوڕییەت و شوێنکەوتووی جنۆکەو مرۆڤدێت دەڵێت بیکەن.. ئەمەش شەڕی بێئەمن و ئەمانی قۆناغی حەوتەمە کە ئەگەر کەس هەبوایە لێی قووتاربووایە، پێغەمبەرانی مەعسومی خوا دەبوون، سەلامی خوایان لێ بێت.

<u>- قۆناغی حەوتەم</u>: قۆناغی خرۆشانی شەیتان و نەوە شەیتانیزمەکانی جنۆکە و مرۆڤ (جن و ئینس) بەرامبەریی. بواری هیچ موساوەمەیەك نەماوەو جەولەی کۆتاییە.. ئیمامی ئیبنوالقەییم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (قۆناغی حەوتەم قۆناغی بەگەڕخستنی هەموو ووزەی شەیتان خۆی و توانای نەوەو شوێنکەوتووەکانێتی، هەموویان لەسەر جۆرەها ئازارو ژان و کێشە هاندەدات کە هەریەك لای خۆیەوە بۆ موسوڵمانەکەی دروستدەکەن.. هەر هەموو دەدەنە بەرتیرو ڕمی خۆیان.. ئازاری ڕۆح و دەروون و

[1] بوخاری (٦٣٠٦).

[2] ترمذی (٢٦١٦)، ئیبنوماجە (٣٩٧٣)، ئەحمەد (٢٣١/٥) ئەلبانی رحمەاللە لە (إرواء الغلیل/٤١٣)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

جەستەی بۆ دەکەنە کاری ڕۆژانە، بە دەست و دەم و دڵ دژی دەست و دەم و دڵی دەبن. ئیتر بە پێی ئاست و پلەی خێرخوازیی و دینداریی ئەم کەسە ئەوانیش پێوەی خەریك دەبن، تاپلەی باڵاتر بێت شەیتان و شوێنکەوتووەکانی زیاتر دژایەتی دەکەن. سەرِبازی شاراوەو ئاشکرای خۆی دەکات بە گژیدا، هەموو حیزبەکەی خۆی تێبەردەدات.. بۆیە دەبینیت گەلۆرو سەرسەریی و ناکەسبەچەی لاکۆڵانان دەکەونە سەر ئازاردانی پیاوچاکان و دەمپاك و خێرخوازانی ناسراوو نەناسراوی خۆیان.. ئەمە دنەی شەیتانە، هاندانی ئەوە، چەپڵەلێدان و ئافەرینی ئەوە وا ئەو خەڵکە گێرو هێرو ناحاڵییە وادەزانن دژایەتی ئەم پیاوچاکە، چاکەیە زۆر بە جیددی بۆی لێدەبڕێن. بەڵام لەبەرەی بەرامبەریشەوە کابرای ئیماندارو بەجەرگ لە دیدی ڕوونی خواناسییەوە دەزانێت ئەمە جیهادە.. بۆیە دەبێت بۆ خواو بە پێی ئەحکامی شەرعی خوا بکرێت، دەبێ لەبەر خاتری خوا خۆڕاگرێت، لەسەر پابەندی دینداریتیەکەی مەحکەم خۆڕاگرێت، سوور بێت لەسەر دیدو هەڵوێستی.. لەسەر ڕێبازی بانگەوازە خواییەکەی.. چونکە دەزانێت ئەوە مەیدانی (موراغەمەیە) واتە لووتشکاندن! کوا هەموو موسوڵمانێك هەست بەمە دەکات، کوا هەموو کەسێك دەگاتە ئەم مەیدانە، ئەمە خەواصی ئەهلی ئیمان پەیپێدەبات. خوای گەورە لووتشکاندنی کافرەکانی بەمومارەسەی ئەم دوو خواپەرستییەی موسوڵمان باسفەرمووە:

<u>یەکەم بە هیجرەت</u>: کۆچکردن لەبەرخاتری خوا، دەربازبوونە لە دەستکافران و خۆگەیاندنە مەئوای موجاهیدانە. (وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً)النساء/١٠٠ واتە: هەرکەسێك لەبەر خاتری خوای گەورە هیجرەتبکات، خوای گەورە لووتی دووژمنی پێشۆڕدەکات و بژێویی و ڕۆزیی بەرفراوانیشی دەخاتەبەردەست. خوای گەورە ئەو موجاهیدە ترساوە ڕاکردووەی ناوناوە لووتشکێن و وورەبەزێنی دوژمنانی خوا.. خوای گەورە پێیخۆشە ئەم موسوڵمانە لاوازو بێدەسەڵاتە (لە زاهیریدا) کە لە ناخیدا خواوویست و بە ئارام و وویستبەهێزە، لووتی دوژمنانی خوا بشکێنێت و ڕقیانهەستێنێت.

دووەم: بەجیهادکردن: کە هەموو ساتی جیهادەکەو هەموو بزاوت و سرەوتێکی موجاهیدەکە مایەی ترس و خەم ڕقهەستانی دوژمنانی خوایە.. وورد سەرنجدە!

- خوای گەورە دەفەرموێ: (ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَطَئُونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ الْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِ عَمَلٌ صَالِحٌ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ) التوبة/ ١٢٠ واتە: ئەوە لەبەر ئەوەی کە هەرشتێکیان تووش دێت (تووشی موجاهیدەکان) لە تینوێتیی لە ماندووێتیی، لە نەخۆشیی و نارەحەتیی، لەبەرخاتری خوای گەورەو لەپێناوئەودا، یان کە دەچنە هەر جێگایەك کە دوژمن نارەحەتبکات و ڕقیهەستێنێت هەر زەرەیەك لە دوژمن بدەن، هەر هەموویان بە (عَمَلٌ صَالِحٌ) بەکردەوەی چاکە بۆ دەنووسرێت.. خوای گەورە پاداشتی پیاوچاك و خێرەومەندان زایە ناکات.

- خوای گەورە نموونەی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی چوواندووە بە چاندنێك گەشەو نەش ونمای تەواوی کردووەو هاتۆتە بەردەست، خاوەنی دڵخۆشە پێی و دوژمنیش خەریکە بتەقێت... بڕوانە ئەم ئایەتە: (ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ ۚ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ) الفتح/٢٩ واتە: نموونەیان کە لە تەورات و ئینجیلدا هێنراوەتەوە وەکو کشتوکاڵێکە کە گەیشتۆتەبەر، لەسەرپێیخۆی وەستاوەو توندوتۆڵ و بێباك، جوتیارەکان پێیسەرسامن و کافرەکانیش پێیتووڕەن و ڕقیان پێیهەستاوە.. ڕقهەستانی دوژمن و خەفەتخواردنی بە برەوی چالاکی موسوڵمانان مەبەستێکی خوای گەورەشە، داخوازییەکییەتی، ئەمە بەرهەمی ڕەنجی عەبدو بەرەکەتی خوای گەورەیە.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە باسی نوێژو سووجدەی سەهوودا دەفەرموێ: مایەی لووتشکاندنی شەیتانە! دەفەرموێ: (إِنْ كَانَتْ صَلَاتُهُ تَامَّةً كَانَتَا تُرْغِمَانِ أَنْفَ الشَّيْطَانِ). واتە: ئەگەر نوێژەکەی تەواوبوو بەدروستی کردی، ئەوە لووتشکاندنی

شەیتانە. لە ڕیوایەتێکی تردا: (وَكَانَتِ السَّجْدَتَانِ رَغْمَ أَنْفِ الشَّيْطَانِ).[١] واتە: دوو سووجدەکەی سەهوو کە لە زیادە دەبیات لووتشکاندنی شەیتانی تێدایە..

کەوابوو هەرکەسێك خواپەرستییکردە مایەی ناڕەحەتکردنی دوژمنانی خواو تووڕەکردن و ڕق هەستانیان لێ،ی کارێکی گەورەی کردووە کە لە (صدديقين) دەوەشێتەوە، چونکە بەقەدەر ئەمەندەی خوای خۆشدەوێت و دەیەوێت بە هەموو شتێك ڕازیبکات.. مادام خوای گەورەش ڕقهەستاندن و خەفەتخواردنی دوژمنانی پێخۆشە کەوابوو با موسوڵمانی سەرڕاست لەسەر هەڵوێستی خواناسیی خۆی بەردەوامبێت و سەبر لەسەر ئەو ڕقهەستان و دەستوەشاندنەیان بگرێت. ئاخر لەبەر ئەم خۆشحاڵییەی خوای گەورەیە کە جائیزە بە شانازیی و خۆ بادانەوە لەبەرەی جیهادا خۆی بنوێنێت!

هەموو کەسێك شارەزای ئەم ڕێڕەو دەروازەیەی خواپەرستیی نییە، کەمکەس دەزانێت، هەر کەسێك تامیکردبێت گریانی بۆ یادی دێت و خۆزگەی پێدەخوازێتەوە. خوای گەورە یارمەتیدەرەو پشت بەو دەبەسترێت، هێزو تواناو پشت و پەنا ئەوەو بەس).[٢]

ئەگەر بمانەوێ لە قسەکانی ئیبنوالقەییمەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت مەرجەکانمان باسکەینەوە کە ووتمان بۆ ئەو کەسەی خەریکی فێربوونی فەرزی کیفایەیە پێویستە بڵێین:

هەرکەسێك بە خوێندن و فێربوونی فەرزی کیفایە لەسەر حسابی فێربوون و زانینی فەرزی عەین خۆی مەشغوڵکرد، ئەوە شەیتان دەرەقەتی هاتووەو زەفەری پێبردووەو لە قۆناغی سێیەمەوە ڕێی لێگۆڕیووە، چونکە ئەو کەسەی فەرزی عەین وەل (تەرك) دەکات، گوناحی گەورەی کردووە. گوناحی گەورەش ئەوەیە کە هەڕەشەی سەختی لەسەرە.

---

[١] موسلیم (٥٧١) چونکە شەیتان وویستوویّتی نوێژەکەی بە نوقسانی بکات، لە بەرامبەردا دوو سووجدەی زیادەی تێکەوتووە کەبووەتە مایەیی لووتشکاندنی شەیتان. نيل الأوطار (٥٤١/١).

[٢] مدارج السالكين (٢٢٢/١ -٢٢٧).

هەڕەشەی سەختیش لەسەر ئەو کەسەیە (فێربوونی زانستیە شەرعییەکان کە فەرزی عەینن)ی وازلێهێناوە. هەرکەسێك خۆی مەشغوڵکردبێت بە خوێندن و فێربوونی فەرزێکی کیفایە لەسەر حسابی فەرمانکردن بەچاکەو بەرهەڵەستی لەخراپە -کە هەر فەرزێکی کیفایەیە، بەڵام گرنگترو کاریگەرتر- ئەوە شەیتان دەرەقەتی هاتووەو زەفەری پێبردووەو لە قۆناغی شەشەمدا ڕێی لێگۆڕیووە، چونکە مەشغوڵیکردووە بە کاری پەسەند بۆ ئەوەی پەسەندتری لە دەستبچێت..

## خاڵێکی بەسوود:

لەم باسەدا ئەمەت بۆ ڕوونبۆوە کە ناشێت کەسێك مەشغوڵی فێربوونی ئەو زانستیە شەرعییە بێت کە فەرزی کیفایەیە لە کاتێکدا هێشتا زانستیە شەرعییەکانی کە فەرزی عەینن نەخوێندووە، یان نەیزانیووە. هەروەها کە ناشێت مەشغوڵی فێربوونی فەرزێکی کیفایە بێت پێش فێربوونی فەرزێکی کیفایەی گرنگترو لە پێشتر..

لەمەوە بۆت دەردەکەوێت کە موسوڵمانان بە گشتی و ئەهلی زانستی شەرعی بە تایبەتی چەند کەمتەرخەم و بێئاگان لەم ڕێسایەی بەختەوەری دنیاو قیامەتی لەسەر دامەزراوە. دەبینیت لەم سەردەمەدا کە لە زۆرینەی زۆری وواڵتی موسوڵمانان فەرمانکردن بەچاکەو بەرهەڵستیکردن لەخراپەو جیهاد کە لە هەرە تەئکیدکراوەکانن چۆن زانایان- بە هەموو پلەو ئاستێکیانەوە- ئیهمالیانکردووە! کە ئەوان شایانترن ئەم فەرزانەیان جێبەجێبکردایە.. لەهەر وواڵتێکی موسوڵماندا دەیان کۆلێج و پەیمانگای شەرعی دەبینیت کە سەدان مەلاو زانا دەرس بە هەزاران فێرخواز دەڵێنەوە تێیاندا، کەچی دەبینیت کوفرو خراپەکاریی بە هەموو جۆرەکانییەوە بە هەموو چینێکی کۆمەڵگەکەدا بڵاو بووەتەوەو کەس نابینیت دژیان بوەستێتەوە، کەس نابیستێت دژیان بدوێ چ جای گۆڕینیان! سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی وواڵت بە یاسای کوفرین ئاڕاستەدەکرێت، عەلمانییە بێدینەکان بەرنامەو ڕێبازی خۆیان بەسەرگەلاندا فەرزکردووە فێرگەو ڕاگەیاندن و دەزگاکانی ئاڕاستەی کۆمەڵگە هەمووی بە پێی نەخشەو پلانی ئەوان کاری ڕۆژانەیان دەکەن، تا نەوەیەك گۆشبکەن لاوازو هیچ لەباردانەبوو، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دینەکەیدانییە، مەلهاو شوێنی داوێنپیسی و سەماو سفوریی لە هەموو وواڵتی

موسوڵماناندا بۆتە نەریت، شەراب و سووخۆریی دیاردەی زەقی هەموو کۆمەڵگاکانن، گەڕەك و ماڵ و شوێنی ڕەسمی داوێنپیسیی بۆ زیناکردن کراوەتەوەو یاسا هەموویان دەپارێزێت و چاو لە غەیرە ڕەسمیەکانیشیان دەپۆشێت کە دە ئەوەندەی شوێنە ڕەسمیەکانن، ئەم هەموو کوفرو بێدینی و بێهەڵوێستیە هەمووی بە زەبری هێزی سەربازی فەرزکراوە، بێ ئەوەی پۆلێك موسوڵمانی خواوویست و لێزان و جوامێر ببینیت، هەوڵی گۆڕینیان بدەن. ئیتر چ خێرێك لە دین و خوێندنی ئا ئەمانەدا ماوە، کە خۆیان بە زانستی شەرعییەوە هەڵواسیووە بێئەوەی مونکەرێك بگۆڕن؟

پاسەوانانی ئەم کوفرو بێدینیی و خراپەکاریی و بەرەڵاییە کاربەدەستە کافرەکان ،حاکمە مورتەدەکانی وولاتی موسوڵمانانن کە بە غەیری شەریعەتی خوا حوکمدەکەن، کە یاسای کوفریان هێناوەتە جێی سەروەری شەرع. دەبینیت هەرهەموو جۆرو شێوازی کوفرو بیدعەو گومڕایی و لاڕێبوون و سەوداو مامەڵەی سووخۆریی و شەراب و زیناکاریی و باج و دەستدرێژیی و زەوتکردنی سامانی گشتی و تایبەت لە هەموو وولاتی موسوڵماناندا ڕەفتاری یاسایین و هەمووی لەگەڵ حەملەی خاچپەرستە ئیستیعمارییەکاندا لە کۆتایی سەدەی نۆزدهیەمەوە هەمووی فەرزکراون.. هەموو ئەم فەسادە بەریتانیاو فەڕەنساو وولاتە ئیستعمارییە ڕۆژئاواییەکانیتر هێنایانە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی و هیندستان و باشووری خۆرهەلاتی ئاسیاو وولاتانی ئەفریقا. ئینجا ئەم هێزە خاچپەرستانە دەستەدەستە لە نەوەی نوێی موسوڵمانانیان بردە ژێر سایەیی خۆیان و ئاڕاستەیانکردن. کە بە تەواوی بوونە داشی دامەو داردەستی کوفر هێنایاننە سەر حوکم و یاسادانان و داڕشتنی بەرنامەو خوێندن و ڕاگەیاندن و داوەریان خستە بەردەستیان. ئاوا وولاتی موسوڵمانانیان لەت و پەت کرد، کە هێزیان لێبڕی دینەکەیان خستنە کەنارەوەو مەنهەجی خۆیان سەپاند، کە مورتەددو ئەڵقەلەگوێی خۆیان کردە ڕاپەڕێنەرانی دیدو هەڵوێستی خۆیان. ئیتر خۆیان بە جەستە چوونەدەرەوەو هەموو کوفرو بێدینیی و خراپەکارییەکەیان بەو مورتەددانە سپارد کە بۆ بەردەوامی دیدو ڕێبازی ئیستعماری لێبڕابوون.. ئەم حوکمڕانە مورتەددانە کە تائەمڕۆش بە هێزی ئاگرو ئاسن و چەك و

سەرباز، بە پارەو چەواشەکاریی مەنهەجی ئیستعماریی دەپارێزن و سوورن لەسەر جێبەجێکردنی هەموو بڕگەو بابەتێك ئەم حاکمە مورتەددانە ئێستا سەرچاوەی لە دین هەڵگەڕانەوەو هاندەرو پاسەوانین...

جیهادکردن بەرامبەر ئەم حاکمە مورتەددانە و سیستم و بەرنامەو ئاڕاستەیان لەسەر هەموو موسوڵمانێك فەرزی عەینە. هەرکەسیش تێدا بێخەم و کەمتەرخەمبێت گوناحی گەورە ئەنجامدەدات و فاسقە، چونکە هەڕەشە سەختەکان دەیگرێتەوە کە لەو کەسانە کراوە کە جیهادیان وەل (تەرك) کردووە. ئەمە شەیتانە شکستی پێهێناون، لە قۆناغی سێی ململانێی خۆیدا زەفەری پێبردوون. وەکو ئیبنوالقەییم رەحمەتی خوای لێبێت دیاریکردووە.

پاشان دوای ئەوەی ئەم هەموو کوفرو بێدینیە تەشەنەیکرد، ئەم هەموو گومڕایی و خراپەکارییە ووڵاتی گرتەوە، ئەوانەی لە زانستی شەرعی دەخۆن و عائیدی ئەون چییان کرد؟! ئایا حەقیقەتیان ڕوونکردۆتەوە؟! ڕێی جیهادیان نیشانی ئوممەتەکە دا؟ داوایان لێکردن دژی ئەم حاکم و حوکمە مورتەددانە ڕاپەڕن؟ هانیاندان لەسەر شۆڕش و گۆڕانکاری؟ پێش ئەمەش، ئایا ئا ئەمانەی بە ئەهلی زانستی شەرعی دەناسرێن؟ ئایا خۆیان دەزانن حوکمی شەرع دەربارەی ئەم (نەوازل)انە چییە؟! زۆر بەداخەوە، نەخێر. دەستەیەکی دەگمەن نەبێت کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستیانە لێبڕاون، کەزۆر کەمن. ئەمما زۆرینەی هەرە زۆری مەلا و زاناو شەرعزانانی ئەمڕۆ خۆیان کڕکردووەو لە هەموو کوفرو فەسادێک بێدەنگن! گوێنادەنە ئەو هەموو زەڕبەی لە دین و دینداران دەدرێت. هەموو ئەوانە لەو پێڕو ڕێیەن کە ئیبنوالقەیم رەحمەتی خوای لێبێت لە باسیاندا دەفەرموێ: (ئەو کەسانەی کە شارەزاییان هەیە لە دینی خوادا، ئەوانەی شارەزایی شەریعەتی خواو سیرەو سووننەتی پێغەمبەری خواو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرنامەو ڕێبازی یاوەران بوون کەمینەیەکی ناو خەڵکین. لەناو ئەمانەشدا کەمینەیەکیان دینداری سەر ڕاستن و غیرەتیان بۆ دینەکەیان دەجوڵێت، ئەمما ئەوانیتر -کە بە حساب دەمڕاست و پێشەوای دینن- هەموو ڕۆژێك دەبینن چۆن سنووری دینەکە دەبەزێندرێت، دەبینن چۆن خەڵك وازلەدینەکەدەهێنن کەچی خەمێك دایان ناگرێت. ئەمە چ زانین و

دینداریيەكە كە دەبینێت هەموو ڕۆژێك گورز لە دوای گورز لەم دینە دەدرێت و ئەم لێی بێخەمەو پێی تووڕە نابێت؟!

دڵی ساردو زمانی بەستوو، شەیتانێكی كەڕو لاڵ، هەروەكو چۆن ئەو كەسەی كە قسەی ناحەق دەكات شەیتانێكی دوواوە، ئەوی قسەی حەقیش ناكات شەیتانێكی كەڕو كاسە.. چ بەڵایەك لەمە سەختترە؟! چ كێشەیەك لەسەر دڵ لەمە قورسترە، كە زانایانی دینەكە غیرەتیان بۆ دینەكە ناجوڵێت كە پێی‌دەخۆن و لێیدەخۆن. ئەگەر مەعاشی یەكێكیان كەمكات (نەك بشبڕێت) ئەگەر پلەیەكی مەلایەتێكەی بهێنرێتە خواروتر، ئەگەر خانووەكەی مزگەوتی لێبسەننەوە، دەبینیت چۆن شەووڕۆژ دەكەوێتە ڕەنجدان و هەڵپەكردن و واسیتەو واسیتەكاریی و (بەرتیلدان)! بۆ ئەوەی هیچی لە دەستنەچێت. كەچی جارێك ئەم جۆرە هەست و خرۆشە، ئەم سووربوون و پەرۆشە بۆ سووكایەتی پێكردنێكی دینەكە نابینیت لێیانەوە.. باشترینیان، پاكترینیان، دڵسۆزترینیان ئەوەیانە كە ماوەیەك (تەنها ماوەیەك) خەم دایدەگرێت و ئاهێكی سارد هەڵدەكێشێت (بێ ئەوەی كارێكی بەدوادابێت). ئەمما ئەوانی تر كە ئیمتیازی دنیاییان لێدەسەندرێت  بە هەرسێ ڕێگاكەی گۆڕینی مونكەر (بە دەست بە زبان بە دڵ) هەوڵی سەندنەوەو هێنانەوەی پشكە مافەكەیان دەدەن! ئەمانە لە بەرچاوی خوای گەورە كەوتوون.كەوتوونەتە بەر غەزەبیی. ئەمانە لە دونیایاندا گەورەترین موسیبەتیان بەسەرداهاتووە كە خۆیان نازانن، یان خۆیانی لێگێلدەكەن. ئەمە مردنی دڵیانە، دڵێك بۆ خوای گەورە دانەخورپێت، غیرەتێكی بۆ دینەكەی تێدانەمابێت، قەناعەتێكی بە پاراستنی دین و لەسەركردنەوەی دینداران نەمابێت، دەمێكە ئەو دڵە ساردە ووزەی لێبڕاوهو مردووە..).[١]

---

[١] ئیبنولقەییم: (إعلام الموقعین ٢/١٥٢ -١٥٨).

باسی حەوتەم

## کەی فێربوونی زانستی فەرزی کیفایە دەبێتە فەرزی عەین؟

ئەمە لە چەند حاڵەتێکدا دەبێت:

١- ئەگەر دەستی بە وەرگرتن و فێرکردنی زانستیەك کرد، فەرزە لەسەری بەردەوام بێت، تا تەواوی دەکات.[1]

٢- ئەگەر زیرەك و وریابوو، توانای بەسەر فێربووندا زۆربوو، ئەمەش هەر بۆچوونی ئیبنوتەیمیەیە ڕەحمەتی خوای لێبێت.[2]

٣- ئەگەر کەسێکی تر لەو ناوچەیە بۆ فێربوونی فەرزی کیفایە لێنەبڕا، لەسەر ئەم فەرز دەبێت.[3]

٤- ئەگەر ئووممەت بۆ فێربوون داوایلێکردبوو، بۆی لێنەبڕابوو، مەعاشی لەسەروەردەگرت، جا لە بەیتولمالەوە بۆی دیاریکرا بێت یان لە کۆمەڵێکەوە یان لە خێرەومەندێکی موسوڵمانەوە.[4]

ئیمامی ئیبنوتەیمییە ڕەحمەتی خوای لێبێت لە باسی ئەم حاڵەتانەدا دەفەرموێ: (ئەهلی زانستی شەرعیش هەروان، ئەوانەی کە زانستیەکانی قورئان و سووننەت دەپارێزن -عەین و کیفایەی- لەگەڵ ئەوەشدا کە پاراستنی ئەو زانستیانە لەسەر کۆی ئووممەت فەرزە، نەك لەسەر تاکتاکی ئەندامانی، بەڵام هەندێك زانستی فەرزی عەین لەسەر هەموو

[1] ئەوە بۆچوونی ئیمامی ئیبنوتەیمییەیە لە:( مجموع الفتاوى ١٨٦/٢٨) بەڵام ئیمامی نەوەوی بۆچوونی وا نییە: بروانە: (المجموع ٢٧/١).

[2] مجموع الفتاوى، (١٨٦/٢٨).

[3] هەمان سەرچاوە (٨٢/٢٨).

[4] هەمان سەرچاوە (١٧٦/٢٨-١٨٧).

موسوڵمانێك فێربوون و زانینی فەرزە- بەڵام ئەو فێرخواز و فێركارانەی زانستی شەرعی كە بۆی لێبڕاون و مووچەی لەسەر وەردەگرن فەرزی عەینەو فەرزی كیفایەكەشیان لەسەر فەرزدەبێت، پێویستە هەردوو بەشی زانستیە شەرعیەكان فێربن و بیزانن. لەسەر ئەمانە زیاترە وەك لە خەڵكیتر. چونكە لە لایەكەوە هەر بە حوكمی شەرعەكە لەسەریان فەرزبووە، لە لایەكیترەوە ئەمان دەتوانن و خەڵكی تر ناتوانێت. توانینەكە دەشێت توانینی بیروهۆش و ژیریی بێت، وەكو زیرەكی و زوولەبەركردن و.... هتد، دەشێت لەبەر ئەوە بێت كە ئەو پێشتر بۆفێربوون و زانین لێبڕاوبوون و دەزانن چۆن دەكرێت و شارەزای سەرچاوەو كتێبەكان بوون، زانایانیان ناسیوە یان بیستووە، بەڵگەكانی فەرزبوونی زانستی شەرعییان زانیووە، وە هەروەها..

لەم ڕوانگەوەیە كە وەرگرتن و فێربوونی زانستی شەرعی و جیهاد فەرزبووە، وەكو حەجكردن، بەو مانایە كە هەر كەسێك ئەحكامەكانیان فێربوو نابێت لە بیری بچێتەوە).[١]

هەروەها دەفەرموێ: (ئەمانە فەرزی كیفایەن، ئەگەر كەسێك بۆ فێربوون و زانینی لێبڕا كە پێی جێبەجێبكرێت لەسەر ئەمیش دەبێتەوە بە فەرزی عەین، بە تایبەتی ئەگەر غەیری ئەم لە توانایدا نەبوو).[٢]

ئەمە بۆچوونی ئیبنوتەیمییەیە كە كە هەر چوار حاڵەتەكەی تێدا باسكردووە كە فەرزی كیفایەیی تێدا دەبێتە فەرزی عەین، لە فێربوون و زانینی زانستیە شەرعییەكاندا. ئیمامی نەوەوی رەحمەتی خوای لێبێت پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی هەیە، چونكە لەفەرزبوونی فێربوونی زانستی كیفایەدا بەدەستپێكردنی دەفەرموێ: (ڕاسترین بۆچوون

---

[١] مجموع الفتاوى (١٨٦/٢٨-١٨٧).

[٢] هەمان سەرچاوە (٨٢/٢٨).

ئەوەیە کە نەبێتە فەرزی عەین، چونکە دەسپێك لای ئێمە (شافیعییەکان) لە غەیری حەج و عەمرەدا تەواوکردنی نابێت بە فەرز).[١]

هۆی جیاوازی ئەم دوو بۆچوونە جیاوازی مەزهەبەکانە دەربارەی، وەکو شێخ محمد بن حسێن المالکی لە پەراوێزی کتێبی (الفروق)ەکەی قورافییدا نووسیوێتی: (سوونەت و مەندووبە تەئکیدلێکراوەکان کە لای ئێمەو حەنەفییە بەرێزەکان -بە پێچەوانەی شافیعیەکانەوە- واجبە. هەروەها لای ئێمە راستتر ئەوەیە کە فەرزی کیفایە بە دەستپێکردنی دەبێتە فەرزی عەین و واجبە تەواوبکرێت. تەنانەت وەرگرتنی زانستی فەرزی کیفایەش وایە، لەسەر ئەو کەسەی زیرەکە و دەستیپێکردووە، فەرزە).[٢]

**ئاگادارکردنەوەیەك:**

کە دەووترێت فێربوونی ئەو زانستیانەی فەرزی کیفایەن و دەبێت بە فەرزی عەین مانای وانییە کە لەبەر ئەوەی بەمیانەوە مەشغوڵین فەرزی کیفایەی گرنگترو لە پێشتر وازلێبهێنین، کە بووەتە فەرزی عەین، وەکو فەرمانکردن بەچاکە و بەرهەڵەستیکردن لەخراپەو جیهادکردن کە فەرزدەبن، بەڵکو پێویستە هەمووی پێکەوە بسازێنرێن، چونکە هەموو بوونەتە فەرزی عەین -هەروەکو چۆن ناشێت فەرزی نوێژ وەل (تەرك) بکرێت لەبەر ئەوەی زەکات دەدرێت، یان ڕۆژووی ڕەمەزان دەگیرێت، بەڵکو لە یەککاتدا هەر سێ فەرزەکە پێکەوە دەسازێنرێن، وەك نوێژەکە دەکات و بە ڕۆژوویشە، دوای نوێژیش دەتوانێت زەکاتەکەی بدات- جێبەجێ کردنی ئەم فەرزە کیفایانەش کە بوونەتە فەرزی عەین هەروان و دەشێت جێبەجێکردنیان پێکەوە بسازێندرێن.

---

[١] المجموع (٢٧/١).

[٢] القرافي: (الفروق/ بەرگی یەکەم: پەراوێزی لاپەڕە ١٦٣) چاپی دارالمعرفة.

ئەگەر زەحمەتبوو پێکەوە لەیەککات و شوێندا بکرێن ئەویان پێشتر جێبەجێدەکرێت کە بواری تەسکترە، نەبادا کات بەسەربچێت. وەکو نوێژ و زەکاتەکە وە هەروەها..

بەوە کۆتایی بە باسکردنی ئەو زانستیانە دێنین کە فەرزی کیفایەن، کە کۆتا بەندی (حوکمی فێربوونی زانستی شەرعی)یە.. دوای ئەمیش باسی (چۆنێتی وەرگرتنی زانستی شەرعی)یە و دوای ئەمیش ئادابی فێرخوازی دێت إِنْ شَاءَ اللَّه.

دەستپێك ٢٠١٢/١٢/٧

کۆتا: ٢٥ /٢٠١٢/١٢

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکییەکی ئوسوڵی: | ٦ |
| بەندی یەکەم: حوکمی وەرگرتنی زانستی شەرعی و بەشەکانی | ١٠ |
| * ڕای ئیمامی شافیعی | ١٢ |
| * ڕای ئیمامی ئیبنوحەزمی ئەندەلوسی | ١٩ |
| * ڕای خەطیبی بەغدادی | ٢٤ |
| * بۆچوونی ئەبو عومەری کوڕی عەبدولبەڕ | ٢٩ |
| * ڕای ئیمامی ئەبو حامیدی غەززالی | ٣٤ |
| * ڕای ئیمامی قورطوبی | ٤٢ |
| * بۆچوونی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێت | ٤٣ |
| بەندی دووەم: ئەو زانستیە شەرعیانەی فەرزی عەینن | ٥٣ |
| باسی یەکەم: خەڵکی پێویستیان بە شەرعە | ٥٤ |
| باسی دووەم: فەرزبوونی زانین پێش ڕەفتار (گوفتار بێت یان کردار) | ٦٤ |
| * شەرع تا ڕۆژی قیامەت بەرژەوەندییەکانی مرۆڤی ڕەچاو کردووە: | ٨٧ |
| باسی سێیەم: پێناسەی ئەو زانستیەی کە فێربوونی فەرزی عەینە | ٩٤ |
| باسی چوارەم: بەڵگە لەسەر فەرزێتی فەرزی عەینی زانستی شەرعی | ٩٧ |
| باسی پێنجەم: بەشەکانی ئەو زانستیە شەرعییەی کە فەرزی عەینە | ١٠٣ |
| بڕگەی یەکەم: زانستی شەرعی فەرزی عەینی گشتی | ١٠٤ |
| بڕگەی دووەم: ئەو زانستیە شەرعییەی کە فەرزی عەینی تایبەتە | ١٦٠ |
| بڕگەی سێیەم: زانینی ئەحکامی ڕووداوە واقیعییەکان (نەوازل) | ١٦٤ |
| بەندی سێیەم: ئەو زانستیە شەرعیانەی کە فەرزی کیفایەن | ١٦٧ |
| باسی یەکەم: پێناسەی زانستی فەرزی کیفایە | ١٦٨ |
| باسی دووەم: بەڵگەی فەرز بوونی فەرزی کیفایە | ١٧٢ |
| باسی سێیەم: فەرزی کیفایە چۆن وەردەگیرێت و دەگەێنرێتەوە؟ | ١٧٨ |

| | |
|---|---|
| باسی چوارەم: سیفەتی فەرزی کیفایەیی زانستی شەرعی | ١٨٢ |
| باسی پێنجەم: پاراستنی زانستیە شەرعییەکان لەسەر کۆی زانایانە | ١٩٤ |
| بڕگەی یەکەم: ئەوەی لەسەر کۆی ئوممەت فەرزە پاراستنی هەموو زانستیە شەرعیەکانە. | ١٩٥ |
| بڕگەی دووەم: ئەو زانستیە شەرعیانەی فەرزی کیفایەن و لەسەر هەندێك دەبنە فەرزی عەین | ١٩٧ |
| باسی شەشەم: کەی دەشێت بە فەرزی کیفایەوە خەریك بیت؟ | ١٩٨ |
| باسی حەوتەم: کەی فێربوونی زانستی فەرزی کیفایە دەبێتە فەرزی عەین؟ | ١٠٧ |
| ناوەڕۆك | ٢١٥ |

زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

ئامادەیی ئامەد


ماڵپەر

zadyreman.com

فەیسبووك

fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

هەژماری ئینستاگرام

instagram.com/zadyreman

ئیمێڵ

zadyreman@gmail.com